حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان

# هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیی پڕاگماتیک لەزمانی کوردیدا

**نامەیەکە**

**نەوزاد ئەنوەر عومەر**

پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لەزمانی کوردیدا

**سەرپەرشت**

**پ.ی.د. صباح ڕەشید قادر**

٢٧١٣ کوردی      ٢٠١٤ زاینی

# بەشی یەکەم
# هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیی زمان و پڕاگماتیک

# بەشی دووەم
# پڕاگماتیک و ڕاگەیاندن

# بەشی سێیەم
# پڕاگماتیک و پەروەردە – فێرکردن

# بەشی چوارەم
# پڕاگماتیک و ڕەخنەسازی

# ئەنجام

# سەرچاوەکان

# Some Aspects Of socio-pragmatic In Kurdish language

**A Dissertation**

Submitted to council of the college of language at University of Sulaimani

In partial fulfillment of the requirements for the degree of Doctor in Kurdish language

BY

**Nawzad Anwer Omer**

**Supervised By**

**Assistant professor DR.Sabah R. QADIR**

2014 2713

ئەم نـــامەیە بەچـــاودێری مـــن لەزانکـــۆی ســـلێمانی ئامـــادەکراوەو بەشـــێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لەزمانی کوردی.

ناو:پ.ی.د. صباح ڕەشید قادر

بەپێی ئەو پێشنیازە،ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو:پ. د. دلشاد علی
سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا
٢٦/ ٢٠١٣/١١

ئـــێمەی ئەنـــدامانی لیـــژنەی هەڵســـەنگاندن،ئەم نامەیەمـــان خوێنـــدەوەو لەگەڵ خوێنـــدکارەکەدا گفتوگۆمـــان دەربـــارەی نـــاوەرۆک ولایەنەکـــانی تـــری کـــردو بڕیارماندا،کەشـــایەنی ئەوەیە بە پـــلەی ( )بڕوانـــامەی دکتـــۆرای لەزمانی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو:پ. د. بەکر عومەر عەلی
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ: / /

ناو: پ. د. فەرەیدون عەبدول محەمەد
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:پ. ی. د. طالب حسێن علی
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:پ.ی.د. بائیز عومەر ئەحمەد
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو:پ.ی.د. ئازاد ئەحمەد محمود
ئەندام
ڕۆژ: / /

ناو: پ.ی.د. سەباح ڕەشید قادر
ئەندام و سەرپەرشت
ڕۆژ: / /

لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسندکرا.

ناو: د.کاوان عثمان عارف
سەرۆکی سکوڵی زمان
ڕۆژ / / /

# پێشکەشەبە

- دایک و باوکی خۆشەویستم
- هاوسەری ژینم(مامۆستا میدیا)و جگەر گۆشەکانم(سروش و دینا)
- خوشک و برا ئازیزەکانم

# سوپاس و پێزانیین

سوپاس و پێزانینم بۆ:

١- مامۆستای سەرپەرشتم بەڕێز (پ. ی. د. صباح ڕەشید قادر)،کە بەوپەڕی دڵسۆزی ولەخۆبوردەییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەیی گرتە ئەستۆ، بەتێبینییە وردو بەسودەکانی ڕێنمایی کردم و لە دەستنیشانکردنی بابەتەکەوە تاکۆتایی هاوکار و ڕێنیشاندەرم بوو.

٢- خێزانەکەم، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە یارمەتی دام بۆبە ئەنجام گەیاندنی ئەم نامەیە.

٣- هەموو ئەو مامۆستاو هاوڕێ بەڕێزانەی، کە بەیەک وشەش یارمەتیانداوم.

## ناوەرۆک

**بابەت** **لاپەرە**


پێشەکی ........................................ ١

٠ /١) ناونیشان و بواری نامەکە.................................. ١

٠ /٢) کەرەسەی نامەکە.................................. ١

٠ /٣) ڕێبازی نامەکە.................................. ١

٠ /٤) گرینگی نامەکە.................................. ١

٠ /٥) ناوەڕۆکی نامەکە.................................. ١

**بەشی یەکەم:هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی زمان و پڕاگماتیک .........٣ - ٤٤**

**١ /١)** زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ........................ ٣

١ /٢)زمان و کۆمەڵ ........................................ ٤

١ /٣)کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر زمان ............................ ٥

١ /٤)زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی کۆمەڵایەتی زمان ............ ٦

١ /٥) دەوروبەر ........................................ ٨

١ /٥ - ١)دەوروبەری کۆمەڵایەتی .................................. ٩

١ /٦)توانستی زمانی و توانستی پڕاگماتیکی ........................ ١٠

١ /٧)بەکارهێنانی زمان،زمان لەبەکارهێناندا ........................ ١٢

١ /٨) کردەقسەییەکان لای ئۆستن.................................. ١٣

١ /٩)ئاخاوتن.................................................. ١٥

١ /٩ -١)ڕۆڵی ئاخاوتن لای سۆفیستەکان ............................ ١٦

١ /٩ -٢)بنچینەکانی بەدەستهێنانی ئاخاوتن ............................ ١٧

١ /٩ -٣)ستراتیجیەتی ئاخاوتن .................................. ٢٠

١ /١٠)ستراتیجیەتی باوەڕ پێهێنان(ڕازیکردن).......................... ٢٢

١ /١٠-١)قالبەکانی بەکارهێنانی ستراتیجیەتی ڕازیکردن ............ ٢٣

١ /١٠ -٢)ئامرازەکانی ڕازیکردن ................................ ٢٤

١ /١٠ -٣) پلەداری بەڵگەکان .................................. ٢٦

١ /١١)زمان ئامرازی پەیوەندیکردنە ............................ ٢٩

١ /١١ -١)سیماکانی پەیوەندیکردن ................................ ٣٠

١ /١١ -٢)گریمانەی پەیوەندی لای هابرماس ........................ ٣٣

١ /١١ -٣)وەرگرتن و بەردەوامبونی پەیوەندیکردن ........... ٣٤
١ /١١ -٤)باوەڕ پێهێنان لەپەیوەندیکردندا ........... ٣٦
١ /١١ -٥)باوەڕ پێهێنان ئامانجی سەرەکی هەموو پەیامێکە ........... ٣٨
١ /١١ -٦)تەموومژی و پەیوەندیکردن ........... ٤٠
١ /١١ -٧)ڕاڤەکردن و پەیوەندیکردن ........... ٤١
١ /١١ -٨پەیوەندیکردن لەنێوان ڕازیکردن و خستنە ژێر ڕکێفەوە ........... ٤٢
١ /١٢) کردەی پەیوەندیکردن ........... ٤٣
١ /١٣) بنەماکانی خستنە ژێرکاریگەریەوە ........... ٤٣
١ /١٤)جۆرەکانی هەڵخەڵەتاندن ........... ٤٤
**بەشی دووەم : پڕاگماتیک و ڕاگەیەندن ........... ٤٥ — ٨٢**
٢ /١)زمانی ڕاگەیەندن ........... ٤٥
٢ /١ -١)تایبەتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن ........... ٤٦
٢ /١ -٢) جۆرەکانی زمانی ڕاگەیەندن ........... ٤٨
٢ /١ -٣)ئەو هۆکارانەی کەفشار دەخەنەسەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ........... ٥١
٢ /٢)شێوازەکانی بەلاڕێدابردن بەزمانی گوتراو ........... ٥٢
٢ /٢ -١)شێوەکانی پڕوپاگەندە ........... ٥٣
٢ /٢ -٢)شێوازە زمانییەکانی پڕوپاگەندە ........... ٥٤
٢ /٣)واتای بارکراو و کاریگەری لەبواری ڕاگەیاندن ........... ٥٦
٢ /٤)بەلاڕێدابردنە بەڵگەییەکان ........... ٥٨
٢ /٥) زمانی ڕاگەیاندن و بەکارهێنانی سیاسی ........... ٥٩
٢ /٦) لاگیری لەڕاگەیاندندا ........... ٦٠
٢ /٦ -١)لاگیری لەم شێوانەی خوارەوەدا دەکرێت ........... ٦٢
٢ /٧)لێکەوتەی ئاخاوتەیی ........... ٦٢
٢ /٧ -١)تایبەتییەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی ........... ٦٤
٢ /٧ -٢)جۆرەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی ........... ٦٥
٢ /٧ -٣)پەرژینەکان ........... ٦٥
٢ /٨)بەزاندن و لادان ........... ٦٦
٢ /٨ -١)بەزاندن و بنەماکانی هاریکاری ........... ٦٧
٢ /٩)گریمانەی پێشەکی ........... ٦٩

٢ /٩ -١)جۆرەکانی گریمانەی پێشەکی ........................................ ٧٠
٢ /١٠)پڕاکتیزەکردنی مەبەستی پڕاگماتیکی لە وتاری ڕۆژنامەکاندا ............٧٢
**بەشی سێیەم : پڕاگماتیک و پەروەردە – فێرکردن ............... ٨٣ – ١٠٨**
٣ /١)پەروەردەو فێرکردن ................................................... ٨٣
٣ /٢)زمانی ڕاڤەکردن ...................................................... ٨٥
٣ /٣)پەیوەندی و بەستنەوەی زمانی پەروەردە – فێرکردن بە دەوروبەرەوە .........٨٧
٣ /٤)نزیککردنەوەی زمانی پەروەردە – فێرکردن لە دەوروبەری خوێندکار..........٩١
٣ /٥)تێکەڵکردنی زمانی پەروەردە – فیرکردن بەکەلتوری نەتەوە ...............٩٣
٣ /٦)زمانی ئەزموون و تاقیکردنەوەکان .......................................٩٩
٣ /٦ -١)بنەماکانی هاریکاری لای مامۆستا .................................. ٩٩
٣ /٦ -٢)بنەماکانی هاریکاری لای خوێندکار ................................. ١٠٠
٣ /٧)هەڵسەنگاندنی خوێندکار بەپێی گریمانەی پێشەکی ....................... ١٠٠
٣ /٨) هێزی وشە و جیاوازی وشەکان ........................................ ١٠١
٣ /٩)ڕەگەز و ژینگەی زمانی لەبواری پەروەردەدا ............................ ١٠٤
٣ / ١٠)ئەو کۆتبەندانەی دەخرێتە سەر مێتازمان لەڕاڤەکردندا ............... ١٠٧
**بەشی چوارەم : پڕاگماتیک و ڕەخنەسازی ..................... ١٠٩ – ١٣٠**
٤ /١) ڕەخنە ............................................................... ١٠٩
٢/٤)میتۆدەکانی ڕەخنە ....................................................١١٠
٤ /٣)کورتەیەک لە هەریەک لە میتۆدەکانی ڕەخنە ............................. ١١٠
٤ /٤)ئاستەکانی ڕاڤەکردن ..................................................١١٦
٤ /٥)چەمک و واتای شیکردنەوە و ڕاڤەکردن ................................. ١١٨
٤ /٦)پەیوەندی نێوان پڕاگماتیک و ڕەخنەسازی .............................. ١١٩
٤ /٧)پڕاکتیزەکردنی ڕەخنەی پڕاگماتیکی بۆ دەق ............................ ١٢٠
٤ /٨)ڕەهەندی پڕاگماتیکی لە ڕەوانبێژیدا .................................. ١٢٨
٤ /٩)هێزی ڕەوانبێژی وشە .................................................. ١٢٩
**ئەنجام** ..........................................................**١٣٢**
**سەرچاوەکان** ....................................................**١٣٣**
**ملخص البحث** ....................................................**١٤٢**
**Abstract** .........................................................**١٤٣**

# پێشەکی

## ٠ /١) ناونیشان و بواری نامەکە

ناونیشانی نامەکە بریتییە لە(هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پڕاگماتیک لە زمانی کوردیدا)شیکردنەوەکانی بواری نامەکە دەچنە ئاستی پڕاگماتیکەوە، و بەهۆی ئەوەی پڕاگماتیک لەبنەڕەتدا بۆ پڕکردنەوەی ئەوکایەو کەلێنیە هاتەکایە کەزانستی زمان دەستەوە ستاو بوو لەئاستیدا، ئەمەش بەهۆی ئاڵۆزی بارو بوارەکانی کۆمەڵ بووە لەبەرئەوە زاراوەی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتیش بەچەمکە فراوانەکەی بەکارهاتووە، کەئاستەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردەو کەلتورو...هتد.دەگرێتەوە و شیکردنەوەکەمان دەیخاتە بەرتیشکی لێکۆڵینەوە.

## ٠ /٢) کەرەستەی نامەکە

شیعری شاعیران و پەند و قسەی نەستەق و ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵک بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و بواری ئاخاوتن و نوسین دەخاتە جغزی شیکردنەوە پڕاگماتیکیەکان.

## ٠ /٣) ڕێبازی نامەکە

ئەوڕێبازەی لەو نامەیەدا دەستەبەر کراوە،بریتییە لە دەستەبەرکردنی بنەماکانی شیکردنەوەی دەقە جیاجیاکان بەلێکدانەوەو وەسف کردنێکی پڕاگماتیکییانە.

## ٠ /٤) گرنگی نامەکە

هەوڵێکە بۆ گەیاندنی بابەتە ڕەخنەیی و پەروەردەیی و میدیاییەکان...هتد.بەدیدێکی پڕاگماتیکی – کۆمەڵایەتیانەوە،بەمەش وەسفی دیاردەکان،کۆمەڵایەتی دەبن و شیکردنەوەو لێکدانەوەکان لەژێر پایەی پڕاگماتیکدا دەبن.

## ٠ /٥) ناوەڕۆکی نامەکە

دوای ئەم پێشەکییە کورتە ئەم نامەیە،لە چوار بەش و ئەنجام پێکهاتووە.

لەبەشی یەکەمدا،باسی هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی پڕاگماتیک و پەیوەندی وکاریگەری زمان وکۆمەڵ لەسەریەکتری وتوانستی پڕاگماتیکی وستراتیجیەتی ئاخاوتن و باوەڕپێهێنان لەئاخاوتنداو ڕاڤەکردن وپەیوەندیکردن و هەڵخەڵەتاندن وبۆشاییەکانی قسەکردن،کە لەنێوان قسەکەرو گوێگردا هەیە باسکراوە کراوە.

بەشی دووەم تەرخانکراوە بۆ پڕاگماتیک و ڕاگەیاندن ،لەم بەشەدا باسی زمانی ڕاگەیاندن و کاریگەری لەسەر ڕاگەیاندن و جۆرەکانی زمانی ڕاگەیاندن و شیکردنەوەی هەندێک دەقی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بەپێی بابەتەکانی پڕاگماتیک کراوە.

بەشی سێیەم،تەرخانکراوە بۆ پڕاگماتیک و پەروەردە وفێرکردن، لەم بەشەدا باس لەزمانی بەرزو نزم و کاریگەریان لەسەر تێگەیشتنی خوێندکارو ڕۆڵی پەروەردە لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیرو چۆنیەتی هاوکاریکردنی مامۆستاو خوێندکار،بۆگەیاندنی پەیامی مامۆستاو وەرگرتنی بەباشترین شێوە لەلایەن خوێندکار کراوە.

بەشی چوارەم،پڕاگماتیک و ڕەخنەیە لەم بەشەدا باسی میتۆدەکانی ڕەخنەو خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی بەدیدێکی پڕاگماتیکی کراوە،بەمەبەستی گەیشتن بە واتا جیاجیاکانی دەق بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.لەکۆتای نامەکەشدا ئەونجامانەی کەپێی گەیشتوین خراونەتە ڕوو، دوابەداوی ئەوانیش لیستی سەرچاوەکان و پوختەی نامەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## بەشی یەکەم

## هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتیی زمان و پراگماتیک

### ١ /١)زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی:

زمان هۆکارێکی گرنگی پەیوەندی کردنە و لەناو کۆمەڵگادا کاری پێدەکرێت،زانایان زمانیان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی داناوە و لەوچوارچێوەیەدا سەیری زمانیان کردووە.

ئەرستۆ دەڵێت :((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە دەنگەکان هێمای زاراوەیین و پەیوەندییەکی سروشتی و راستەوخۆیان بەواتاکانەوە نییە)) . (نایف خرما ١٩٧٨: ٩٦)

سوسێر دەڵێت ((زمان ئەرکێکی مرۆییە، مرۆڤ تەنیا لە سروشتدا لەدایک نابێت، بەڵکو لە کۆمەڵگایەکدا لەدایک دەبێت و بەپێی کەلتوری ئەوکۆمەڵگایە رەفتار دەکات، ئەگەر لەوکۆمەڵگایە دورخرێتەوە دەتوانێت بڕوات و بەسەر دار دا هەڵگەرێت و خواردن بۆخۆی پەیدابکات. بەڵام فێری قسەکردن نابێت، چونکە کەس نییە فێری بکات،لەبەرئەوەی زمان چالاکیەکی مرۆییەو تەنیا لەژینگەی مرۆییدا گەشەدەکات )). (محی الدین عبدالرحمن ١٩٩٨: ٣٦)

فێرث دەڵێت((ژینگەی قسەکردن لەچەند پەیوەندییەکی نێوان تاکەکان پێکهاتووە کە رۆڵی لە کۆمەڵگادا هەیە،سورە لەسەر ئەوەی کە زمان بەشێکە لەکۆمەڵگا یان بەشێوەیەک لەشێوەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دادەنێت)). (میشال زکریا ١٩٨٣ : ٢٨٢)

زمان پێویستیەکی کۆمەڵە بۆ لەیەکتر گەیشتن و گۆڕینەوەی بیروڕاو گواستنەوەی کەلتور، زۆر لە زمانەوانەکان جەختیان لەسەر ئەم ڕاستیەکردەوە، هەر بۆیەش پێناسەی زمان بەوە دەکەن کە(زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە)چونکە هۆیەکە بۆیەیەک گەیاندنی نێوان کەسەکان.(حاتم صالح ١٩٨٩: ٣٦)

زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە چونکە:

١- مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێ لەناوکۆمەڵدا بژی و بمێنێتەوە و لە زۆر باردا زمان بۆگەیاندنی زانیاری و هەواڵ بەکارنایەت، بەڵکو بۆ زۆر ئەرکی تری کۆمەڵایەتی وەک:

خۆبردنەپێش و خۆچەسپاندن و شوێن گرتنە لەناو ڕیزەکانی خەڵکیدا،وەک چۆنی وچاکی؟ڕۆژباش؟ لەژیانی رۆژانەی مرۆڤدا، دەیان جار دووبارە دەبێتەوە بەمەبەستی ڕازیکردنی خەڵک.

٢- زمان پێناسی کۆمەڵایەتی خەڵک دیاری دەکات، هەر بەهۆی دەربڕینەکانیەوە دەتوانین بڕیاربدەین قسەکەر خەڵکی کوێیە و لە چ بارێکی دەرونییدا دەژی، هەستی بەرامبەر بابەتی قسەکەر و گوێگر و دەوروبەری، سەربە چ چینێکە ڕادەی ڕۆشنبیری چەندە و...هتد.

٣-زمان، مرۆڤ و دەوروبەر بەیەکتری دەگەیەنێ و لەهەمان کاتیشدا ڕەنگدانەوەیەکی ئەو بارە کۆمەڵایەتییەیە کە قسەکەران تیایا دەژین. بەڵگەشمان ئەو وشە و زاراوانەیە کەبێ لێکدانەوەو

بەستنەوەیان بەباری کۆمەڵایەتی خەڵکەوە واتاکانیان دیاری ناکرێت و لێکنادرێنەوە. وەک وشەی ((دەرەبەگ، مسکێن ،رەنجدەر...هتد))پەیڕەوێکی کۆمەڵایەتی دەنوێنن لەدەرەوەی ئەو پەیڕەوە واتایان لێکنادرێتەوە.

(محمدمعروف۲۰۱۰: ۱۳۷)

## ۱ /۲)زمان و کۆمەڵ* :

بەشێوەیەکی گشتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان خاوەنی هەندێ تایبەتمەندیین :

ا- لەچەند یاسایەکی گشتیدا خۆیان دەنوێنن، کە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە پەیڕەو دەکرێن و دەیانکەن بەیاسا بۆ ڕێکخستن و گونجاندنی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی نێوانیان،هەندێ جار وەکو داب و نەریت یاسابەند دەکرێت.

ب - بەرهەمی بیری کۆمەڵن، واتە دروستکراوی دەستی تاکەکان نین، بەڵکو سروشتی کۆمەڵ بەرهەمیان دەهێنێ و دیاردەیەکی هاوبەشن. (عبدلواحدالوافی ۱۹۷۱ : ۳)

ت – دەرچوون لە هەریەک لەو یاسایانە، تاک دوچاری گوشاری کۆمەڵایەتی وناموبوون دەکاتەوە.

زمانیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لەناو کۆمەڵدا کاردەکات خاوەنی هەمان تایبەتمەندییە:

ا–زمان لەهەموو کۆمەڵێکدا سیستەمێکی گشتی هەیە و تاکەکانی کۆمەڵ پەیڕەوی دەکەن و بەکاری دەهێنن.

ب– زمان دروستکراوی کەسێک ،یان چەند کەسێکی دیاریکراونییە،بەڵکو دروستکراوی هەموو کۆمەڵە.

ت – زمان یەکێکە لەوکارانەی کەتاک ناچار دەکات پەیڕەوی سیستەمەکەی بکات و لێی دەرنەچێت هەرکاتێک لەسیستەمەکە دەرچوو هەڵەی ڕێزمانی لێدەکەوێتەوە، بۆیە زمان، تاک مل کەچ دەکات کە پەیرەوی لێبکات.

(*) بۆزانیاری زیاتر لەسەر زمان و کۆمەڵ بروانە ئەم سەر چاوانە.

۱- اللغه والمجتمع ،محمود سعران

۲- اللغه والمجتمع ، عبدالواحدوافی

۳- علم اللغه الاجتماعی عندالعرب، هادی نهر

زمان گرینگترین ئامرازه بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتی و بیریی و زانستییەکانمان. هەر لەچاک وچۆنی وبەیانی باشەوە، زمان لەکاردایە لە بەجێهێنانی گشت کارەکاندا. واتە لەبەجێگەیاندنی هەمووکارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤدا بەشدارە و بەئەرکە کۆمەڵایتییەکەی خۆی هەڵدەستێت. هەرچەندە لەهەندێ لە بۆنەکاندا واتای فەرهەنگی وشەکان مەبەستنین، بەڵکو زیاتر دەربرینەکان بەشێوەیەکی گشتی واتا دەگەیەنن کە کۆمەڵێک لەسەری ڕێککەوتون. هەرلەرێگەی بەکارهێنانی زمانەوە هەوڵی زاڵبوون بەسەر دەوروبەر دەدەین لەرێگەی دەربرینەکانەوە چۆنیەتی بیرکردنەوە و تێروانینی کۆمەڵ بۆ ژیان دەزانرێت . (هێمن عبدالحميد ٢٠٠٦ : ١٧)

## ١ /٣)کاریگەریی کۆمەڵگا لەسەر زمان:

سەرجەم بەکارهێنانە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، کاریگەرە بەشارستانییەت و نۆرم و بیروباوەڕ و لایەنە ئاوەزیەکان و پلەی رۆشنبیری و چۆنیەتی ڕوانینی خەڵک بۆ ژیان و لایەنە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان، هەموو ئەمانە لە شێوەکانی دەربڕیندا دەردەکەون و شێوەیەکی تایبەتی پێدەبەخشن.

(بەهار زاهیر ٢٠٠٩ : ١٠)

بەهۆی ئەوەی کەوا بوونی کەلتور بەندە بەبوونی کۆمەڵەوە و لەلایەکی ترەوە کەلتور بەزمانەوە بەستراوەتەوە، چەند ئەگەرێک سەبارەت بەپەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ دروست دەبێت.

١- دروستەی کۆمەڵ کاریگەری و ڕۆڵی لە دەرخستن و دروستکردنی جیاوازی لە ڕۆنانی زمانەوانی ئەو کۆمەڵەدا هەیە. بۆنموونە جیاوازی لەپێکهاتەی زمانی منداڵ و هەرزەکار و گەنج و...هتد.هەیە.

٢- ئەوپەیوەندییە لەوەدا کۆدەبێتەوە،کە بەتەواوی پێچەوانەی ئەگەری یەکەمە،لەوەی کەوا ڕۆنانی زمان یان هەڵسوکەوت و هەڵوێستی زمانی دەبێتە مایەی دروستکردنی کاریگەری بەسەر پێکهاتەی کۆمەڵەوە.

٣- هەریەک لەزمان و کۆمەڵ کاریگەرییان بەسەر یەکتریەوە دەبێت.ئەم پەیوەندییە لەسروشتدا پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە.

٤- هیچ پەیوەندییەک لەنێوان زمان و کۆمەڵدا نابێت،هەریەکێک لەم دوو لایەنە سەربەخۆن و کاریگەریان بەسەریەکەوە نییە. (پەیمان حسن ٢٠١٠:٤)

هەموو گۆڕانکاری و دیاردە زمانییەکان لەژێر کاریگەری ژیانی کۆمەڵگادان، بۆنموونە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو بەویستی خۆی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ دەخاتە ناو زمانەکەیەوە بەپێی ئەو بارودۆخەی کەتێیدایە، هەرچەندە مرۆڤ داهێنانی زیاتر بکات، پێویستی زیاتری بە وشە و زاراوەی نوێ دەبێت. ڕەنگە هزری مرۆڤ نەتوانێت ئەو وشانە داهێنێت، یان لە وشە کۆنەکانەوە دایبڕێژێت، ئەوکاتە ناچاردەبێت لەزمانێکی ترەوە وەریبگرێت، ڕەنگە کۆمەڵگا دەست بەرداری چەندان وشە و دەربرین

بێت،چونکه شۆرشه کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی هزرییەکان وادەکات دیدی مرۆڤ بۆشتەکان بگۆرێت و ئەوچەمکانەی کە رۆژێک بڕوای پێبووە بیانگۆڕێت. کەواتە پەیوەندی زمان وکۆمەڵ گرنگە، بەواتای ئەوەی ئەم دووانە چۆن کارلەیەکتردەکەن وئەو گۆڕانکاری وگەشەسەندنانەی لەئەنجامی ئەو پەیوەندیەدا بەسەرهەریەکەیان دادێت. بۆئەم مەبەستەش چەند نموونەیەکی کارلێکی زمان وکۆمەڵ وەردەگرین، کە تێیدا ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستە وخۆ لە زماندا رەنگدەدەنەوە. (شاخەوان جەلال ٢٠١١: ٨)

١- کاریگەرییە جێگیرەکان: بۆنمونە ((نەژاد، توخم، چینی کۆمەڵایەتی)).

٢- کاریگەرییە گۆڕدراوەکان :((خوێندن، تەمەن، ژینگەی کۆمەڵایەتی، هە ڵوێستی ئاخاوتن ، مۆدێلی قسەکردن)) .

٣- کاریگەرییە هەنووکە ییەکان \ دەوروبەر: ئەمەیان پەیوەستە بەبارە کۆمەڵایەتییە هەنووکەیەکانەوە. ((کارکردن، ماڵەوە، کۆمەڵی قسەکەران)).

بۆدیاریکردنی ئامانج و کاریگەری لایەنی کۆمەڵایەتی هەندێ لەزمانەوانان پێیان وایە مرۆڤ کە لەکۆمەڵگادا بژیت، پێویستی بەرۆڵی جیاجیاهەیە، هەروها پێویستی بەهەڵوێستی جۆراوجۆر هەیە.(فێرث)پێیوایە ئەوشێوازەی کە باوک لەگەڵ منداڵەکەی بەکاری دەهێنێت جیاوازە لەوشێوازەی هەر ئەو باوکە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە کاریان لەگەڵ دادەکات بەکاریان دەهێنێت. بەم شێوەیە (فێرث) پێیوایە کاری لێکۆڵینەوەی زمانی گەرانە بەدوای هەڵوێستەکانی ژیانی مرۆڤ بۆ زانینی جیاوازیی شێواز بەپێی ئەوهەڵوێستانە، هەروها (فێرث) لەمەش دوورتر دەروات و زمان بەشێوەیەکی زۆر بەتین بەکۆمەڵگاوە دەبەستێتەوە، کاتێک قسەکردنی کەسێک لەگەڵ کەسێکی تردا بەهەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جۆراو جۆرەکانەوە دەبەستێت بەپێی ئەو شێوازەی کە دەیگرێتەبەر و ئەو وشانەی کە هەڵی دەبژێرێت . (بەهار زاهیر ٢٠٠٩ : ١١)

زمان کاریگەریی جیاوازی چینەکانی کۆمەڵی پێوەدیارە، ماریۆپای دەڵێت ((زمان بەپێی چینی قسە پێکەرانی دەگۆڕێت )) (حاتم صالح الظامن ١٩٨٩: ٣٨)

چونکە جیاوازیی چینەکان بەجیاوازی کۆمەڵایەتی وئابوری ورۆشنبیری و...هتد.دروست دەبێت. هەموو ئەمانە کار لەزمان دەکەن و وادەکەن کە شێوازی چینێک لەچینێکی تر جیاواز بێت.

## <u>٤/١)زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی کۆمەڵایەتی زمان</u>:

زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوەیە لەزمان پەیوەست بەکۆمەڵگاوە. بەشێوەیەکی گشتی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی زمان وتایبەتییە دیاریکراوەکانی ڕوونتردەکاتەوە. توێژەری کۆمەڵایەتی بەتێگەیشتنی لە کۆمەڵگا ڕاستییە زمانییەکانی لەلازیاد دەبێت. (هدسن ١٩٨٧ : ٢٢)

دیـاریکردنی تـایبەتییە کۆمەڵایەتییەکـان لەڕێـگەی جیـاوازی، زمـانی چینەکـانی کـۆمەڵەوە دیـاری دەکرێت، واتە تاکو جیـاوازی زمـانی چینەکـانی کـۆمەڵ زۆرتربێت تـایبەتییە کۆمەڵایتییەکـان ئاسـانتر دیاری دەکرێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە.

زانستی کۆمەڵایەتی زمان لێکۆڵینەوەیە لەکۆمەڵگا پەیوەست بەزمـانەوە جیـاوازی لەنێـوان زانسـتی زمـانی کـۆمەڵایەتی و زانسـتی کـۆمەڵایەتی زمـان لەگرنگـی دانە بەکـۆمەڵ یـان زمـان. ئەمەش بۆلێکـۆڵەر دەگەڕێـتەوە کەگرنگـی بەکامیـان دەدات. لێکـۆڵینەوەکەی بـۆ دەگەڕێـتەوە و دەچێـتە ئەو چوارچێـوەیەوە. گومـان لەوەدا نیـیە زمـان دیـاردەیەکی کـۆمەڵایتییە نەک تاکـایەتی((مەرجی بـوونی زمان بوونی کۆمەڵە. لێرەدا ڕوونە، کە زمـان دیـاردەیەکی کۆمەڵایەتییە هـیچ ڕژێمێکـی زمـان نیـیە، بەدەر لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی،بەکارنایەت و مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت.(محمود فهمی ١٩٨٩: ١٢)

(کمال بشر) زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە دەناسێنێ (( مەبەست لەو زانستە تێکەڵکردنی زانسـتی زمـان و زانسـتی کـۆمەڵایەتی نیـیە، یـا کـۆکردنەوەی ڕەوش وپڕۆسـەکان بێـت، بەڵکـو لێکـۆڵینەوەی زمـانی پەیوەسـتە بەکـۆمەڵەوە، هەمـوو لایەنە زمانیەکـان ڕێکـدەخات و ڕێگـای بەکارهێنانیان بە ئەرکەکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دەبەستێتەوە )). (کمال بشر ١٩٩٥: ٤١)

ئەوانەی کەزمـان زاڵ دەکەن بەسـەر کـۆمەڵ،وای دەبیـنن کە زمـان کاردەکـات بـۆ پێگەیانـدن و پەروەردەکردنـی منـداڵ بەگـوێرەی ئەو تێگەیشـتنانەی کە لەمێشـکدا هەڵیـدەگرێت کاریگەریـان هەیە لەسەری تا گەورە دەبێت. هێمای هەر زمانێک منداڵ دەگۆڕێت بۆ مرۆڤێکی تر.

(رالف بیلزوهاری هویج ١٩٧٦: ١٦٦)

هەمـو ڕەوشـتێکی مـرۆڤ لەبەکارهێنـانی هێماکـان پێکـدێت، یـان پشـت بە جۆراوجـۆری هێماکـان دەبەستێت،ڕەوشتی مرۆیی ڕەوشـتی هێمـاییە و بەپێچەوانەشـەوە ئەگەر لێکۆڵینەوە لەزمـانی کـوردی بکەین گەلێک پەندو ڕەوشـتی جوان دەبینـین، کاریگەرییـان لەسـەرمان هەیە، و پێـیەوە پەیوەسـتین، هەر بۆیە ئەگەرتەماشای زمانەکەمـان بکەیـن دەبینـین کە جنێـو قسـەی ناشیرینی کەم تێـداییە،ئەوەی کەهەشـە لەزمانەکـانی تـرەوە وەرگیـراوە. مـرۆڤ تەنیـا لەڕێـگەی شـارەزایی وتێبینـی و لاسـایکردنەوە فێرنابێـت، بەڵکـو لەڕێگـای ئەو ڕەوشـتەی کەفێـری دەکرێـت، کە زمـان لەنەوەیەکەوە بـۆنەوەیەکی تـر دەیگوازێتەوە. هەندێک لە لێکۆڵەرەوەکان زمان زاڵ دەکەن بەسەر مرۆڤ دا، واتە مرۆڤەکـان نـاتوانن بەئارەزوی خۆیان هەرچی بیانەوێت وەربیگرن و هەرچی نەیانەوێت پشتگوێ بخەن بۆیە، دەڵێن مرۆڤ دیلـی زمـانەکەیەتی، سـاپیردەڵێت (( زمـان بەڵـگەی سروشـتە کـۆمەڵایەتییەکەیە، هەرچەنـدە بەلای ئەوەوە زمـان ئەو گـرنگییە گەورەیەی لەلێکـۆڵینەوەی زانسـتە کۆمەڵایەتییەکانـدانییە، بەڵکـو دەبێـتە هۆی دیاریکردنی بیرکردنەوەکانمان لەگرفتە کۆمەڵایەتییەکان)). (ثریاعبدالله٠٠٠٢: ٢٥)

هەندێک لەلێکۆڵەرەوان کۆمەڵ بەسەر زماندا زاڵ دەکەن ، (( زمان کۆمەڵە یاسایەکی ڕێزمانییە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون )). (عبدالسلام مسدی١٩٨٦ : ١٠٠)

چۆمسکی لەڕێزمانی بەرهەمهێنان وگوێزانەوەدا، کارلەسەر دەستنیشانکردنی یاساکانی توانست دەکات، چونکە ئەم تیۆرە زمان بۆ توانست و چالاکی دابەش دەکات، توانست ئاماژەیە بۆ((توانای هەموو ئاخێوەرێکی ڕەسەنی زمانەکە بۆتێگەیشتن و بەرهەمهێنانی ڕستەکان، کە پێشتر هەرگیز نەیان بیستووە، ئەو توانایەش جگە لەلایەنێکی بۆماوەیی لایەنێکی تری لەو داتایانەوە دێت، کە ژینگەیەکی زمانی بە ئاخێوەری دەبەخشێت. توانست ئەو زانیارییە هەڵگیراوەیە کەفێربوی زمانێک- یان ئاخێوەرێکی ڕەسەن وەریدەگرێت و هەر هەمان زانیاریشە کەبەشێوەیەکی نائاگا لەتێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زماندا بەکاری دەهێنێت. (دیار علی٢٠٠٢:١١ )

زمان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤ دایە، کۆمەڵگا زمان هەڵدەسورێنێ و دەسەڵاتی بەسەردا هەیەو چۆنی بوێت ئاوا ئاراستەی دەکات. هەر بۆیە لقێک بەناوی ((زانستی کۆمەڵایەتی زمان)) لەزانستی کۆمەڵایەتی گەشەی کرد، کە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتیی و زمان،ئەوکاریگەریەیی کە ژیانی کۆمەڵایەتیی لەسەر دیاردە زمانییە جیاوازەکاندا هەیە بدۆزێتەوەو دیاریان بکات .

(رمضان عبدالتواب ١٩٨٥: ١٢٥)

ئەوانەی کە باس لەکاریگەریی کۆمەڵ لەسەر زمان دەکەن کۆمەڵێک بەڵگەیان هەیە. دیارترینیان، ئاستی گەشەکردنە، وێنەی ئاستی گەشەکردوی زمان دەکێشێ. یەکێکی تر لەو دیاردانەی کە لە لێکۆڵینەوەی زانستی کۆمەڵایەتی زمان زاناکان تێبینیان کردووە ئەوەیە، زمانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان زیاتر وشە و زاراوەی بۆ شتە هەست پێکراوەکان هەیە، وەک لەوەی بۆشتە ئەبستراکتەکان. زاراوە و وشەیان بۆ ئاوەز و ڕەمەک(غەریزە) و هیواو لۆجیک هەر نییە. یەکێک لەدیاردەکانی تر ئەوەیە کە زاراوەیان زۆرکەمە، ئەم جۆرە زمانانە پڕن لەنیشانەی ئاماژەکردن کە یارمەتی گۆکردن دەدەن بۆ پەیوەندیکردن، بۆنموونە هەندێک لەهۆزە هیندیەکان وەک (ئەرباهۆ) کەلەتاریکیدا ناتوانن قسەبکەن.(غازی مختار١٩٩٧ : ٢٥).بەڵگەیەکی تری زاڵبونی کۆمەڵگا بەسەر زماندا ئەوەیە کەهەر کاتێک تاک قسەکانی دژی شێوازە کۆمەڵایەتییەکە بێت ئەوا توشی بەرەنگاربوو نەوەی سزای کۆمەڵایەتی دەبێت.

<u>١ /٥)**دەوروبەر**:</u>

هەر زانیارییەکی پێشینە کە مەزەندە دەکرێت هاوبەش بێت لەنێوان قسەکەرو گوێگردا کەیارمەتی گوێگردەدات بۆگەیشتن بەمەبەستەکانی قسەکە،لەهەر گوتنێکی دیاریکراودا.(leech1983:13)

دەوروبەر ئەوە دەگەیەنێ کەببێتە هۆی ئەوەی ئێمە کۆمەڵێک دەربڕینی کورت بەکاربهێنین، چونکە دەوروبەر گوتن ڕوون و ئاشکرادەکات. (akmajian and others1997:276)

دەوروبەر بەواتای، ئامـاژەکردن بـۆ هەمـوو ئەو هۆکـارانەی کەبەشێوەیەکی سیمانتیکییانە فـۆرم و واتا و گونجاندنی ئاخاوتن دیاری دەکەن. (Crystal 2003:104)

بەلای (لابون) ەوە دەوروبەر بریتییەلە :

١- بـوونی زانیـاری دەربـارەی یاسـاکان و هەڵوێسـتەکان، ئەویاسـایانەی دەسـت دەگـرن بەسـەر قسەکردندا،و ئەویاساکۆمەڵایەتیانەش کە لەکۆمەڵگاکەدا هەیە.

٢- زانین دەربارەی ئاستی شێوازبەندی.

٣- بوونی زانیاری دەربارەی ئەو شوێنانەی کاتین و لەپڕدا پەیدادەبن.

٤- ئاگاداربوون لەکاروباری خەڵکی و مامەڵەکانیان.

٥- بەئاگابوون لە ڕاگەیاندن و میدیاکان.

٦- بوونی زانیاری دەربارەی هەرێمەکان و دەوروبەر. (ئاڤێستاکەمال ٢٠٠٦ : ٦)

پێکهاتە چڕوئاڵۆزەکانی ڕوودانەکان بەهۆی دەوروبەرەوە لێکدەدرێنەوە،لەبەرئەوەشە پراگماتیک بەدوای بەکارهێنانی واتاکان لەدەوروبەردا دەگەرێت.کەواتە

واتای پراگماتیکی =واتای سیمانتیکی + دەوروبەر

## ١ /٥- ١)دەوروبەری* کۆمەڵایەتی:

مەبەسـت لەم دەوروبەرە ئەوەیە کە دەستنیشـانی جـۆری پەیوەنـدی نێـوان ئـاخێوەرو گوێگردەکـات، ئایا((هاوەڵن،نەناسـن،بران،ئامۆزان،ژن ومێردن،ناسیاون،خوشـکن،بران،))خۆئەگەر سـەیری زمـان و هەڵوێسـت و ڕەوشـت و سـۆزو ڕۆشـنبیری بکەیـن ئەوا نـاکرێ بەبێ بـوونی کـۆمەڵگەیەک دەستنیشـان بکرێت، چونکە ئەمانە لەدایک بووی کۆمەڵگەن وهەر ئەمەش وای کردوە کەبتـوانین بڵێـین زمـان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆکۆمەڵگەیەکی ترو لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تـر جیـاوازی بەخۆیەوە دەبینـێ، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە وشەکانی زمان بەپێی باری کۆمەڵایەتی وئابوری و ڕامیـاری وئـایینی خۆیـان دەگـونجێنن، بۆنمـوونە ئەگەر ڕامیـاری بـوو، ئەوائاماژەکـانی بەشـێک لەڕامیـاری ئەو کـۆمەڵگە دیاریکراوە لەخۆ دەگرێ، خۆئەگەر ئابوری بوو، ئەوا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە ئابورییە لەخۆدەگرێ.

(سازان معین ٢٠٠٥ : ٧٣).

---

(*) بۆزانیاری زیاتر لەسەر جۆرەکانی دەوروبەر بڕوانە:

١—نامەی ماستەری ئاڤێستاکمال،پراگماتیکی ڕستەی پرسیاروفەرمان لەدیالیکتی خواروودا.

٢ — نامەی ماستەری سازان معین ،واتاو دەوروبەر .

زمان کاریگەریی کۆمەڵی بەسەرەوە دیارە و دەبێتە ڕەنگدانەوەی وێنەکانی، ئەمەش بەپێی سەردەم و هونەرە جیاکان و ڕێکخستن ونەریتەکانی هەریەک لەمانە بەپێی کاریگەریی خۆی ڕەنگرێژی زمانەکە دەکات، چ لەفۆنیمەکاندا، چ لە وشەکاندا چ لەواتاکاندا، چ لەیاساکاندا، یان لەشێوە زارەکاندا. دەکرێ ئاسەواری خۆیان بەجێ بهێڵن، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین کۆمەڵگە خۆی لەخۆیدا هەڵوێستەو کۆمەڵگەش خۆی هەموو جۆرەکانی دەوروبەر لەخۆ دەگرێ.

هەمو کۆمەڵگایەک کۆمەڵێک زمانی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەریەتی لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی، دەوروبەری کۆمەلایەتی هەموو ئەو پەیوەندی و ڕێساو یاسا کۆمەلایەتیانە لەخۆدەگرێت کەقسەکەرو گوێگر بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە کردەیەکی گەیاندندا، هالیدای پڕاگماتیک بەلایەنە کۆمەلایەتییەکەوە دەبەستێتەوەو بەبناغەی گەشەکردنی دەزانێت .

(ئاڤێستاکمال٢٠٠٦ : ٩)

دەوروبەری کۆمەلایەتی بەهۆی ئەو یاسایانەوە کە ڕێپێدەرن بۆ هەندێک لە گوتەکان یان مەرج و کۆتبەندەکانیەوە جۆرەها کردەی لێکتێگەیشتن بەرهەم دەهێنێت.

## ١ /٦)توانستی زمانی و توانستی پڕاگماتیکی:

مەبەست لەتوانستی زمانی(کە زاراوەیەکی چۆمسکیە)، (زانیاریی زمانیی قسە کەروگوێگرە)واتە زانیاری تەواو لەسەر ڕێزمان و یەکە فەرهەنگییەکانی زمانەکەی. توانستی پڕاگماتیکی بریتیە لە: توانایی بەکارهێنانی زمان لەو دەوروبەرەی تێیدا دەوترێ، بەلام توانستی زمانی بریتییە:لەو زانیاریانەی کە مرۆڤ بەهۆیانەوە دەتوانێ بەشێوەیەکی ڕێزمان دروست ڕستە دەربڕێت و تێبگات.(محمدمحمد ٢٠٠٧: ١٤٨)

ئەگەر سەیری توانستی پڕاگماتیکی بکەین، ئەو زانیارییە داواکراو و دیاریکراوانەیە کە مەبەستیەتی. بۆ نموونە : کاتێک سەرپەرشتێک بەخزمەتکارەکەی دەڵێت:

**- هەواساردە .**

لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە پەنجەرەکان دابخات وگەرم کەروەکە دابگیرسێنێت، لەم نموونەی سەروەدا ئەگەرتوانستی زمانی وتوانستی پڕاگماتیکی دیاری بکەین دەبینین توانستی زمانی سەرپەرشتەکە بۆ دروستکردنی ڕستەکە لەلایەنی ڕێزمانی وفەرهەنگیەوە دروستە.خزمەتکارەکەش زۆر بەباشی لەلایەنی توانستی زمانییەوە تێدەگات. بەلام ئەگەر ئەم ڕستەیە لە واتا هەواڵییەکەی دەربهێنین بۆ واتای داخوازی لەژێر ئەو مەرجە دیاریکراوانەی(هەستکردنی پەیوەندیی نێوانیان و هەستکردن بەساردی ئاوهەواو و کردنەوەی پەنجەرەکان هەست دەکەن کە ئەوە تەنها هەواڵگەیاندن نییە) کەئەمە توانستی پڕاگماتیکییە. لەتوانستی پڕاگماتیکیدا قسەکەرو گوێگر لەبەکارهێنانی ڕستە زمانییەکاندا پێویستە

ڕاڤەکردنەکەیان ڕاڤەکردنێکی ڕاست و دروست بێت، هاوڕێکی ئەو دەوروبەرە بێت کە تیایدا وتراوە. هەروها دەبێت ڕەچاوی هەندێک لەو وتە ناوێزانە بکەین کە واتایەکی تەواویان هەیە.بۆنموونە دەڵێین

**- تۆپەکە یاری بە سروش کرد.**

ئەگەر ئەم وتەیە لەیاریگادا بوترێ، کاتێک کە سروش یاری بەتۆپەکە دەکات ئەوپەری توانایی سروش دەگەیەنێ. تێگەیشتن لەم جۆرە ڕستە ناوێزانەدا دەگەڕێتەوە بۆ توانستە پراگماتیکییەکەمان. توانای پەیوەندی کردن لەلای بەکارهێنەری سروشتی لە پێنج توانا (ملکات)پێکدێت، (دیک) ئەو پێنج توانایە بەم شێوەیە دەناسێنێ کە بریتین لە :

١ – توانای زمانی: بەکارهێنەری زمانی ئاسایی بەرهەم هێنەریش و ڕاڤەکەریشە، بەرهەمەکانیش و ڕاڤەکانیش ڕاستین.دەستەواژە زمانییەکان خاوەن پێکهاتە و بنیاتی زۆر ئاڵۆزن لەژمارەیەکی زۆر لە هەڵوێستەکانی پەیوەندیکردنی جۆراو جۆردا بەکاردێن.

٢ –توانای لۆجیکی: بەپێی توانای بەکارهێنەری زمانی ئاسایی، کە خاوەنی زانیارییەکی دیاریکراوە، زانیاریی تری لێوەردەگرین، بە هۆی ڕێسای واتایی کە پرنسیپی لۆجیکی هەڵهێنجان و شیمانەیی حوکمی دەکات.

٣ –توانای زانیین: بەکارهێنەری زمانی ئاسایی ئەو زانیارییە ڕێکخراوەی هەیەتی وەکو سەرمایە لەلایەتی، دەتوانێ لەو دەستەواژە زمانییانە زانیاری بەرهەم بهێنێ، هەروها دەتوانێ ئەو زانیارییانە لە وێنەی دیاریکراو هەڵبگرێ و بەکاریان بهێنی بۆ ڕاڤەکردنی دەستەواژەی زمانی.

٤ –توانای درک پێکردن: بەکارهێنەری زمانی ئاسایی دەتوانێ هەست بە دەوروبەرەکەی خۆی بکات، لەو هەست پێکردنەی زانیاری بەرهەم بهێنێ، ئەو زانیارییانە لەبەرهەمهێنانی دەستەواژەی زمانی و ڕاڤەکردن بەکاربهێنی.

٥ –توانای کۆمەڵایەتی: بەکارهێنەری زمانی ئاسایی ئەوەی کە دەیڵێت بەتەواوی نایزانێت، بەڵام دەزانێت چۆن قسەدەکات بۆ گوێگرێکی دیاریکراو لەهەڵوێستێکی پەیوەندیکردنی دیاریکراودا. مەبەست لەمە جێبەجێکردنی ئامانجی پەیوەندی کردنی دیاریکراوە. (احمد متوکل ١٩٩٥ : ١٧)

بنچینەی توانای پراگماتیکی لەلای مرۆڤ بەشێوەی گەشەیەکی سروشتی گەشەدەکات هەروەک چۆن توانای زمانی گەشەدەکات، هەر دوو گەشەکردنەکە زمانی و پراگماتیکی تەواوکەری یەکترن. لەگەڵ جیاوازی(تفاوت)لەپێگەیشتنی هەریەکە لە توخمەکان ئەگەر پێشبینی بکەین کەقالبی درک پێکراو پێبگات، پێش قالبی کۆمەڵایەتی وەلایەنی کۆمەڵایەتی پێش لایەنی لۆجیکی پێبگات. بۆنموونە: منداڵ لەبەرهەمهێنانی ئاخاوتنیدا لەدەوروبەری ئاخاوتنی ڕۆژانە کە هەیەتی لەگەڵ خێزانەکەیدا لەدەوروبەرێک زیاترەو کەمتریش فراوانە. توانای بەرهەمهێنانی ئاخاوتنی، بە وێنەی کورت زۆر زیاترە لەتوانای بەرهەمهێنان بە وێنەی درێژ. گەشەی ئەوتوانایە گونجاوە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکە

ئەمە شتێکی چەسپاوە، منداڵ کە لە تەمەنی ١٢ – ١٨ساڵیدا بەکرداره زمانییەکان قسەدەکات. بەڵام بەیەک وشە بابەتەکە دەردەبڕێ. بۆنموونە ئەگەر داوای (ئاو)بکات بەیەک وشە دەریدەبڕێت. دەڵێ :(ئاو)ئەو وشەی(ئاوە)ی لەئاخاوتنەکەی بۆئەوە بەکارنەهێناوە کە واتا ڕاستەقینەکەی دەیزانین بگەیەنێ، بەڵکو زیاتر بۆئەوەی بەکارهێناوە کە داوای ئاوی خواردنەوە دەکات، ئەمەش بەهۆی توانستی دایک و باوکیەوە لێکدەدرێتەوە و ڕاڤە دەکرێت. لە کۆتایدا هەوڵدەدات ئەو پەیوەندییە بزانێت کەلەنێوان ئامانجی پەیوەندیکردن و هۆکارە زمانیەکەدا هەیە، کە بەهۆیەوە جێبەجێ دەکرێ.

## ١ /٧)بەکارهێنانی زمان ، زمان لەبەکارهێناندا:

زمانی سروشتی یەکێکە لەو پەیڕەوە نیشانەییانەی کە مرۆڤ بۆ تۆڕی گەیاندنی مەبەستەکانیی و جێبەجیکردنی ئامانجەکانی، یا بۆ جێبەجێکردنی تێگەیشتن و تێگەیاندنی لەنێوان هەردوو لادا بەکاریدەهێنێ ئەمە لەلایەک، لەلایەکیترەوە بۆجێبەجێکردنی ئەوەی کەخۆی مەبەستیەتی و دەیەوێت. زمان ڕۆڵەکەی زۆر لەوە گرنگترە، کە ڕۆڵی لەئەرکی گەیاندنی هەواڵدا یان وەسفکردندا کورت بکرێتەوە، بەڵکو مرۆڤ کاری وای پێ ئەنجام دەدات کەبە زمان نەبێت ناکرێت.زمان کۆدی هێماییە، کە گرنگی لەکاری پەیوەندیکردندایە، بۆیە لێکۆڵینەوەی کاری پەیوەندیکردن لە ڕوانگەی پڕاگماتیکەوە بەسود دەبێت. (B.J.haslett 1987:4)

زمانی سروشتی مادەی ئاخاوتنە لە زۆربەی کاتدا، بەکارهێنانی، لەباری وەستاوی دەیهێنێتە دەرەوە، گۆڕینەکان بەگوێرەی زاراوەی (سۆسێری) زمان نییە، بەڵکو ئاخاوتنەکە واتا لەدەرەوە وەردەگرێ، یا لەزمانەکەدا، بەم جۆرە ئاخاوتن بەهایەکی هێمایی لەتاقیکردنەوەکانی تاک وەردەگرێ، هەندێ جار پەیوەندیکردن لەنێوان قسەکەران دێتەکایەوە،کە ئەوانە نوێنەری کۆمەڵایەتین.(بیار اشار ١٩٩٦:١١) نموونەکانی بەکارهێنانی زمان هەریەک جۆرنین، جۆرەکانی زۆرن و جۆراوجۆرن، ئەوانەی کە لە بەکارهێنانی ئاخاوتندا دەردەکەون بریتین لە: دانوسانکردن کە لایەنەکانی کێشەکە هەموویان بەشداریدەکەن،نامەگۆڕینەوە،بەستنی گرێبەست وگفتوگۆی ئاسایی،قسەی ئاڵۆز،هەندێ نمونەی ئەدەبی، ڕۆمان،چیرۆک،...هتد.داهێنانە کۆمەڵایتیەکان یەکێکە لە ئامانجە بەسودەکانی بەکارهێنانی زمان. زۆربەی پەیوەندییەکانی خەڵکی لەئەنجامی بەدیهێنانی کاری زمانییەوە دروستدەبێت.هەرچەندە لێک دوربن یان نزیک.بۆنمونە،ئەگەریەکێک هەڵەیەک بکات هەستێکی خراپ بەرامبەری دروست دەبێت لەلایەن ئەوانەی بەرانبەرییەوە، بۆیە دەبێت پۆزشیان بۆبهێنێتەوە، بۆ پۆزش هێنانەوە باشترین هۆکاری بەکارهێنانی زمانە، بۆئەوەی تاوانەکەی پێبسرێتەوە بەمجۆرە ئاخاوتنی پۆزشهێنانەوەکە دەڵێت:

**- داوای لێبوردن دەکەم لەوەی کە کردم.**

بەم جۆرە پۆزشهێنانەوەیە پەیوەندییەکان دەچنەوە باری ئاسایی پێشتریان .

بەم شێوەیە مرۆڤ هەست بەوە دەکات کەگوێی لێ دەبێت، بۆئەوەی وێنەی خۆی جوان بکات لەلای خەڵکی بەکردەی زمانی دەیکات. کە ئەویش ئاخاوتنەکەیەتی. بەشێوەی شیکردنەوەبێت یان بەرگری کردن لەخۆی، یان پۆزشهێنانەوە، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەهێزی ئاخاوتنە زمانییەکە لەبەکارهێناندا چەندە بەدڵنیایەوە دەڵێین بواری بەکارهێنانی زمانی ئاخاوتنە. ئەو بەکارهێنانە لەرێگای کاری وتنەوەیە کەپێی دەوترێت کاری گۆکردنی ئاخاوتن. گۆکردن چالاکیەکی سەرەکییە کەسروشتەکی پراگماتیکی بەبەکارهێنانی زمانی دەدات. بەوسیفەتەی کە خالّی گۆڕانە، کردنی بەشێوەیەکی کرداری کە دەوروبەرەکە لەئاخاوتنەکە دروستی دەکات، لەنێوان قسەکەروگوێگر، کە مەبەست وئامانجەکان دیاری دەکات. بەم نموونەیە ئەمە ڕووندەکەینەوە:

- لەئاخاوتنی  کەسێک بۆ برادەرەکانی دەڵێت:
- **حەز دەکەن بچین بۆ سەیران؟**
- **یەکەم : بەڵێ.**
- **دووەم : من ماندوم.**

ئەگەر تەماشای ئەم دوو وەڵامە بکەین، لەڕووی ڕێزمان و واتاوە لەڕووی رێزمانەوە، وەڵامی یەکەم یەک وشەیە، کەناچێتە هیچ ئاستێکی رێزمانییەوە. بەڵام وەڵامی دووەم لەشێوەی ڕستەدایە. بەڵام لەڕووی واتاوە، وەڵامی یەکەم وەڵامەکی لۆجیکییە، کە بەیەک وشە دەربڕدراوە، کەدەلالەت لەهیچ مەسەلەیەک ناکات، بەڵام وەڵامی دووەم، دەلالەت لەمەسەلەیەک دەکات، کە ماندوبوونە. بەلەبەرچاو گرتنی دەوروبەرەکە بۆقسەکەر دەگەرێتەوە، بەو سیفەتەی کە ئەو لێپرسراوە، کات و شوێنی قسەکردنەکەی ئەوان، هەموو بەڵگەن بۆ وەڵامەکان، وەڵامەکان بەگونجاو دادەنرێن لەگەڵ دەوروبەرەکە، واتای تەواویان هەیە، بەواتای پراگماتیکی، نەک بەواتای واتاسازی. چونکە لە واتای پراگماتیکی، واتای تر لەواتا بنچینەییەکە دێتەکایەوە. جاری واهەیە لە وشەیەک ئاخاوتنێکی زۆر لەدایک دەبێت.

## __١ /٨)کردەقسەییەکان لای ئۆستن:__

کورتەی تیۆرەکەی ئۆستن بریتیە لە سەلماندنی ئەوەی((هەموو گوتنێک کردنی کارێکە))ئەم تیۆرە زمان بەوە دادەنێ کە کردەی جیاواز لەیەک کاتدا ئەنجام دەدات کاتێک کەقسەکەر قسەدەکات یەکێک لەم کردانە ئەنجام دەدات، یا هەواڵگیاندنە لەبارەی لەشتێک، یافەرماندانە، یانەهی کردنە، یاپەیماندانە، یاسوپاس کردنە...هتد.          (ان روبول وجاک موشلان٤٥:٢٠٠٣).

ئۆستن دەڵێت: کاتێک کەدەڵێین((من دەزانم، یان، من پەیمان دەدەم))ئەوا من وەسفی شتێکم نەکردووە، بەڵکو شتێک ئەنجام دەدەم، ئەگەر پەیمان بەیەکێک بدەم پەیوەستم بەجێبەجێکردنییەوە، ئەم کردانە کارێک رابەرایەتیان دەکات. (Austin1961:200)

کاتێک کە تیۆری کردە قسەییەکان پەرەی سەند، گوتن ولایەنی کارەکی لێکجیاکردەوە، ئۆستن یەکەی ڕونبێژی قسە و یەکەی کردەیی قسەی دیاریی کرد. یەکەی قسەی ڕونبێژی بۆ وتنی دەستەواژەی هەواڵی بەکاردێت، بەڵام یەکەی کردەیی قسەیی قسەکەر بەهۆیەوە کارێک یان ئیشێک ئەنجام دەدات، واتە تەنها قسەنییە. یەکەی قسەی ڕونبێژی بەستنەوەی قسەیە بەهەواڵەکە و وەسفکردنی بارەکە، بەڵام کردەکە زیاتر بەقسەکەرەوە نوساوە وەک ئەوەی کە فەرمانێکەو پێویستە بەکردنی کارێک هەستێ. زمان لای ئۆستن و سیرل، گوزارشتکردنە لەباری کردەیی، وتن لەخۆیدا دەتوانرێ بەوە بناسرێ کە کردەیەکە یان هەڵسوکەوتێکە، ئۆستن وای دەبینێ کە زۆربەی ڕستەکان، جگە لەڕستەی پرسیاری، فەرمانی، سەرسورمان، وەسفی هیچ شتیک ناکەن، ناتوانن بڕیاری بەسەردابدەن بەڕاستی یان ناراستی، ئەم ڕستانە بۆ وەسفی بار بەکارنایەن، بەڵکو بۆ گۆڕانیەتی، ئۆستن بەدانانی دادەنێ. بەرامبەر بەرستەی وەسفی.(**پێش ئێستا باران باری**) ئەم ڕستەیە دانانییە، پیاوێک داوا لەبرادەرەکەی دەکات قاوەیەک بخواتەوە، لێرەدا وەسفی هیچ شتێکی نەکردوە، هیچ شتێکی نە وتووە کە درۆ بێت یان ڕاست. شتێکی وتووە ئەگەر قبوڵی بکات ئەوە سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر قبوڵی نەکات هەرەس دێنێت. ئۆستن ئەوەی دۆزیەوە کەوا هەندێک ڕستەی دانانی کرداری دانانی تێدانییە.وەک(**دانیشتنەکەمان کۆتایی پێهێنا**). لەمەوە گەیشتە ئەوەی کەهەر ڕستەیەکی تەواو و بەکارهاتوو بەلای کەمەوە کارێکی زمانی ئەنجام داوە.

ئۆستن لەسەر ئەم بنەمایە سێ جۆر کاری زمانی دیاری کرد، کەبریتین لە:

١- کردەی قسەیی وتن، بەچاو پۆشین لەواتاکەی و ڕەنگدانەوەی، کارێکی زمانییە. کاتێک کە قسەدەکەین کارێک دەکەین. کردنی قسە، کردەی زمانییە کە ئاستەکانی زمانە وەک ئاستی دەنگسازی، مۆرفۆلۆجی، ڕستەسازی و واتاسازی، کاتێک کەڕستەیەکی تەواو گۆدەکەین هاورێکە لەگەڵ یاسا ڕێزمانیەکانی زمان.

٢-کردەکە لەناو قسەکەدایە، کاتێک کەقسەکە دەکەین واتاکەی لەناوقسەکەدا دەدۆزینەوە، وەک فەرمانداں یان ئامۆژگاریکردن یا گەف لێکردن. بۆنمونە دەڵێی :

**- تەڵاقم دای.**

**- ئێستا ئێوە ژن ومێرد نین.**

ئەنجامدانی کردەکە لەگەڵ قسەکردنەکە یەکە.

٣- کـاری کـاریگەربوون بەقسـە، بەم نمـوونەیە ئەمە ڕوون دەکەیـنەوە. منـداڵێک نایەوێـت ددانـی بشـوات، چـونکە هەسـت بەئـازار ناکـات. ئەمە کـردەی کـاریگەر بـوون بەقسـەیە. منـداڵەکە هەرسێ کردەکەی ئەنجامدا،بەوەی قسەیکرد(کاری وتنەکە) هەروهـا کـردەکە لەنـاو قسـەکانیدایە، ئەمە دووەم، ڕازیکردنی باوکی، ئەمەش کردەی کاریگەربوون بەقسەیە.

**١ /٩)ئاخاوتن**:

ئاخاوتن : (قسەیەکە لەنێوان دووکەس یان زیاتر کە بەئازادی بەڕێوە دەچێت)
(Leveinson 1983:284)

تۆدۆرف، بەم جۆرە پێناسەی ئاخاوتن دەکات(هەر گوتنێک یاکردەیەکی قسـەیی کە قسـەکەرو گوێگری هەبێت و نییەتی قسەکەرئەوەبێت کاریگەری لەسەر گوێگردروست بکات)(سلوی شرفی٢٠١٠: ١٣)

اولیفی روبول دەڵێت:((مەبەست لە ئاخاوتن کۆمەڵێک مانایە)):

١- واتای باو: ئاخاوتن وتنی کۆمەڵە ڕستەیەکی بەسەریەکەوەیە.

٢ – واتای زمانی: ئاخاوتن کۆمەڵە ڕستەیەکی تێکەڵە بۆپێکهێنانی نامەیەک.

٣ –واتای زمـانی فـراوان: ئاخـاوتن کـۆمەڵە نـامەیەکە لەنێـوان لایەنـی جیـاواز جیـاواز کە سروشـتی زمانی هاوبەشیان هەیە. (اولیف روبول وعمراوکان٤٢:٢٠٠٢)

لەهەموو بارەکاندا ئاخاوتن ئامانجی بەدیهێنانی پەیوەندییە لەنێوان قسـەکەروگوێگردا، ئەگەر بە وتـن بێـت یـان بەنوسـین. بەتەنهـا نـاتوانێ ئاخـاوتن دیـاری بکـات، بەڵکـو دەبێـت، بـاری بەکارهێنـانی وتراوەکەی بۆ زیاد بکرێت.

ئاخاوتن = قسە + باری بەکارهێنانەکە

بەم جۆرە دەتوانین پێناسەی ئاخاوتن بکەیـن، کە کردەیەکـی زمـانییە بـۆ بەیەکەوە بەسـتنی پێکهـاتەی ناوەوەو بارودۆخی وتنەکە، یان بەیەکەوە بەستنەوەیە لەنێوان وتن و شوێنی وتنەکە لەنێوانی قسەکەرو گــوێگر. یــاخود پێکهــاتەی ئاخــاوتنە وتــراوەکەیە پەیوەســت بەئەرکەکــانی وتــن وبــارودۆخی پەیوەنـدیکردنەکە، نـاتوانرێ ئاخـاوتنەکە دیـاری بکرێـت تەنهـا بەهـۆی بـارودۆخی پەیوەنـدیکردنەکەوە نەبێت.جۆرەکـانی ئاخـاوتن بەپێـی مەبەسـتی پەیوەنـدیکردن پـۆلین دەکـرێن بـۆ: ئاخـاوتنی گێـڕانەوەو چیرۆکـی، ئاخـاوتنی وەسـفی، ئاخـاوتنی بەڵگەیـی و باوەڕپێهێنـان، ئاخـاوتنی فێرکـردن وتلقینـی، ئاخاوتن لەڕووی جۆری هاوبەشەکانەوە پۆلین دەکرێت بۆ: ئاخاوتنی دووانی، یا ئاخاوتنی کۆمەڵی،

یـان ئاخـاوتن لەگەڵ نـاخی خۆت(مەنەلۆج)،بنفسـت بـاوەری وایە: (ئاخـاوتن بـریتیە لە هەمـوو قسەیەک، کە قسەکەرو گوێگر پەیدابکات وقسەکەر مەبەستێکی کاریگەری هەبێت لەسەر گوێگر جا بەهەر شێوەیەک بێت). (سلوی شرفی ٢٠١٠ : ١٦)

## ١ /٩- ١)ڕۆڵی ئاخاوتن لای سۆفیستەکان:

ئاساییترین و بەربڵاوترین پێناسەی ئاخاوتن لای گریکەکان ئاوا بووە کە وتوویانە:

(بریتیە لەقسەکردنی جوان، لەم ڕوەشەوە وشەی(جوان)چەندین لایەن دەگرێتەوە)

یەکەم: پێویستە(چێژ بەخش )بێت.

دوەم: پێویستە هەڵگری(راستیەک )بێت .

سێیەم: لەڕووی ڕەفتارییەوە یان ڕەوشتیەوە دروست بێت .

چوارەم: دەبێت(کاریگەر)بەخش بێت .

نـاکۆکیەکی زۆر هەبـووە لەسـەرئەوەی مەبەست لە (کـاریگەری بەخشـین) چیە و چیدەگرێتەوە؟ بەڵام پرسـیار نەدەکـرا ئەو کـاریگەرییە بەچ مەبەسـتێک بێـت؟ سۆفیسـتەکان یەکەمـین دەسـتەی ئەو مامۆسـتایانەبون، کە ئەوپرسـیارەیان هەژانـد بەوردیـش گفتوگۆیـان لەبـارەوە دەکـرد. بەلای ئەوانەوە مەبەستی هەرە سەرەکی لە فێرکردنی هونەرەکانی ئاخـاوتن بەخەڵـک، وەک گۆرگیـاس گوتـوویە ئەوەیە بتوانرێ((تــاکەکەس ڕابهێنرێــت لەســەر ئەوەی بۆخــۆی بەپەیسەرکیشــەکانی خۆیــدا بــروات لەچارەسـەرکردنیاندا سـەرکەوتن بەدەسـتبهێنێ و بەهـۆیەوە بتوانێـت لەگەڵ هەمـوو کەسـێکدا ولەسـەر هەموو شتێک گفتوگۆ بکات)).سۆفیستەکان ئامانجیـان ئەوەبـوو زمـان لەهەمـوو تونـدوتیژیەک پـاک بـکەنەوە، وەک تەکنیکێکـی هـونەری بـاس لەئاخـاوتن بـکەن. پێشـبینی ئەوەیـان دەکـرد بەکارهێنـانی دروستی زمان بتوانێت هۆکارێکی باش بێت بۆتـاکە کەس، تـا لەرێـگەیەوە ڕوخسـارێکی هەمەلایەنـی بداتە مەبەستە تاکایەتیەکـانی خۆی. سـەرچاوەی ئەم تێـزەش لەوبـڕوایەوە هـاتبوو کە دەیگـوت: ئەگەر مـرۆڤ لەگفتوگـۆی هەمەلایەنـی ئەو تـۆدا بەشـداربێت. کە ئامـانجی بەشـداربوەکان پـێش هەرشـتێکی دیـکە لەیەکتـر تێگەیشـتن بێـت، بەبـێ ئەوەی مەرج بـۆیەکتر دابنـێن و تونـدوتیژی لەگەڵ یەکتـردا بەکاربهێنن. ئەوە گفتوگۆکە بەروبومێکی باشیشی دەبێت هەمیشە دەمانگەیەنێ بەشوێنێکی جیـاوازتر لەوەی دەسـتمانپێکردوە. (ڕێبـوار سـیوەیلی ٢٠٠٩: ١٦٤).سۆفیسـتەکان مەسـەلەی ئاخـاوتن وەک هۆکارێکی هەسـتیاری ئـاڵوگۆرکردن دەبیـنن، کەتیایـدا وشـە دەبێـتە (دەسـەڵاتدارێکی مەزن) بـۆئەوەی دەسـەڵاتی وشـە نەبێـتە دەسـەڵاتێکی وێـران کەرو بـۆئەوەی ئاخـاوتنەکە خەسـڵەتی جـوانیی بـۆ خۆیـان بەدەست بهێنن، پێویستە قسەکەر هەمیشە لەیادی بێت ئەوانەی قسەیان بۆدەکـا مـرۆڤن قسـەکردنیش کــاریگەری لەســەر ناخیــان دەبێــت. لەلای سۆفیســتەکان هــونەری ئاخــاوتن بەتەواوی

بەستراوەبەکێشەی(ڕەوا،وناڕەوا)هیچ گرانتیەک نییە ڕێبگرێ لەوەی، نابێت کەس ئەو هونەرە بەخراپ بەکاربهێنێ. هەر لەبەر ئەوەشە جیاوازی دەکەن لە دوو جۆر هونەری ئاخاوتندا. (سەرچاوەی پێشو)
یەکەم:ئەوجۆرە ئاخاوتنەیە کە بیرلەکاریگەری خۆی لەسەر گوێگرەکان ناکاتەوە باکی نییە لەوەی ئەوان چۆن مانای وشەکان لێکدەدەنەوە،یان لەئەنجامی گوێگرتنەوە توشی چ بارودۆخێکی دەرونی دەبن.
دووەم : ئامادەیی جەماوەر وەک بارودۆخێکی پربایەخ دەبینێ، واتەرێز لەوخەڵکە دەگرێت کە کۆبونەتەوە، ئەم کۆمەڵە خەڵکە بەلای کەمەوە لەلای خۆیاندا چەندین ئومێدیان هەیە لەسەر ئەوەی کەدەشێ گفتوگۆکە بیانگەیەنێت بەئاستێکی تر.بەلای سۆفیستەکانەوە تاکەکەس بۆی هەیە بەهۆی شارەزایەکەیەوە مرۆڤێکی ڕەوانبێژبێت، سۆفیستەکان بڕوایان بەئازادی ڕادەربڕین هەبوو، تاکەکەس چۆن ڕشتەی قسانی دادەمەزرێنی وچۆن ڕستەکانی دەسازێنێ، چ وشەیەکی گونجاو...بەکاردەهینێ ئازادە، بەڵام نابێت لەبیری بچێت، کەئەو هەرچەندە ئازادیش بێت هێشتا لەچوار چێوەیەکی هاوبەشی بەکارهێنانی زماندا قسەدەکات ئەوچوار چێوەیەش سیستەمی ئاڵوگۆڕی مرۆڤەکانی ناوئەو کۆمەڵگایەیە، لەبەرئەم هۆیە تاکەکەس نابێت هەست بکات کە ئەو بەهۆی ئەو شارەزایی وپلەی خوێندنەکەیەوە ئاستێکی بەرزتری ڕەوایەتی لەخەڵکانی ترهەیە، چونکە پسپۆریەکەی بەرپرسیاری ئەوەی لەسەر کەم ناکاتەوە کە: ئەو وەک تاکە هاوڵاتی لە ئاست هێشتنەوەی دۆخی ئارامی و تەبایی کۆمەڵگاکەیدا کەوتۆتە سەرشانی و شێوەی بەکارهێنانی زمانیش یەکێکە لەو هۆیانەی ئەودۆخە ئارامە دەپاریزێ، یاخود ئەو تەباییە هەڵدەوەشێنێتەوە.

## <u>١ /٩- ٢ )بنچینەکانی بەدەستهێنانی ئاخاوتن</u>:

١ – ئاخاوتن و واتاکەی.

مەبەست لە واتای ئاخاوتن، واتای دانە زمانییەکان، یان مانای دانەی فەرهەنگی نییە، بەڵکو مەبەستمان (مغزی)وا گەیاندنەکەی قسەکەیە. مەبەست، گەورە ترە لە واتای دانەی فەرهەنگی قسە. هەروها مەبەستی ئاخاوتن لەمەبەستی قسەکەریش گەورەترە، چونکە بەبارودۆخێکی گەورەترەوە دەبەسترێتەوە.بۆیە لەشیکردنەوەی ئاخاوتندا قسە لەسەر مەبەستی قسەکەر ناکەین، بەڵکو قسە لەسەر واتای هەموو ئاخاوتنەکە دەکەین. مەسەلەی واتا تەنیا بەتەفسیرکردنەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بەکارێکی زۆرئاڵۆزترەوە کە ڕاڤەکردنە(تاویل) پەیوەستە. (سلوی شرفی٢٠١٠:٣٢)
سەبارەت بە واتای وتراو واتای ئاخاوتن دەتوانین ئاماژە بە(ڕۆلان بارت)بکەین کە دەڵێت((وشەکان بەشێوەیەکی گشتی بەتەمومژی لێک جیادەکرێنەوە، چونکە هیچ وشەیەک واتایەکی دیاری کراوی نییە)). بۆ نموونە:
**- باران دەبارێت.**

لەم نموونەیەدا ئەوە تێدەگەین کە ئاو لەئاسمانەوە دێتە خوارێ. بەڵام لەڕووی ئاخاوتنەوە کۆمەڵێک مانای هەیە، لەوانە مەبەستی ئەوەبێ ئاگادارت بکاتەوە چەتر هەڵبگری، مەبەستی ئەوە بێ کە لەماڵەوە بمێنیتەوە، یامەبەستی ئەوەبێ کەپەنجەرەکان دابخەی. لادانی ئەم تەمومژیە لەسەر وشە وتراوەکان کارێکی گرانە، تەنها لەڕێگەی ڕاڤەکردنەوە دەبێت، واتای وشە و وتراوەکان شتێکی چەسپاونییە، بەڵکولە ڕێگای شیمانەکردن (احتیمال) بەرهەم دێت. بەومانایەی کەکاری تێگەیشتن مەسەلەیەکی شیمانەکردنە نەک یەقین.

٢ — قسەکەر،نێرەر

ئاخاوتن، لەڕێگای زمانەوە، مەبەستی قسەکەرە ئاراستەی گوێگر دەکرێت. مەبەستمان لە قسەکەر ئەوەیە لایەنی بیری و زانیاری و ژیاننامەی تایبەتی بەشێوەیەکی گشتی بزانین. هەروەک فەیلەسوفی ئەڵمانی شلێخەر دەڵێت: ((پێویستە مرۆڤەکان بناسی بۆئەوەی لە ئاخاوتنەکەی بگەیت)).

ئاخاوتن بۆ ئەوەیە کەتێی بگەیت، بۆئەوەی تێبگەین کار لەسەر دوو ئاست دەکەین:

ئاستی تێگەیشتن لە زمان، ئاستی تێگەیشتن لەوەی کێ قسەدەکات. ڕاڤەکردن هونەر نییە، تەنها بەهۆی ئەو دوو تیگەیشتنەوە نەبێت. بەکارهێنانی هەر وشەیەک لە وشەکانی زمان لەلایەن مرۆڤەوە لە خۆوە نییە، بەڵکو هەڵگری ئەوهەڵوێستە دیاریکراوەیە کە شاراوەیە کە کردەیەکی پراگماتیکییە یان ئەودیاردەیەی کە دەیەوێت وەسفی بکات و قسەی لەسەر بکات. قسەکەر پشت بەهێماو یاسا زمانیەکان دەبەستێ کە لە پێکهاتنی وشەدا ڕەچاو دەکرێت هەڵدەستێت بەهەڵبژاردنی ئەو هێما زمانیانەی کە دەگونجێت لەگەڵ:

ا — بابەتی ئاخاوتنەکە.

ب - پابەند بوونی گوێگر پێیانەوە.

ت — زۆرترین کاریگەری دروستبکات .

پشت بەستن بەشوازێکی گونجاو، هەڵسان بەبلاوکردنەوەی ئەوهێمایانە بەڕێگایەک کە زۆرترین توانای تێگەیشتن و باوەرهێنان لای گوێگر دروست بکات. کردەی ئاخاوتن بەقسەکەر دەست پێدەکات، ئەوکاتە سەرکەوتوو دەبێت کە بتوانێ ئاخاوتنەکە و مەبەستەکان و زانیاری و واتای ئاخاوتنەکە بەڕوونی بگەیەنێ.

٣ — گوێگر، وەرگر

گوێگر بەوێستگەی کۆتایی ئاخاوتن دادەنرێت، کە نیوەی دووەمی هاوکێشەی سەرکەوتنی ئاخاوتنە لەگەڵ قسەکەردا. سەرکەوتوویی کرداری ئاخاوتنەکە دەکەوێتە سەر ئەوەی کە لەمەبەستی قسەکەر بگات، کاری پەیوەندیکردن جێبەجێ نابێت، لەژێر سایەی پەیوەندییەکی ڕاستەقینەی نێوان قسەکەرو

گوێگردا نەبێت.هەربۆیە، گرایس بنەمای هاریکاری دانا، بۆئەوەی قسەکەر وگوێگر هاوکاری یەکتری بکەن و بەئاسانی لە یەکتری بگەن. هەروەها ئەو لقانەی کە لەبنەمای هاریکاری دەبنەوە بۆلێکدانەوەی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی تێگەیشتن لە ئاخاوتنەکەی. (Grice1975:45).

کەواتە گوێگر زیاترە لەوەی کەتەنها گوێگربێت، بەڵکو کاراو هاوبەشە لەدروست کردن و دیاریکردنی واتای ئاخاوتن، گوێگر، واتا بەرێگای راستەوخۆ و ناراستەوخۆ دروست دەکات لەرێگای ئەم دووهۆکارەوە:

ا-قسەکەر لەکاتی قسەکردنەکەی ئاسۆی بیری گوێگر بەهەند وەردەگرێت، چونکە گوێگر هاوبەشیەتی لەدیاری کردنی واتا.

ب-قسەکەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەچێتە ناوەوە بۆدیاری کردنی واتا، لەرێگای کاری ڕاڤەکردنەوە کەئەمەش دووبارە دەبێتەوە لەگەڵ هەموو گوێگرێک و لەکات وشوێنی جیاوازدا.زیادەڕۆیی لەشوێن و کاتی وتنەکەدا دەبێت، هەربۆیە دەڵێین دەق ناوەستێ لەبەرهەمهێنانی واتاو فرەواتایی، بەم شێوەیە واتا ئەنجامی ڕاڤەرکردنە.

٤- دەوروبەری ئاخاوتن.

کردەی پەیوەندیکردن بەستراوەتەوە بەچوارچێوەیەکی دیاریکراو ناڵێین بێلایەنە وەک ئەوەی کەپێشتر دەوترا، بەلایەنی کەم دیاریکراوە لە ڕووی کات وشوێن (ئێستاوئێرە)کە پێی دەوترێت دەوروبەر. چەند جۆرێک دەوروبەرمان هەیە لەوانە:

ا- دەوروبەری زمانی.

لەگەڵ ئەوەی شارەزایانی بواری پڕاگماتیک لەفەلسەفەی زمان، یان زمانەوانیدا، وای دەبینن کە دەوروبەر لەناو دەقدانییە، تەنها لەهەندێک کاتی زۆرپێویستدا دەوروبەر بۆ بڕگەیەکی زمان لەشیکردنەوەی ئاخاوتن دروست بکەن، بۆئەوەی قسەکەر قسەکەی ڕوون بێت، چونکە بۆ دۆزینەوەی مەبەستەکەی کۆمەڵێک ئاستەنگی دەرەکی دێتە رێگای کە بەزمانەوە پەیوەستە. بۆنمونە هاوواتایی کە یەکێکە لەوگرفتانەی توشی واتا دەبێت، ئاسان نییە کە وشەیەک زۆر بەوردی ئەو واتاییەی داوای دەکەی بیگەیەنێت، بێئەوەی گوزارشت لەهاوواتاکەی بکات کەهەڵگری جیاوازییەکەیە، هەرچەندە کەمە بەڵام کاریگەریی هەیە. ئەوەی کە لەلایەن گوێگرەوە پێشبینی دەکرێت بەهیچ شێوەیەک ئەوە نییە کەقسەکەر دەیەوێت، بۆیە بەکارهێنەرانی زمان خۆیان بەدوردەگرن لەبەکارهێنانی هەندێک وشەی دیاریکراو لەهەندێک هەڵوێستی ئاخاوتن کەپەیوەستە بەهەندێک واتای تر کە وشەکە دەیگەیەنێ. (سلوی شرفی٢٠١٠:٤٤).یەکێکی تر لەگرفتەکانی رێگای واتا، هاوبێژییە،کە بریتیە لەوەی وشەیەک چەند مانایەکی هەبێت، گوێگر چۆن لەواتای مەبەست بگات؟ بۆئەم جۆرە گرفتە کە دێتە رێگای واتا، پەنا بۆدەقێکی نزیک دەبەین، یان ئەو وتنەی لەدوای ئەو وشەیەوە دێت.

ب- دەوروبەری کاتی قسە.
کات ناوەندەیکە(وسیط)شانبەشانی زمان و قسەکەر و گوێگر،بەواتای ئەوەی کە ئەندامەکە دەسەڵاتی بەسەر دروست کردن و ناوەرۆکی ئاخاوتن هەیەو کاریگەریشی لەسەر بەرهەمهێنانی واتاش هەیە.
ج- دەوروبەری شوێننشینی.
شوێن یەکێکە لە لایەنە مادد‌ییە ڕاستەوخۆکان کە ئاخاوتن تێیدا دێتە خوارێ، بۆنمونە شوێن یان چوارچێوەی کۆمەڵایەتی(نەخۆشخانە،وەرزی خوێندن،دادگا یان دەزگای ڕاگەیاندن ،((ڕۆژنامە،تلفزیون، ئینترنێت)).یان چوارچێوەی سیاسی (ئاخاوتن لەکاتی هەڵبژاردن، ئاخاوتن لەکاتی شەر)ئەو ناوەندانە کاریگەرییان لەسەر قسەکەرو ئاخاوتنەکەش هەیە ، بۆیە دەوترێ (هەمو قسەیەک شوێنی خۆی هەیە) پێگە کۆمەڵایەتییەکان و دەسەڵاتی دیاریکراو شوێنەکان دیاری دەکەن و گرینگی خۆیان هەیە لەئاراستە کردنی دەوروبەر. بەگۆڕانی شوێنەکان دەگۆڕێن. بۆنمونە دکتۆر دەسەڵاتی ئاخاوتنی لە نەخۆشخانە هەیە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی لەپەرلەماندانییە، هەروها ئەندامی پەرلەمان شێوازی دەگۆڕێ بەپێی شوێنەکەی.

## ١ /٩- ٣)ستراتیجیەتی ئاخاوتن:

مرۆڤ لەژیانیدا زۆر کار ئەنجامدەدات،لەدوای ئەم کارانە دەگات بەئامانجەکانی، ناتوانێ ئەم کارانە لەدور لەو بارودۆخەی ئەو کۆمەڵەی کەتیایدا دەژی ئەنجام بدات . بۆیە ڕێگایەکی دیاری کراو هەڵدەبژێرێ کە لە پێشەوە جۆرە شیاویەک بۆکردنی کارەکەی هەبێت، دواتر جێبەجێکردنی ئامانجەکەی. ئەو کارانەی کەمرۆڤ ئەنجامیان دەدات جۆراوجۆرن، وەک کاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وبازرگانی و زمانی، ئەم کارە جۆراو جۆرانە هەریەکە و بەشێوەیەک و بەڕێگای جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێن، چونکە مرۆڤ لەدەوروبەری کۆمەڵایەتی ئەم کارانە بەئەنجام دەگەیەنێ کەلایەن و توخم(عنصر)ی کاریگەریان هەیە. بەم ڕێگایە دەوترێت ستراتیجیات.
( عبدالهادی بن ظافر ٢٠٠٤: ٥٣). بەم نموونەیە زاراوەی (الاستراتیجیە) ڕوون دەکەینەوە:
کاتێک دەریاوانێک لەناو بەحرێکدا دەڕوات زۆر بەدەگمەن دەتوانێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بگاتە ئامانجەکەی، چونکە لەنێوان خۆیی و ئامانجەکەیدا زۆر شتی وەکو باو گەردەلول و هەڵکشان و داکشانی دەریاو شاخ و زۆرشتی تر هەیە، بۆئەوەی بگاتە ئامانجەکەی، دەبێت زۆرمانۆڕ جێگۆڕکێ و گفتوگۆ (تناور وتحاور)بکات بۆئەوەی ڕێگاکەی بەرەو ئامانجەکەی ببڕێت. ستراتیجیەتەکان جۆراوجۆرن بەگوێرەی باری دەوروبەرەکە دەگۆڕێن، هەندێک ستراتیجیەت بۆ دەوروبەرێک دەبێت، بەڵام بۆدەوروبەریکی ترنابێت، چونکە هەندێک لە توخمەکان دەگۆڕێن کەئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی ستراتیجیەتەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکە. (ولیام اوری ٢٤:١٩٩٤).

ستراتیجیات ڕیگایەکی دیاریکراوە بۆچارەسەرکردنی هەندێ گرفت،یا هەڵسان بەکۆمەڵە کردارێکە بۆگەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو،یان پلانی نەخشەدارە بۆدەستەمۆکردنی زانیاری و دەسەڵات بەسەرداگرتنی، بەم شێوەیە ستراتیجیەت لەیەکەم هەنگاویدا پلانە بۆگەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو هەر پلانێکیش دوو ڕەهەندی هەیە:

یەکەم : ڕەهەندی نەخشە دانان، ئەم ڕەهەندە لەئاستی زەینی دا جێبەجێ دەکرێ.

دوەم : ڕەهەندی ماددی، کە ستراتیژییەکە بەرجەستە دەکات و ڕەنگ ڕێژی بکات. لەهەردوو ڕەهەندەکەدا جەخت لەسەر بکەری سەرەکی دەکرێتەوە، کە شیکردنەوەی دەوروبەرو پلاندانانە بۆهەڵبژاردنی تواناکان، کە بۆ کردنی کارەکە پێویستە و زامنی جێبەجێ بونی ئامانجەکە دەبێت.

کارە دیاریکراوەکانی دەریاوانەکە لەنمونەکەی پێشو بەم شێوەیە:

- ئامانج، گەیشتن بەخاڵێکی دیاریکراو لەڕۆخی دەریاکە، جا هەر خاڵێک بێت.
- دوروبەر، دەریایە.
- توخمەکانی دەوروبەر، با و بەرد و گەردەلول و هەڵچون و داکشان و جوڵەی بەلەمەکەی.
- کردەکە، دەریاوانی.
- کارا، دەریاوانەکە.

بەم شێوەیە، دەریاوانەکە لەبیری خۆیدا پلانێکی بۆگەیشتن بەوخاڵەی کە دەیەوێت بیگاتێ داناوە. حیسابی بۆ هەموو توخمەکانی دەوروبەر کردوە. ئەگەر لەڕێگایەک زیاتر لەمێشکی داهەبوو دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت بۆگەیشتن بە ئامانجەکەی. پلانەکەی لە دوو چوارچێوەدا دەسورێتەوە دەتوانین بەمجۆرە ناویان بنێین :

١- چوارچێوەی ئەگەری هەبوون.

٢- چوارچێوەی لەبارتر.

چوارچێوەی یەکەم، نواندنی هەموو ئەوکارانەی کەدەتوانی بیکەیت. بەرەچاوکردنی بارودۆخی دەورووبەر پێش ئەوەی هیچ کارێکی بەراوردی ئەنجام بدەیت. ئەم نواندنە بەهێزدەبێت. لەنموونەکەی پێشودا لەهەڵبژاردنەک زیاتر لەبەردەم دەریاوانەکەدا هەبوو، لەپێناو گەیشتنی، بەڵام ئەو بەیەک لایاندا ڕۆیشت، ڕێگایەکیان زۆر درێژبوو، لەهەمانکاتدا ڕێگای زۆرکورتریش هەبو،سەرکێشیکردن لەرێگایەکیان زۆرترە.

لەچوارچێوەی دووەمدا، دەریاوانەکە شیکردنەوەی بۆهەموو ڕێگاکان کرد، بۆزانینی لایەنی باشیەکانیان، دواتر بەراوردی کردن بۆئەوەی بزانێ کامەیان باشترە هەڵیبژێرێ و بۆجێبەجێ کردنی هەموو کارێک لەم دەوروبەرە ڕێگای هەبوونەکە لەهەموویان باشترە، سەرچاوەی باشترینەکە، ئەو دەوروبەرەیە کەتاقی دەکرێتەوە،لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا باشە،لەوانەیە لەدەوروبەری تردا وانەبێت.

(فۆكۆ)بەم شێوەیە دەروانێتە ستراتیجیەت((چەند واتایەکی هەیە، هەر واتایەک لەگەڵ دەوروبەرێکی دیاریکراو دەگونجێت)).زاراوەی ستراتیجیەت بەسێ واتا بەکاردەهێنرێت:

یەکەم : بەواتای هەڵبژاردنی ئەو هۆکارانە و بەکارهێنانیان بۆگەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، مەبەست لەمە بەکارهێنانی ژیرییە بۆ بەدەستهێنانی هەر ئامانجێک.

دووەم: بەواتای ئەوەی کە ڕێگایەکە هەوڵدەدات کاریگەری لەسەرئەوانی ترهەبێت.

سێیەم : بەواتای بەکارهێنانی ئەو هۆکارانەی بۆ بەرەنگار بوونەوەو بێبەشکردنی بەرامبەرەکەیە لە هۆکارەکانی جەنگی و پەیوەستکردنی بۆ خۆ بەدەستەوەدان. لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە کە تایبەتییە گشتیەکانی ستراتیجیەتی دیاری کردوە،کە بریتیەلە: کارێکی هۆشەکیە، کە لەسەر گریمانەکانی پێشتر دامەزراوەو پێکهاتووە لەئەنجامی ئامرازو هۆکاری گونجاو لەدەوروبەری بەکارهێنان، کەبەشێوەیەکی کارەکی پێویست وگشتگیر دەبێت بۆهەموو بوارەکانی ژیان.

(عبدالهادی بن ظافر ٢٠٠٤: ٥٥)

قسەکەر هیچ کاتێک بەبێ ئاگابوون لە دەوروبەری وتن ناتوانێ ئاخاوتن بەرهەمبهێنێ. ئاخاوتن بەبێ پلان دانان لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا نابێت.هەروها ئاخاوتن بەبێ بەکارهێنانی نیشانەی گونجاویش نابێت، قسەکەر زمانی ئاسایی بەکاردەهێنێ هەروها هەندێ نیشانەی نازمانیش لەئاخاوتندا بەکاردەهێنێ، کە ئەمە بەجۆرێک لە ڕەوشت وەسف دەکرێت. چەندین جۆر ڕەوشتیش هەیە وەک ڕەوشتی، ڕێزلێنان، یان دوژمنکارانە...هتد.

لێرەدا دەبینین پەیوەندی کردنەکە لە نێوان خەڵکاندا بە تەنها لەسەر زمانی سروشتی ناوەستێ، بەڵکو دەوەستێتە سەر کردەی پەیوەندی کردنەکە لەگەڵ ئەوانیتردا خەڵکان پشت بە بەکارهێنانی زمان و چۆنیەتی ڕێکخستنی و گونجاوی لەگەڵ دەوروبەردا دەبەستن. ئەو ڕێکخستنە لە گۆکردنی ئاخاوتندا بەستراتیجیەتی ئاخاوتن ناودەبرێ. کەواتە ئاخاوتنی بەرهەمهاتوو ئاخاوتنێکی بەبێ پلاندانان بووە بۆیە پێویستە لەسەرقسەکەر ستراتیجیەتێکی گونجاو بۆ ئاخاوتنەکە هەڵبژێرێ، بۆئەوەی بتوانێ گوزارشت لەئامانجەکەی و بەجێهێنانی بە باشترین شێوە بکات.

بۆنموونە:کردەی((پۆزش هێنانەوە))بەچەندین جۆر ئاخاوتن جێبەجێ دەکرێت، هەر ئاخاوتنێکیشیان ستراتیجیەتی خۆی هەیە. جیاوازی لەنێوان هەموویاندا هەیە، ئەوەی لەهەموویان باشترە هەڵی دەبژێرین، لەم ڕووەوە دەگەڕێینەوە بۆئەو دەوروبەرەی کەقسەکەر ئاخاوتنەکەی تێدا ئەنجامداوە.

## ١ /١٠)ستراتیجیەتی باوەر پێهێنان(ڕازیکردن):

قسەکەر ئامانجی خۆی بەجێ دێنێ ئەویش بەڕازیکردنی گوێگر بەهۆی ئاخاوتنەکەیەوە، یاخود گۆڕانە لە هەڵوێستی فکریی یا سۆزداری لای گوێگر. ستراتیجیەتی پراگماتیکی ئەم ئامانجە جێبەجێ دەکات، کەبە ستراتیجیەتی ڕازیکردن(الاقناع)ناسراوە. کردەی ڕازیکردن و ئاراستە کردنی دەوەستێتە

سەر گریمانەی پێشتر  پەیوەست بە توخمەکانی دەوروبەرەوە بەتایبەتی لای گوێگرو ئاخاوتنی پێشوتر، ئاخاوتنی چاوەڕوانکراو.(روبول) ئەرکی ڕازیکردن بەئەرکی ڕەوانبێژی دادەنێ. بەزیادکردنی ئەرکی ڕاڤەکردن وئەرکی دۆزینەوەو ئەرکی فێرکردن. هەرچەندە ئەرکی ڕازیکردن لەپێشەوەیە، بەڵام بەتەنها نییە، ئەگەر ڕەوانبێژی هونەری رازیکردن بێت بەهۆی ئاخاوتنەوە، دەبێت دڵنیابین لەوەی کەهیچ ئاخاوتنێک کارێکی دورە پەرێزنییە،بەڵکو بەپێچەوانەوە ئاخاوتنێکی پێشترهەیە یان لەدوایەوە دێت. ڕێسای بنچینەیی ڕەوانبێژی ئەوەیەکە قسەکەر قسەدەکات یا دەنوسێ تەنها بە ئامانجی ڕازیکردن نییە، بەڵکو بەردەوام گوزارشت لەخودی خۆی دەکات، لەگەڵ ئەو ئاخاوتنانەی تر، یان لە دژیانە یان بەردەوام پەیوەندی بەئاخاوتنەکانی ترەوە هەیە.          (اولیفی روبول٢٠٠١:٧٥)

ستراتیجیەتی ڕازیکردن لەپێناوی بەدیهێنانی سودەکانی و ئامانجی قسەکەر بەکاردەهێنرێت. بۆنموونە: بازرگانەکان بەکاری دەهێنن بۆساغ کردنەوەی کاڵاکانیان، یان پاڵێوراوێک بۆبەدەست هێنانی پۆستی سەرۆکایەتی بۆئەوەی خەڵکی هەڵیبژێرن بەکاریدەهێنی، یان منداڵ بۆبە دەستهێنانی پارچە کێکێک یاهەر شتێکی تر لەگەڵ دایک وباوکی بەکاری دەهێنێ.

## **١ /١٠- ١)قالبەکانی بەکارهێنانی ستراتیجیەتی ڕازیکردن:**

١ - کاریگەریی پراگماتیکی لەسەر گوێگر بەهێزە، بەرهەمەکەی چەسپاوەو خۆشەویستییەکەشی دەمێنێتەوە، چونکە لەئەنجامی ڕازیکردنی گوێگر بە دیهاتووە. بەهێز نەچەسپاوەو نەکراوە.

٢ – جیاوازە لەگەڵ ستراتیجیەتەکانی تری، وەک سەپاندن بۆ فەرزکردن و قبوڵ کردنی قسە یان کارایی کردنی شتێک، لەسەر گوێگر، بەبێ بەدەستهێنانی پاڵنەری ناوەکی یان باوەڕی خودی. ڕازیکردنی گوێگر ئامانجی ئاخاوتن و کۆششی قسەکەرە بۆ بەدیهێنانی ئەوئامانجە لەئاخاوتنەکە.

٣ – مەرجە لایەنگیریکردنی ئاخاوتنەکە لەنێوان هەردوو لایەنی قسەکەرو گوێگر لە ڕێگای بەڵگەوە بێت، چونکە مەرجی پراگماتیکی زمانی مەرجی ڕازیکردنە. قسەکەر کاتێک داوا لەخەڵکانی تربکات هاوبەشی بیروباوەڕەکانی بکەن،داواکانی نابێت بەشێوەی زۆر لێکردن یاخود لەناوبردن بێت، بەڵکو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێگای دروست ولەبار و جۆراوجۆر بەکاربهێنی بۆ ڕاکێشانی خەڵکانی تر بۆئەوەی رازیان بکات.          (طە عبدالرحمن ٢٠٠٠: ٣٨)

٤ – ئارەزوو لە بەدیهێنانی ڕازیکردن، ئەمە ئامانجی گەورەی زۆربەی جۆرەکانی ئاخاوتنە، بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا. قسەکەر بەباشی دەزانێ کە ستراتیجیەتی ڕازیکردن بەکاربهێنێ، هەرچەندە دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، کە جۆرەکانی تری ستراتیجیەت بەکاربهێنێ، چونکە گوێگر هەست وئاستی ڕۆشنبیری بەرامبەربە زۆرشت دەگۆڕێت و جارێکی تر ناگەرێتەوە سەریان.

٥ – گشتگیری ستراتیجیەتی ڕازیکردن، هەموو چین وتوێژەکان دەتوانن بەکاری بهێنن، وەک دادوەرو جوتیار و گەورەو بچوکی نەتەوەو منداڵ و ژن، هەریەکە و بەپێی زانین وزانیاری خۆی بەکاری دەهێنێ. ئەمەش خۆشەویستی ولایەنگیری ستراتیجیەتی رازیکردنە لەتوانستی پراگماتیکی لەلای مرۆڤ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر لێهاتویی لەئاخاوتن.

٦ – لەبەدیهێنانی ئەنجامی پەروەردەیی، هەروها زۆر بەکارهێنانی لەبانگخوازیدا هەروەک پێغەمبەر (د.خ) بەکاری دەهێنا بۆ ڕازیکردنی خەڵک و هاتنە ناودینی ئیسلام، پێغەمبەرەکانیتریش بەهەمان شێوە بەکاریانهێناوە، هەروها لەزۆربەی بوارەکانی تری ژیاندا ئەم ستراتیجیەتە بەکاردەهێنرێت بەتایبەتی لەبواری پەروەردە و خوێندنگاو ماڵەوە.

## ١ /١٠- ٢)ئامرازەکانی ڕازیکردن:

ئامرازەکانی ڕازیکردن دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

١-نیشانە نازمانییەکان، ئەوانەن کە هاورێیەتی قسەدەکەن، و ئەوانەی کە هاورێیەتی قسە ناکەن. وەک: بەڵگەی ماددی لەکردنی تاوانێکدا. ئەوانەی هاورێتی قسەدەکەن ، وەک: ئاوازە و ئاماژەکانی جەستەیی بەدەنی .

٢ – بەکارهێنانی ئاخاوتن، بەجۆرێک کە لەگەڵ کاری بیریدا گونجاوبێت.ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی زمانی ئاسایی(سروشتی)یەوە دەبێت. ڕەوشتی قسەکەرخۆی یەکێکە لەوئامرازانەی کەهاوبەشی دەکات لە ڕازیکردنی گوێگر،وەرگر،هاوبەشی دەکات پشت بەڕەفتار،یان ڕەوشتی نێرەر دەبەستێ. لەکاتێکدا کە تۆمەتی درۆکردن یان فێڵکردن ڕەتدەکاتەوە ڕەوشتی خۆی بەڵگەیە لەسەر ڕاستی داواکەی وهێزی بەڵگەکەی، کە هەر لەمانەوە وەردەگیرێ. بەم شێوەیە تۆمەتەکە ڕەتدەکرێتەوە کاتێک کەقسەکەر داوای ئەوە دەکات کە ئەوکارەی نەکردووە،یان داوای شتێک دەکات کە پێچەوانەی کارەکەیەتی. لەلای گوێگر ڕازی نەبوون بەداواکەی قسەکەر دروست دەبێت، هەڵدەستێت بە بەرپەرچدانەوەی داواکەی، بەوەی کە خاوەنی ئەم قسە، قسەو کردەکەی وەک یەک نییە. ڕەوشتی گوێگر پێچەوانەی ڕەوشتی قسەکەرە لە بەرهەمهێنانی ئاخاوتنی ڕازیکردن. ئەگەر چاودێری بارودۆخی بکرێت و ئاگاداری زانیاری و تواناکانی بین، نابێت باری دەروونی و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی دەوروبەرمان لەبیربکەین. بەم جۆرە قسەکەر لە ڕەوشتی گوێگرەوە دەست دەکات بە بەرهەمهێنانی ئاخاوتنەکەی. بەم نموونەیە ئەمە ڕوون دەکەینەوە:

**- دادوەرێک دەربارەی ڕوداوی کوشتنێک پرسیار لە شاهیدێک دەکات:**

**- ئایا گوللەکانت بینیی؟**

**- نەخێر گەورەم، بەڵام گوێم لێبوو.**

**- ئەمە بەڵگەیەکی تەواو نییە.**

لەوکاتەدا شاهیدەکە ڕووی لە دادوەرەکە وەرگێڕاو پشتی تێکرد، زۆر بەهێز پێکەنی. دادوەرەکەش بەشێوەیەکی سەرزەنشتکارانە پێی وت:

**- بۆچی پێدەکەنی؟**

**- شاهیدەکەش وتی: تۆ منت بینی کە پێکەنیم؟**

**- دادوەرەکە وتی: نەخێر، بەڵام گوێم لێیە.**

**- شاهیدەکەش وتی: ئەمە بەڵگەیەکی تەواو نییە.**

شاهیدەکە، بەوشێوەیە بوو بەقسەکەر، لەسەر ڕەوشتی دادوەرەکە، کە بوو بوو بەگوێگر بۆئەوەی بەڵگەکەی خۆی جێگیر بکات و باوەری پێبهێنی کە ڕاست دەکات. دادوەریش هانبدات بۆئەوەی شاهیدیەکەی قەبوڵ بکات. نیشانە ڕەمزیەکانیش ڕۆڵیان هەیە لە ڕازیکردن، لەو ڕووەوە کە کەرەستەی بەڵگەیین، جاپێشی ئاخاوتنەکە بکەوێت، یان لەگەڵ ئاخاوتنەکەدا بێت. ئامرازە نازمانییەکانی ڕازیکردن، کە پێیان دەوترێت بەڵگەی ماددی، وەک پەنجەمۆر، یان تۆماری دەنگی لە لێکۆڵینەوەی تاوان، هەروها بەڵگەنامە. لەگەڵ ئەوەی ئەم ئامرازانە ڕۆڵیان لەڕازیکردندا هەیە، بەڵام ئێمە زیاتر جەخت لەسەر ڕازیکردن بەزمانی ئاسایی دەکەینەوە. بەشێوەیەکی دیاریکراوتریش و دیارتریش ئامرازی (بەڵگە) یە. بەڵگە یەکێکە لە ئامرازە هەرە دیارەکانی کە قسەپێکەری زمانی بەکاری دەهێنێ لەوەوە ستراتیجیەتی ڕازیکردن دروست دەبێت .(طـە عبدالرحمن)، بەمشێوەیە پێناسەی بەڵگە دەکات(هەموو دەربڕاوێک کەئاڕاستەی بەرانبەر دەکرێت بۆئەوەی لێی تێبگات، داوایەکی تایبەتییە حەقی خۆیەتی تانەی لێبدرێت). (طـە عبدالرحمن ١٩٩٨: ٢٢٦).

بەڵگە ئامرازێکە، کە ئاخاوتنی ڕازیکردن دروست دەکات،چەند ڕووسیمای سەرەکی هەیە. بەڵگە پێنج ڕووسیمای سەرەکی هەیە کەبریتین لە:

١ – ئاراستەی گوێگران دەکرێ.

٢ – بەزمانی ئاسایی گوزارشتی لێدەکرێ.

٣ – پایەکانی ناژمێردرێن، بەڵکو بەگریمانەیە.

٤ – پێشکەشکردنەکەی پڕاوپڕ پێویستی بەپێداویستیەکی لۆجیکی نییە.

٥ – پابەند نییین بەئەنجامەکانەوە.

قسەکەر ئاخاوتنەکەی ئاراستەی گوێگردەکات، جاگوێی لێبێت، یان بیخوێنێتەوە گوێگر بێ ئاگانییە، تایبەتیەکانی پێشتر لەلایەن قسەکەرەوە زانراون. بەڵگەی بۆ ئەوەهێنایەوە، ئەگەر پێشتر زانیاری لەسەر تایبەتیەکانی نەبوایە. لەمێشکی خۆی بەڵگەکانی ئامادەکردوە پێش ئەوەی ئاخاوتنەکە بەرهەم بهێنێ، چونکە کاریگەری گوێگر، ئاڕاستەی بەڵگەکان لەلایەکەوە بۆلایەکی تر دەگۆڕێ. بۆنموونە:

- ڕۆنی پترومین باشترین ڕۆنە، تەمەنی مەکینە درێژدەکات،چەوریەکەی زۆرە، ڕەنگی زێریە، قسەکەر وادادەنێت کەگوێگر باوەڕ ناکات باشترین ڕۆن بێت. بۆیە بەڵگەی دیاری بۆدێنێتەوە، لەکۆتایدا گوێگر باوەڕ بەقسەکانی دەکات. بەم جۆرە سۆزی گوێگر ناگۆڕێت دوای ئەوەی کەژمارەیەک بەڵگەی گونجاوی بۆهێناوە کە لەگەڵ زانیاری گوێگر دەگونجێ، دوائەوەی بیری لەبەڵگەکان کردەوە وەریدەگرێت، چونکە شیاوەو سیماپڕەکانی دروستکردنی ڕۆنەکەیە.

## ١ /١٠- ٣)پلەداری بەڵگەکان:

پەیوەندیەکی میتافۆڕی لەنێوان داواو بەڵگەدا هەیە، پەیوەندییەکە تاڕادەیەک نیمچە لۆجیکییە ، بەشێوەیەکی سەرەکی ئەم پەیوەندیە بەهۆی ئامرازەکانی زمانەوە دروست دەبێت. کرۆکی کاری بەڵگە خۆی لەبەرگری لەبەڵگەکە و ڕێکخستنی بەگوێرەی هێزەکەی دەنوێنێ. هەندێک جار ئەمە جێگیرنابێت. تەنها ئەو بەڵگەیە نەبێت، کە خۆی فەرزدەکات و بەهێزترین بەڵگەیە لەدەوروبەرەکە. بۆیە قسەکەر بەڵگەکانی خۆی ڕێکدەخات بەگوێرەی هێزەکەیان کەپشتگیری لەداواکەی دەکات. ئەم جۆرە ڕێکخستنە پێی دەوترێ پلەداری بەڵگەیی. (عبدالهادی بن ظافر ٢٠٠٤ : ٥٠٠).
دەتوانین پێناسەی پلەداری بەڵگەیی بەم شێوەیە بکەین(( کۆمەڵە قسەیەکی پڕمانایە، بەشێوەیەکی ڕێک وپێک ڕێکخراون، کە ئەم دوو مەرجەی تێدایە:

أ- هەر وتەیەکیان شوێنێکی گرتووە لەپلەیەکە و پەیوەستە بەوەی پێش خۆی، پەیوەستیشە بە هەموو وتەکانی سەروی خۆیەوە.


ب-هەر وتەیەک لەهەر پلەیەکدا بێت بەڵگەیە لەسەر هێما بۆکراوێکی دیاریکراو، هەتا پلەکەی بەرزتربێت بەڵگەیە لەسەر بەهێزییەکەی، سێ یاسای هەیە. کە بریتین لە :

١- یاسای دابەزاندن.
٢- یاسای گۆڕینی پلەکان.
٣- یاسای پێچەوانە کردنەوە.

(طه عبدالرحمن ٢٠٠٠ : ١٠٦)

بەم نموونە یە ئەم یاسایانەی سەرەوە ڕوون دەکەینەوە:
- ئازاد یاریزانێکی بەتوانایە، میدالیای برۆنزی لە پاڵەوانیەتی عەرەب بەدەستهێنا.
- میدالیای زیوی لەپاڵەوانیەتی ئاسیا بەدەستهێنا.
- میدالیای زێڕی لەپاڵەوانیەتی ئۆڵۆمپیات بەدەستهێنا.


نواندن لەپلەکانی بەڵگەییدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:




وەرگرتنی میدالیای برۆنز بەڵگەیە لەسەر بەتوانایی ئازاد، میدالیای دووەم کە زیوە بەڵگەیەکی بەهێزترە لە بەڵگەی یەکەم لەسەر بەتوانایی ئازاد، بەڵام میدالیای سێهەم بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر بەتوانای ئازاد. هەروەها بۆ نەرێ کردنی ڕاستییەکان بەهەمان شێوە دەبێت. بۆنمونە: قسەکەرێک لە بەڵگەیەک زیاتر دەهێنێتەوە لەسەر ڕەزیلی کەسێک.

- فلان رەزیلە: قەرز نادات بەکەس، خێرو سەدەقە ناکات، ئاگر لە ماڵیان ناکرێتەوە.

بەڵگەکان بەم شێوەیە ریزدەکرێن :




قسەکەر ئاگرنەکردنەوە لەماڵیانی لەپلەی هەرەخوارەوە داناوە، خێروسەدەقە لەهەموو ئاینەکان بۆ دنیا و ئاخیرەت بەکەڵکە، ئەگەر یەکێک خێروسەدەقە نەکات، واتە رەزیلی لەگەڵ نەفسی خۆی و ماڵ ومنداڵ دەکات، کەئەو پەری رەزیلی دەگەیەنێ، ئاگرنەکردنەوە لەماڵ، بەواتای ئەوەی لەڕەزیلیان چێشتیش لێنانێن و میوانیان کەم دێت،کە ئەمە لەهەموو بەڵگەکانی تر بەهێزترە و واتای ئەوپەڕی ڕەزیلی دەگەیەنیت .

-یاسـای یەکەم:کەیاسـای دابەزانـدنە(ئەگەر قسـەکەر لەپلەیەکـی دیـاریکراو ڕاسـتبێت ئەوە ئەوانەی ژێرخۆشی هەموو ڕاستن).    (طـه عبدالرحمن ١٩٩٨ :٢٧٧)

بۆنمـوونە: ئەوبەڵگـانەی دووکەس دەیهێنـنەوە، یەکێکیـان ڕەخـنە لەکـاری ئـازاد دەگـرێ ئەوی تریـان پاسـاوی بـۆدەهێنێتەوە، لایەنـی یەکەم ڕەخـنەی لێـدەگرێ، لایەنـی دووەم بەڵـگە بـۆلایەنی یەکەم دەهێنێتەوە ئازاد خراپ نییە. دەڵێ:

+ ئازاد برادەرمە، لەبەر ئەوەی لەهەموو هەڵوێستە ناخۆشەکان لەگەڵمدایە.

دەتـوانین ئەمە لەپلەکـانەی پەیوەنـدی کەسـی دابنێـین، کەبـنکەکەی بەدوژمنکـاری دەسـتپێدەکات و هەڵدەکشێ بەرەو برادەرایەتیەکی خۆشەویستی.

- یاسای دووەم: پوختەکەی بریتیە لە(ئەگەر قسەکە ئاڕاستەکراو بێت بـۆ هێمـابۆکراوێکی دیـاریکراو، ئەوا پێچەوانەی قسەکەیان، بەدرۆخستنەوەی قسـەکە دەبێـتە هـۆی بە درۆخسـتنەوەی هێمـابۆکراوەکەش یان پێچەوانەی هێمابۆکراوەکەش). بۆنموونە:

+ ڕێباز خاوەن ڕەوشتێکی بەرزە ،چونکە:


+ لەگەڵ دایک وباوکی باشە.

+ لەگەڵ خوشک وبراکانی باشە.

+ لەگەڵ زاواکانی باشە.

+لەگەڵ جیرانەکانیان باشە.

+ لەگەڵ برادەرەکانی باشە.



ئەم بەڵگانە هەموویان جەخت لەسەر ڕەوشت بەرزی ڕێباز دەکەنەوە. قسەکەر ڕێکی خستون بەگوێرەی هێزی هێمابۆکراوەکە، لە بێهێزترینەوە دەستی پێکردوە کە باش بوونە لەگەڵ دایک وباوک، ئەمەش ئەرکێکی سەر شانی هەموو کەسێکە. بەڵگەکەی سەرەوەش کە باش بوونە لەگەڵ برادەرەکانی لەهەموویان بەهێزترە. ئەمەش بەڵگەن لەسەر ڕەوشت بەرزی ئازاد. ئەگەر یەکێک لەو بەڵگانە بەنەرێ بگۆڕین دەبێتە هۆی نەرێکردنی هەموو ئاخاوتنەکە. کە ئەمەش یاسای دووەمە. بەڵام هێزی نەرێکردن بەشێوەیەکی پێچەوانەیی ڕێکدەخرێت. ئەگەر ئەو بەڵگەیەی لەپلەکانی کۆتاییە واتە هەرە خوارەوەیە بکەینە بەهێزترینیان ئەوە دەبێتە نەرێکردنی ئاخاوتنەکە. ئەگەر بڵێین لەگەڵ دایک و باوکی باش نییە، ئەوا بەهێزترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئازاد خاوەن ڕەوشتێکی بەرز نییە. باش نەبوون لەگەڵ زاواکانی بەهێزترە لەباش نەبوون لەگەڵ بەرامبەرەکانی. بەم شێوەیە نەرێکردنی هەر پلەیەک لەپلەکان، پەیوەندی بە پێش خۆیەوە نییە، بەڵکو نەرێکردنی ئەوەی دوای خۆیتی. کەئەمەش یاسای سێیەمە یاسای پێچەوانەکردنەوەیە.

## ١ /١١)زمان ئامرازی پەیوەندی کردنە:

ئەرستۆ بەم جۆرە پێناسەی پەیوەندی دەکات((پەیوەندی بریتیە لە بەدواداچوون وتوێژینەوە بەمەبەستی بەدەست خستنی هەموو ئەوئامرازو توانایانەی کە بۆهاندان و ڕازیکردنی کەسانی دیکە لەئاراداهەن))
تیۆدۆر نیۆکۆمب دەڵێ : (( هەرکاتێک کەسێک بکەوێتە ژێر کاریگەری کەسێکی دیکەوە و شوێنی لەسەردابنێ، کەسی دووەم لەگەڵ کەسی یەکەم پەیوەندی دامەزراندوە)).
مهدی محسینیان راد،دەڵێ: ((پەیوەندی بریتیە لەپرۆسێسی گواستنەوەی پەیام لەلایەن نێرەرەوە بۆ وەرگر بەمەرجێک وێکچونێک لەنێوان واتای وەرگرو واتای نێردراو و نێرەردا بەدی بکرێت)).
(رەحیم قادر٢٠٠٥ : ٩)

ژیانی زمان بەستراوەتەوە بەکردەی پەیوەندی کردنەوە. ئەو زمانەی ئەم کردەیە جێبەجێنەکات بوونی نییە. ژیانی زمان و بەردەوامبوونی لەبازنەی پەیوەندیکردندایە، نەمان و لەناوچونیان واتە دەرچوون لەو بازنەیە. لە نێوان زمانەکاندا زۆر شتی هاوبەش هەیە بۆ جێبەجێکردنی کردەی پەیوەندیکردن، هەر یەک لەو زمانانە سیمای پەیوەندیکردنی تایبەتی خۆی هەیە، کە قسە پێکەرانی باشتر تێی دەگەن لەخەڵکانی تر. زمانەوانی پەیوەندیکردن، دیارترین لقی زمانەوانی کۆمەڵایەتییە، زمانەوانی پەیوەندیکردن لەسێ جەمسەر پێکدێت، یەکەم قسەکەر خاوەنی سەرەتاکانە لەپەیوەندی، دووەم گوێگر بەئامانجی راستەوخۆی نامەکە دادەنرێت، سێیەم کۆمەڵ بەسەرچاوەی پەیوەندی لایەنەکانی پەیوەندی دادەنرێت. زۆر لەزمانەوانان زمان تەنها بەئامرازی پەیوەندی دادەنێن، ئەمەش بەهەڵە تێگەیشتنە لە زمان، چونکە تەنها ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو پەیوەندی یەکێکە لەئەرکەکانی زمان. زمان

پەیوەندیکردنە نەک تەنها پەیوەندی، جیاوازییەکی گەورە لەنێوان پەیوەندی و پەیوەندیکردندا هەیە. کردەی پەیوەندی بەناردنی قسەکە لەلایەنێکەوە تەواو دەبێت، بەڵام کردەی پەیوەندیکردن زۆر بەهای کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی لە خۆدەگرێت. لەژیانی ڕۆژانەماندا زۆر هەڵس و کەوت و گوتەمان هەیە گوزارشتی پێ لەهەست و نەستی خۆمان دەکەین، گوزارشتی پێ لەهەست ونەستی خەڵکانی تریش دەکرێت. وەردەگرین و دەشبەخشین، دەبینە قسەکەرو گوێگریش، قسەکەر دەبێتە گوێگرو گوێگریش دەبێتە قسەکەر، ژیان بەردەوام نابێت بەناردن لەیەک لایەنەوە، بەڵکو دەبێت ڕۆڵەکان ئاڵوگۆڕبکرێن لەگەڵ یەکتر بۆ گۆڕینەوەی بیرو پێشنیارو...ەکان ئەمەش پەیوەندیکردنە نەک پەیوەندی، ئەو ئامرازەی ئەو کردەیەش جێبەجێ دەکات زمانە. ئەدەب وفیکر جۆرێکە لەپەیوەندی گۆڕکێ، بیرمەند ناچێتە ئاستێ تاکو هەڵوەستەیەک لەئاستی پەیوەندیکردنەکەوە نەکات لەگەڵ ژمارەیەک لەبیرمەندو زانای تر. چیرۆکنوس کاتێک چیرۆکێک لەسەرلایەنێکی ژیان دەنوسێ،ئامانجی ئەوەنییە کە گوزارشت لەبیرەکانی خۆی بکات و بیگەیێنیتە خەڵکانی تر. پێش هەموو شتێک وێنەی چیرۆکەکەی لەوێنەی پەیوەندی کردنی لە ژیاندا دەکێشێ. کاتێک کە ئەوچیرۆکە دەخوێنیتەوە دووبارە وێنەی واقع مان لادروست دەبێتەوە. هەڵوێستەکان هەڵدەسەنگێنین ئەوەی کەقبوڵی دەکەین وئەوەی کەڕەتی دەکەینەوە کاریگەردەبین بەهەڵوێستە باش وخراپەکان. ئەمەش بەڵگەیە لەسەرئەوەی کە ئامانج لەم کارەدا تەنها گەیاندن نییە بە ئێمە، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کاریگەری لە نێوان خۆیی و ئێمەدا دروست بکات. ئەو کاریگەریەش دەرکەوتنی زمانە. گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆت(حوار داخلی)کەلەناوخۆمان دروستی دەکەین، خۆمان بەلایەنێکی دادەنێین، هەموو ئەوانیتریش بەلایەنێک دادەنێین. خۆمان کە لایەنێکین وادادەنێین گفتوگۆیەکە لە نێوان ئێمە وئەوانیتردایە، مرۆڤ کاتێک پەنا بۆگفتوگۆی ناوخۆیی دەبات، پردی پەیوەندیکردن لەناوخۆی دروست دەکات، وایدادەنێت کە ئەو وێنەیە وێنەیەکی پەیوەندیکردنە لە زەمینەی واقیعدا. گفتوگۆی ناوخۆیی لەناوخۆماندا جێگیرە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤ لە دابران لە واقع وکۆمەڵدا نقوم بووە،ئەم جۆرە گفتوگۆیە وێنەیەکە لەکۆی لۆجیکەکە لەوانەیە دادوەریکردن بێت بۆیە ئامانجی دەستە مۆکردنی گۆڕاوەکان، تحکم کردن بەباشی و خراپیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و چاککردنی هەندێک لایەنی خراپ، بەهێز کردنی باشییەکان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بەم شێوەیە پەیوەندیکردنەکی هەمەلایەنەیە لەناو یەک لایەندا.


## **١ /١١- ١)سیماکانی پەیوەندیکردن:**

١ – چەندلایەنییە.

٢ – دووبارە بونەوەی ڕووداو.


ڕاستی پەیوەندیکردن دووبارە کردنەوەیە، ئەگەر یەکێک لەئێمە چەند جارێک شیعرێک بخوێنێتەوە، لەهەرجارێکی خوێندنەوەکەیدا بۆشاییەک هەیە. لەدەروونی خۆیدا واهەستدەکات کەشتێکی نوێیە، خوێندنەوەکەی تەنها لەپێناوی ئەوەیە کە چێژی لێوەرگرێ، خۆی بۆ ئەوە ئامادە نەکردبوو کەپێشتر لەسەری وەستابوو، کە گەیشتە واتایەک ئەوە مانای ئەوەنییە کە بیرەکەی وتێڕوانینەکەی لەجارەکانی پێشتر کۆتای هاتووە. بەردەوام بوونی پەیوەندی بریتییە لەجۆرێک بەرهەم چنی کەمەبەستی بنەڕەتیەو، گرینگی ئەو بەرهەم چنییە شکاندنی بەربەستەکانە هەرچۆنێکبن لێکنزیک کردنەوەی بیرەکانە هەرچەندە لێکیشەوە دوربن، دیارترین لێک نزیکیش لەفێرکردن و فێربووندایە. وشەی پەیوەندیکردن ئەم دوو کردەیە لەگەڵ یەک کۆدەکاتەوە وەک لەم وێنەی خوارەوە دەردەکەوێت.

(سمیر شریف ۲۰۰۸ : ٦٧٨)




کاتێک دەڵێین پەیوەندیکردن هەردوو کردەی فێرکردن وفێربون کۆدەکاتەوە، کاتێک ئەمە جێبەجێ دەبێت هەردووکیان ئامادەییان هەبێت ئەمەش، تەنها لە پەیوەندیکردن جێبەجێ دەبێت. ئەگەرکردەی فێرکردن لەئارادابێت و ڕوبدات، بەڵام وەڵام دانەوەی نەبێت لەبەرامبەردا، فێرکردن نایەتە ئاراوە. (بەم شێوەیە تێدەگەین) کەمامۆستا لەقسەکەر زیاترەو فێرخوازیش لە گوێگر زیاترە، هەریەکەشیان قسەکەریشەو گوێگریشە.مامۆستا بابەتی فێرکردنەکە دەنێرێت بۆفێرخواز بەگوێرەی زانیاری فێرخوازان یاخود بەگوێرەی ئەو توانا بیرییەی ئەوان هەیانە بەرامبەر بەبابەتەکە وتوانای وەرگرتنی (استیعاب) چەندیان هەیە. ئەوە بەپێی لێهاتویان و خێرایی وەڵامدانەوە و توانای جەختکردن لەسەر بابەتەکە، و بەگوێرەی کەم و زۆری بابەتەکە و ڕێگای وانە وتنەوەی بابەتەکەو فیرخوازەکان وهەڵوێستی فێربونیان. بەم شێوەیە فێرخوازەکان بابەتەکە وەردەگرن، شێوازی مامۆستاکە لەوەدا دەردەکەوێت کەچۆن لەگەڵ بابەتەکە تیکەڵ دەبێت، ئەم شێوازەی وانە وتنەوە، وێنەیەکە لەوێنەکانی پەیوەندیکردن. ئەم شێوەیە ڕێگە بەزۆر شت دەدات بۆفیرخواز، ڕێگەی پێدەدات کە هەڵسوکەوتێکی باشی لەگەڵ بابەتەکەدا هەبێت، تێیدەگات و وەری دەگرێت، فێرخواز ئامادە دەکات کەلەسەر ئەم زانیاریانە زانیاری تر بنیات بنێ،نەک بۆئەوەی لەبەریان بکات و لەسەر یەک کۆیان بکاتەوە بۆنمرەو دواتر لەبیری بچێتەوە.و ئەو

خوێندکارە پاڵێوراوە(موءهل)بۆ ئەوەی داهێنان بکات. ئەگەر تەماشای پەیوەندی نێوان تاک وکۆمەڵ و زمان بکەین، سێگۆشەیەکمان بۆدەردەچێت، کە زمان سەری سێگۆشەکەیەو تاک وکۆمەڵیش بنکەکەیین، واتە تەواوکاری لەوەدادەبینین کەپەیوەندیکردن لەنێوان تاک وکۆمەڵ هەبێت، ئەگەر پەیوەندی نێوانیانمان لەگەڵ زمان دا زانی. وەک لەم وێنەیە دەردەکەوێت.




لەنێوان تاک وکۆمەڵ پەیوەندیەکە دوو ئاڕاستەییە، کاریگەری زمانی کۆمەڵ لە زمانی تاک بەهێزترە، لەکاریگەری لەزمانی کۆمەڵەکەی، لەبەرئەوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵی زاڵە بەسەر تاکدا. بەواتای ئەوەی تاک لایەنگری ڕژێمی زمانیی کۆمەڵەکەیەتی. هیچ تاکێک نییە لەسەرزەوی بەئارەزوی خۆی زمانەکەی هەڵبژاردبێت، بەڵکو زمانی کۆمەڵگاکەیەتی. ( سەرچاوەی پێشو)
هیچ تاکێک نییە بەبێ کۆمەڵگایەک لەدایک ببێ، کەس ناتوانێ لەکۆتەکانی کۆمەڵگا بەتەواوی ڕزگاری ببێت. دیدگایەکی تایبەتی هەیە، بۆچاککردنی کۆمەڵگاو بەڕێوەبردنی،خراپترین دیدگاشی بۆ کۆمەڵگاهەبێت و بیەوێت خۆی لێ ڕزگاربکات، بەڵام هەر پێیەوە بەستراوەتەوە، جاپەیوەندیەکە بەتین بیت یان لاواز بیشارێتەوە یابەدەری بخات، لەکۆتایدا بەیەکەوە سیستەمەکی پەیوەندیکردن هەیە . شوێنپێکەشی لەزمانی کۆمەڵگاکەی بەدەر دەکەوێ هەرچەندە لاوازیش بێت. کۆمەڵ سنوری بەکارهێنانی زمانی لەڕەهەندی کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکات ئەو سنورە تەسک دەبێتەوەو فراوان دەبێتەوە بەپێی چەمکی ئەو کۆمەڵە، یاتەسک وفراوانی ئەوکۆمەڵە بەپێی ئەو ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییەی کەپەیوەندی بەتاک وبەکۆمەڵەوە دەست نیشان دەکات،تاکەکان جیاوازن لەگەڵ یەکتری لەم بەکارهێنانە، بەو بڕەی کە بەدەستی هێناوە لە تێگەیشتن بەپێی ئەو پەیوەندیە. هەموو تاکەکان وەکو یەک نین، بەڵکو جیاوازن بەگوێرەی شوێنیان لەتێگەیشتن، و بەختیان ، لەپەروەردەکە بەهێزی ڕەوشتە. بەم جۆرە تاکی وەها پەیدادەبێت جەریئن لەدروستکردنی پەیوەندی لەسەر بنەمای چاکە.
لەزمانی ئەم جۆرانەدا وشەو گوزارشتی وا زۆرە کە دەلالەت لە ڕێکخستن و پێکبەستن و تونداو تیژیو خۆبەزلزانی و...هتد. و دەستەواژەی فەرمان ونەرێ لەبەکارهێنانی ئەم جۆرە مرۆڤانە زۆرە. ئەم

جۆرەکەسانە کۆمەڵەیەکی زۆرن لەناو کۆمەڵگا، هەرچەندە لەژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی ترو لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازن، وەکو هەندێک باوک، هەندێک مامۆستاو،هەندێ پیاوی سیاسی، هەندێک لەوانەی کە پۆستی بەرزیان لەدەوڵەت هەیە، یان هەندێک لەپیاوە خێڵەکیەکان. شتی هاوبەش لەنێوان تاکەکانی ئەم کۆمەڵانە ئەوەیە کردەکە پەیوەندییە، نەک پەیوەندیکردن، بەواتای ئەوەی فەرمان لەیەکێکە وە دەردەچێت، یەک وەڵامی هەیە ئەویش ئەوەیە، دەبێت جێبەجێ بکریت.

## ١ /١١- ٢)گریمانەی پەیوەندیکردن لای هابرماس:

ئەرکی سەرەکی هەموو زمانێک پەیوەندیکردنە لەنێوان قسەکەرو گوێگر.لەسەرئەم بنەمایە زۆربەی زمانەوانەکان تیۆرەکانی خۆیان داناوە، یەکێک لەوانە فەیلەسوفی ئەڵمانی((جۆرغن هابرماس))ە کە یەکێکە لەگرنگترین تیۆرناسەکانی جیلی دووەم لەقوتابخانەی فرانکفۆرت. هابرماس، لەوەوە دەستپێدەکات کە تیۆریەکی گشتی بۆ پەیوەندیکردن دابنێت، یاخود دیاریکردنی ئەومەرجە گشتیانەی کە کاری پەیوەندیکردن ئەنجام دەدەن، ڕەوشتیان و تێگەیشتن لەنێوان بەشدارانی ئەوکردەیە، دارشتنی مەرجی زانیاری گشتی((المعرفەالکلیە))بەواتای زانیاری بڵاو و هابەش. هابرماس، گرنگی بەزمان نەدەدا لەڕووی ئەوەی کە تەنها ڕێککەوتنی هێمابێت لەپێکهاتەیەکی ڕستەسازی و فەرهەنگی ودەنگی و تایبەتیەتی واتایی، بەڵکو گرینگی بە بەکارهێنانی دەدات. چونکە ئەوانەی توانای بەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەیان هەیە بەشداری لە زانیاری گشتی یان کردەی پەیوەندیکردن و تێگەیشتندا دەکەن. گرفتەکە پەیوەستە بەمەرجی گەیشتن بەزانیاری کەیارمەتی پەیوەندیکردن و تێگەیشتن دەدات. بەتێروانینی هابرماس ئەوکارە جێبەجێ دەبێت، ئەگەر هەر مرۆڤێک وایدابنێ کە بانگەشەکەری ڕاستیە، کەنواندنەکەی قسەی قسەکەر گەیشتوە، بەشێوەیەکی ڕاست. گوێگریش دەتوانێ بەشداری لەزانیاریەکان بکات. لەسەر قسەکەر پێویستە گوزارشت لەمەبەست وحەزەکانی خۆی بکات بەرێگایەکی زامن وپاکدا دەربببرێت.

(سلوی شرفی ٢٠١٠ : ١٦٢)

بەڵام ئەگەر گومان لەڕاستی قسەکانی بانگەشەکەردا هەبوو لەلایەن هاوبەشی کەرانی قسەکەدا؟ چارەسەری ئەمە بە بۆچوونی هابرماس،شیکردنەوە و دروستکردنی بانگەشەکەری و ڕاستی مەرجەکانیەتی. بەواتای ئەوەی پاساو پێشکەش بکات. ئامانج لەپاساو گیشتنە بەکۆدەنگی عقلی لەرێگای بەڵگەو سەلماندنی، نەوەک لە ئەنجامی فشارەوە. ئەو کۆدەنگیەش بەگوزارشتی هابرماس پێویستە بەم شێوەیە بێت:

ا-ئەنجامی ئیرادەی عقلی گشتی بێت، تاکە هێز لێرەدا کە ڕێگە پێدراوبێت باشتر وایە هێزی بەڵگەبێت.
ب- تاکەپاڵنەر گەیشتنە بەڕاستی.
ت- هەموو هاوبەشەکان هەلی یەکسانیان بۆگوزارشتکردن لەمەبەست و ئاڕاستەو هەستەکانیان هەیە. بەم جۆرە هەریەکێکیان دەتوانێ باوەڕ بەویتر بکات. هابرماس کۆمەڵێ یاسای بۆ قسەی نمونەیی دانا کەبریتین لە:
ا- مافی هەموو کەسێکە، کەتوانای قسەو کردەی هەبێت، بەشداری لەگفتوگۆکەدا بکات.
ب- مافی هەموو کەسێکە کەگومانی لە پێشنیازەکان هەبێت.
ت- مافی هەموو کەسێکە کە گوزارشت لەحەز و ئارەزوەکانی خۆی بکات.
پ-پێویستە فشار وسەرزەنشتی هیچ قسەکەرێک نەکرێت، نەلە ناو گفتوگۆو نەلە دەرەوەی گفتوگۆدا. ئامانجی هابرماس لەم پرۆسەیەدا(هەوڵێکە بۆرزگارکردنی کۆمەڵگا نوێیەکان لەوێنەی بەندایەتی و دەست بەسەری وهەڵچونی توند). وای دەبینێ کەئەمە بەوە دەستپێدەکات کە(زمان بەوە وەسف دەکات کەپەیوەندیکردنە).هابرماس فەلسەفەی پەیوەندیکردنی لەسەرچەند بەرژەوەندیەک دانا کەبریتین لە:
١- بەرژەوەندی تەکنیکی. ئەمەش لەچوارچێوەی پڕاکتیک کردنی زانستی تاقیکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی پێویستی ماددی دیاریکراو، کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی زانیاری.
٢- بەرژەوەندی کرداری. لەبنچینەدا گرنگی بەکردەی پەیوەندیکردن لەنێوان تاکەکان ولەنێوان کۆمەڵە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکان دەدات، لەڕووی دڵنیایی ئەوەی کە زمان ئامرازی پەیوەندیکردن ولێک گەیشتنە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری.
٣- بەرژەوەندی ئازادانە. هەڵدەستێ بەتێبینی کردنی ئەو کردە وگوتە تێکچوانەی(مشوهە)کەلە ئەنجامی بەکارهێنانی هێزەوە پەیدابوون، و هەوڵی رزگاربون لێیان وتێیان پەڕێنێ بۆ گوزارشت کردن لەبیرکردنەوەی کەسی. (سلوی شرفی ٢٠١٠ : ١٦٤)

## ١ /١١- ٣وەرگرتن و بەردەوامبونی پەیوەندیکردن:

گوێگر یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی پەیوەندیکردنی زمانی، ئاوەز(هزر)ی مرۆڤ کاتێک ئاخاوتنێک وەردەگرێت، بەرێگای جیاواز هەڵس وکەوت لەگەڵ ئاخاوتنەکاندا دەکات، هەموو ئاخاوتنەکان وەکویەک مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت. هەر یەکێک لەئێمە کاتێک گوێی لەهەواڵێک دەبێت، هیچ نییە لەلای تەنها ئەوەنەبێت کە زانیارییەکە. ئەو جارەیان کەگوێی لەهەواڵێکی تر دەبێت هەست وبیری دەبزوێت، دەڵێت چ بوو چ ڕوویدا.لە وەرگرتنی هەواڵی یەکەم، کە زانیاریەکە

لەمێشکی هەڵدەگیرێ، بەبێ ئەوەی گرنگی پێبدات لەلایەنی زەینی و ویژدانەوە، ئەم جۆرە هەواڵانە لەوانەیە ڕەش ببنەوەو نەمێنن، ئەگەر لە هزریش نەسردرێنەوە، هیچ گرینگیەکیان نییە. لەوانەیە لەژیانی ڕۆژانەش نەیەنەوە سەرزارمان، ئەگەر گەڕاندیشمانەوە ئەوا بەشێوەیەکی تێکچو دێنەوە، تەماشا دەکەین ئەو جۆرەی کە یەکەم جار هەڵمان گرتووە، لەگەڵ ئەوەی کە دواجار هێناومانەتەوە زۆر لەیەکتر جیاوازن و گۆڕاون. لەکاتی وەرگرتنی هەواڵی دووەم زانیاریەکان جێگەی گرینگی پێدانن و لە خانەیەک هەڵدەگیرێن، ئاڕاستەکەیان یان زەینیە، یان ویژدانییە، یان کۆمەڵایەتییە، ئەگەر ئاڕاستەکەی ئاڕاستەی زەینی بوو، تۆڕی پەیوەندیەکان لەو کاتانەدا لەناوەوە دەجوڵێن، هۆش (عقل) هەڵدەستی بە بەیەکبەستنی ئەو شتانەی کە لە ئاستی ڕوکەشدا نابینرێن یان لێکەوە دوورن، بەو برەی کەمێشک دەتوانی ئەو پەیوەندیانە بدۆزێتەوە، کە خاوەنەکەی توانای بینینی ڕاستی ئەم شتانەی هەیە. لێرەدا لێهاتویی زانایان و پسپۆران بەدەر دەکەوێت، کاری ئەم جۆرانە زۆر جوانە کاتێک کە هەواڵەکەیان پێدەگات و دەچێتە خانەی زەینی. (سمیرشریف ٢٠٠٨: ٦٩٣)

ئەگەر زانیاریەکان ئاڕاستەی خانەی ویژدانیکران، هەواڵەکە کاریگەری دەبێت وئەو زانیاریانە لەلای گوێگر هەڵدەگیرێن، جا یان لێیان ڕازیە یان ڕقی لێیانە، ئەگەر قسەکەر خۆی بۆ ڕانەگیرا ئەوادەبێتە پاڵنەرێک، کە بەقسە یان بەکردەوە دەری دەبڕێت. بۆنموونە:

- کاتێک باسی یەکێک دەکەن کەزۆر نەخۆشە و خاوەنی چەند منداڵێکە هیچ داهاتێکیان نییە، ئەگەر پیباوەکە بمرێ ئەوا منداڵەکان بێکەس دەمێننەوە و دەکەونە سەرجادە، بۆیە داوا لەخەڵکی خێر خواز دەکەین پارەی بۆ کۆبکەنەوە بۆئەوەی نەشتەرگەری بۆ ئەنجام بدرێت و نەجاتی ببێت لەنەخۆشیەکەی و بگەڕێتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی. لێرەدا ئەم ئاخاوتنە دەچێتە خانەی ویژدانی کەسەکانەوە هەستیان دەجوڵێنێ و پارەی بۆ کۆدەکەنەوە. ئەگەر زانیاریەکان ئاڕاستەی خانەی کۆمەڵایەتی بکرێت لەمێشکدا، ئەوا هەڵدەستێت بەئەنجام دانی کاری کۆمەڵایەتی. بۆنمونە :

- کاتێک هەواڵێکت پێدەگات، کە برادەرێکت، یان خزمێکت نەخۆشە، ئەو هەواڵە کارت لێدەکات و دەچێتە خانەی کۆمەڵایەتی لەمێشک، بۆیە یەکسەر هەڵدەستیت و دەچیتەلای ودڵنەوای دەدەیتەوە. یان بانگ دەکرێیت بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، یان بابەتێکی کۆمەڵایەتی.

پەیوەندیکردن لەنێوان تاکەکانی یەک کۆمەڵگادا دەبێت، ئەویش بە دوو ڕێگا:

یەکەمیان: ڕێگای زارەکی.

دووەمیان : ڕێگای نوسین.

هەر ڕێگایەک لەم ڕێگایانە وێنەی جیاوازی هەیە بۆناردن و وەرگرتن، بەڵام ڕێگای زارەکی سەرەکی ترە بۆ پەیوەندیکردنی زمانی، مرۆڤ وردە وردە بەهۆی پەیوەندیکردنەوە گەیشتە ڕەوشتێکی بەرزی قسەکردن. قسەکردن (گفتوگۆکردن) لەبنچینەدا ناردنی هاوبەشە لەنێوان قسەکەراندا. ناردنەکان واتای

تایبەتی شوێنی دەدەن بە وشەکان، کە لە شوێنی تر ئەو جۆرە واتایانەیان نییە. هۆی ئەمەش ئەوەیەکە کەسەکە (تاک) خاوەنی بینگەیەکی گفتوگۆیی بێت. بنچینەکەی ئەوەیە کەهەر کەسێک جوانترین شت پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی جوانترین شت بەگوێگر بگات، بۆیە کورد دەڵێت : ((قسە بیگێژە ،بیبێژە،ئینجا بیوێژە))لێرەوە ڕەوانبیژی پەرەی سەند. بەوەی کە وێنەیەکی جوانی لەلای گوێگر دروستکرد.(دانایی)بەرهەمێکی ترە لە بەرهەمەکانی پەیوەندیکردنی زارەکی. بەم نموونەیە ئەوە ڕوون دەکەینەوە کە چۆن گفتوگۆ وقسە (دانایی)بەرهەم دەهێنێ.

- **هاوڕێکانم جێیان هێشتم.**
- **تۆ پێشتر ئەوانت جێهێشت.**
- **باوەرم نەدەکرد وابکەن.**
- **چ بچێنی ئەوە دەدوورییەوە.**

ئەو ڕستانەی سەرەوە هیچ پەیوەندیان بە داناییەوە نییە، دواتر دەگۆڕێن بۆ داناییەکی جوان، ئەم حکمەیە لەئەنجامی ئەم ڕستانەی سەرەوەی نێوان قسە کەروگوێگر دروست بوو. هەموو ئەمانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە لەبنچینەدا گفتوگۆ(حوار)بە بەهایەکی بیری دەست پێدەکات، جائەگەر هاوڕابن یان جیاوازبن، کۆتایی دێت یا کۆتایی پێدەهێنرێت، بۆگوتنەکی بە بەهای هاوڕا، کە لەبنچینەدا دەبێتە بەهایەکی هاوڕا. مرۆڤ خاوەنی زۆر جۆرە وشیارییە، یەکێک لەوانە ئەوەی لەسەرەوە باسمانکرد کاتێک کە داناییەکە دەڵێ، بەڵام زۆر جۆری تر خۆیان دەسەپێنن. بۆنموونە:وشیاریی فێرکردن، کاتێک کە مامۆستا قسە لەگەڵ خوێندکارەکانی دەکات و دەرسیان پێدەڵێ، ئەوەندەیان پێدەڵێت کە لەگەڵ وشیاری خوێندکارەکاندا بگونجێ. بۆنموونە :

کاتێک مامۆستای سەرەتایی خۆێندکارەکانی فێری دابەشکردن دەکات لەبیرکاریدا یەکسەر باسی کێکیان بۆدەکات و دەڵێ ئەگەر کێکێکمان هەبێت پارچەیەکی لێبکەینەوە. ئەو پارچەیە چەندی کێکەکەی پێکهێنابوو، دەبێتە یەک لەسەر ئەوەندەی کێکەکە. بەمجۆرە نموونانە وانەکەیان تێدەگەیەنێ. سیفاتی وشیاری فێرکردن، کۆمەڵایەتی وگەشەییە، واتە بەپێی گەشەی تاکەکان وشیاریان زیاد دەبێت.

## <u>١ /١١- ٤)باوەڕ پێهێنان لەپەیوەندیکردندا:</u>

دوو جۆرنامەی زمانیمان هەیە، یەکێکیان ئەوەیە کەزانیاری تەواوە، ئەم جۆرەیان هەموو زانیاری و هەواڵ و بابەتێک دەگرێتەوە، مەبەستی نێرەر لەناردنی ئەم جۆرە نامە زمانیەدا گەیاندنی زانیاریەکانە بەگوێگرو تێگەیشتنیان. جۆری دووەم، ئامانج لێی باوەر پێکردنی گوێگرە بەناوەڕۆکی نامەکە، بەمجۆرە دەبینین نامەکە تەنها تێگەیشتن نییە، بەڵکو تێگەیشتن تێدەپەڕێنێ.

(حـازم القرطـاجنی) بەم شـێوەیە پێناسـەی (باوەڕپێهێنـان) دەکـات ودەڵێـت :((کەسـەکان هەڵگـری کردەک یا باوەڕێک بن یاخود واز لـەکردەیەک یان باوەرێک بێنن)). (حازم القرطاجنی ١٠٦:١٩٦٦)
قەنـاعەت ئەوەنیـیە کەسـەکان هەڵگـری کـردەیەک یـان باوەڕێـک بـن، یـان وازهێنـان لـە کـردەیەک یـان باوەرێک بن، بەڵکو بینینی لایەنەکەی ترە، بۆ ئەو بۆچونەی کە پێی گەیشتوە.باوەڕپێهێنان لایەنێکی پەیوەنـدیەکەیە، لـەنێـوان نـامە مەبەسـتەکە بـۆ ئاراسـتەکردنی بیـرێ یـان بـاوەڕێ، و لایەنەکەی تـری باوەڕهێنـانە، ئەم دوو لایە تەریـبن لـەگەڵ  یەکتـری بە بـوون ونەبـوون، هیچیـا بەبـێ ئەوی ترنابێـت. ئاخـاوتنی زمـانی باشبێت یـاخراپ کاریگەردەبێـت بە باوەرهێنـانەوە خـاوەنی نـاوەڕۆکی نـامەکە، کە دەیڵێت،جا ئەگەر ڕاست بێت یان ڕەتبکرێتەوە یان بێلایەن بوەستێ.ئاخاوتنەکەی دەبێت کاریگەر بێت بەیەکێک لـەو هەڵوێستانە. ئەگەر ڕاستبێت مانای ئەوە نییە،کە ڕەوشتی ببێتە وێنەیەک لـەو کردەیەی کە لـەنامەکەداهەیە، بەڵکو نامەکەی تەنها وێنەیەکی ڕاستگۆیانەیە لەوەی کە وتویەتی. بۆ نموونە :
ئەو نوسینە ئاگادار کردنەوانەی کەکارگەکانی جگەرە دروستکردن، لـەسەر پاکەتەکانی جگەرە دەینوسن: ئاگادارکردنەوە، جگەرە زیان بەتەندروستی دەگەیەنێ. ئاگـاداری، جـگەرە هـۆیەکە لـەهۆیەکـانی توشـبون بەشێرپەنجە، ئامۆژگاریت دەکەم لـێی دورکەوە. هەمـوو جـگەرە کێشـێک ئەم ئاگاداریـانە دەخـوێنێتەوە، بێگومان بەراستیشی دەزانن بەبەڵگەی ئەوەی لـەهەر جگەرە کێشێک بپرسی زیانەکانی جگەرە چییە، ئەوەت پێ دەڵـێ کەلـەسەر پاکەتەکە نوسراوە،بەڵام ڕاستیەکە ڕێی لـێناگرێت لـە سەرپێچیەکە.
جیاوازی لـەنێوان ڕاستی نامە زمـانیەکەو، پابەنـد نەبـوون بە نـاوەرۆکەکەی بەشـێوەی کـرداری، دەبێـتە هۆی ئەوەی کە قسەو کرداری یەک نەبن. ئەم جیـاوازیەش کـاریگەری خراپـی لـەلایەنـی کـۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ویاسایی لێدەکەوێتەوە.ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵگاو تێکچونی لـەزۆر ڕووەوە. لـەپێناوی گرتنی ئەو کەلێنەی کە لـەنێـوان ئاخـاوتن و نـاوەرۆکی ڕەوشـتی هەیە. کۆمەڵگـا کۆمەڵێـک یاساو ڕێسای دانا کەتاکەکانی کۆمەڵ دەبێت پابەندبن پێـیەوە. ئەم ڕێکخسـتنانەش خۆیـان لـە بەهـای ڕەوشتی و یاسایی و پەروەردەیی و پەیمان و بەڵێن دەبیننەوە. هەندێ بەهای تر کە کۆمەڵگا بەتـاکی دەگەیەنێ وەک سۆز و بەبەزەیی و یارمەتیدانی کەسانی ترو ڕێزگرتنـی خەڵـکانی تـر، پابەنـدبون بەبـێ باوەڕهێنان نییە، هەر تاکێکی کۆمەڵ، سود لـەم ڕێکخستن و یاسایانە وەردەگرن بۆیە هەرکاتێـک لـەو بازنەیە چونەدەرەوە، ئەوا توشی سزای کـۆمەڵایەتی و دەرونـی دەبـنەوە. لێرەدادەبێت جیـاوازی بکەیـن لـەنێـوان ئەو بـاوەرپێکردنەی کە بۆرێکخسـتنی ڕەوشـت بەکـار دەهێنرێـت، لـەگەڵ ئەو بـاوەڕپێکردنەی کەپێدەوترێت (غسـل الـمخ) شوشتنەوەی زەین. لـەهەر دوو بـارەکەدا زمـان ئـامرازی بـاوەڕپێکردنە ئەو بـاوەرپێکردنەی کەبـۆ ڕێکخسـتنی ڕەوشـتییە، بۆنمـوونە سـەنتەرو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکـانی نـاو کۆمەڵگا خەڵکی بەرەو کاری باش ئاراستە دەکەن، وەک بەرنامەدانان بۆ بێکـاری، فێرکردنـی ئـیش و کار بۆئەوانەی بێکارن وکردنەوەی خول و وەرشە بۆیان بۆئەوەی تاکی سودمەندبن بۆکۆمەڵ.

ئەو قەنـاعەت پێکـردنەی کەناسـراوە بەشوشـتنەوەی مێشـک بەزۆری  بیرەکـی تونـدڕەوانە دەخەنە مێشکی ئەوکەسانەوە، ئەم کارەش بەم هۆکارانە ئەنجام دەدرێ:

١- مکـوڕی کـردن: خسـتنەڕوی بیـرەکە چەنـد جـار و چەنـدجار، لەوێـنەی نـوێ و بـۆنە وبـارو زروفـی جیاواز، بۆئەوەی بگەنە ئامانجەکەیان.


٢ – بەدواداچون: لەپێناو قوڵ کردنەوەی بیرەکە لە بیری گوێگرەکان.

٣- نوێ کردنەوەی پەیامەکەو زیندو کردنەوەی.            (محمدعبدالقادر ١٩٧٨: ١٠٨)

ئەم سێ خاڵەی سـەرەوە دەبـنە هـۆی ئەوەی کە خەڵـکی باوەڕیـان پێبکەن هەتـا ئەوەی کە باوەڕیشـیان بەقسەکان نەبێت بەڕاستیشـی نەزانـن . ئەمەش بەڵـگەیە لەسـەرئەوەی کە باوەرپێهێنـان بە نـاوەرۆکی نامەکە ڕونادات، چونکە بەزۆر بەڕاسـتیان دانـاوە، بەڵام بەهـۆی میکـانیزمی بیـریەوە ڕویـداوە. ئەگەر گوێگر باوەڕ بەناوەڕۆکی نامەکەش نەکات، ئەوا خاوەنی نامەکە دیسان بەمکوڕی کـردن و بەدواداچـون و نوێکردنەوە، پەیامەکە دوبارە دەکاتەوە.

## ١ /١١- ٥)باوەڕ پێهێنان وەکو ئامانجی سەرەکی  پەیام:

زمان بە ئاوێنەی بیر دادەنرێت، توانـای ئەوەی هەیە، کە ئەو بۆشـاییانەی لەنێـوان قسـەکەر وگـوێگردا هەیە پربکـاتەوە. بۆشـاییەکان بـریتین لـەو مـاوەییەی کەلە نێـوانی قسـەکەرو گـوێگردا هەیە. قسـەکەر ئەوەنـدەی لەتوانایـدا هەبێـت کە ئەو بۆشـاییانە پربکـاتەوە ئەوا بەراسـتی توانـایەکی گەورەی هەیە، بۆئەوەی ماوەی نێوان خۆی و گوێگر کەم بکاتەوە، هەر وەک لەم وەێنەیەدا دیارە.




بۆشاییەکانی نێوان قسەکەرو گوێگر

بۆشـایی ژمـاره(١): بـوونی پـلان یەکـێکە لـە بۆشـاییەکان ئەگەر پلانمـان هەبێـت، دەتـوانین بـاوەڕ بەگوێگر بێنین، ئەم بۆشاییە نـوێنەرێکی گرنگـی نـامەکەیە، کەبەلای ئێمەوە زۆرگرنـگ نیـیە. بۆبـاوەڕ پێهێنـان، قسـەکەرلەم بۆشـایەدا ئەم دەسـتەواژانە بەکاردەهێنێـت(ئەم بـابەتە زۆرگـرنگە، بنچینەیـیە، گرنگە بیزانی، گرینگترینیان لەسەروی هەمویانەوەیە، لەهەمویان گرنگترە...هتد).

ئەگەر بمانەوێت باوەڕی پێبهێنین کە گرنگ نییە ئەم دەستەواژانە، بەکاردەهێنین ئەوبـابەتە لاوەکیـیە، پەراوێزییە، پێویست ناکات خۆتی پێوە ماندوبکەی ...هتد.

بۆشایی ژمارە(٢): نزیکی پەیامەکە بەلۆجیکیی وەرگرەوە، هەرچەندە لەلۆجیکی وەرگر نزیـک بێـت، ئەوەندە لـەبیر و ویژدانی نزیکە. هەرچەندیش لەلۆجیکی وەرگر دوربێت، ئەوە ئەوەنـدە دورە لـەوەی کە باوەڕی پێبێ. وەبەم دەستەواژانە دەری دەبـڕین(ئەوە شـتێکی واقعیـیە، ئەوە شـتێکی خەیاڵییە، ئەوە پەیوەندی بەلۆجیکەوە هەیە، ئەوە پاداشتی هەیە، ئەم مەسەلەیە ژیانت باش دەکات...هتد).

بۆشـایی ژمـارە(٣): وردی گوزارشـتکردن لەنـاوەڕۆکی بـابەتەکە، پێویسـتییەکە هەمـوو مرۆڤێـک دەیبیستێ. ئەو نامەیەی کە وەریدەگرێت دەبێت واتای هەبێت،ئاسایی نەبێت، بەڵکو دەبێت واتایەکی وردی هەبێـت، بەم شـێوەیە گوزارشـتی لێـدەکەین. (ئەوە زۆر ووردە، ئەوە پێویسـتی بە پێـداهاتنەوە هەیە، پێویسـتی بەدووبـارە پێـداچونەوە هەیە، ئەوە تـێکەڵە یـان هەنـدێکیان لەگەڵ یەکتـری چـون بەناو یەکدا...هتد

بۆشایی ژمارە(٤): پێویستە بەهیچ جۆرێک پەیامەکە دژی خـۆی لەگەڵـدانەبێت. ئەو دەسـتەواژانەی کەبۆی بەکاردەهێنین، زۆر لەوە زیاترە کە بژمێردرێ و دیاری بکرێ.(ئەوە پێچەوانەی یەکن ، ئەوە و ئەوە کەم وکوڕی هەییە...هتد).

بۆشـایی ژمـارە(٥): پەیـامەکە سـودێکی بـۆ تـاک (وەرگر)یـان کـۆمەڵ هەبێـت، بەو دەسـتە واژانە دەریدەبڕین(ئەوە بەسودە، ئەوە بێسودە، ئەوەیان زەرەری هەیە...هتد.). (سمیر شریف ٢٠٠٨:٧٠٦)

زۆر بۆشایی ترهەیە، بەڵام لەوێنەکەدا بەدەر نەکەوتوە، چونکە چەند بۆشایی زۆر تربێ نامەکە ئەوەنـدە قـوڵتردەبێتەوە، ئەمەش دەگەڕێـتەوە سـەرقوڵی بیرکـردنەوەکە دووربینـی کەسـەکە کەنزیکتـرە لـەوەرگـر. بۆئەوەی نێرەر بتوانێ باوەر بەگوێگر بهێنـێ وئاخـاوتنەکەی بەرهەمـداربێت، دەبێـت بتوانێـت زۆرتـرین ئەو بۆشـاییانە پـر بکـاتەوە کەلەنێـوان خـۆیی و گـوێگرداهەیە. سـایکۆلۆجیەتی قەنـاعەت پێکـردن، هەڵدەستێ بەتوانایەکی زۆر لەجولآنەوەی بینینی پێچەوانە، کە لەو سێ ئاراستەیە خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم : ا- بینینی تاک بەوەی کە کۆمەڵە.

ب- بینینی کۆمەڵ بەوەی کە تاکێکە.

هەرکاتێک کە مرۆڤ توانی خۆی واببینێ کە ئەو کۆمەڵەی تێیدادەژی، ئەوا دەتوانێ ئەوکۆمەڵە قبوڵ بکات وقەناعەتی پێ بکات، ئەگەر ئەوە بکات دەتوانێ باوەڕی پێبهێنێت و بۆچونەکانیشی قەبوڵ بکرێت.

دوەم : ا- بەخۆدا چوونەوەی تاک.

ب- بەخۆدا چوونەوەی خەڵکانی تر.

هەرکاتێک مرۆڤ توانی بەخۆیدا بچێتەوە، دەتوانێ بەخەڵکانی تریشدا بچێتەوە، بۆچونەکانیشیان ببینێت، ئەگەر ئەوەی کرد، ئەوا ئەو مرۆڤە توانای ئەوەی هەیە باوەڕ بەخەڵکانی تر بهێنێت.

سێیەم : ا- کۆشش دوای ڕاستی.

ب- قبوڵ کردنی ڕاستی.

ئەگەر کۆششەکە لە پێناو گەیشتن بەڕاستی بێت، ئەوا دەتوانێ ڕاستی قبوڵ بکات، ئەگەر ئەمەی کرد، ئەو مرۆڤە دەتوانێ باوەر بەکەسانی تربهێنێ.

## ١ ١١- ٦)تەمومژی و پەیوەندیکردن:

تەمومژی سیمایەکە لەسیماکانی ناردنی زمانی، پەیوەندیی بەگوێگرە هەیە نەک قسەکەر، تەمومژی کاتێک دێتەکایەوە، کە واتا لەبازنەی هەستەوە بگوازێتەوە بۆبازنەی(الحدس*)درککردن، زانینی یەکسەری، واتاکەی تێناگەین تەنها بە درکپێکردنێکی ڕاستەوخۆ نەبێت. وشە و ڕستەکان واتایان لەکۆگای زمانی کە فەرهەنگ و وشەسازی و ڕستەسازییە لەبەکارهێناندایە. بەکارهێنان دەوروبەرو شوێن دەگرێتەوە. بۆ واتای وشەکان دەگەڕێینەوە بۆفەرهەنگ و لەوێ واتاکەیمان دەست دەکەوێت، ئەم واتایانەی بەم جۆرە دەستمان دەکەوێت ئەوا لەبازنەی هەستەکان (الحس) لەم جۆرە واتایە هیچ جۆرە تەم ومژییەکمان نایەتە ڕێگا. بەڵام ئەگەر ڕستەکان بگوازینەوە بۆ بازنەی(الحدس) بمانەوێت واتاکەی بزانین ئەوا دەرگای واتامان لەسەر دادەخرێت و تەمومژی واتایی دروستدەبێت. بۆنموونە:

- **بەلەمەکەم بە ڕەشەباوە بەستەوەو خۆم تەسلیمی شەپۆلەکان کرد.**

ئەگەر بەلێکدانەوەی زمانی تەماشای ئەم ڕستەی سەرەوە بکەین ئەوا هیچ واتایەکمان لە واتای وشەکانەوە بەدەست ناکەوێت، کەواتە ڕستەیەکی تەمومژاوییە. بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیەی سەرەوە بەچاوی (الحدس*) بخوێنینەوە ئەوا واتاکەی ڕوون وئاشکرا دیارە وتەمومژییەکەی نامێنێ واتە چارەنوسی خۆم داوەتە دەست ئەو بایە بەهێز و توندە وخۆشم تەسلیمی شەپۆلە بێ سەروبەرەکان کردووە. هیچ شتێک لەدەست خۆمدا نەماوە.

---

* الحدس : واتە ،هەر کە چاوت بەڕستەکە کەوت واتاشاراوەکەی تێبگەیت وبەرهەمیبێنی.

**- چاکە بکەو بیدە بە دەم ئاوەوە .**

ئەگەر تەماشای ئەو ڕستەی سەرەوە بکەین دەبینین لەواتای یەکەیەکەی وشەکان هیچ واتایەکمان دەست ناکەوێت، کە ئەمە بازنەی هەستە(الحس)، بەڵام ئەگەر بیگوازینەوە بۆ بازنەی (الحدس) ئەوا واتای دەبێت و تەمومژیەکەی نامێنێ پەیوەندیکردن دێتە ئەنجام، واتاکەشی ئەوەیە تۆ چاکە بکە بێبەرامبەر، واتە نەوەکو تاکو چاکەت لەگەڵ نەکرێ تۆش چاکە نەکەی، یان چاکە تەنها لەگەڵ خزم و ناسیاو و برادەر بکەی، چاکە بکە ڕۆژێک دێتەوە ڕێت، زیان لەچاکە ناکەیت.

## ١ /١١- ٧)ڕاڤەکردن وپەیوەندیکردن:

(ابن جوزی)جیاوازی لەنێوان(تفسیر)و(تآویل) بەم شێوەیە کردوە دەڵێت((تەفسیر دەرهێنانی شتێکە لەزانینێکی شاراوە بۆ شوێنێکی دیار( تآویل)گوێزانەوەی قسە(ئاخاوتن)لەشوێنی خۆی بۆ ئەو شوێنەی کەپێویستی بەبەڵگەو سەلماندن هەیە، ئەگەر واز لە وتراوە دیارەکەش بهێنی))

(عبدالغفار٢٠٠٢: ٣٨)

تەئویل وتەفسیر دوو هۆکاری گرنگن بۆتەواوکردنی کاری پەیوەندیکردنی زمانی. وتمان: زمان ئەوەیە تەنها لەپێناوی کاری پەیوەندی کردندابێت، لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ دا. ئەوە کاتێک کە پەیامەکە ڕوون وئاشکرا بێت، گوێگر دەتوانێ بەئاسانی وەریبگرێت. داواکراونییە لەقسەکەر کەهەموو کاتێک کلیلی گەیاندن بە گوێگر لەدەستی ئەودابێت. بە چاوپۆشێن لەهەندێک هەڵوێستی جیاواز و بابەتی جیاواز. لە هەموو کاتێکدا پەیامەکەش ئاوا ڕوون و ئاشکرانییە بەوبڕەی کە گونجاوبێت و ڕوون و ئاشکرابێت بۆ هەموو گوێگرێک. گوێگر خاوەنی توانای بیرییە دەتوانێ بەکاری بهێنێ. توانا بیریەکانی تاک زۆر جیاوازن لێرەدا گرنگی ڕاڤەکردن بەدەردەکەوێ بەوەی کە بەرهەمی ئەو تواناییانەیە. تاکو بابەتێک نەبێت، ڕاڤەکردن بونی نابێت، کەپەیوەندیەکی شاراوەیی پێیەوە هەیە ئەگەر ئەوە ڕویدا، پەیامەکە یان بەشێک لە پەیامەکە تەمومژاویە ئینجا ڕاڤەکردن دێتەکایەوە. گەڕانەوەی نامەکە یان بەشێکی بۆئەو بابەتەی کەپەیوەندی شاراوەی هەیە لەگەڵی. بەڵام لێرەدا کۆمەڵێک هۆکار هەڵیدەسوڕێنن، کە گرینگترینیان ئەمانەن:

١- گەڕاندنەوە: ئامادەکردنی خەزنکراوەکان کەپەیوەندیان بەپەیامەکەوە هەیە، بتوانێ ئەو بابەتەی بۆ ڕەوانە بکات.

٢- قوڵ دیدەنی(الاستبصار):کارێکی خودی پڕاوپڕە، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەو کارە نادیارنییە.قوڵ دیدەنی زمان تێدەپەڕێنێ،بەواتای ئەوەی چالاکییەکی هزرییە،زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتی پەیوەندی کردنە. کاتێک تاک مومارەسەی قوڵ دیدەنی دەکات، لەچوارچێوەی زمان دەردەچێت. لەبەر ئەوەی

بیرکردنەوەیەکی تاکییە، بەڵام زمان بیرکردنەوەیەکی کۆمەڵایەتییە. بەبێ بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی زمان، کردەی پەیوەندیکردن ڕوونادات.

٣- پەی پێبردن: زانینەکی بیرییە، کاتێک پەیدادەبێت، کە تەمومژی هەبێت بۆگەیشتن بەئەنجام، هۆکارەکانی گەیشتن پێی پێشتر لەبەر چاونەبوین، هیچ بەیەکەوە بەستنەک لەنێوان گۆڕاوە دیارەکاندا نییە. نموونەیان لەبیری خەڵکانی تریشدا نابینرێت. جۆرە زیرەکیەکە لەلای هەندێک تاک هەیە.(حدس): پەنجەرەیەکە لە پەنجەرەکانی زیرەکی. (سمیر شریف ٢٠٠٨: ٧١٦)

تۆری هاوبەشی کۆمەڵایەتی ئەو سێ لایەنە دیاری دەکات، سەرەتا بوونی تۆڕی هاوبەش لەنێوان قسەکەر و گوێگر، دەتوانین بەو تۆڕە بڵێین دەوربەری بیروباوەر گۆڕینەوە. بۆنموونە : تۆ دەقێک یان نامەیەکی زمانی ڕاڤەدەکەی، لەو تۆڕە دەگەڕێی کەهێڵەکانی بیرتان کۆدەکاتەوە، تۆ ئەو ئەرکە دەبینی، چونکە تۆنامەکە ڕاڤەدەکەی، لەوحاڵەتەدا ئەو تۆرەی کۆتان دەکاتەوە تۆڕی زانیارییە وەک لەوەی بیرو باوەری بێت. ڕاڤەکردن لەڕاستیدا دووبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیامەکەیە. بەهای ڕاڤەکردن لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت.

١- ڕاڤەکردنی پەیامەکەیە.

٢- بەرهەمی توانا هۆشەکییەکانە .

٣- پەیامەکە دەبێتە شوێنی پەیوەندیکردن.

٤- پەیوەندی نامەکە بەکۆمەڵەوەو تێرکردنی پێویستیەکانی خەڵکی.

٥- ڕاڤەکردن خۆی بینینێکی هاوچەرخی نوێیە بۆپەیامەکە.

## ١ /١١- ٨)پەیوەندیکردن لەنێوان ڕازیکردن وخستنەژێر ڕکێفەوە:

توانای پەیوەندیکردن یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی پڕاگماتیکی زمانی، دەچێتە ژێر دەسەڵاتی سەپاندنی گەلێ بنەماوە بۆ بەدەستهێنانی سۆز و باوەڕی وەرگر، ئەمە داوای زانینی ئاخاوتن لەقسەکەر ناکات، بەڵکو شێوەی گۆکردنی جوانی ئاخاوتنە. لێرەدا مەبەست بەکارهێنانی توانای زمانییە بۆهێنانە ئارای کردەی پەیوەندیکردنی کاریگەر لەگەڵ خەڵکانی تر، بۆخۆشی تێگەیشتن و هاریکاری و ڕێز لەنێوان هەردولادا، ئەوە کۆششی پڕاگماتیکە. لەلایەکی ترەوە ئەوانەی کەتوانا زمانیەکەیان بەشێوەیەکی خراپ بەکاردەهێنن و خەڵکی پێهەڵدە خەڵەتێنن توشی هەڵەی دەکەن بۆمەرامی تایبەتی خۆیان، کاتێک کە بەرژەوەندیەکانیان دەکەوێتە مەترسیەوە بەرانبەر دەخەنە ژێر ڕکێفی کاریگەریەوە هەڵەکەدەژێیننەوە. کەپەیوەندی نێوان مرۆڤەکان تێکدەدات، ڕق و کینە و توندو تیژی لە نێوان مرۆڤەکان زیاد دەکات. بەرانبەر ئەمە بە گفتوگۆی بنیاتنەرانە و ژیری دەتوانرێت کۆشش بکرێت بۆئەوەی لایەنە ناکۆکەکان ڕێک بخرێن و هاوکاری یەکتری بکەن، بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانیان.

## ١ /١٢)کردەی پەیوەندیکردن:

هابرماس، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت:((گرنگی کردەی پەیوەندیکردن کاریگەریی نێوان دووکەس یان زیاترە بۆقسەکردن لەسەر کردەکە، بۆئەوەی پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست ببێ،جا بەهۆی ئامرازی زمانی یان نازمانیەوە بێت.کەسەکان باسی پێکهاتن لەسەر چۆنیەتی کردەکە دەکەن بۆ ئەوەی پێکبێن لەسەر دانانی پلانی کارەکە و ڕێککەوتن لەسەری )). (حافظ اسماعیل ٢٠١١: ٤٢٤)

زمان ڕۆڵێکی پراگماتیکی هەیە، بۆدروستکردنی تێگەیشتن لەنێوان مرۆڤەکانا بەو هۆیەوە. لەسەر بابەتەکان دانوساندەکەن و ڕاڤەیان دەکەن بۆئەوەی بگەن بەئامانج. لە ئەنجامی بەرهەمی بیروباوەڕە هاوبەشەکان کەڕێککەوتون لەسەری، بۆ بەرژەوەندیە هاوبەشەکان نەخشە دادەنێن بۆ پرۆژەی بەکۆمەڵی کە سودی بۆ هەموو لایەکە. کردەی پەیوەندیکردن بەوە جیا دەکرێتەوە، کە نمونەی تری هەیە، وەک : ئامانجی بەدیهێنانی ڕێککەوتنە لەنێوان خەڵکی لەسەر بنچینەی ژیری، بۆگەیشتن بە ئامانجە باشەکانی، بۆئەوەی خۆشەویستی و دڵنیایی و یەکگرتویی لەنێوان خەڵک بەشێوەیەکی گشتی بهێنێتەکایەوە و نەهێشتنی توندوتیژی بەهەموو جۆرەکانیەوە هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی گەشەکردو ساغ و داد پەروەر. تاک مامەڵە لەگەڵ کەسانیتردا دەکات و بەوسیفەتەی کەپردێک بێت بۆجێبەجێ بوونی ئامانجەکانی خۆی. بەبێ ئەوەی گوێبداتە هەست و سۆزی ئەوانی تر. قسەکەر بۆئەوەی بگاتە ئەو ئامانجانەی هەموو هۆکارێک بەکاردەهێنێ، بۆئەوەی کاریگەری لەبەرامبەرەکەی بکات و بیروباوەری بگۆڕێت. ئەوبنچینانەی کە هەڵدەستن بە چالاکی پەیوەندیکردن بریتین لە:

ا- تێکگەیشتن: ڕێرەوی تێکگەیشتن هاوکارە بۆ پێکهاتنیان، دەبێتە هۆی یەکگرتنی نەخشەی کارەکەیان وکۆشش دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجی پرۆژە هاوبەشەکەیان.

ب- ڕەوشت یان شێوازی گفتوگۆ: قسەکەران هەوڵدەدەن شێوازی ڕازیکردن بگرنەبەر بە ئامانجی نەهێشتنی جیاوازیەکانیان، گەیشتنیان بەئامانجی ڕازیکەرو ئامانجی هاوبەش.

ت – باری کاری قسە: هاوبەشەکان ڕاڤەکردن پێشکەش دەکەن بۆباری پێکهاتن، لەوکاتەدا باری کاری دەست پێدەکات، ئەگەر باری قسەیی قسەکەرانی یەکلایی کردەوە ئەوا وتنی ڕۆڵی ڕازیکردنی جیاواز دێتە کایەوە.

## ١ /١٣)بنەماکانی خستنە ژێرکاریگەرییەوە:

فلیپ بریتۆن، خستنە ژێرکاریگەری بەم شێوەیە پێناسە دەکات((کردەیەکی توندوتیژو نەهی لێکراوە، ئازادی کە سانی تر دەکوژێت لە پێناوی خۆی، بەهۆی درۆی ڕێکخراو کە دە بێتە هۆی بەهەڵە بردنی کەسانی تر)). (حافظ اسماعیل ٢٠١١: ٤٢٧)

خستنە ژێرکاریگەری بەم کارانە ئەنجامدەدرێت:

١- هەواڵـدان: بۆچـوونی گشـتی دەشـێوێنێ بەگەیانـدنی هەواڵـی هەڵەو گەورە کـراو بـۆ ئامـانجی دیاریکراوی پێشتری.
٢-پروپاگەنـدە: بنچینەیەکـی دیـاریکراوی هەیە. لەبیـری هەمـووکەس بەو شـێوەی کە لایەنە چاکەکـان بـڵاو بکـاتەوە بەشـێوەیەکی فـراوان بەئامـانجی ئەوەی خەڵکـی لـە دەور کۆبکـاتەوە. بەرانـبەر ئەوەش بەرانبەرەکەی بروخێنێ و خراپیەکانی بە دەربخات کەبەمە دەڵێن (دیبلۆماسـی گشـتی)بۆئەوەی کـار لـە خەڵکی بکات و بیروباوەریان بگۆڕێت.
٣- لێـدان لەژێـی هەسـتیار: کەسـەکان لایەنـی لاوازی گـوێگر دەقـۆزنەوە بـۆئەوەی بـاوەری پێبێـنن و کاریتێبکەن و یاری پێبکەن.
٤- هەستکردن بەتاوان: تاک هەست دەکات کە بەرپرسی هەموو نەهامەتی و تێکشـکانەکانی، کەمـی زیرەکی و بەشداری پێنەکردنیەتیەتی.
٥- گەمە پێکـردن: قسـەکەر گەمەکـردن، بەڕەوشـتی خەڵکـانیتر بەکـاردەهێنێ، بۆڕاکێشـانی سـەرنج و سۆز و باوەڕی، لەشێوەی گریان و خۆدەرخستن بەشێوەی تاوانلێکراو.
٦- چوار چێوەی درۆ پێداکردن: درۆکردن بەشێوەی چەکێکی جەنگی توندوتیژو دەرونـی ئـیش دەکـات، ئەویش بۆئەوەی بیرێکی دیاریکراو لە مێشکی بچێنێ.

## ١ /١٤)جۆرەکانی هەڵخەڵەتاندن:

١- هەڵخەڵەتاندنی هەڵچونی: تـاک بەرگەی ئەو ڕۆڵـە کۆمەڵایەتیـانە و دەرچـون لێیـان بەوسـیفەتانەی کە کـاریگەری لەسـەر گـوێگر هەبێـت، بەمشـێوەیە مـانۆڕی سـۆزداری گونجـاو بەکـاردەهێنێ بـۆئەوەی کاریگەری لەسەر خەڵکانی تر دروست بکات و دەست بگرێت بەسـەر هەسـت و سـۆزیان و بەئـارەزوی خۆی ئاڕاستەیان بکات.
٢- هەڵخەڵەتانـدنی مەعریفـی: قسـەکەر تکنیکـی چوارچێوەبەنـدی بەکـاردەهێنێ، بەوەی، کە ئەو مانایانە بەکاردەهێنێ کە گوێگر لێیان تێدەگات، جارێکی ترهەمان مانا بۆشتێکی تـر بەکـار دەهێنـێ بەگوێرەی دەوروبەر بۆئەوەی درۆکان بگۆڕێ بۆ ڕاستی.
٣- هەڵخەڵەتانـدنی زەینـی: ئەم جـۆرەی هەڵخەڵەتانـدن کـاریگەری لەسـەر بیـری گـوێگر هەیە، لەمێشکی دەچەسپێ بەبێئەوەی بەرپەرچی بداتەوە، ئەمە جۆرێکە لە بەرنامە ڕێژیی لەمێشکی گوێگر بەشێوازی دیاریکراو، دوای ڕاهێنانی، بۆئەوەی لەشوێن وکاتی جیاواز بەکـاری بهێنـێ. ئەم جۆرە لە هەڵخەڵەتاندن پشت بەستووە بە سۆزو دوبارەکردنەوەو جەخت و پاداشت و سزا.
٤-هەڵخەڵەتاندنی پیشەیی: ئەم جۆرەیان بۆ ناساندنی بەرهەمهێنەرە یان بەرزکردنەوەی کاڵاکان،یاخود بۆ دەنگدان بەکاندیدێک بەکاردەهێنرێت.

## بەشی دووەم
## پڕاگماتیک و ڕاگەیاندن

### ٢ /١)زمانی ڕاگەیاندن:

زمان ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەیە، ڕاگەیاندن ڕۆڵی زمانی فراوانترکردوە،کە تەنها زمان بۆ لەیەکتر گەیشتن نەبێت، بەڵکو بۆ ئاڕاستەگۆڕین و کاریگەریکردنە سەر جەماوەریش بەکاردێت. بۆ بەدەستهێنانی کورسی دەسەڵات. (کامل علوان ١٩٨٨:١١١) ڕۆژنامەنوسیش، کە بوارێکی فراوانی پەیوەندیکردنە و زمانیش چالاکترین و دیارترین هۆکارە تێیدا، ئەگەر هات و ڕۆڵی زمان لەپرۆسەی ڕاگەیاندندا پشتگوێ خرا، ئەوا ڕاگەیاندنە کە چالاک و کاریگەر نابێت، چونکە زمان لەتێگەیاندنی پەیامی ڕاگەیانراودا ڕۆڵێکی هەیە بەسەر جەماوەردا دەتوانێ لەدووتوێیدا بەهۆی گۆڕینی هەست وزانیاریەکانی بۆ وشەی(نوسراو،بیستراو،بینراو)لەڕێگەی هۆکارێک لەهۆکارەکانی پەیوەندیکردنەوە بیگەیەنێتە جەماوەرێکی فراوان. زمانی ڕاگەیاندن دەبێت زمانێک بێت لای هەموو نەوە جیاجیاکان بەئاستی ڕۆشنبیری جیاوازەوە زوو تێی بگات، چونکە ڕاگەیاندن شتێکی دیاریکراونییە تەنیا بۆ جەماوەرێکی تایبەت بێت، بەڵکو گشتییە و هەوڵدەدات بگاتە فراوانترین کەرتەکانی کۆمەڵ بەزوترین کات. زمانەکەشی توانای گواستنەوەی پەیامی هەبێت بۆ وەرگرانی ڕوون و ئاشکرابێت، بۆ ئەوەی بەئاسانی تێیبگەن.زمانی ڕاگەیاندن نەزمانی ڕازاوەی ئەدەب ونەزمانی زانستە، بەڵکو زمانێکە بۆدەربڕین و ڕێکخستنی بیرە، زمانێکە وشەی گونجاو لەشوێنی گونجاو بەکاردێنێت. کەواتە زمانی ڕاگەیاندن زمانێکی تایبەتەو خاوەن شێوازو تایبەتمەندی خۆبەتی. زمانی ڕاگەیاندن دەبێت زمانێکی ئاسان بێت وخەڵک خێراتێی بگات، کورت بێ و دەستەواژەی تێکچرژاوی تێدا نەبێت، ئەو ڕستانەی کە گومان لەتێگەیشتنیان هەیە پێویستە نێرەر دووبارەی بکاتەوە. لەڕووی گۆکردنەوە وشە و ڕستەکانی دەبێ بەجوانی دەنگەکانیان بدرکێندرین و وشەی بێگانەو تەمومژاوی تیادا نەبێت و هونەرەکانی ڕەوانبێژی وئیدیەم و بکەرنادیاری تیادابەکارنەیەت، ئەگەرنا ئەو گەیاندنە کاریگەرنابێت.(هۆگسوف)دەڵێ:((تاکە وشەیەک باشترە لەدەستەواژەیەک)). (ئەرنست همنگوای)دەڵێت((ڕستەو دەستەواژەی کورت و زمانی دەوڵەمەند بەکاربێنن، لەبیریش مەکەن تاکو پێتان دەکرێت دەستەواژەکانتان ڕوونبێت)).زمانی ڕاگەیاندن نابێت بەکارهێنانێکی لەخۆوەی بێ سانسۆربێت، بەڵکودەبێت زمانێک بێت بەوپەڕی وردی هەواڵ و بیروبۆچوون بۆجەماوەرەکەی بڵاو بکاتەوە. (عبدالواحید مشیر٢٠٠٤:٣٢)نوسەر و ڕۆژنامەنوس جۆرج ئوریل شەش ڕێسای بۆکاری ڕۆژنامەنوسی دانا،کە ڕێپیشاندەرن بۆ ڕۆژنامەنوس بریتین لە:

١- ئەگەر توانیت وشەیەک لابەریت،لاییە.

٢- وشەی درێژ بەکارمەهێنە،ئەگەر وشەی کورتت بەهەمان ماناوە هەبوو.
٣- بکەرنادیار بەکارمەهێنە ئەگەر توانیت بکەردیار بەکاربهێنی.
٤- خۆت لە وشەو زاراوەی بیانی بپارێزە.
٥- بەهیچ شێوەیەک بۆ چاپکردن خوازە بەکارمەهێنە.
٦- بۆسود وەرگرتن لەشتی غەریب ئەورێسایانە بشکێنە. (laurie &Trudgil 1998:10)

بۆچوونی ڕۆجرفولر بۆزمان، ڕۆڵی لەوچوارچێوە نموونەیەی کەلەکاری ڕۆژنامە نوسی دەیبینێ دەڵی: پەیکەرێکی بێ پەردەیە،شێواو نییە،لەلایەن خوێندەوارەوە قبوڵکراوە.(Roger foweler1996:1 زۆربەی لێکۆڵەرەوان لەڕاگەیاندن وپەیوەندی بەزمانەوە ئامـاژە بەپابەندبوون بەهەموو وەرگـرە زمانیەکەوە دەکەن، تەنها ئەوەندەی کە کارەکەیان پێویستی پێیەتی پەیوەستن پێیەوە.
کامیرۆن ئاماژە بەوە دەکات(هەواڵی وەکالەتێکی هەواڵ زۆر بەدەگمەن وشە بە وشە بگرێتەوە کە دەردەچێ وەکو ئەوەی کەلەڕۆژنامەکە دیاری کراوە، داواکاری شێوازی، داواکاری ڕامیاری، داواکاری بۆشایی ئاسمانی سادە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو ئەگەرانە رامیارین ئەو وشانە بێلایەن نین، بەڵکو خاوەن مێژوو و ڕامیارین).بەتایبەتی ئەگەر ویستی ڕوویەکی کاریگەری کۆمەڵی هەبێت.

## ٢ /١-١)تایبەتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن:

ڕاگەیاندن گوزارشتێکی کۆمەڵایەتی و سەراپاییە و زمانەکەشی تێکەڵاو ئاڵۆزە، ملکەچی هەموو چالاکیە ڕۆشنبیرییەکانە، لەزانست وهونەر و مۆسیقاو هونەری تەشکیلی و...هتد. هەروەها لایەنی ڕامیاری و بازرگانی وئابوری و بابەتە گشتییەکانە،لەمەوە دەردەکەوێت ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی پەیوەندیکردن وگواستنەوەی واتاو بیروڕایە بۆخەڵک. (جان جیران کرم) تایبەتییەکانی زمانی ڕاگەیاندنی بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشانکردوە: (ئازاد ڕەمەزان ٢٠٠٩:٣٩ )
١- زمانی ڕۆژنامەنوسی زمانێکی کارەکییە:
زمانی ڕۆژنامەنوسی زمانێکی ئەدەبی یان زانستی ڕووت نییە،بەڵکو زمانێکی کارەکییە،کە خەڵکی زاراوەو وشە و پێکهاتەو شێوازەکەی لە کۆڕ وکۆبونەوەو ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاردەهێنن ئەمڕۆ بووەتە بەشێک لە زمانی خەڵک و لەلایەن جەماوەرەوە لەگفتوگۆی ڕۆژانەی خۆیاندابەکاری دەهێنن.
٢- سادەوساکاری:
پەیامی ڕۆژنامەنوسی لەرێگەی ڕەمزە هاوبەشەکانی نێوان نێرەرو وەرگرەوە دەردەکەوێ وئاشکرادەبێت. پەیامی ڕاگەیاندن ئاراستەی هەموو جۆرە خەڵکێک دەکرێت. جیا لەپیشە و ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریان، بۆیە پێویستە پەیامنێر پەیامەکەی لەئاستێکی زمانی وادا بنوسێتەوە کە هەموو خەڵک تێیبگا.

٣-وردیی و بەرجەستەکردن:
واتە وردی لەهەڵبژاردنـی کەرەسـەکانی زمانـدا لە وشـە و زاراوەو دەسـتەواژە و ڕسـتە بۆمەبەسـتی پەیـامێکی ڕۆژنـامەیی. بەکارهێنـانی زمـان و زاراوەو وشـە بەوردی وادەکـات هەسـتکردن بە وشـە و زاراوەکـان لەلای ڕۆژنـامەنوس گەشـە بکـات، واتە هەسـتکردن بەچۆنیەتی بەکارهێنانیـان لەلایەن ئەو خەڵکانەی زمانەکە بەکاردەهێنن.لەپاڵ وردی،بەرجەستەکردنیش پێویستە،چونکە وا لەبابەت یان مـادە وەسفکراوەکە دەکات زیاتر هەستی پێبکرێت، بەتایبەتی لەچوارچێوەی ئەوشتانەی ڕۆژانە بەکاردێن.
٤- گیان بەبەرداکردن:
لەوانەیە ڕۆژنامەنوسێک هەواڵێک یان لێدوانێکی ڕۆژنامەیی یان ڕیپۆرتاژێک بەشێوازێکی ساکارو واقیعی و زمانێکی پاراو بنوسێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساردوسوریەکی تێدایە سەرنج و ئـارەزوی خـوێنەر ڕاناکێشـێ. ئەمەش بـۆئەوە دەگەڕێـتەوە کە نوسـەر نەیتوانیـوە گیـان بکـات بەبەر ڕوداوەکە. یەکێک لەبنەماگرنگەکانی نوسینی ڕۆژنامەیی بەگشتی و هەواڵ بەتایبەتی، کە پێویستە ڕۆژنامەنوس پابەندی بێت(دەرخستن ودەرنەبڕینە) واتە وا لە هەواڵەکە بکات خۆی قسەبکات.
٥- دورکەوتنەوەو بەکارنەهێنانی زاراوە تەقلیدیەکان:
ویست وئارەزوی زمانی ڕۆژنامەنوسی بۆکورتبڕیی وخێرایی هانی ڕۆژنامەنوسانی داوە هەنـدێ وشـە و دەسـتەواژەی نمـونەیی بەکـاربهێنن، کە گوزارشـت لە نـاوەڕۆکێکی دیـاریکراو دەکەن. وەک((بـازاری ڕەش، هێزی چەکوش، سێگۆشەی سوننی...هتد)).
٦- بابەتی:
بابەتی، پێچەوانەی خودییە، واتە گوزارشـتکردن لەو بـابەتەی کە ڕۆژنـامەنوس دەیەوێت بیگەیەنێـتە جەماوەر بەبێئەوەی بیرو بۆچوون و سۆزو ئەندێشە ومەیلە خودییەکانی کاریگەرییان بەسەرەوە هەبێت. چونکە ڕۆژنامەنوسی ڕاستگۆ ئەوکەسـەیە کە لەکـاتی دارشـتنی هەواڵ، یاچاوپێکەوتن یـان سیمینارو کۆروکۆبونەوەکاندا چاوپۆشی لەهەموو بیروڕا ڕامیاری وکۆمەڵایەتی وحەزو ئارەزوەکان بکات.
٧- هاوچەرخ بوون:
مەبەست، ئەو وشەو ڕستەو پێکهـاتەو دەربـڕینە زمانییەکـانە لەگەڵ سـەردەمەکەدا گونجـاو وهـاودەم بێت، لەگەڵ ڕیتم وئاوازەکاندا ڕێکبێت، چونکە ڕستەی درێژ یان وشەی فەرهەنگی قورس و بیـانی و ڕستەی لێکدراو لەگەڵ سەردەمی خێراو تەکنۆلۆجیای نوێ ناگونجێت. (ئاریان ابراهیم ٢٠١٢:٤٥)
٨- گونجاوبوون:
زمانی ڕاگەیاندن لەگەڵ ئەو ئـامرازەی کەتیابەکاردێت گونجاوبێـت ولـەگەڵ جەمـاوەرەکەش بگونجێت، چونکە زمان ئامـانجی کۆمەڵە کەسـانی، کـۆمەڵایەتی و پەروەردەی و ئـابوری تـایبەتییە و ئاڕاسـتەی چاو دەکرێت، بۆیە دەبێت لەگەڵیدا گونجاو بێت.

٩- سەرنج ڕاکێش:
وشەکانی توانای گێڕانەوەو شیکردنەوەو باسکردنی بابەتەکانیان هەبێت، کەبەشێوەیەکی زیندو خۆش و حەزپێکردنەوە بگێڕدرێتەوە، چونکە جەماوەر هەردەم بەتاسەو شەوقەوە دەڕوانە بابەتە سەرنج ڕاکێشەکان، نەک بابەتەکان وشک و برینگ وحەزپێنەکراوبن.
١٠- فراوانی:
دانەزمانییەکان دەبێت فراوان و جۆراوجۆربن لەڕووی بەکارهێنانەوە، زۆرترین پێکهاتەو دەربڕینی واتایی هەمەجەشن بێت. تاکو بتوانێت پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژنامەگەری دابین بکات زمانی ڕۆژنامەگەریش ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبێت، بەهاتنەناوەوەی وشە و زاراوەی نوێ وتێکەڵاو بوونی ڕۆشنبیری میللەتان لەگەڵ یەکتریدا.

## **٢ /١- ٢)جۆرەکانی زمانی ڕاگەیاندن:**

ڕاگەیاندن پێویستە زمانێکی نوێ بێنێتەکایەوە جیاوازبێت لەزمانی ئەدەب وفەلسەفە لەلایەک، ولە زمانی خەڵک لەلایەکی ترەوە، کەپێی دەگوترێ زمانی ڕاگەیاندن، و خاوەنی ئەم سیمایانەیە:
ا- زمانی پەیوەندیکردن بێت، هەموو چینەکانی کۆمەڵ تێیبگەن.
ب- لەگەڵ سادە وئاسانی،توانای هەڵگرتن و گەیاندنی هەموو ئەو نامە بیری و داواکراوانەی هەبێت.
ت- دەبێت،پاراو و بێ هەڵە بێت واتە هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمانی تێدانەبێت، بۆ ئەوەی کاریگەری نەکاتە سەر زمانی ڕاگەیاندن، مەبەستە خوازەییەکان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بگەیەنێت.
پ- توانایەکی بەرزوتەواوی لەڕەوانبێژی و یاریکردن بە وشە هەبێت،بۆگەیاندنی پەیامێکی هەستیار.
ج- سودی لەو ڕۆشنبیرییەی پێشتر وەرگرتبێت، بۆئەوەی کاریگەریی لەسەر بیری کۆمەڵانی وەرگر دروستبکات. ئەوسیمایانەی سەرەوە زمانێکی ڕاگەیاندنی قبوڵکراو لەلایەن خەڵکەوە دروست دەکەن.
زمانی ڕاگەیاندنیش دەبێت بەچەند جۆرێکەوە:
١- زمانی ڕاگەیاندنی گۆنەکراو: لەدەرهێنانی ڕۆژنامەکاندا زۆرگرینگە،هەروەها لەدابەشکردنی یەکەکان، کە بەگوێرەی پلانێکی دیاریکراو دەبێت. کاری دەرهێنانی ڕۆژنامەیی لەوەدا بەدەردەکەوێت، کەخەڵکی هانبدات بۆخوێندنەوەی سێ بڕگەی یەکەم، ئەوەی دواتر دەکەوێتە سەرشانی ڕۆژنامەنوس،کە چۆن خەڵکی بۆلای بابەتەکەی ڕادەکێشێ کاریگەریی بابەتە نوسراوەکە،یان گۆکراوەکە لەدوای ڕاکێشانی سەرنجی دەرەکی خەڵکی بۆ بابەتەکە دەست پێدەکات.
توخمە بەردەستکراوەکان لەدەرکردنی ڕۆژنامەدا بریتین لە:
ا- ڕووبەر . (عبدالعزیز سعید ١٩٩٨: ٧٤٠)
ب- ژمارەی ستونەکان.

ت- هەڵبژاردنی پیتەکان ودیاریکردنی بنتەکانی.
پ- رووەکەی.
ج- ڕەنگەکان.
ح- وێنەکان.
خ- دەنگ بۆ ئیزگەکان.
د- وێنەو دەنگ، ئەگەر تەلەفزیۆن یان ئینترنێت بێت.
هەرچەندە ئەو رێگە هونەرییانە لە دەرکردنی ڕۆژنامەکان بەکاردەهێنرێت، بەڵام پێویستە ئامانجەکان لە سەرەتا گشتیەکان لانەدەن، هەروها دەلالاتەکان لەسنوری بابەتەکە دەرنەچێت، و جێی گرینگی خوێنەربێت. جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە پەیوەستن بەولایەنانەی خوارەوە:
ا-لایەنی ڕاگەیاندن: ئامانجی ئەوەیە کە بابەتە بڵاوکراوەکە بەدەربخات. بەگوێرەی ئەوبەها دیارانەی هەواڵ کە لە زانستی ڕاگەیاندندا دیاریکراون سودبەخشی و هەڵەبری ونزیکی.
ب- لایەنی ئابوری: ئەم لایەنە خۆی لەئاگادارییەکان دەبینێتەوە، کەیارمەتی دەرێکی باشی بودجەی دامەزراوە ڕۆژنامەییەکەیە.
ت- لایەنی هونەری: توانا هونەرییەکانی دەزگای چاپە، کە لەخزمەتی لایەنی گشتی هۆکاری ڕاگەیاندنەکەیە، داوای ڕێککەوتن وگونجاندنە لە خوێنەرەوە.
پ- لایەنی دەروونی: ڕەچاوکردنی سروشتی خەڵکی لەلایەنی تەمەن وئاستی ڕۆشنبیری و روخساری بنچینەیی وگشتی کەسایەتی کۆمەڵگا کە ڕۆژنامەکەی لێدەردەچێت.
- زمانی ڕاگەیاندنی نوسراو: زمانی گۆڤارو ڕۆژنامەوکتێب، هەندێ جار وردەو هەندێجاریش دڕشتە، لەکاتی گۆرینیدا هەندێکی لێدەفەوتێت، وەک، لەبەکارهێنانی هێڵی تۆخ وپەرەگراف و هێزوئاوازەو وەستان ودرێژی دەنگ و ڕژانە ناویەک کەلەنوسیندا دەرناکەوێت. جگەلەمەش زمانی نوسین هەندێ جار تەمومژی ڕێزمانی و واتایی تێدایە، کەبە دەوروبەر لێکنادرێتەوە، نوسین ناسنامەی کۆمەڵایەتی نێرەر دەرناخات، ئایاخەڵکی کوێیەو سەربە چ چین وتوێژ، و ڕەگەزێکە، وڕادەی خوێندەواری چەندەو سیمای دەموچاوی چۆنەو...هتد. بەڵام سەرەرای ئەم کەموکورییانە زمانی نوسین سودیشی زۆرە، چونکە وەرگر دەتوانێت وشەیەک یان ڕستەیەک لەسەر خۆ بخوێنێتەوە یان چەند جارێک دووبارەی بکاتەوە تاکو لەمەبەستی دەگات. (عبدالواحد مشیر ٢٠٠٤: ٣١)
٢- زمانی ڕاگەیاندنی گۆکراو: ئەم جۆرەیان دەکرێت بەدوو بەشەوە:
ا-زمانی بیستراو: زمانی ڕادیۆیە، ناسنامەی کۆمەڵایەتی نێرەر زۆر دەرناخات، وەک سیمای دەموچاوی و لەچ بارێکی دەرونیدا دەژی، بەڵام لەگەڵ ئەمەش تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە تەنها بەریەک هەست دەکەوێ ئەویش بیستنە، کە کاریگەری تەواوی دەبێ بۆتێگەیشتن.

ب- زمانی بیستراو وبینراو: زمانی تەلەفزیۆنە و کاریگەرییەکی زۆری هەیە ولە هەموو ماڵێکداهەیە و لە هەردوو زمانی ڕۆژنامەو ڕادیۆ وردترە، چونکە ناسنامەی کۆمەڵایەتی نێرەر دەردەخات، و بەچاوی خۆی دەیبینێ کەسیمای دەموچاوی چۆنەو لەچ بارێکی دەروونی دەژی و چی لەبەرکردوەو هەستی بەرانبەر بەدەوروبەرو کەسانەوە چییە؟جگە لەمەش وێنەی کارەسات و ڕوداوەکان نیشانی بینەران دەدات، کەزیاتر کاریگەرە، و یارمەتیدەر دەبێت بۆتێگەیشتنی خێرا، لەبەرئەوەی بەر دوو هەست دەکەوێت(بیستن وبینین).ڕۆژنامەنوس زانیاری دروست ناکات، بەڵکو ڕایدەگەیەنێت، تەنها گوێزەرەوەیەکە. یان هەواڵێک شیدەکاتەوە، داوای لێدەکرێت کە مەرجەکانی ڕاستگۆیی هەواڵی تێدابێت، لەکاتێکدا لەسەرچاوەیەک دەیچەسپێنێ، نابێت بۆچونی تایبەتی خۆی بەسەر گوێگر بسەپێنێت. بەمجۆرە تێکەڵاوی لەنێوان بۆچون و هەواڵ ڕونادات. بەنیسبەت مەقالەکانی بۆچون ڕێگە بە ڕۆژنامەنوس دەدرێت کەبۆچونی خۆی پێشکەش بکات، بەمەرجێ بە بەڵگەی ڕاست ودروست بیسەلمێنێ. بۆ بەدیهێنانی ئەمە پێویستە جیاوازی لەنێوان زمانی ڕاگەیاندن و زمانی سیاسەتدا بکرێت. بەم سیما دیارانەی خوارەوە:

(سلوی شرفی ٢٠١٠:٧٠)

ا- دەسەڵاتداریەتی: مانای ئەوەیە، کە ئەجیندای دەسەڵات بگرێتە خۆی لەڕێگای ئەوچیرۆکانەی کە هەڵبژاردوەو جەختی لەسەرکردون، ئەوکەسایەتیانەی کە بۆشیکردنەوەی ڕووداوەکان و بەڵگەکان جێگای متمانەیین وهەڵبژاردون. بۆنمونە شەهیدبونی دیاریکراو، یان زۆربەکارهێنانی وتە فەرمیەکان، بەها بەبرەوەکان، کە هەردەم سەر بەئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتن.

ب-تاکرەوی: مەبەست لە تاکرەوی، کاری سەپاندنی ئەوبیرەی کەلەتاکرەوی و بۆچوونی خۆی دروست بوە. دورخستنەوەی ئەوەی کەلەگەڵی ناگونجێ لەناوەرۆک و ڕوخساردا، بۆچونی بەرانبەر پەراوێزدەخات.

ت- فەرمی: دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەر بەدامەزراوەی کۆمەڵگەی مەدەنییە، بەومانایەی، کەپێویستە بێ لایەنبێت لەدەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو پێویستە وێنەیەک بێت لەوێنەکانی ئۆپۆزسیۆن. بەپێچەوانەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەخزمەتی ئایدیۆلۆجیای دەسەڵاتە و برەو بە وتارەکانیاندەدات و پاساویشیان بۆدێنێتەوە، ئەوان دامەزراوەی سەربەدامەزراوە ڕەسمیەکانن. بەوشێوەیە ناتوانن هەڵوێستی تایبەتیان هەبێت لەکاتی ڕووداو ودیاردەکاندا، بەڵکو ڕووداوەکان دەشێوێنن و چاوەڕوانی هەڵوێستی فەرمی دەکەن و مەقالاتی ئامادەکراو ئاڕاستەی خەڵکی دەکەن، بەوشێوەیە ئەجیندای ئەوانیش وەک ئەجیندای دەسەڵات دەبێت لە واتاو ڕوخسارو زماندا.

## ٢ /١- ٣)ئەوهۆکارانەی کەفشار دەخەنە سەر هۆیەکانی ڕاگەیاندن:

گرینگی وتاری ڕاگەیاندن لەتوانای دەزگای ڕاگەیاندندا لەوەدایە کە بەربەرەکانی دەزگای سیاسی بکات لەئاشکراکردنی واقع و ڕەخنەگرتن لە وتاری سیاسی. ڕاگەیاندن بەپێی بنەماکانی دیموکراتی دەسەڵاتی چوارەمە. دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێت دەستبەسەر هەموو دەسەڵاتەکاندا بگرێت و هەموو کۆمەڵگابخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئەمەشی بۆ ناکرێت تاکو بەتەواوی دەست نەگرێت بەسەر دەسەڵاتی ڕاگەیاندندا. دەسەڵاتی سیاسی ئەگەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی خستەژێر ڕکێفی خۆیەوە ئەوا ئەجێندای ڕاگەیاندن لەگەڵ ئەجێندای سیاسی دەبن بەیەک و زمانەکەشی دەگۆڕێت. لەوکاتەدا ئەمەش پێچەوانەی پەیامی ڕاگەیاندنە لەنێوان نێرەرو وەرگردا.گرنگترین ئەو توخمانەی کە دەبنەهۆی ئەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ببنە زوڕنا لێدەری دەسەڵاتی سیاسی بریتین لە:

١- باوەری بڕواگەری: یەکێکەلە تایبەتیبەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی، کە بەناوی بیروباوەڕەوە قسەدەکەن بەشێوەیەکی ئاشکرا بلاوی دەکەنەوە. بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی بیروڕا بەرزترە لەڕێژەی هەواڵ.

٢- لایەنگیری یان فشاری دارایی: هاوکارییان دەکەن بەهۆی پێدانی پارەوە و سەرنجیان بۆلای خۆیان ڕادەکێشن.

٣- فشاری سیاسی: ئەمەش بەهۆی ئەوەی چاودێری دەخەنەسەر بلاوکراوەکانیان، یان ناهێڵن بفرۆشرێن یان گەفیان لێدەکەن بەداخستن و دادگایی کردنیان، ئەمەش بەزۆری لەلای دەسەڵاتە سەرکوت کەرەکانداباوە. ئەو دامەزراوە سەرکوتکەرانە بەشێوەیەکی گشتی پەنادەبەنەبەر توندوتیژی دارایی یابەندکردن، بۆئەوەی نەهێڵن خەڵک هەڵوێست لەدژی ئەوان وەربگرێت، بەلام لە دەوڵەتە دیموکراتەکاندا توندوتیژی نەرم بەکاردەهێنن، وەک وتاری دژی وتارەکەی ئەوان بلاودەکەنەوە لەکۆمەڵگا دیموکراتەکاند هێزبەکار ناهێنن، بەشێوەیەکی گشتی و بەپلەی یەکەم پشت بە پابەندکردن دەبەستن. ڕازیکردن، کە یەکێکە لە توخمە کاریگەرەکان، وتارەکە لەڕێگەیەوە بەهەموو چینە جیاجیاکانی کۆمەڵگاکە دەگات. بێگومان ڕێککەوتن لەسەر بیرێک لەرێگەی ڕازیکردنەوە، جێبەجێ دەبێ لەلایەن زۆرینەوە و دەبێتە وێنەیەکی ناوەکی کۆمەڵگا، کە بەهەژموونی نەرم ناسراوە، پاڵنەری قوتابخانەکانی شیکردنەوەی ڕەخنەیی وتاربوو دەربارەی گرینگیدان بەشیکردنەوەی وتاری ڕاگەیاندن. کەئەمەش پێچەوانەی کاری هەوڵدان و هەژموونە لەڕێگەی ڕازیکردنی بەدرۆی هۆشی خەڵک. (vandijk 1995:253(

٤- توندوتیژی مەعنوی: ئەمە لە کاتی تەنگژەی توندو، شەڕدا بەدەردەکەوێت، کەهەرچییەک لەدەرەوەی ڕێککەوتنی نیشتمانی بێت خائینە. لەلایەنی ئاییینیەوە بەکافر دادەنرێت، ئەگەر لەگەڵ بۆچوونی ئەوان دانەبێت.

٥- ڕێککەوتن لەنێوان دەسەڵات وڕاگەیاندندا: ئەمەش خەسڵەتێکی کۆمەڵگا دیموکراتەکانە، کە لەزۆربەی کاتەکاندا سەربەستیەکی تارادەیەک ڕەها بەڕاگەیاندن دەدەن، تەنها لەهەندێک کات دانەبێت، کە زانیارییەکان زەرەر بەئاسایشی نەتەوەیی بگەیەنن. لەم کاتانە دەبێت ڕاگەیاندن بەگوێی دەسەڵات بکات.

٦- دزەکردن: لەم حاڵەتەدا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن ئەو توانایەیان نییە کەیاری بەهەواڵی سیاسی بکەن دزەکردن کارێکە دەچێتە ژێر خانەی ڕاگەیاندنی ڕەشەوە کەناتوانێ سەرچاوەکە ئاشکرابکات و ڕێگەی پێنادرێت لەهیچ سەرچاوەیەک جێگیری بکات. کاری دزەکردن ئەوەیە کە زانیاریەکی گرینگ وکاریگەر بدەی بەڕۆژنامەنوسان لەڕێگەی سەرچاوەی سیاسی باوەرپێکراو وناسراو بەڕاستگۆیی لەوانەیە درۆشبێت. بۆنمونە لەساڵی١٩٩١لەشەری ئەمریکا- عێراق، ئەمەریکا وێنەی باڵندەیەکی پیسبوو بەنەوتی لەکوێت بلاوکردەوە. بۆئەوەی پیشانی بدات، کە سوپای عێراق هەموو دامودەزگا نەوتیەکانی کوێتی تێکشکاندوەو لەپاڵ ئەوەشدا(صدام حسین)بەتاوانباری پیسکردنی ئاوهەوا لەقەڵەم بدات. ئەم وێنەیە لەزۆربەی دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بلاوکرایەوە. لەدوایدا دەرکەوت ئەم جۆرەباڵندەیە لەکەنداودا نازیت. هەروها دەبێت ئەو دزەکردنی زانیاریانە ڕاست بێت، ئامانجی ئەوەنەبێت تەنها پێشکەشی خەڵکی بکات، بەڵکو حساباتی سیاسی خۆیانی پێ یەکلابکەنەوە.

## ٢ /٢)شێوازەکانی بەلارێدابردن بەزمانی گوتراو:

پڕوپاگەندە(الدعایە)بەئامرازێک بۆ ڕازیکردنی سیاسی و ئایدیۆلۆجی و دەروونی دادەنرێت.لەبواری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریکراو کاردەکات، پڕوپاگەندە خۆی ئامانج نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆگەیشتن بەئامانج، وەک ڕازیکردن وکاریگەریی هاوکاریکردنی شەرعیەتی سیاسی.هەڵوێستی ڕۆژنامەنوسی بە بەکارهێنانی جێناوی قسە هەڵناسەنگێنرێت، ئەگەر ڕێگای ناوەکی بۆفەرزکردنی بۆچوونەکانی تر هەبێت. ئەو هەڵوێستە دەشاردرێتەوە لەڕێگای گوتنی ترەوە، جا وەسفی یاگێرانەوە یا بەڵگەهێنانەوە، ئەمە بۆ هەواڵیش دەبێت. کە بەگریمانەیەکی بێلایەن دادەنرێت، لە ڕێگای پێشکەشکردنی وێنەشەوە دەبێت، یان وەسفی کارەکانی بکەیت و هەڵی بسەنگێنی، هەروها پێشبینیکردن بەهۆی کردارەکانیەوە، هەروها وتەکانی کە هەڵگری بەهای دیاریکراون هەڵوێستە ڕاگەیاندنیەکە ئاشکرای دەکات. بۆنموونە کاری شەهیدبون وکردەوەی خۆکوژی، یان تیرۆریست و بەرگریکار. زۆربەی ئەو ڕێگا ڕاگەیاندنانە تەکنیکی پڕوپاگەندەی بەناوبانگن، کەلەبواری ئاگاداری و بەتایبەتی بواری سیاسی بەکاردێن. پڕوپاگەندە لە منجدی زمان و ڕاگەیاندن بەوشێوەیە پێناسەکراوە((بلاوکردنەوەی پەیامی کەسێک یان حیزبێک یان بیروباوەڕێکە)).

بەکارهێنانی پڕوپاگەندە بەسەر تاکەوە بەهۆی وێنە، یان گوتن یان مۆسیقاوە دەبێت. کاری پڕوپاگەندە بۆڕازیکردن وکاریگەری لێکردنی وەرگرە لەڕێگەی ئەو نامە پڕوپاگەندەییەی کەهەڵگری ناوەڕۆکێکە هەڵقولاوی بیروباوەڕێکە ئاراستەی خەڵکی دەکرێ و بەئارەزوی خۆیان هەڵیاندەسوڕێنن.

## ٢ /٢- ١)شێوەکانی پڕوپاگەندە:

١- پڕوپاگەندەی سپی: ئەو جۆرەیە لەپڕوپاگەندە، کەبەشێوەیەکی ئاشکراودیار ئاراستەی وەرگر دەکرێت و سەرچاوەکەی و ئاراستەکردنەکەی وئامانجەکەشی ئاشکرایە. پڕوپاگەندەکی چاک و داواکراوە کەلە پەیوەندیکردنی سیاسی بەراگەیاندنەوە بەکاردەهێنرێت، بۆ ڕای گشتی و پلانەکانی وڵات و ئەزمەی ئابوری و بۆ بەرنامەی فێرکاری و کێشەی تەندروستی...هتد. کەپەیوەندیەکی داواکراوە لەنێوانی دادوەرو داواکراو. (سلوی شرفی ٢٠١٠: ٩٠)

٢- پڕوپاگەندەی قاوەیی: لەم وتەیەدا کورتی دەکەینەوە(گورگەو لەپێستی مەردایە).ئەم جۆرە پڕوپاگەندەیە جەخت لەسەر ئامانجێکی شاراوە دەکات، واتا ئەوە نییە کە بڵاوی دەکاتەوە. بەبێ ئەوەی سەرچاوەکە بشارێتەوە. هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەم کارە هەڵدەستن ئەمجۆرە پڕوپاگەندەیە لەوتارەکانیاندا دەبینرێت، ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەکان دەڵێنەوە کە بواری ڕەتکردنەوەیان نییە، لەگەڵیشیدا هەندێک قسەی هەڵبەستراو ڕێکدەخەن، چەندی لەتوانایاندابێت قسە هەڵبەستراوەکانیان دەڕازێننەوە.بۆنموونە هەموو شەڕێک ئامانجی ئاشکراو شاراوەی هەیە کە ئاشکراناکرێت. بۆیە دەڵێن پڕوپاگەندە نیوەی شەڕەکەیە. پڕوپاگەندەی ئەمریکا بۆ پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ کە ئاراستەی دەکات، جەخت لەسەرئەوە دەکات کەڕێز لەمافی مرۆڤ ومافی ژن ناگرن و دیموکراتیەت نییە ئەم دەستەواژانەش ڕاستن.

٣- پڕوپاگەندەی ڕەش: ئەمجۆرە پڕوپاگەندەیە پشت بەدرۆ دەبەستێت هەستەکان دەدوێنێ. سەرچاوەکە و ئامانجەکانی نادیارن، ناوی سەرچاوەکەش ناهێنێ. یاخود بە بڵاوکردنەوەی مقالەیەک کە واژۆی خۆی لەسەرنییە یان بەشێوەی پیت پیت ناوەکەی خۆی دەنوسێت یان بەناوی خوازراو بڵاوی دەکاتەوە، ئەم کارانە زۆرتر دەزگا هەواڵگریەکان بەکاری دەهێنن.بەزۆری ئیزاعەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی سڕی بۆبڵاوکردنەوەیان بەکاردەهێنن. پڕوپاگەندەی ڕەش لەکاتی شەڕدا زۆربەکاردەهێنرێت بۆڕووخانی ورەی دوژمن. بەبڵاوکردنەوەی شێواندنی ڕاستییەکان و زانیاری درۆ و پڕ کەموکوڕی، کەبەشەڕی دەروونی ناودەبرێت. ئەمجۆرە پڕوپاگەندەیە پێویستی بەوەیە کە برەوێکی زۆر بەشتەکان بدات و دڵەڕاوکێ بۆسەرکەوتنی دروست بکات، بۆئەم مەبەستەش هۆکارەکانی ڕاگەیاندن باشترین ئامرازن.

٤- پڕوپاگەندەی دژیەک: ئەرکی ئەمجۆرە پڕوپاگەندەیە ڕوبەروبونەوەی بەرامبەرەکەیەتی. هەڵدەستێ بەپوچەڵکردنەوەی پڕوپاگەندەکانی و بەدرۆهێنانەوەیان. هەڵدەستێ بەکاری شیکردنەوەی تەواوی

وتارەکەی دوژمن، بەئامانجی ئەوەی هێرشبکاتە سەرخاڵە لاوازەکانی و پروپاگەندەکەیان بەشتێکی نەشیاو لەگەڵ لۆجیک لەقەڵەم بدات.

## ٢ /٢- ٢)شێوازە زمانییەکانی پروپاگەندە:

دروستکردنی ڕێساکانی پروپاگەندە لەزمانی گوتراو بەشێوازی تایبەتی دەبێت، لەمیانەی هەڵبژاردنی ستراتیجیەتی وتار و بەڵگەی دیاریکراو، ئەم شێوازانە یارمەتیدەرن بۆدەرکردنی ئەو دیمەنەی دەیانەوێت برەوی پێبدەن، کاردەکەن بۆئەوەی کاریگەری لەسەر وەرگر دروستبکەن، ڕایبکێشن و ڕازیبکەن بەوبیروڕایە. (سلوی شرفی ٢٠١٠:٩٧)

١- زمانی چوارچێوەبەند: زمانی تەختەبەندی پشت بەقالبە ئامادەکراوەکان و دەستەواژە ئامادەکراوەکان دەبەستێ.بۆنمونە (١١ی ئازار) دەستەواژەکی ئامادەکراوە کە بۆ زمانی تەختەبەندی دەگەڕێتەوە، لە وتاری کوردی زۆر بەکاردەهێنرێت. وشەکانی زمانی چوارچێوەبەند گشتێنراون، زۆرتر پشت بەو وشانە دەبەستن کەلە واتایەک زیاتریان لەخۆیاندا هەڵگرتوە، کە بیروباوەڕی ڕاستی قسەکەری لێ بەدیارناکەوێ، بەکارهێنانی ئەم زاراوانە بەبێ دیاریکردنی مانای وردیانە. بۆنمونە سەربەستی، دیموکراتی، پێشکەوتن وگەشەکردن، ئەمجۆرە زمانە سود لەوەش دەبینێ کەشتەکان بەناوی کەسەکانەوە دەنێت. هەروەها ئەو وتارانەی کە بەزمانی چوارچێوەبەند دەنوسرێن بەوە جیادەکرێنەوەکە بەشێوازی دانانی دەنوسرێن، بەزۆری وەسف وپێشکەشکردنی بۆچونن بەبێ سەلماندن. زمانی چوارچێوەبەند زمانی هێمایە(الدال)بەبێ هێمابۆکراو(مدلول) بەوشێوەیەی کە بەڵگەکە لەهێمایەکەدا کورتکراوەتەوە، بۆنمونە(نیشتمان نیشتمانە،قوربانیدان قوربانیدانە)ئەو زمانە لەلایەنی واتاوە ڕاست نییە. ئەمە ستراتیجیەتێکی زمانییە کەسیاسیەکان پیادەی دەکەن بۆپڕکردنەوەی بۆشایی وشەیی لەواتاکان و تێئاخنین لەپێناو بەرژەوەندیەکانیان. ستراتیجیەتی زمانی چوارچێوەبەند بە بەرهەم نییە لەلایەنی واتای و ڕۆشنبیرییەوە، بەڵکو شێوێنەری زاراوەو زانیاریەکانە. هەروەها دەبێتە هۆی بەدواکەوتنی زانیاری و بابەتی لەدامەزراوە فێرکاری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنیەکان.

٢- زمانی مانەوی: ئەم وشەیە لە(مانەوی)وەرگیراوە،کەیەکێکە لەئاینە کۆنەکان ودامەزرێنەرەکەی(مانی)فارسییە.لەسەدەی سێی پێش زایین. ئەم ئاینە بۆچوونی وابوو کە جیهان لەسەر دوانەی خێروشەر دامەزراوە. ئێستاش وشەی مانەوی لەوەسفی ئەو وتەو بۆچوونانە و کەسانەی کە میانڕەوی وجیاوازی قبوڵناکەن بەکاردێت. زمانی مانەوی ئەو زمانەیە کەلەسەر بنەمای خێروشەر جیهانی دابەشکردوە، لەوتاری مانەوی دەتوانی لەیەک جیهانیاندا بژی، کە جیهانی دۆزەخ یان جیهانی بەهەشتە.قسەکەر لە وتاری مانەویدا وای دەبینێ کە ڕاستی یەکەو ڕەهایە. وتاری ڕەها وتارێکی سەرکوتکەرانەیە و هەموو گفتوگۆیەک ڕەتدەکاتەوە، لە وتاری مانەویدا دیاردەیەک دروست

دەبێت ئەویش پاک ڕاگرتنی خۆی و بەخراپ زانین وپیسی و بەشەیتانکردنی بەرامبەرە. بۆنموونە وتارەکەی بۆش لەدوای ١١ی سێپتەمبەر کە جیهانی کردە دووبەش، هەروەها وتارەکەی خومەینی کەدەڵێت ئەمریکا شەیتانی گەورەیە هەرچی لەگەڵیەتی دوژمنی ئێمەیە.
٣- زمانی پەلار و ناڕاستەوخۆ: لەم جۆرە زمانەدا لەسەر یەک بەهای کۆمەڵایتی ڕێکن کە لە بەرژەوەندی هەمولایەکدا بێت، یاخود بەرهەمی ڕۆشنبیریی گرنگی کۆمەڵ بێت، کە کاریگەری لەسەر وەرگر دروستبکات و ڕەوشتی بگۆڕێت. دەستەواژەی دینی زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لەم زمانەدا، لەبەرئەوەی گرینگترین ڕۆشنبیرییە لەکۆمەڵەکەدا، هەروەها ڕەوانبێژیش لەلایەن سیاسیەکانەوە زۆر بەکاردەهینرێت. بۆنموونە وتارەکانی صدام حسین لەکاتی شەری ئێران — عێراقدا کە زاراوەکانی لەمێژوی ئیسلامی هێنابوو، هەموویان لەناو خەڵکی ناسراو دیارو کاریگەربوون وەک(معرکە القادسیە) هەروەها لەشەری کەنداو١٩٩١دا ،دەیگوت شەرمان لەگەڵ ئێران لەنێوان دوو گەلی موسڵمانی جیاوازبوو، بەڵام لەگەڵ ئەمریکا شەڕە لەنێوان کافرو موسڵمان، هەتا وایلێهات وشەی (الله اکبر)ی لەسەرئاڵای عێراق نوسی، بۆئەوەی سەرنجی عەرەب وموسڵمانانی جیهان بۆلای خۆی ڕابکێشێ وشەڕەکەش ئاماژەی دینی بەخۆوە ببینێ بە(جیهادی)دادەنا.
٤- زمانی بەنەمرکردن: ئەو جۆرە زمانە هەواڵە خۆشەکان بڵاودەکاتەوەو گەورەیان دەکات. ئامانجی پاڵپشتی کردن وشەرعیەت دانە بەبکەرە سیاسیەکە. ئەو هاوکاریکردنەش لەڕێگای سیفاتە باشەکانی بکەرە سیاسیەکەیە کەسەر بەقسەکەرن. صیغەی(مبالغەی تفضیلی)هۆشەکاری سەردەستەیی زۆرتیایە. زمانی هەواڵی، لەڕاگەیاندنە کوردی وعەرەبیەکان نموونەی ئەمجۆرە زمانەن، کە بەرپرسەکان وەک و پاڵەوان لەئازایەتی وخێرا لە چارەسەرکردنی گرفت و دەربازکردن لەقەیرانەکان پێشکەش دەکەن. هەندێک جاریش هەواڵی ناخۆش لە شێوەی خۆشی پێشکەش دەکەن، بۆنموونە دۆڕاندنەکانیان بە سەرکەوتن وەسفدەکەن، یان شەر لەپێناو بەدیهێنانی ئاشتی.
٥- زمانی گەورەکردن وبچوککردنەوە: ئەمجۆرە زمانە هەواڵە خراپەکانی بەرانبەر بڵاودەکاتەوە، بەمەبەستی ڕوخان وکەمکردنەوەی بەهای بەرانبەرەکەی، لەهەمانکاتدا توانا خراپەکانی بەرانبەریش گەورەدەکات و زلکردنی کارە ڕاست وجیاوازەکانی دەکات. ئامانجی ئەوەیە کە وەرگری ڕاڕا بۆلای خۆی ڕابکێشێ وپاڵپشتی بۆچوون و ڕەوشتەکانی بکات. نموونە بۆ بچوککردنەوە، ڕژێمی بەعس بەپێشمەرگەی دەگوت تێکدەر، ئەمریکا لەشەڕی یەکەمی کەنداو وێنەی ئەو سەربازە عێراقیانەی نیشاندەدا کە خۆیان تەسلیمی ئەمریکیەکان دەکرد یان هەڵدەهاتن، ئەو چەک وتانکە تێکشکاوانەی عێراقی نیشاندەدا. سەبارەت بە(زلکردن)دەزگای ڕاگەیاندنی ئەمریکی تەکنیکی دڵەڕاوکێی قسەکان و دووبارەکردنەوەیی قسەکان لەسەر تاوانەکانی ڕژێمی بەعس بەرانبەر بەکوردو شیعەکانی باشور. هەروەها تواناکانی عێراق دەربارەی چەکی ئەتۆمی و بایلۆجی چۆن گەورە دەکرد. بۆدروستکردنی

هەستکردن بەتـاوان، هاونیشـتمانیانی هانـدەدا بـۆئەوەی لەدەوری دامەزراوەکـان کـۆببنەوەو بـێلایەن نەوەستن وەک سەیرکەرێک.

## ٢ /٣)واتای بارکراو وکاریگەری لەبواری ڕاگەیاندا:

هەنـدێک لەهۆیەکـانی ڕاگەیانـدن نوسـراو و بینـراو و بیسـتراو لەگەڵ هەسـتی وەرگـر یەکـن هەوڵـی بەهەڵەبردنی بیر و لۆجیکیان دەدەن. ئەو هۆکارانەی کە ئەم کارانەی پێ ئەنجام دەدەن هەڵبژاردنی ئەو وشـانەن کەلە هەست وسۆزیاندا سـەدای هەبێت، چونکە ئەم وشـانە ئەو ئامانجـانەی ئەوان کۆششـی بـۆدەکەن جـێ بەجێیـان دەکەن. کـاریگەری لەسـەر وەرگرەکـان هەیە و ڕایاندەکێشـن بـۆلای ئەو بیروبۆچونـانەی کە پێشکەشـیان دەکەن، بەڵام ئەگەر نمایشـکردنی بیروبۆچونەکـان بەشـێوەیەکی ئەبستراکت بێت ئەوا پێویسـتی بە بەڵگەو سەلماندنی بیریی هەیە، بەڵام بەجەختکردنە سەر واتـای بارکراو باشترین ئامرازە بۆجێبەجێکردنی ئامانجەکانیان، ئەم ڕێگـایە باشـترین ڕێگـایە بـۆئەوەی بچنە لاشعوری خەڵکی. هۆکارەکی کـاریگەرە بـۆ ڕاکێشـانی بۆچـونی گشـتی لا وەعـی. هەرچەنـدە ئەو بیـرو بۆچونانە سەرەتایی بن کە لەدەزگـا ڕاگەیانـدنەکان پێشـکەش دەکـرێن، ناڕاستیشـیان تێـدا بێـت، بەڵام لایەنە سۆزداریەکەی پاڵپشتە بۆ سەرکەوتن و بەهێزکردن وکاریگەری. (محمدمحمد٢٠٠٧:٢٢٤)

جێبەجێکردنـی ئەم کـارە پێویسـتی بەکـاریگەرییە، کە ئەو هەڵگیـراوە کەڵەکەبـوانەی لاشـعوری کـۆمەڵ بجوڵێنێ و بیانهێنێتە ڕووی شعورو زەقیان بکاتەوە. هەڵبژاردنی کاریگەری گونجاو بۆ ئەم کارە گران نیـیە، ئەگەر نەگەیشـتبێتە قـولایی زانیاریەکـانی شـعور. ئەوشـێوازەی دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن بەکـاری دەهێـنن پێـی دەڵـێن پڕوپاگەندە(الـدعایە). گرینگتـرین ڕێگاکـانی پڕوپاگەنـدە بەکارهێنـانی وشـەکانی زمانە بە ڕێگای سۆزداری، دڵنیایی قسەکە لەوەیە کە ئەوەی دەیڵێت لەکات و شوێنی دیاریکراو بێت بۆ بەدیهێنـانی ئامـانجەکەی. گرینگتـرین جۆری پڕوپاگەنـدە و ترسـناکترینیان، ئەوەیە کە گەواهیـدەری نەبێت و شاراوەبێت. گرینگترین هۆکاریش بۆشاردنەوەی بەکارهێنانی ئەو وتانەن کە بارگاوین بەسـۆز. هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدن هەڵدەسـتن بە قۆسـتنەوەی ئەو هێـزی ڕەنگـدانەوەیەی زمـانی دیـارو ئاشـکرا بۆکـۆمەڵێکی ڕۆشـنبیر، کە ئەمـانەش ژمارەیـان کەمە، هەمـوو کاریگەریەکـان ڕەتـدەکەنەوە بەحـوکمی شـارەزاییان لەو ڕێگایـانەی کە بەکاریانهێنـاوە، لەڕاسـتیدا دروسـت بـونی کـاریگەریەک لەدوو بـاردا دێـتەدی، یەکێکیـان ئەوەیە کەهۆکارەکـان نـازانن، دووەمیـان ئەوەیە کەشـارەزاییان لەهۆکارەکـان هەیە. کاریگەریەکە لەهەردوو بارەکەدا دەبێت، لەبەرئەوەی گفتوگـۆی لەوجـۆرە تجـاوزی بیـری گوێگردەکـات، یەکسـەر دزە دەکـات بـۆ بیـری نـاوەوە هەتـا وشـەکان دووبـارە بکـرێنەوە بەرەبەرە دزەکـردنەکە زیـاد دەکات،(بۆماوەیەک، بەرد بەرگەی ئەودڵۆپە ئاوانە دەگرێت کە بەردەوام پێی دەکەون، دواتردەبێت خۆی بە دەسـتەوەبدات). دیـاردەی بەکارهێنـانی وشـەی سـۆزداری بۆئامـانجی پڕوپاگەنـدە، بـۆئەوەیە بـرەو

بەکەل وپەلە بازرگانییەکانی بدات. بە بەکارهێنان و هەڵبژاردنی ئەو وشانەی کەکاریگەریان لەسەر خەڵک هەیە پەیوەست بەکەل و پەلەکان، ئەو وشانە هەڵدەبژێرێ کە زانراو و دیارن و سەرنج ڕاکێشن لەلای خەڵک. چەندی وشەکان سەرنج ڕاکێشبن لەلای خەڵک کڕیاریان زیاتردەبێت و بەپێچەوانەشەوە. بۆنموونە ماوەیەک لەبازار جۆرە قەسپێک هەبوو پێیان دەگوت (کوردکوژ)خەڵکی لێی دوردەکەوتنەوەو نەیان دەکری بەهۆی ئەوەی وشەی(کوشتنی)پێوە لکابوو خەڵکی لێی دەترسان و نەیاندەکری. بە لەبەرچاوگرتنی بەکارهێنانی زمانی سۆزداری کە بۆ نیەتی چاک یان خراپ بێت، هۆکاری دڵنیابوون لەکاریگەری وشەکان تەماشای ڕاستیە دەرەکییەکانی وشەکان دەکەین، کەبۆ فێڵکردن بەکارهێنراون، هەروها بیرکردنەوە لەمانای بابەتییان،لەبەرچاونەگرتنی واتا بارکراوەکان. (روبرت ثالوس١٩٧٩:٢٦)

- **ئاگاداری**: هەندێ دەرکەوتنی بەکارهێنانی قسەیە بۆجێبەجێکردنی ئامانجە دیاریکراوەکان، کە گرینگترینیان سەرنج ڕاکێشانە لەچوار چێوەی بابەتێکی دیاریکراو بەرەونەقکردن و حەزکردن لێی. زمانی ئاگاداری گفتوگۆیە لەگەڵ کەلوپەل و هەستەکان، جیاوازە لەبابەتی ئاگاداری بۆکراو. ئەو قسەی بۆ ئاگاداری بۆ خواردن یان خواردنەوەیەکە، ئاڕاستەی هەستێکە جیاوازە لەو قسەیەی کەبۆ ئاگاداری بۆسەیارەیەک یان بۆ دەرمانێکە، کاریگەری لەسەر غەریزەیەکە جیاوازە لەکاریگەرییەکی شتێکی تر. دەبێت تێبینی ئەوە بکەین کە زمانی ئاگاداری جیاواز دەبێت بەجیاوازی ژیانی شارستانی. بانگکردنی فرۆشیارەکان جیاوازە بەپێی جیاوازی ئارەزوی کۆمەڵەکان، هەروها ئارەزوی فرۆشیارەکانیش لەزیرەکی و گیان بە بەرداکردن. ئەو کۆمەڵانەی کە حەزبە قسەو بەخۆشی دەکەن لەبانگکردنەکانیان نموونەی باش بۆ کەلوپەلەکان دەهێننەوە، بەڵام ئەوانەی کە حەزیان بەقسەکردن زۆر نییە خۆیان بەگەورەو بەهەیبەت دەزانن، کەمتر بەخت یاوەریان دەبێت بۆداهێنان لەوبوارە. بۆنمونە ئەگەر تەماشای میوە فرۆشەکانی سەر گالیسکەکان بکەین کە هاوار دەکەن و هەر میوەیەک بەناوێکی خوازراوەوە بانگ دەکەن بازاریان باشترەو زۆرترین کڕیار لەدەوریان کۆدەبێتەوە، وەک لەوەی دوکاندارێک لە دوکانەکەی خۆی دانیشتوەو بانگ ناکات. بانگ کردنەکان زۆرتر لەشێوەی وشەی کێش وسەروا دار ڕێکخراون و مۆسیقین و هەمووکەس تێیاندەگات.

- ئاگاداری بیستراو لە ڕادیۆ، وەک ئەو ئاگاداریە نییە کە فرۆشیارەکان بۆ کاڵاکانیانی دەکەن، زۆربەی کات زۆر جدیەتی تێدانییە، زۆرتر وێنەی گفتوگۆ وەردەگرێت لەنێوان دووکەس یان زیاتر کەلەگەڵیدا مۆسیقایەک لێدەدەن، هەموو گفتوگۆیەکان لەشێوەی گۆرانی یان مەنەلۆج دەبێت.

- ئاگاداری نوسراو،ئەوانەی کەلەسەر ڕووی کۆگاکان دەنوسرێن،یان لەسەر کاغەز چاپدەکرێن کە بەسەر خەڵکیدا دابەشدەکرێن یاخود لەسەر ساڵنامەکان یان لەسەر ڕۆژنامەکان وگۆڤارەکان چاپدەکرێن. زمانی نوسراو دواندنی چاوە، بۆیە پشت بەخەتەکە و ڕەنگ و وێنەو زەخرەفەو ڕوناکی دەبەستێ.

ئاگاداریەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارو سینەماو تەلەفزیۆن، قسە بەشێکە لێیان، بەڵام هەموو شتێک نییە، وێنە و ڕەنگ و ڕێککەوتنیان لەگەڵ نوسینەکان واتای خۆیان هەیە.

(محمود سعران ١٩٥٨: ٦٠)

ئاگاداری لەڕێگای سینەماو تەلەفزیۆن، توانای تایبەتی دەوێت، کاتێک کە قسە و وێنە پێکەوە کۆدەبنەوە دەبێت هونەری قسەیی وێنەگرتن ونواندن وگۆرانی بقۆسترێتەوە ئەوەندەی کە لە توانادا هەبێت. لەو ئاگاداریانەی کە وێنەی لەگەڵدایە مەرجە کە وێنەکە لەگەڵ بابەتەکە بگونجێت.

## ٢ /٤) بەلاڕێدابردنە بەڵگەییەکان:

بەواتای بەڵگەی ناڕوون(ناڕاست)دێت،گرینگترین شێوازەکانی بەلاڕێدابردنی بەڵگەیی بریتین لە:

(سلوی شرفی ٢٠١٠:١٣٣)

١- دژیەکی گوتەیی: ئەم گوتنەی کە قسەکەر تیایدا ڕاستی لۆجیکی بەبەرچاوەوە ناگرێت، وەک یان باران دەباریت یان ناباریت.

٢- دژیەکی ڕەوشتی: کارەکی ئەمەش لەدژیەکی قسەکانی قسەکەرو و کردەوەکانی خۆی دەنوێنێ، یان لەدژ وەستانی شتێک کە خودی خۆی دەکەوێتە ناویەوە. بۆنموونە:

کاتێک وتارێک لەرۆژنامەیەک دەردەچێت، نوسەرەکە و سەرچاوەکەی نادیارن. نوسەرەکە هێرش دەکاتە سەرکەناڵێکی ڕاگەیاندن وتانەی لێدەدات، بەپشتبەستن بەسەرچاوەیەکی نادیار، لەگەڵ ئەوەی کە وتارەکە بەڵگەیەکی واقعییە،ڕاستی ئەم وتارە دەبێتە تەرازو. کەموکورتی ڕەوشتی ئەم کارە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە گوێگر پرسیار لەڕاستی مەبەستی دواوەی بلاوکردنەوەی وتارەکە بکات. کە ئەمە هەواڵە یان پڕوپاگەندەیەکی ڕەشە.

٣- بەڵگە هێزدارەکان: ئەمجۆرە لە ڕەوشتێکی دیاریکراوی قسەکەردا دەردەکەوێت، کاتێک کە هەڕەشەی واتایی یان بەدەنی دەکات. بۆنموونە(ئەو کارە بکە، ئەگینا لێت دەدەم)ئەمە بەزۆری لەگوتاری سیاسی و پەروەردەیدا دەردەکەوێت. ئەمە ناکرێت لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا چاپ بکرێت، کە یەکێک لەژێر زەبروزەنگ بڵێت ئەوشتەم بۆبڵێ یان وامەڵی، بەڵام ئەو تاوانبارانەش کەئاسایشی نەتەوەیان پێشێلکردوە لە هەندێک وڵاتدا لەژێر ئەشکەنجەدا دان بەتاوانەکانیان دەنێن یان بەزۆر دانیان پێدادەنێن، کە دەیانهێننە بەردەم ڕاگەیاندنەکان دان بەتاوانەکانیان دەنێن و شوێنی ئەشکەنجە دانەکەشیان پێوەدیارە.

٤- بەڵگە هێنانەوە بەنەزانی: ئەم جۆرەبەڵگەیە بەشێوەیەکە، کە بەبەڵگەی بەهێز دەمی گوێگردەگرێ، ئەویش ئینکاری ئەو بەڵگەیە دەکات. بەلاڕێدابردنەکە ئەوکاتە دەبێت کەلەکاتی قسەکردنەکە بەڵگەی ڕەتکردنەوەی بەرانبەرەکەت پێ نییە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت بەڵگەکەی ئەو ڕاستە.

بۆنمـوونه هەنـدێ کەس دەڵـێن ئەمریکیەکـان نەچـوونەتە سـەرمانگ داوا لەبەرانبەرەکانیـان دەکەن بەڵگەیان پێشکەش بکەن.

٥- پێـوەری هەڵە ئـامێز: پێـوەری هەڵە لەوەدا خـۆی دەبینێـتەوە، کاتێـک کە وتەیەک بەشـێوەیەکی گشتی دیاری دەکرێت، قسەکە دیاری نەکراوەو لەلێکدانەوەیەک زیاتر هەڵدەگرێت و بەڵـگەکەی لاوازە یان نییەتی.

٦- نەبوونی سەرچاوە: ناڕۆشنی یان لاوازی، بەڵگەکە لاوازدەکـات، ئەمـەش تـایبەتیەتی پڕوپاگەنـدەی ڕەشە. ئەمەش هەندێک لەو بەڵگە نارِوونانەی کە بەتەکنیکی زمانی تـایبەتی و وەرگیـراو لەلۆجیـک دەکرێت.

ا- نمونەی نارِوون بەزمانی زبر: ئیـدارەی ئەمریکـی ڕەتـی کـردەوە، کە بەڵـگە هەبـوونی چەکـی کۆکـوژ لەلایەن عێـراقەوە پیشـکەش بە ئەنجـومەنی ئاسـایش یـان پشـکنەرانی وڵاتە یەکگرتوەکـان بکـات. وەزیـری بەرگـری بەوەنـدە وازی هێنـا: کەنەبـوونی بەڵـگە ئامـاژە نیـیە لەسـەر نەبـونی ئەم چەکـانە لەلایەن عێراقەوە.

ب- نارِوونی بەتەکنیکی شاردنەوە.

ت- نارِوونی بەوێنە. (سلوی شرفی ٢٠١٠: ١٤٠)

## ٢ /٥)زمانی ڕاگەیاندن وبەکارهێنانی سیاسی:

کاتێـک قسـە لەسـەر زمـانی ڕاگەیانـدن دەکرێت، پێویسـتە بـاس لە بەیەکداچونی هەریەک لەزمـان و ڕاگەیاندن بکرێت. بۆ ئەوەی لەهەر سیستمێکی سیاسی بگەیـن، پێویسـتە لەو چەمکـانە بگەیـن، کە ئەو سیسـتەمەی دروسـتکردوە. بۆتێگەیشـتن لەژیـانی سیاسـی کـۆمەڵ، ولیـام کـونی دەڵێـت: ( لە سـەرپیاوەکان پێویسـتە لەو چەمکـانەی ئەو سیسـتەمە نـاوەکییەی کە لەنـاخەوە ژیـان دەجوڵێنی تێبگەن ). (Ray Harlow2:2002)

ڕاگەیانـدن هەر لەگەشـەکردنییەوە، بەسیاسـەتەوە بەسـتراوەتەوە، تـا وای لێهـاتووە کە پچڕانـی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان بووە بەشتێکی مەحاڵ، دەبێت لەو دووهێڵە تەریبە ڕاگەیاندن و سیاسەت و ئەو پەیوەنـدیە هاوبەشـەی نێوانیـان بـدوێین، چـونکە ڕێ بزری(التظـليل)ئامـانجی سیاسـییە، ڕاگەیانـدن هۆکارێکی نموونەییە بۆ بڵاوکردنەوەی. لەبەرئەوەی ڕاگەیانـدن زمـانە، بـۆیە زمـان لەم بەلارێدابردنەوە تێـوەدەگلێ، بەمشـێوەیە قسـە لە ڕاگەیانـدن و زمـانی ڕاگەیانـدن و سیاسـەت و بەلارێدابردن، دەبێـت قسە لەسەر هەر چواریان پێکەوە بکرێت. سیاسەت یەکێکە لەگۆرەپانە کراوەکانی بەکارهێنانی زمـان، تاکو کاری بیری سیاسی لەدوای دەرگا داخراوەکاندا بڕوات، ئەوا وەکو سیاسـەت دەمێنێـتەوەو ناگـاتە بەدەرکەوتـن، بەڵام تەنهـا بەدەرچـونی یەک ڕاگەیانـدنی سیاسـی یـان بڵاوکـردنەوە و دابەشـکردنی یەک بەیانی سیاسی،سیاسەت دەگۆڕێت بۆ ڕاگەیاندن.لەزمانی سیاسەتدا ئادابی گەیاندن بەشێوەیەکی ڕوون

دیاردەبێت کاتێک کەباس لەهەڵوێستێک، یان بیرێک یان بۆچونێـک دەکرێت، بەبێ ئەوەی گرینگی بەلایەنگیری بدات، دەگۆڕێت لەگەڵ گۆڕانی بارە بابەتیبەکان، کەسیاسەت و زمانەکە و ڕاگەیاندنەکە داوەری لێ دەکەن:

١- لەگوتاری پڕوپاگەندەیی: زمانەکە هەڵبژێربیە، نەخشە بۆدارێژراوە لە ڕێکخراوە هەڵبژێریەکانیانی تر، یەکتری تەواودەکەن .

٢- لەگوتاری ناڕۆشنی سیاسی – ڕاگەیاندنی: بەکارهێنانی زمان بەکارهێنانێکی زیاتر داهێنەرانە و گیان بەبەرداکراوەو زیندوە(حیویە).

٣- لەگوتاری شەڕانگێزیدا: زمان جارێک چەکێکی تکتیکیە، جارێکیش بۆهێرشبردنە.

٤- لەگوتاری ئاشتەواییدا:زمان بەشێوەیەکی جوان بۆچارەسەری کێشەکانە،بەکارهێنانی هەموو ئەم شارەزاییانە لەگۆڕانی زمان،توانایی سیاسەتەکە یاری بەزمان دەکات،بۆئەوەی ڕایەڵەی ئایدۆلۆجیەتەکەی خۆی پێ ڕێکبخات،بۆ ئەوەی گوزارشتی باش و ئاراستەکراوی حیزبەکەی بگەیەنێت.لەسیاسەتدا زمان کەمترین وێنە جوانەکانی خۆی وەردەگرێت،بەلاّم وەکو خەزنەیەک وایە بۆ بەرهەمهێنانی ڕەهەندەکانی تری گەیاندنی وتاری سیاسی.خەتەرتر لەزمان ئەو وتارەیە کەزمانی فێڵکردنە کەلە شتێک دەدوێ بۆکاراکردنی شتێکی تر.بەهێزەکان زۆرتر قسەلەسەر ئاشتی دەکەن،لە هەمان کاتدا نەخشە بۆ شەڕ دەکێشن.بەشەڕ دەڵێن تێکۆشانە لەپێناو ئاشتی.(علی ناصر ٢٠٠٩:١٠٠)

زۆر جار گوێمان لەو وتەیە دەبێت، کە دەڵێ زمانی ڕۆژنامەنوسی زمانێکی ئاسانە، چونکە بۆ هەموو خوێنەرێکە وەکویەک بەبێ جیاوازی، هەرچەندە ئاستی زانیاریشیان جیاواز بێت. ئەمە قسەیەکی تا ڕادەیەک لەڕووی ڕوخسارەوە ڕاستە. ئەم هەڵسەنگاندنە تایبەتە بە کاری بەکارهێنانی زمان لە دەقێکی ڕۆژنامەیی، یان ڕاگەیاندندا، بەلاّم ئەگەر بارێکی تایبەتی یان هەڵوێستێکی سیاسی بخوازێت، ئەوا دەزگای ڕاگەیاندن زیرەکی، یان چاوکراوەیی زمانی بەکاردەهێنێ، ئەو چەمک و زاراوانە بەکاردەهێنێ کە بگونجێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو بارە. هەندێ جار زمان دەمامکی لەبەردەکرێت وئەوەی ڕاستیە نایدرکێنێت، هەندێک جاریتر زمان بەش بەش دەکرێت، تاکو لەوتنی ڕاستیەکان تێوەنەگلێ کە وتنیان داهاتوی خراپی دەبێت. لەزۆر باردا گشتاندن بۆ بۆچونی گشتی ئەوانەی لەچوار دەوریاندان دەکات، گەلێک جاریش وێنەیەکی شێوێندراوی واقع نیشاندەدات، گەلێک جاریش ڕاستییەکان دەکوژێت و لەجێگاکانیاندا ناڕاستیەکی دیار دادەنێت.

## ٢ /٦)لاگیری لەڕاگەیاندندا:

زۆرجار ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەوەتاوانباردەکرێن، کە لایەنگیرن، یان پێیان دەوترێت ڕۆژنامە یان کەناڵی سێبەر. یۆهان ینکۆفسکی دەڵێت((زانیاریی بابەتی، تەواو نییەو ناتوانرێ

ئەنجامیش بدرێت، چونکە ڕاستی بەگوێرەی بیردۆزەکانی بابەتی نییە، بەڵام ناشێ نکۆڵی لێبکرێت، بۆیە بابەتی و لایەنگیری دوو شتی دژیەکنین، بەڵکو وەکیەک گونجاون، جا لەو پێناوی ئەوەی کەبابەتی بین دەبێت لایەنگیر بین)) (عبدالواحید مشیر ٢٠٠٤:١٢٥)

یەکێک لەو ڕیگایانەی کە لایەنگیری لەڕاگەیاندندا دێنێتە دی. لەڕێگای وتەی کاریگەرەوەیە، کەقسەکەر هەست وهەڵوێستی بەرانبەر دیاردەیەک دەردەبڕێت. هەندێک جار لایەنگیری لەڕیگای وشە هاوواتاکاندا دەبن، کە لە واتای هۆشەکیاندا یەکسانن ولەواتای کاریگەریاندا جیاوازن. بۆنموونە: ئاژاوەنانەوە:خۆپیشاندان/ ئیسلامی:موسڵمان/ هەرەس:نسکۆ/ قەسابخانە:ڕووداوی کوشتن.

- هەست وروژاندن: لەهەست وروژاندندا مەبەستی قسەکەر، دروستکردنی هەست وهەڵوێست و ئارەزویەکی تایبەتیە لەلای گوێگر، کاریگەریکردنە سەر مرۆڤ و وروژاندنی پەیوەستە بەپێویستیەکانی کەس وجەماوەر بەپێی هەرەمەکەی ماسلۆ. وروژاندن پەیوەستە بەتێرکردنی پێداویستیەکان بەم شێوانە ڕوودەدات:

١- قسەکەر هەستی خۆی بەئاسایی دەردەبڕێت، بەڵام ئەم هەست دەربڕینە لەگەڵ بیر و بۆچوونی گوێگر دەگونجێ یان ناگونجێ.

٢- قسەکەر خاڵی بێهێزی گوێگر دەوروژێنێ وخۆی هاوهەستی دەکات، بۆئەوەی هەڵوێستێکی لەلا دروست بکات و هانی بدات.

وروژاندن زیاتر بۆگۆڕینی ئاڕاستە دەبێت، چونکە ئاڕاستە سیفەتێکی جێگیری نییە لەکەس و کۆمەڵگاو بریتیە لەکۆمەڵێک چەمک و بیروڕاو نەریت کەبەستراوەتەوە بەدەوروبەرێکی دیارو دوو جۆری هەیە:

ا- ئاڕاستەی باش: ئەم جۆرە ئاڕاستەیە بۆ بەرژەوەندیی گشتی و خزمەتکردنی گەل ونەتەوەیە. وەک پەروەردەکردنی هاونیشتمانی چاک وتەبایی و نیشتمان پەروەری وکاری خێرخوازی.

ب- ئاڕاستەی خراپ: بۆئامانجی گلاو و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵ ودابەزاندنی ورەو ...هتد. کە لەبەرژەوەندی قسەکەرە، وەک ئەو وروژاندنەی لە پڕوپاگەندە و شەڕی دەروونییدا هەیە، کە ڕاستییەکان لەپاڵ وشە و زاراوەی بریقەداردا دەشێوێنێ لەبارودۆخێکی نادیاردا. (سەرچاوەی پێشو).

- هەست دەربڕین: یەکێ لەئامانجەکانی قسەکەر هەست دەربڕینە، کەقسەکەر دەربارەی خۆی دەدوێت بەرانبەر بەکەس و ڕووداو ودەوروبەر، جا بەشێوەیەکی ڕاست بێت یان خۆی وابنوێنێت، کە خاوەنی ئەم هەستەیە. بەزۆری لە سەر وتاری ڕۆژنامەکاندا بەدیاردەکەوێت .

ا- هەستی ڕەسەن: ڕەنگدانەوەی ڕوون و ڕاستەوخۆی هەڵچونێکە، لە دەرون و ویژدانی قسەکەر هەڵدەقوڵێ بەمەبەستی هەست دەربڕین.

ب- هەستی خوازراو: قسەکەر خۆی وا دەنوێنێ کەخاوەنی ئەم هەستەیە، واتە خۆی بەشدارییەکی ڕاستەقینەی تێداناکات، بەڵکو تەنها بۆمەبەستی هەست وروژاندنە.
(هەریەک لەم دووهەستەش بۆسەر لەنوێ بنیات نانەوەی مرۆڤ بەکاردێت، کەسەرەتاکەی بەکاریگەریکردنە سەر بیرو هۆش دەست پێدەکات). (اسکندرالدیک ومحمد مصطفی ١٩٩٣:٧٦)

## ٢ /٦- ١)لاگیری لەم شێوانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١- لاگیری لەبژارو لاداندا: لەڕۆژنامەکاندا ئەوەی دەیبینین، ڕووداوەکان نیین دەدوێن، بەڵکو بڕیارە پێش وەختەکانی ڕۆژنامەکان بۆ ئاڕاستەکردنی بەڵگە و زانیاریەکان بەرەو ئەو بڕیارو ئامانجە دەچن کە ڕۆژنامەنوس مەبەستیەتی. ئەم لادان و بژارکردنانە بۆخستنە ئەستۆی بەرپرسیاریەتی یان سڕینەوەی بەرپرسیاریەتی لەلایەنەکان کراوە.
٢- لاگیری لەڕیی جێگۆرکێ پێکردنەوە: جەختکردنەوە/بەراییدان لەلاپەرەکاندا،کامانە ڕووداو کەوتوونەتە پێشەوە کامەیان گەورەترین سەردێری بۆدانراوە، کە ئەم جیگۆرکێ پێکردن یان خەختکردن کاردەکاتە سەر هەستی کەسەکان کەچی گرنگە.
٣- لاگیری لەسەر دێرەکاندا: هەندێ لەسەر دێرەکان دەکرێ فریودەر بن، لەو ڕووەوە کە مەبەستی سەرکییان قۆزتنەوەی سەرنجی خوێنەربێت.
٤- لاگیری لە وێنەکاندا: وێنە مەبەستدارەکان دەتوانن بەتەواوی دەوروبەری ڕوداوەکە بگۆڕن.
٥- لاگیری لەبەکارهێنانی زماندا: بەکارهێنانی جیاوازی زمان، دەتوانێ هەستی بەتەواوی جیاواز لەسەر کەسێک یان ڕووداوێک دروست بکات، لەمشێوازانە دەبینرێت:
ا- لاگیری لەبەکارهێنانی ناوەکان و نازناوەکاندا.
ب- بژاری وشە.
٧- لاگیری لەژمارەو ئامارەکاندا.
٨- لاگیری بەهۆی دووبارەکردنەوەوە. (صباح ڕەشید وڕحیم سورخی ٢٠١٣:٥٢)

## ٢ /٧)لێکەوتەی ئاخاوتەیی:

لێکەوتەی ئاخاوتەیی یەکێکە لە بابەتە سەرەکیەکانی پڕاگماتیک، کە خەسڵەتی کورتبڕی تێدایە، واتە ئەوەی کە وتراوە زۆرکەمترە لەوەی کە مەبەستە، قسەکەرونوسەر لەئاخاوتن و نوسینەکانیاندا بۆگەیاندنی مەبەستەکانیان گرینگییەکی زۆر بەم بابەتەی پڕاگماتیک دەدەن. گرینگی لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەدەربڕینی چۆنیەتی گونجاوی واتاو مەبەستەکاندایە، کە تاچەند گوێگرو خوێنەر پەی بە واتا شاراوەکان دەبەن. قسەکەر کاتێک مەبەستێک یان پەیامێکی هەبێت، لەڕێگەی ئاخاوتنەوە

دەیگەیێنێتە گوێگر، بەڵام زۆر جار قسەکەر کە وتەیەک دەردەبڕێت زۆر زیاتر دەگەیەنێت لەوەی کە دەیڵێت، گوێگریش کە وتەکە دەبیستێت گریمانەی ئەوەدەکات، کەقسەکەر هاریکارە و دەیەوێت شتێک بگەیەنێت، ئەوشتەش دەبێت زیاتر بێت لەوەی کە وگوتنکە نیشانی دەدات، ئەو واتا زیادەیە پێیدەگوترێت لێکەوتە. (Yule 2011:35)

کەواتە لێکەوتەکان، ئەو واتایانە دەگرێتەوە کەلەلایەن قسەکەرەوە درکاوەو دەیگەیەنێ، بەڵام بەشاراوەیی، نەوەکو ئەوەی کە بەئاشکرا گوتراوە. (محمد محمد ٢٠٠٤:٤٨)

لێکەوتەکان شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئاخاوتنن، بەتایبەتی ئەو زانیاریانەی کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاون. واتە دەرەنجامی ئەوشیکردنەوەو لێکدانەوانەن، کە گوێگر لەئاخاوتنەکان بەدەستی دەهێنێت، پێی دەگوترێت لێکەوتەی ئاخاوتەیی.

گرایس، لەپێش تیۆری بنەماکانی هاریکاریکردن دوو جۆر واتای دیاریکردوە:

١- واتای سروشتیnatural meaning: وەک هەور نیشانەی بارانە.

٢- واتای ناسروشتی non-natural meaning: مەبەستی پەیوەندیکردن دەگرێتەوە.

گرایس مەبەستی قسەکەرو لێکەوتەی ئاخاوتەیی بە بەشێک لە واتای ناسروشتی داناوە. قسەکەر و نوسەر مەبەستەکەیان بەشێوەی شاراوە دەردەبڕن، بەڵام گوێگرو خوێنەر دەبێت لەمەبەستەکە بگەن، ئەگەر لەمەبەستەکە نەگەن ئەواکردەی گەیاندن نایەتەدی.

گرینگی لێکەوتەی ئاخاوتن لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

ا- گرینگی لێکەوتە لەوەدایە، کە ڕاڤەی توانای قسەکەر دەکات، بەوەی کە ئەو واتاو چەمکەی دەیگەیە نێت زۆرلەوە زیاترە کە دەیڵێت.

ب- دەتوانێت ئاسانکاری لەوەسفی بونیادی واتاییدا بکات.

ت- پشت بەستن بەژمارەیەکی کەم لەبنەما دەتوانێت وتەی زۆرو جۆراوجۆر ڕاڤە بکات.

(عومەرمحمود ٢٠٠٩:٤ )

چەمکی لێکەوتە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کەچۆن زمان بەکاردەهێنرێت، بەباوەری گرایس زمان چالاکیەکی هۆشەکیەو ئامانجی هاریکاری کردنە لەنێوان هاوبەشەکاندا. هەروها دەڵێ، ئێمە لەئاخاوتندا لەڕێگەی بنەمای هاریکارییەوە بەواتای هاوبەش دەگەین، کە هەموو قسەکەرێک لەهەر کۆمەڵگایەکدابێت، پەیرەویدەکات. (محمدمعروف٢٠١٠:٤٢٤)

ئەم بیرۆکەی لەلای گرایس شێوەی بنەمایەک وەردەگرێت وناوی ناوە بنەمای هاریکاری کە دەڵێت: ((باگوتنەکەت هێندەبێت و لەوکات و شوێنەدا بێت و بەوجۆرە بێت کە پێویستی تێگەیشتن دەیەوێت))گرایس ئەم بنەماگشتیەی هاریکاری لەچواربنەمای ورد تردا داڕشتەوە کەبریتین لە: (Grice1997:45)

١-بنەمای چەندێتی: باگوتنەکەت ئەوەندە بێت لەبڕدا، کەپێویستە، نەزیاترو نەکەمتر بەگوێرەی ئەم دوو یاسایە:ا- بەشداری بەگوێرەی پێویست بێت.

ب- بەشداری زیاد لەپێویست نەبێت.

٢- بنەمای چۆنیەتی: باگوتنەکەت ڕاست و دروست بێت، بەپێی ئەم دوو یاسایە.

ا- شتێک مەڵێ، کەپێت وایە نادروستە،یان بڕوات پێی نییە.

ب- شتێک مەڵی، کە بەڵگەی ڕوونت لەسەری نەبێت.

٣- بنەمای پەیوەندی: گوتنەکە دەبێت، بۆ ئەوشوێنە بشێت کەتیایداهاتووە. واتە بەشداری کردنەکەت پەیوەست داربێت بەبابەتەکەوە، نەوەک بابەت بگۆڕیت.

٤- بنەمای شێواز: قسەکردنەکەت دەبێت شێوازێکی ڕوون وئاشکرای هەبێت، بەپێی ئەم یاسایانە:

ا- دوربکەوە لەدەربڕینی لێڵ.

ب- دوربکەوە لەفرەواتایی و هاوبێژی.

ت- کورت بڕبە.

ث- گوتنەکانت ڕێکخراوبن.

بنەمای هاریکاری و بنەما وردەکان ڕێنماییین ونەریتی ئاخاوتن دیاری دەکەن، بەڵام وانەی ئاکاری نیین ئەگەر قسەکەران پێویستیان بێت دەتوانن زۆر بڵێن و درۆبکەن و ڕوداوەکان ڕیز نەکەن و لەبابەت لابدەن، واتە قسەکەر مەرج نییە ئەو بنەمایانە پیادەبکات، بەڵام گوێگر چاوەڕێی ئەوەی لێدەکات، کەبنەماکان نەبەزێنێت. (محمدمعروف٢٠١١:٢١٥).

لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەئەنجامی بەزاندن و پێکدادانی بنەماکانی هاریکاریەوە دێتەکایەوە.

## <u>٢ /٧- ١)تایبەتیەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی</u>:

گرایس هەندێک تایبەتمەندی لێکەوتەی ئاخاوتەیی دیاری کردووە کە ئەمانەن:

١- توانای پاشگەزبونەوە(سڕینەوە)cancellability: دەتوانرێت لێکەوتەی ئاخاوتەیی بسڕێتەوەو هەڵبوەشێتەوە، ئەمەش بەپێشکەشکردنی زانیاری زیاتر دەبێت، کە بەزۆری لەدوای دەستەواژەی(لەڕاستیدا)دێت.

٢- توانای جیانەکردنەوەnon-detachability: لەبەرئەوەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی پەیوەستە بەواتای گەیەنراو، نەک بەشێوەی زمانی، بۆیە بەهیچ شێوەیەک ناکرێت لێکەوتە لە وتە(atterance)جیابکرێتەوە. دەستنیشانکردنی لێکەوتە دەکەوێتە ناو ئاستی نواندنی واتاییەوەو شێوەی لۆجیکی. لێکەوتە لەڕۆنانی سەرەوەی وتەیەک بەدەست دێت، کە ڕوون نەکراوەتەوەو پەیوەندی بەمەرجی ڕاستیەوە نییە.

٣-توانای ئەژمارکردنcalculability:دەتوانرێت بەڵگەیەک یان بەهانەیەک بۆلێکەوتەکە بهێنرێتەوە ئەمەش بەگواستنەوەی لەواتای ئاسایی(حەرفی)وتەکان بۆ ئەو لێکەوتەیەی کەمەبەستە، ئەمەش بەپشت بەستن بەبنەمای هاریکاری و بنەماوردەکانی دەکرێت. (عومەر مەحمود٢٠٠٩: ٢٤)

٤- لێکەوتەی ئاخاوتەیی نانەریتییەnon-conventional: واتە بەشێک نییە لەواتای نەریتی وشەکان و بەگەرخستنی زانیاری دەربارەی دەوروبەری گوتنەکەو بەئاگابوون لەبنەمای هاریکاری ئینجا بەدەست دێت، ئەوەی دەیسەلمێنێت کە لێکەوتەی ئاخاوتەیی نانەریتییە، ئەوەیە کەلێکەوتەی ئاخاوتەیی لەو وتانەش دەکەوێتەوە کەنادروستن(درۆن).هەروەکو لە درکەو خوازەدا دەبینرێت.

٥- توانای هەڵواسینsaspended: قسەکەر دەتوانێت بەبەکارهێنانی گوزارشتی وەک(بەلانی کەم) لێکەوتەی ئاخاوتەیی بە هەڵواسراوی بهێڵێتەوە.

٦- بۆ هەڵهێنجانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی پێویستمان بە ڕامان و بیرکردنەوە هەیە.

(محمدمحمد٢٠٠٤: ٤٣)

٧- قسەکەر دەتوانێ بەپێشکەشکردنی زانیاری زیاتر جەخت لەسەر لێکەوتە بکاتەوە.

**٢ /٧- ٢ )جۆرەکانی لێکەوتەی ئاخاوتەیی**:

گرایس چەند جۆرێکی لە لێکەوتەی ئاخاوتەیی دیاریکردوە بریتین لە:

١- لێکەوتەی ئاخاوتەیی گشتی: ئەم جۆرە لێکەوتەیە پێویستی بەهێنانە ناوەوەی زانیاری تایبەت بەدەوروبەری ئاخاوتنەکەوە نییە، ئەم جۆرەی لێکەوتە پەیوەستە بەو وشە و مۆرفیمانەی لەڕستەکەدا بەکاردەهێنرێن، واتە ئەو کردەیەی مەبەستی گەیاندنەکە جێبەجێدەکات لەرێگای ئەو واتا سنورداریەوەیە، کە مۆرفیم وفرێزی ناو ڕستەکە لەخۆ دەگرێت.

٢-لێکەوتەی ئاخاوتەیی تایبەتی: ئەم جۆرەیان پەیوەستەبە دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە.

ا- هەمیشە لەناو گوتندا دەبینرێت.

ب- بۆلێکدانەوەی پێویستمان بەزانیارییەکی زۆری دەوروبەر هەیە.

ت- لە وشەکانەوە زانیاری بەدەست نایەت، پێویستمان بەزانیاری دنیایی هەیە.

(محمدمعروف٢٠١١: ٢١٧)

٣- لێکەوتەی ئاخاوتەیی نەریتی(تقلیدی): بەپێی ئەم مەرجانە دروست دەبێت:

ا- پەیوەندی بەبنەمای هاریکارییەوە نییە.

ب- مەرج نییە لەئاخاوتندا ڕوبدات.

ت-پەیوەندی بەواتای تایبەتی وشەکانەوە هەیە.

## ٢ /٧-٣) پەرژینەکان:

لەشیکردنەوەی لێکەوتەی ئاخاوتەییدا دیاردەیەکی تری پڕاگماتیکی دەردەکەوێت، کە بە پەرژینەکان ناودەبرێت، باری پەشیمان بونەوەو پاشگەزبونەوە بۆ لێکەوتەی ئاخاوتەییەکە دەرەخسێنێت.

پەرژینەکان،کەرەسەیەکی زمانیین قسەکەر بۆمەبەستی خۆلادان لەبابەتێک،یان ڕەتکردنەوەی داوایەک بەکاری دەهێنێت، بەسروشتکردنی وشەکانە بۆئەوەی قسەکەر ئاشکرابێت لە ڕاکانی یان خۆدزەرەوە بێت لێیان. ( Yule 2011:38)

**- داوای لێبوردن دەکەم بابەتەکە دەگۆڕم،بەڵام وابزانم کاتی نوێژە.**

قسەکەر لەم ڕستەیە دا داوای ئەوەدەکات، کە بڕۆن بۆ نوێژکردن لێرەدا ئامادەبوەکان دەتوانن قسەکەر بەئاگابهێننەوە لەوەی کاتەکەی لێهەڵەبوەو هێشتاکاتی نوێژکردن نەهاتووە، بۆئەمەش قسەکەر پەرژێنێکی بۆقسەکانی داناوەبەهۆی(وابزانم)ەوە کەنیشانی دەدات زۆر بێگومان نییە لەکاتی نوێژەکە.

## ٢ /٨) بەزاندن ولادان:

بەزاندن کاتێک ڕودەدات کە قسەکەر بەئارەزو لەبنەما وردەکانی هاریکاری دەردەچێت، هەرچوار بنەمایەکە لەڕستەیەکدا نایەن و بەلادان وبەزاندنی هەربنەمایەک لێکەوتەی ئاخاوتەیی لێدەکەوێتەوە. گرایس چوار زاراوەی بۆ بنەماکان بەکارهێناوە.

١- بەزاندن violating: کەسی لادەر لەبنەماکان بەلایەوە ئەو لادانەی دەیکات زۆرسەرنج ڕاکێش نییە.

٢- پاشەکشێکردن opt out: ئەم ڕێگایە بۆ ڕوونکردنەوەی تەرزی( pettern )لێکەوتەکەیەوە ئەوە دەردەخات، کە لەوەودوا قسەکەر پابەند نییە بەبنەماکانەوە.

٣- پێکدادان clash: لەم بارەدا دەبێت ئاگاداری ئەوەبین، کە پەیوەست بوین بەبنەمایەکەوە لەبنەمایەکی تر لانەدەین، چونکە هەر لادانێک لەبنەمایەک دەبێتە هۆی دروست بونی لێکەوتە.

٤- flout: لادانە لەبنەماکان و بەتەواوەتی لێکەوتەی ئاخاوتەیی تێدادەبینرێتەوە.

(ئاڤێستا٢٠٠٦: ٧١ )

بەزاندن بەچەند شێوەیەک ڕودەدات:

١- پێکدادانی بنەماکان: ئەم جۆرە بەزاندنە لە ئەنجامی پێکدادانی دوو بنەما دێتەکایەوە.

**- نەسرین کچێکی چۆنە؟**

**- کچێکی باشە و زۆریش دەچێتە دەرەوە.**

٢-فەرامۆشکردنی بنەماکان: ئەمەش بەچەند ڕێگەیەک دروست دەبێت.

ا- بەشکاندنی بنەماکان، ئەمە گوێ نەدانێکی ئاشکرایە بەیەکێک یان زیاتر لەبنەماکان.

**- مامۆستا: تۆ دەزانی من چاک دەزانم تۆ لەکوێ بویت؟**

**- خوێندکار: لە باخەکە دا بووم.**

لەدوایدا دەردەکەوێت، کە ئەوە هەموو ڕاستییەکان نییە، لەوانەیە پێشتر لەوێ بووبێ، واتە بۆشاردنەوەی ڕاستی لەبنەمای دروستی دەرچووە.

ب- بەزاندن بەناچاری: لەم جۆرەدا قسەکەر بنەمایەک دەشکێنێ بێ ئەوەی مەبەستیبێ، واتە لەناچاریدا لەبەر نەبوونی توانای زمانییدا یان لەبەر هەڵچوون ونەخۆشی.

ت- بەدەست کێشانەوە لەبنەماکان: ئەمە کاتێک دروست دەبێت، کە قسەکەر بیەوێ هاریکاری نەکات و بنەماکان بەئارەزوو جێبەجێ نەکات.

- سیاسەتمەدار: بەڕاستی ناتوانم هیچ بدرکێنم، چونکە ئەوەی دەیزانم ناکرێ بڵاوی بکەمەوە.

ث- لەکار خستنی بنەماکان: لەهەندێک باردا بنەماکان لەکار دەکەون واتە قسەکەر بەتەمای ئەوەنییە کەبنەماکان جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوە جێبەجێ نەکردنیان لێکەوتەی لێناکەوێتەوە.

(محمد معروف ٢٠١١:٢١٩)

## ٢ /٨- ١)بەزاندنی بنەماکانی هاریکاری:

١- بەزاندنی بنەمای چەندایەتی: قسەکەر لەگوتندا بڕی زانیاری پێویست نادات، یان ئەگەر بەشداری گوێگر بەگوێرەی پێویست نەبێت،ئەوا ئەم لادانە لە نەزانینەوە نییە، بەڵکو بۆئەوەیە نایەوێت هەستی خۆی ڕاستەوخۆ دەرببڕێ،تا بەرانبەرەکەی زویر نەبێت. (عبدالواحید٢٠١٠:٧٥)

**- مامۆستا لەتاقیکردنەوەکە چۆن بووم؟**

**- ڕێنوسەکەت باش بوو خەتەکەشت زۆر خۆشبوو.**

٢- بەزاندنی بنەمای چۆنییەتی: لەئەنجامی بەزاندنی بنەمای هاریکاری بەتایبەتیش بنەمای چۆنییەتی و شێواز وێنەی ڕەوانبێژی جوان دروست دەبێت. واتە شاعیر و نوسەران بۆئەوەی جوانکاری بەبەرهەمەکانیان ببەخشن ئەم بنەمایانە دەبەزێنن، تەنانەت بەزاندنی بنەمای هاریکاری لەئەدەبدا بە داهێنان و ڕەسەنایەتی دادەنرێت. (عومەرمەحمود٢٠٠٩:١٢)

بنەمای چۆنیەتی لەم بارانەی خوارەوەدا دەبەزێنرێت:

ا- گاڵتە پێکردن وتوانج لێدان.

**- ئاراز کەسێکی ئەمینەو دەتوانی هەموو ئەمانەتەکانی لەلا دابنێی.**

ب- خواستن.

**- خانوەکەی لە فەرمانگە دەچێت.**

ت- دژیەک بوون.

**- خوێندکار:مامۆستا زەوی لەشێوەی چوارگۆشەدایە؟**

**- مامۆستا:مانگیش لەشێوەی سێ گۆشەدایە.**

پ- لەسنور دەرچوون.

- بۆنمونە کەسێک ساتمە لەشتێک دەکات پێی دەڵێن :

**- شەوە!**

ث- زێدە ڕۆیی.

**- مردین لە تێنووتیان.**

- کەمکردنەوە.

- ئەگەر یەکێک کارێکی خراپ بکات و بچوکی بکاتەوە، وەک ئەوەی یەکێک خواردنەوە کهولیەکان **زۆر بخواتەوە،کاتێک کەلێی بپرسی دەخۆیتەوە؟**

**- لە بۆنەکان دەخۆمەوە.**

- درۆکردن.

-ئەگەر برادەرێکت قاتێکی نوێی کڕیبێت و تۆش پێت جوان نەبێت، پێت بڵێت ئەرێ چۆنە؟

**-جوانە پیرۆزت بێت.**

٣- بەزاندنی بنەمای شێواز: قسەکردنەکە بەشێوازێکی لێڵ وتەمومژاوی دەوترێت، وەک بەکارهێنانی وشەی فرەواتاو هاوبێژ. بنەمای شێواز لەم بارانە دادەبەزێنرێت.

- پۆشین.

- وشەیەک دوو واتای هەبێت یەکێکی دورو یەکێکی نزیک، زیاتر واتا دورەکەمان مەبەستبێت .

**- بەسازان سازان سازانم سازان**

**هەتاخۆم سازان سازانیان سازان**

- لێڵی.

- دەربڕینێک زیاتر لەمانایەک ببەخشێت.

**- ئازار لەبیر ناکرێت.**

- درێژ بڕیی.

- بۆگوزارشت کردن لەواتایەکی تایبەت وشەی زیاد بەکاربێت.

**-بەچاوی خۆم بینیم بەگوێی خۆم گوێم لێ بوولەتەلەفزیۆن وتی بەیانی ودووبەیانی وسێبەیانی پشووە.**

٤- بەزاندنی بنەمای پەیوەندی: واتە پرسیاری قسەکەرو وەڵامی وەرگر پەیوەندییان بەیەکەوە نەبێت. زۆر جار ڕۆژنامەکان هەڵدەستن بەپیادەنەکردنی هاریکاری وبەزاندنی ئەمیش بەمەبەستی هەست وروژاندن وسەرنج ڕاکێشان وتوانج لێدان و...هتد.

لەسەر بنەمای پیادەنەکردنی واتای هاوڕێیەتی، دەبێت بەکۆکردنەوەی کەرەستەی نەگونجاو لەگەڵ یەک لەسنوری ڕستەدا، ڕستەی ئاوها دەبێت لێکدانەوەی قوڵی بۆبکرێت، چونکە لەقسەی ئاسایی ناکات، بۆئەم مەبەستە گوێگر قورسایەکی زۆری دەکەوێتە سەر تا لەمەبەست دەگات، ئەمیش لە ڕێگەی پڕاگماتیکەوە دەبێت. (عبدالواحێد ۲۰۱۰: ۸۲)

ڕۆژنامەنوس لەنوسینی ستون وگۆشەکاندا پتر کەڵک لەواتای لێکەوتەی ئاخاوتەیی وەردەگرێت، تەنانەت ناونیشانی گۆشە لەلای ئەو ڕۆژنامەنوسانەی توانستی پڕاگماتیکیان بەهێزە، بەچەشنێکە وەک پرۆسەی گفتوگۆکردن یان ئاخاوتن نییە، کە تیایدا دەوروبەری فیزیکی ڕۆڵی کارا دەبینێت، بەڵکو پەیوەستە بە بیرو بۆچون و باوەڕی دینی وحیزبی نوسەرو خوێنەر، ئەگەر هەردووکیان سەربەیەک بیروباوەڕبن، ئەوا توانای ڕەتکردنەوەی دەقەکە لاواز دەبێت، بەڵام ئەگەر دژبن ئەوا خوێنەر لێکدانەوەی بۆدەقەکە بەپێچەوانەی مەبەستی نوسەربێت، ئەوا ڕەتکردنەوەی بەهێز دەبێت، هەروها دانانی فۆرمەکانی پەرژین، توانای ڕەتکردنەوە بەدەقەکە دەبەخشێت.

(تریفە عومەر۲۰۰۸: ۷۹)

## **۲ /۹)گریمانەی پێشەکی:**

لەباسی گریمانەی پێشەکیدا، تەنها باس لەگریمانەی پێشەکی پڕاگماتیکی دەکەین. گریمانەی پێشەکی پڕاگماتیکی: لەپڕاگماتیکدا گریمانەی پێشینەی ڕستەکان بەشێوەیەکی توند پەیوەستن بەدەوروبەرەوە، پشت بەدەوروبەر دەبەستن. بەواتا هەمان دەق لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا، کە هەڵگری واتایەکی شیاوی کۆمەڵایەتی بێت، لێکدانەوەیەکی دیکەی بۆ دەکرێت.

گریمانەی پێشەکی بریتیە لە هەڵهێنجانی واتایەک لەڕستەیەکی دیاریکراوەوە لەلایەن وەرگری ڕستەکەوە، لەبەرئەوەی وەرگر گریمانەی پێشەکی دەکات نەوەک ڕستەکە. ئەو واتایەی لەئەنجامی گریمانەی پێشەکی کردنەوە بەدەست دێت بەرهەمی وەرگرە، وەرگر بە لەبەرچاوگرتنی دەقی ڕستەو جۆری ڕۆنانی ڕستەو کاری ڕستەکەو دەوروبەری ڕستەکە و زانیاری دیاریکراوی تر گریمانەی پێشەکی دەکات، نەوەک تەنها لە لۆجیکی ڕستەکەوە. (Yule 2011:26)

گریمانە پێشەکیەکان کۆمەڵە زانیارییەکن، کە قسەکەر پێشەکی گریمانەی ئەوە دەکات، کە گوێگر دەیان زانێت وپێویستی پێیان نییە، بۆیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسیان ناکات، بەڵام گوێگر لەپەنای هەندێک زانیاری تری ناو ڕستەکەوە گریمانەپێشەکیەکان یاخود زانیاریەکان دەدۆزیتەوە.

(بەکر عومەر ۲۰۰۰: ۸۰)

گریمانەپێشەکیەکان سودێکی زۆری هەیە لەگەیاندن وئاخاوتندا، بۆنموونە ناتواندرێت منداڵ فێری زانیارییەکی نوێ بکرێت، ئەگەر گریمانەی ئەوە نەکەی کە بنچینەیەکی هەیە، کەلەوێوە دەست

پێدەکەیت.لەهەمان کاتیشدا تێگەیشتنی خراپ دەگەڕێتەوە بۆ بێهێزی گریمانەکەی ئاخێوەر، چونکە گریمانە پێشەکییەکانی دروست،بنچینەی بەردەوامبونی دروستە. (عبدالواحێد مشیر ۲۰۱۱:۱۲٦)
ڕاگەیاندنیش یەکێکە لەوبوارانەی کە سود لەگریمانەی پێشەکییەکان وەردەگرێت تیایدا(نێرەر)بەپێی بۆچون ولێکدانەوەی خۆی قسەدەکات، کە چۆن و چەندی لێتێ گەیشتوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر زانیارییە گشتییەکەی خۆی شارەزابونی لەمەسەلەکەو هەستی بەرانبەر بەدەورروبەر.
ئاماژە هێماییەکانی قسەکەر/نوسەر،گریمانەی پێدانی هەندێ زانیاری نوێیە بەگوێگر/خوێنەر، کەبەهۆیەوە مەبەستی پراگماتیکی دەگەیەنێت. لە ڕوانگەی گونجانەوە گریمانەی پێشەکی بەمشێوەیە پێناسەکراوە((وتەی Aی لەڕووی پراگماتیکیەوە گریمانەی پێشەکی،باسی B ی دەکات،تەنیائەگەر هاتوو Aگونجاوبوو،Bلەلایەن هەردوو هاوبەشەکەوە زانراوبو)).واتە دەبێت ئەو زانیارییەی، کە گریمانەپێشەکییەکە دەیبەخشێت ڕاست بێت، ئەگەر ئەوە دەرکەوت کە زانیاری گریمانەپێشەکیەکە ڕاست نییە، ئەوا ئەنجامەکەی ڕستەیەکی نەشیاو دەبێت.
زەمینەی هاوبەشی بەشداربوەکان پرۆسەی گفتوگۆکردنی گریمانەی پێشەکی پێشنیازدەکات. ئاخێوەر بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەر بابەتەکە هەیەتی گریمانەی دەربڕاوێک دەکات. هەندێک لەزمانەوانان مەرجی زانیاری هاوبەش لەمەرجی گونجان بە بەهێزتر دادەنێن، چونکە لەڕاستیدا گریمانەی پێشەکی بریتیە لەزانیاری هاوبەش.
پاش زەمینە(پاشخان)دیوەکەی تری گریمانەی پێشەکییە،کاتێک کە قسەکەر دەیەوێت پەیامێک بە بەرامبەرەکەی ڕابگەیەنێت،ئەو ڕاستیە دەزانێت،کە بەشێک لەزانیاریەکان لەلای گوێگرهەیە،بۆیە ئاماژەیان پێناکات،گوێگریش بەپشت بەستن بە زانیاری پێشوتری خۆی زانیاریە نەگوتراوەکان لەدووتوێی وتەکەدا هەڵدەهێنجێت،ئەوتوانایە پێی دەگوترێت پاش زەمینە.(عومەرمحمود۲۰۰۹:٦۲)

## **۲ /۹- ۱)جۆرەکانی گریمانەی پێشەکی:**

جۆرج یول، حەوت جۆر گریمانەی پێشەکی دیاریکردوە:
۱- گریمانەی پێشەکی بوون: بەشێوەیەکی گشتی گریمانەی پێشەکی بوون لەزۆربەی فرێزە ناویەکاندا هەیە. لەم جۆرەدا قسەکەر بەهۆی ئەو فریزە ناوییانەی بەکاریاندەهێنێت پابەندبوونی خۆی بەبوونی ئەوشتانەی، کەناویان دەهێنێت،دووپات دەکاتەوە،بەهۆی ڕۆنانی خاوەنداریەتی وناسراوی و نەناسراوی و فریزی دیارخەریەوە دەبێت. (Yule 2011:27)
**- ئازاد و منداڵەکانیم دیت.**
۲- هەندیک کردار هەن گریمانەی پێشەکی ڕاستەقینە دەبەخشن: چونکە ئەو زانیاریەی کە لەدوای کردارەکەوە دێت،وەکوڕاستیەک مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت وبەگریمانەی پێشەکی ڕاستەقینە دادەنرێت.

ئەم جۆرە گریمانەیە بەشێوەیەکی گشتی لەدوای کاری ئەم چاوگانەوە دێن (زانین،خۆشحاڵبون ،لێبوردن،پەشیمان بونەوە،ئاگاداربون،درککردن،پێسەیربون...). (عومەرمحمود٢٠٠٩:٨٤)

**- من دەزانم کە نەسرین دکتۆرای وەرگرتووە.**

٣- گریمانەی پێشەکی لێکسیکی(فەرهەنگی): بەکارهێنانی فۆرمێکی جەختکراوە کاتێک، کەبەواتای جەختکراوەیی بەکارهاتبێ، بێگومان کاتێک کە وشەکە لەڕووی فەرهەنگیەوە ئەم واتایە بگەیەنێ. ئەمجۆرە گریمانە لەم کردارانە دەکەوێتەوە(توانین، وازهێنان، دەستکردن بە، بڕیەوە، کۆتاییپێهێنا ، دەستی پێکرد...هتد). (دیار علی ٢٠٠٩:١٠٣)

**- میدیا فێری شوفێری بووە.**

٤- گریمانەی پیشەکی ناڕاستەقینە: لەم جۆرەگریمانەیەدا کۆمەڵە فرێزێک دێن وگریمانەی پێشەکی ئەوەدەکەن، کە زانیاریەکی دیاریکراو و دروست نییە، واتە گریمانەی پێشەکی ناڕاستەقینەی زانیاری ڕستەکە دەکەن. ژمارەیەک کرداری وەک(خەوبینین،وازانین،واپیشاندان،وادانان،تەسەورکردن...هتد) گریمانەی پێشەکی ناڕاستەقینە دەبەخشن،واتە ئەو زانیاریانەی دەکەوێتە دوای کردارەکانەوە بەشێوەیەکی ناراست گریمانە دەکرێن. (Yule 2011:29)

**- لەخەونمدا کورد بوو بوو بەدەوڵەت.**

٥- گریمانەی پێشەکی ڕۆنانی: لەم حاڵەتەدا ڕۆنانی ڕستەیەکی دیاریکراو واشیدەکرێتەوە، کەبەشێوەیەکی سیستەماتیکی پێشگریمانەی ئەوبەشەی ڕۆنانی ڕستەکە دەکا کە ڕاستە، نێرەر ڕۆنانێکی لەم جۆرە بەکاردینێ، بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیاریەکەدا، کە بەجەختکراوەیی دروستەو وەرگریش پێشگریمانەی دروستی ئەو زانیاریەی لێدەکات، ئەم چەشنە بۆ ئەوگریمانەیە بەکاردەهێنرێت، کە لەڕستەی پرسدا هەیە، بەتایبەتی ڕستەی پرسیار، کە لەوشەی پرس پێکهاتبێت،ئەوزانیارییەی دوای وشەی پرس دێت وەک گریمانەیەکی ڕاستەقینە، مامەڵەی لەگەڵدادەکرێت. (دیار علی ٢٠٠٩:١٠٥)

**- کەی خوێندنەکەت تەواو کرد؟**

٦- گریمانەی پێشەکی دژە واقیع: ڕستەی مەرجی وگومان ئەم چەشنەی گریمانەی پێشەکی دروست دەکەن. لێرەدا ئەم گریمانەیە نەک تەنها هەڵەیە، بەڵکو دژ بەڕاستیشە بەو واتایەی لەپلەی نالۆژیک بوونەکەیدا لەگریمانەی پێشینەی ناراستەقینە زیاترەو سنوری بەستنەوەی قسەکەر بەدەوروبەرو دنیاوە پچراوە، و بەشێوەیەک هیچ مەودایەکی بۆهاتنەدی نەهێشتۆتەوە. (ئاڤێستاکمال٢٠٠٦:١٠٨)

**- ئەگەر ئازاد بیخوێندبایە، دەبوو بەدکتۆر.**

٧- گریمانەی پێشەکی شاراوە(متبوو): پابەند بوونەکانی ئەم جەشنە لەگریمانە زیاتر بەدەوروبەرەوەیە، کەتێیدا قسەکەر زیاتر جەخت لەسەر دەوروبەر دەکات و لەناو ڕستەدا زیاتر

مەبەستێکی دیاریکراوی هەیەو جەخت دەخاتە سەر بەمەبەستی ناسینەوەی لەلایەن گوێگرەوەو شیکردنەوەی بەوپێیەی ئەو دەیەوێت ڕستەکە گەیەنراو بێت. (سەرچاوەی پێشو)

**- کەم بخۆ بازیاتر قەڵەو نەبیت.**

## ٢ / ١٠)جێبەجێکردنی مەبەستی پراگماتیکی*لەوتاری رۆژنامەکاندا:

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ/ ژمارە /١٩٦٠ / لە ١٩٩٩/٩/٢٨

پارتی لەپێشێلکردنی ڕاگرتنی شالاوی ڕاگەیاندن بەردەوامە.

لەکاتێکدا پرۆسەی ئاشتی لەهەرێمی کوردستان بەردەوامە و خەڵکی تارادەیەک هیوای ئاشتی پێوە بەستوە،هەروها یەکێتی نیشتمانی کوردستان پابەندی گیانی درێژەپێدانی کۆبونەوەکان وگفتوگۆکردنە، بۆئەوەی تەواوی برگەکانی ڕێککەوتن نامەی واشنتۆن جێبەجێ بکرێ، کەچی ئیدارەی پارتی ڕۆژی ٢٢ی ئەم مانگە لەهەنگاوێکدا کە بەدەستوەردان دەژمێردرێ لەناوچەکانی ژێردەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرابەرایەتی ی.ن.ک بڕیاری داوە چوار پارێزگا زیاد بکرێ کە دوانیان گوایە لەناوچەکانی(بیتوێن وهەڵەبجەن)ن. سەبارەت بەم مەسەلەیە پەیوەندیمان بەهەڤاڵ فەرەیدون عبدولقادر سەرۆکی وەفدی ی.ن.ک لە لیژنەی بالای ئاشتییەکرد بەوپێیەی بەرێزی لەڕەوتی کۆبونەوەکان ئاگادارەو پرسیاری ئەوەمان لێکرد، کە ئایا ئەوجۆرە دەستوەردانە لەکاروباری ناوچەکانی ژێردەسەلاتی ی.ن.ک بەپێشێلکردنی بڕیارەکانی ڕێککەوتنی واشنتۆن وکۆبونەوەی مانگی ڕابردوی لیژنەی بالای ئاشتی دانانرێ؟ ئایائەوە خەرقی ئیعلامی نییە بەرێگەی بڕیاری سیاسی؟

لەم بارەیەوە هەڤاڵ فەرەیدون عبدلقادر لە دوتوێی وەلامەکانیدا،ئەم هەنگاوەی (پارتی)بەوە لەقەڵەمدا کە پەلاماردانی ناوچەکانی یەکێتیە لەسێبەری پرۆسەی ئاشتیداو دروستکردنی گرژیە لەوەزعەکەدا.هەروها بەرێزی باسی ئەوەیکرد کە سەرەڕای ڕاگرتنی شالاوی ڕاگەیاندن،بەلام پ.د.ک زنجیرەیەک پێشێلکاری لەم بوارەدا کردوە.نامەوێ منیش بەقەدەر برایانی پارتی بەئەندازەی پێشێلکردنی ئەوان بۆگیانی بڕیار و کۆبونەوەکان بەئاشکرا قسەی پێویست لەسەر ئەودەست وەردانە لەکاروباری ناوچەکەمان بکەم.چونکە بەباشی ئەزانم لەکۆبونەوەی ئایندەدا وەفدەکەمان ڕای خۆمانیان

---

(*): <+ : نیشانەی لێکەوتەی ئاخاوتەیی.

<< :نیشانەی گریمانەی پێشەکییە.

پـێ بڵێـت و ڕەخـنە لەو ئیشــەو لەزنجیــرەیەک شــالاوی ڕاگەیانــدنی ســەلبی پــارتی بگــرم کەدوای ڕێککەوتن لەسەر ڕاگرتنی ڕاگەیاندنی سەلبی(کەمانگی ڕابردو درا)ڕەخنە بگرین و هەڵەکانیـان پـێ ڕاست بکەینەوە،یاخود ئێمەش دەست و دەم ئاوەلابین لەوەلام دانەوەدا،کەزیاتر هەوڵ ئەدەین هەربەلای باشەدا،بۆئارامی و خۆشکردنی زەمینەی ڕێککەوتن وەزعەکەببەین.پارتی و ئیدارەی پارتی ئەتـوانێ و دەسـەلاتی ئەوەی هەیە کەلەناوچەکـانی خۆیانـدا نەک قەزاکـان بگـرە ناحیەکـانیش بـکەنە پارێزگـاو بـۆ ئێمەش هەیە ڕای خۆمان دەربڕین لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ ئەوبڕیارە،ئەوهەنگاوە پەلەیە یان نا،بەلام پارتی بـۆی نییە بڕیـار دەربکـات لەناوچەکـانی ئێمەدا،بڕیاربـدات لەڕێکخسـتنی ئیـدارەی پارێزگاکـان قەزاو ناحیەکـــان دەســـتکاری بکـــات،وەک چەنـــد ڕۆژ لەمەوبەر بڕیـــاری دەرکـــردوە لەناوچەکـــانی ژێردەسـەلاتی حکـومەتی هەرێمـدا ،لەناوچەکـانی ئـێمەدا نـاوچەی بیتـوێن وقەزای هەڵەبـجە بکـات بە پارێزگاو بەوەش سەرجەم هەیکەلی ئیداری ئەوناوچانە بگۆڕێت.هەروها کـارێکی بـاش نابێـت ئـێمەش لەناوچەکانی بن دەسەلاتی ئیدارەی ئێستای پارتی دا بڕیار دەربکەیـن بۆدەسکاری هەیکەلـی ئیـداری و دۆخـی ڕێکخسـتنی ئەوناوچـانە.چونکە لای کەمـی نەپـارتی هـیچ گـۆڕینێکی جیـدی لەم ناوچـانەدا پێدەکرێ،نە بەئـێمە ئەوگـۆڕینە لەناوچەکـانی ئەوانـدا دێتەدی.ئەوەنـازانم لایەک بڕیـاری شـەڕو هێرشـی سەربازی دابێ و بەخەیاڵ لەپێشـەوە زەمیـنە بۆئـاڵوگۆڕ لەنـاوچەکەدا خـۆش بکا.دیـارە بۆچـونێکی لەو جـۆرەش لەسـێبەری ڕاگرتنـی ئاشـتی وکۆبونەوەکـانی ئاشـتی هەردوولامانـدا نـابینم ئـێمە لەسـەر هەر ئاڵوگۆڕێک و هەنگاوێکی باش بۆپێشەوە بیروڕای خۆمان هەیەکە:

١- ئەوجـۆرە گۆرانکاریـانە ئەگەر پێویسـت بکـا بڕیـاری لێبـدەین بەڕاسـتی نـازانیین،گەر واقعـی گەشەکردن و پێویستی ئیداری بیسەپێنێ.نەک بۆ پروپاگەندە بێت.

٢- ئەگەر ئەوە،دەستەو ئیدارەی بیرۆکراتی زیاد نەکات وکاری بەڕێوەبردن ئاسان بکات.

٣- ئەگەر زەبرەکانی فاکتەری دیمۆگرافی و ڕێکخستنی ئیداری بەو پێیەو لەبەر زیادبونی زۆری قەزاو ناحیەکـان و ژمـارەی دانیشـتوان و پەرەسـەندنی بـواری ئـابوری و کـۆمەلایەتی و فەرهەنگـی بیکـاتە کارێکی پێویست .

٤- ئەگەر بـۆ داپۆشـین و لەدەسـتدان و لەبیربـردنەوەی ناوچەکـانی وەک مخمـورو شـەنگارو شـێخان وتەلەعفەرو زەمارو...هتد. نەبێت کە رژێمی عێـراق لەپـارتی ئەخـوازێ کە لەسـەر کوردستـان نەبـن و لەکوردستانیان دابڕێ.ئەگیناپارتی بۆ بڕیار نادات ئەوشوێنانە بکات بەپارێزگاو سوربونی خۆی لەسـەر کوردسـتانی بونیـان نیشـانبدات،بۆزات ناکـات دەسـت وەربـداتە ڕێکخسـتنی ئەوناوچـانە(خۆئەوانەش کوردستانن)بۆچی لەسێبەری پرۆسەی ئاشتیدا پەلاماری دەسکاری ناوچەکانی ئێمە ئەدا.

٥- ئەم جـۆرە هەنگـاوە بـودجە و توانـای دارایـی تـایبەتی ئەوێ کە جـارێ ئەوە لەخـزمەت گـوزاری وخۆشکردنی حاڵی خەڵکی کوردستاندا خەرج بکرێ باشترە نەک لەهەنگاوی شکلی ودعـایە ئاسـاداو

له قەبەکردنی میلاکاتدا.پارتی ڕازی نابێت له داهاتی کوردستان لەپارەی ئیبراهیم خەلیل پێویستیەکانی خزمەتگوزاری ئەم ناوچانە(بەگوێرەی ڕێککەوتنی واشنتۆن)دابین بکات،کەچی دەست درێژئەکات بۆدەستکاری ئیداری ئەم ناوچانە.ئێمە چەند کۆبونەوەیەکی هاوبەشمان لەم دوو مانگەدا کردوە،لەدورونزیکەوە باسی نیازو بڕیاری وایان نەکردوە،کە بۆ ڕاگرتنی نزیکی لەیەکتر ئەبو باسی بکەین.

لێکەوتەی ئاخاوتەیی یەکێکە لەمەبەستە پراگماتیکییەکان، کە خەسڵەتی بەکورت بڕیی تێداکۆدەبێتەوە، واتە ئەوەی مەبەستە زیاترە لەوەی وتراوە. لەودیو فۆرمە زمانییەکەوە هەڵوەستەی لەسەر دەکرێت. نوسەر بۆگیاندنی مەبەستەکەی گرینگی بەم سیمایەی پڕاگماتیک دەدات، گرینگی واتای لێکەوتەی ئاخاوتەیی لەچۆنیەتی گونجاوی واتاو مەبەستەکاندایە، شێوازی نوسینی نوسەر لەسەر ئاستی پڕاگماتیک بەکارهێنانی توانستی پڕاگماتیکە، چونکە نوسەر هێما زمانییەکان تیکەڵ بەدەوروبەری دەرەکی دەکات پاشان بەمەبەستی پلارو ڕەخنەگرتن بەشێوازی دروستکردنی وێنە دایدەڕێژێت. مەرجە خوێنەر شارەزایی و زانیاری لەسەر دەوروبەرەکە هەبێت.

<+ لەکوردستاندا لەنێوان ئەم دوو حیزبە شەڕ بووە، دواتر ئاگربەستیان ڕاگەیاندوە، کۆبونەوەکان لەنێوانیاندا درێژەی هەیە. ڕۆژنامەکە سەربە یەکێتیە و(کوردستانی نوێ)یە، قسەکەرەکەش سەربەهەمان حیزبە.

<+ دەسەڵاتی پارتی بێ هێز و بچوک دەکاتەوەو بە ئیدارە ناوی دەبات، دەسەڵاتی خۆیی و حیزبەکەشی گەورە دەکات و بە حکومەتی هەرێم ناوی دەبات.

<+ پارتی بەشەڕ خواز و پەلاماردەر و، دروستکردنی گرژی لە ناوچەکە ناوی دەبات.

<+ ئەوان بەپێشێلکارو بەڵێن شکێن ناودەبات.

<+ یەکێتی بێدەنگ نابێت و وەڵام دەداتەوە.

<+ یەکێتی ڕێز لەبەڵێنەکانی خۆی دەگرێت.

<+ یەکێتی لەپارتی باڵادەستترەو لەبڕیارەکانی ئەواندا. قسەماندەبێت و ئەوان لەبڕیارەکانی ئێمە هیچ ڕەئێکیان نییە. بۆیان نییە بڕیار لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێمە دەربکەن .

<+ دەبێت پارتی بەخۆیدا بچێتەوەو لەبڕیارەکەی پاشگەزبێتەوە.

<+ نەپارتی لەناوچەکانی ژێردەستی یەکێتی دەسەڵاتی هەیە، نەیەکێتی لەناوچەکانی ژێردەستی پارتی دەسەڵاتی هەیە.

<+ پارتی بڕیاری شەڕی داوەو زەمینەی بۆ خۆشدەکات.

<+ پارتی بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن ئەم کارەی کردوە.

<+ ئەم بڕیارە ئیش وکاری هاو وڵاتیان گراندەکات.

<+ پارتی بەهیچ جۆریک جورئەت ناکات باسی ئەوناوچە کوردستانیانەی ژیر دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس بکاتەوە، لەبەرئەوەی قەرزاری بەعسە لە٣١ی ئاب.

<+ حاڵ وگوزەرانی خەڵکی کوردستان باش نییە، پێویستە باشبکرێت.

<+ پارتی دەستی بەسەر سامان وقوتی خەڵکی داگرتوەو بۆمەرامی تایبەتی خۆی بەکاری دەهێنێ.

<< لەکوردستاندا شەڕ هەبووە،ڕێککەوتن نامەی واشنتۆن هەیەو بوّتە هۆی ڕاگرتنی شەڕی نێوان یەکێتی وپارتی.

<< دوو ئیدارە لەهەرێمەکەدا هەیە وناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی بەشەرعی ودەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەزانێ و دەسەڵاتەکەی پارتی بەئیدارە و بێ هێزدادەنێت.

<< دەرچوونی بڕیارێکی سەیروسەمەرە، کە لەدەسەڵاتی دانییە جێبەجێی بکات.

<< یەکێتی ئەوجۆرە بڕیارە لەپارتی قبوڵ ناکات.

<< کۆبونەوە دەکرێت و باسی ئەم بریارەش دەکرێت.

<< ڕەخنە لەپارتی دەگرێت و هەڵەکەشی پێ ڕاست دەکاتەوە.

<< کوردستانیان دابەشکردوە هەرحیزبەک ناوچەیەکی خستۆتە ژێردەسەڵاتی خۆی.

<< دروستکردنی چوار پارێزگا لەدەسەڵاتی هیچیاندانییە.

<< هەڵبژاردن نزیکبویتەوە و پڕوپاگەندەی بۆدەکەن.

<< کاری بەرێوەبردن و راییکردنی ئیش وکاری خەڵکی قورس دەبێت و ڕۆتین زۆردەبێت.

<< بۆئەوەی پارتی ناوچە دابڕێنراوەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس لەبیرخەڵکی بباتەوە.

<< پارتی داوای ئەوناوچانە لەبەعس ناکاتەوە.

کوردستانی نوێ/ ژمارە / ٥٣٨١ // لە ٢٠١١/١/١٨

حاکم قادر: (زانیاری)و(پاراستن)ئەرکیان کۆکردنەوەی زانیاریە و هێزەکانی ئاسایش جیبەجێکارن.

حاکم قادرحەمەجان بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی ڕایگەیاند: دەزگای پاراستن ودەزگای زانیاری،دوو دەزگای کۆکردنەوەی زانیارین وپشگیری لە هێزەکانی ئاسایش دەکەن لەڕووی زانیاری هەواڵگریەوە، دوو دەزگای جیبەجێکردن نیین، واتە ئەرکەکانیان جیبەجێکردنی یاساو ڕێنمایەکانی حکومەت نییە. جێبەجێکردنی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان نییە، هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ جێبەجێکاری ئەو یاساو بڕیارانەن، کە لەحکومەتی هەرێم و پەرلەمانەوە دەردەچن. بەرێوەبەری ئاسایشی گشتی هەرێم

لە لێدوانێکدا بۆچەند کەناڵێکی ڕاگەیاندن وتیشی: ئەو دوو دەزگایە لەناو پ.د.ک و ی.ن.ک دا ڕێکخراون، لەبەرئەوە هەردوو حیزبەکە دووحیزبن جگەلەوەی ڕۆڵی بەرچاویان لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا بینیوە هەردووکیان مۆڵەتی یاساییان هەیە، هەردووکیشیان لەهەڵبژاردنەکانی گەلەکەماندا بەپێی دەنگدانی گشتی شەرعیەتی یاساییان، بۆحوکمڕانی و دەسەڵات و ئەرکەکانی سەرشانیان وەرگرتوە.

وتیشی: پڕۆژەکەی ئێمە بۆئەوە نییە، کە ئەو دوو دەزگایە یەکبگرێتەوە، بەڵکو دوو پڕۆژە هەیە، کەیەکێکیان بۆیەکگرتنەوە و یەکخستنەوەی ئاسایشە و پڕۆژەی دووەمیش دامەزراندنی دەزگای ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمە، کە بەرپرسی هەردوو دەزگای زانیاری و پاراستن و بەرپرسی هەواڵگری و بەرێوەبەری ئاسایشیش دەبنە ئەندام لەم ئەنجومەنی ئاسایشەدا، کەڕۆڵی گرنگی دەبێت بۆ ڕاپەراندنی ئەو ئەرکانەی لەم قۆناغەدا لەسەرشانمانە. داواش لەهەموو لایەنێک دەکەین سەرنج و تێبینیەکانی خۆیانمان بۆ پێشخستنی بەرنامەیەکی تێروتەسەل بەمەبەستی خزمەتکردن بە وڵاتەکەمان بخەنەڕو.

<+ لەهەرێمی کوردستاندا دوو دەزگای هەواڵگری هەیە و هەر دەزگایە و سەربە حیزبێکیانە، دەزگای زانیاری سەربە یەکێتیە و دەزگای پاراستنیش سەربە پارتییە.

<+ هەردوو دەزگایەکە بەپێویست وشەرعی دەناسێنێت.

<+ ئەم دوو دەزگایە پشتگیری هێزی ئاسایش دەکەن وهێزی ئاسایش وئەم دوو دەزگایە لە خزمەتی خەڵک و نیشتماندان.

<+ ئەرکی ئەم دوو دەزگایە تەنها کۆکردنەوەی زانیارییە.

<+ یەکێتی و پارتی دوو حیزبی نیشتمان پەروەرو خاوەن ڕابردوی باشن و خزمەتی نیشتمانیان کردوە. خاوەنی مۆڵەتی یاسایین لەلایەن پەرلەمانەوە.

<+ هەردوو دەزگاکە لەلایەن حیزبەکانیانەوە ڕێکخراون.

<+ متمانەی تەواوی بە هەردووکیان هەیە. لە هاوکاریکردنی حکومەتدا.

<+ دەزگای ئەنجومەنی ئاسایش دروست دەکەن.

<+ ئەو دوو دەزگایە یەکناگرن.

<< هەرحیزبە و خاوەنی دەزگای هەواڵگری خۆیەتی.

<< پشتگیری کاری هەردوو دەزگاکە دەکات و لێیان ڕازیە.

<< هاوکاری یەکتر دەکەن وزانیاری هەواڵگری بەحکومەت دەدەن بۆپاراستنی سەروسامانی خەڵکی.

<< یەکێتی وپارتی دوو حیزبی بەدەسەڵات و گەورەی کوردستانن.
<< لەو هەرێمەدا هەڵبژاردن دەکرێت و بەهەڵبژاردن دەسەڵات وەردەگیرێت.
<< یەکێتی و پارتی هاوپەیمانی یەکترن و بەهەردوکیان حکومەتی هەرێم بەرێوەدەبەن.
<<ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم لەهەردوو بەرپرسی دەزگای زانیاری وپاراستن و بەرێوەبەری ئاسایش دروستدەکرێت.

ئەگەر سەرنجێک لەم دوو وتارە بدەین،دەبیینین کۆمەڵێک هۆکار کاریگەرییان بەسەر وتارەکانەوە هەیە.یەکێک لەم هۆکارانە زەمەن(کات)لە وتاری یەکەم کاتەکە رۆڵی خۆی لەسەر وتارەکەو نوسەرەکەش هەیە، چونکە نوسینی وتارەکە لەکاتێکدایە، کەتازە شەری ناوخۆ کۆتای هاتووە و رێککەوتنی واشنتۆن لەئارادایە و هەردوو حیزبەکە هەر لەکۆبونەوەدان بۆگەیشتن بەچارەسەری یەکجاری و کۆبونەوەکان بەردەوامیان هەیە. متمانەیان بەیەکتر نەماوەو یەکتری بە پێشێلکاریی و شکاندنی بریارەکان تاوانبار دەکەن. هۆکارێکی تر هەڵوێستی رۆژنامەکەیە، لەبەرئەوەی رۆژنامەکە پارتی تاوانبار دەکات و ستایشی یەکێتی دەکات لەرووی بەهێزی و دەسەڵات و نەرمی نواندنەوە، بۆیە هەر لەخوێندنەوەی وتارەکە هەست دەکەین ئەو رۆژنامەیە سەربە ئۆرگانەکانی یەکێتییە، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە وتاری دووەم زەمەنەکەی دوای ریککەوتنی ستراتیجی نێوان یەکێتی و پارتیە، ئەورێککەوتن نامەیە لەکۆمەڵێک خاڵ پێکهاتووەو لەسەری رێککەوتون، نابێت بەهیچ شێوەیەک پێشێلی ئەو رێککەوتن نامەیە بکرێت. ئەگینا توشی سزادەبێت. دەبیینین وتارەکانی دوای ئەم رێککەوتن نامەیە جۆرێکی ترن، هەرچەندە لەهەمان رۆژنامەو ئەندامی هەمان حیزبە، بەڵام زمانی وتارەکان جیاوازن، رێککەوتنە ستراتیجیەکە ئەوکۆتو بەندەی دروستکردوەو رۆڵی سەرەکی لەنوسینی وتارەکان و لە هەڵبژاردنی وشە و رستەکاندا هەیە، کە شێوازی نوسینی وتارەکان چۆن بن و بەچ زمانێک بنوسرێن، هەرچەندە لەوانەیە وتارەکە هەڵقولاوی ناخی نوسەریش نەبێت، بەڵام دەبێت بچێتە ژێر باری ئەو کۆتانەی کە لەسەری دادەنرێت.

رۆژنامەی ئاوێنە// ژمارە ٣٤٧ // لە ٢٠١٢/١٠/١٦
لیک وزانست
نەقلی درۆ درۆ نییە، ئەڵێن تەلیسکۆپێکی کوێرە موش لەوسەرە نوێلکی گەردونەوە قاچی هەڵنوساوە لەهەسارەیەکی پیسکەی رەنگ زەرد،کە وەختێک دائەنەوێتەوە تەماشای بکات،ئەبینێ کۆمپلیت ئەڵماسی روتە.کۆمپلیت نا.پیاو موبالەغەنەکات باشە،خۆ ئیعلامی وەزارەت نییە.لەسێ بەش

دووبەشی ئەڵماسی ئەسڵەو ماباقیەکەی شاخ وداخە.جا گوایە قەراریان فەرمووە داخەکەی دانێن بیدەن بەئێمە ومانان،بەڵام ئەڵماسەکە ئەوەندە زۆرە،فەقیرانە تیاماون نازانن چی لێبکەن.
فەلەبەرئەوە ئەگەر جەناب عالی پێت خۆشە لەم مەسەلە فیکریەدا قسەیەکی خێر بکەیت وجێگەی پەنجەتوتەت دیار بێت،ئەوەڵ جار وەرە بەلوعەی خەیاڵت بکەرەوانێ و سۆندەی کلۆراوەکە بخەرە سەر چیمەنە وشکەکەی فیکر.پاشان لەسەر لایەکی هێن دانیشەو وەڵامی ئەم سوئالانە تەئجیل بکە بۆ هەڵبژاردنە موستەحیلەکەی پەرلەمان:

پ١/ ئەمەریکا ئەگەر نەتوانێت ئەڵماسەکە حپەلوش بکات چی قەرار ئەدات؟
ا- بەئسرائیل ئەڵێ ئادەی حەنتوش بچۆ برێ فیشەک ومیشەکی پێوەنێ.
ب-CNNڕادەسپێرێ بڵێ هەسارەی چی بەقوربان بەقەبری باوکم پرە لەتیرۆرست.
ج- لەژێرەوە سوڵحی لەگەڵدا ئەکات.
د- بەجەماعەتی ئیخوان وئەوان ئەڵێ برۆن موزاهەرەی تیابکەن.

پ٢/ ئەگەرخوانەخواستە،خوانەخواستە١٧%ی ئەو ئەڵماسە بۆ هەرێمی کوردستان بێت چی ئەقەومێ؟
ا- بەسەری هەموولایەک هیچ،وەزعی ناو بازار لەئێستا قوڕتر ئەبێت.
ب- لەجیاتی قرمید ئەیکەن بەخانوی مەسئولەکان.
ت- هەرساتە ناساتێک وەزیری دارایی دێتەسەر تەلەفزیۆن ئەڵێ گوژمەی ئەمجارەی ئەڵماسەکە عادیەو شوشەی پەنجەرە نابڕێت.
پ- قەعدەی منداڵی لێدروست ئەکەن وتەوزیعی ئەکەن بەسەر هەڵەبجەو گەرمیانا.
ث- هەفتەی دووسێ جار لەو ڕێیەی باشماخ تەنکەرێک وەر ئەگەرێت و پرە لە ئەڵماسی قاچاخ.

پ٣/ باشە ئەگەر کوردێک بکەن بە ڕەئیسی ئەو هەسارەیە،یەکەم ئیشی چی ئەبێت؟
ا- پشتێنێکی ئەڵماس بۆماڵەوە.
ب- خزمێکی خۆی ئەکات بەمەئمور مەخزەن.
ت- بەوپەری ئەمانەتەوە تەسلیمی مالیکی ئەکات.
پ- پرس و ڕا بەئەردۆغان دەکات.
ث- نقە لەخۆی ئەبڕێ بزانێ ئێران مەوقیفی چۆنە.

پ٤/ سەبەب چییە زاناکان ناو بە ناو خەبەری وامان پێڕائەگەیەنن؟
ا- بۆئەوەی ئیسپاتی بکەن سوکانی عیلم هێشتا هەر بەدەستی خۆیانەوەیە.

ب- ئەیانەوێت پێمان بڵێن زەمین لەچاو گەردوندا وەکو حیزبی ئایندەوایە لەچاو یەکگرتو.
ت- لاسایی تەلەفزیۆنە کوردیکان ئەکەنەوە،حەزئەکەن مەشغولمان بکەن.
پ- بۆئەوەی لیک بەدەمی سیاسەت بازەکانا بێتە خوارەوە.

توانسی پراگماتیکی نوسەر لەم وتارەدا بەکارهێنانی ئەو هێماو گوزارشتانەیە، کە جگە لەکۆ نیشانەکانی فەرهەنگ هەڵگری سیمای دەرەکی دەوروبەرە. ئەگەر سەیری ناونیشانی ئەم وتارەی سەرەوە بکەین دەبینین ناونیشانە دەقەکەی بەشێوەی ناو نیشانە دەقی پراگماتیکی دەربڕیوە.

<+ئەم هەسارە ڕەنگ زەردوکە کوردستانە.
<+کوردستان هەمووی نەوتە، بەڵام بەهۆی بەکارهێنانی پەرژینەکانەوە، دەستەواژەی پیاو موبالەغەنەکات، پەشیماندەبێتەوەو، ئەمەش تایبەتیەتیەکی لێکەوتەی ئاخاوتەییە، پەشیمان بونەوەکەشی لیکەوتەی لێدەکەوێتەوەو وەک توانجەک ئاراستەی ئیعلامی وەزارەتەکانی دەکات، بەوەی کە ئەوان بەردەوام موبالەغە و درۆ دەکەن.
<+کوردستان بکەی بەسێ بەش دوو بەشی نەوتە، بەشەکەی تریشی شاخ وداروبەردە، پشگوێ خراوەو خزمەتنەکراوە. ئەوداروبەردە دەدەن بەئێمەو نەوتەکەش بۆخۆیان دەبەن، بەڵام نەوتەکە ئەوەندە زۆرە وا بەئاسانی بۆیان نادزرێ و ناشاردرێتەوە.
<+دەسەڵاتدارانی کوردستان هیچ دەسەڵاتێکی وایان نییە بەسەر ئەو سامانەی وڵات، ئەگەر جارجار پرسێکیان پێبکرێت، نوسەر بەرپرسانی ئەوەندە بچوک کردۆتەوە بەپەنجە توتەی چواندون . بیرناکەنەوەو بیریان داخراوەو بێخەبەرن لەهەمووشتێک وتەنها بیر لەئێستایان دەکەنەوەو دوور نارِوانن،لەسایەی ئەم سەروەتە زۆرە تاکوئێستا ئاوێکی خواردنەوەی بەپێی ڕینماییە تەندروستیەکان بۆهاو وڵاتیان دابین نەکراوە. کلۆری ئەوەندە زۆرە ناخورێتەوە ئەوانیش لەسەر چیمەنی ماڵەکانیانی دادەنێن چیمەنەکەش وشک دەکات.
<+ئێوە بەهیچ جۆرێک گوێ لەخەڵکی ناگرن و جوابی پرسیار و داواکاری خەڵک نادەنەوە. لەهەڵبژاردن دەترسن وئانجامی نادەن،لەبەرئەوەی دەزانن ئەگەر ساختەنەکەن لەهەڵبژاردنەکان دەدۆڕێن.

<<کوردستان نەوتی زۆرە،ئیعلامی درۆ لەوەزارەتەکاندا هەیە.
<<پێکهاتەی خاکی کوردستا بریتیە لەنەوت وشاخ وداخ،شتە خراپەکان دەدەن بەئێمەو شتە باش و بەنرخەکانیش بۆخۆیان دەبەن، خزمەتگوزاری لەکوردستاندا لاوازە.
<<لەکوردستان سەرۆک هەیە، بەڵام قسەی نارِوات و دەسەڵاتی نییە، بیرناکەنەوەو دوربیین نین.

<< بەهیچ شێوەیەک خزمەتی هاو ولاتیانی خۆیان ناکەن، هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیان ئەنجام نادرێن.

لێکەوتەی ئاخاوتەیی وگریمانەی پێشەکی لەپرسیارەکاندا:

پ١/
<+ئەمەریکا هەموو سەروەت  وسامانەکەت بەتاڵان بۆخۆی دەبات.
<+ئیسرائیل خەریکی دروستکردنی شەڕو ئاژاوەنانەوەو دوبەرەکیە لەناوچەکەدا.
<+CNN کە کەناڵێکی ڕاگەیاندنی ئەمریکییە پڕوپاگەندە لەبەرژەوەندی ولاتەکەی بلاودەکاتەوە.
<+ئەمریکا بۆبەرژەوەندی خۆی لەژێرەوە لەگەڵ دەسەلاتداران پێکدێت و هەندێک لەوسامانەیان دەداتێ و ئەویتریش بۆخۆی دەبات.
<+خەڵکی هاندەدا بۆ خۆپیشاندان و دروستکردنی پشێوی، بۆئەوەی ئاگایان لەوسامانە نەبێت وباسی نەکەن.
لەپڕاگماتیکدا گریمانەی پێشینەی ڕستەکان بەشێوەیەکی توند پەیوەستن بەدەوروبەرەوە پشت بەمەرجی ڕاستی نابەستن.لەڕستەی پرسیاری وفەرمانیدا ڕستەکان پابەندی تاقیکردنەوەی ڕاستی و هەڵەیی نین، چونکە پێکهاتەی ئەم دوو جۆرە ڕستەیە نەڕاستن نەهەڵە،بەو واتایەی قسەکەر ڕاستی و ناڕاستی زانیاریەکان نازانێت ڕوو لەگوێگر دەکات،ئەم بارەی بۆ ڕوون بکاتەوە،ئەم دوو جۆرەی ڕستە وەلامەکانیان دەبنە بەشێک لەپرۆسەی پراگماتیکی ڕستەکان ومەبەستەکان، لەڕێیانەوە دەگەیەنرێت، واتە بەهەردوو ڕستەکە(پرسیارو، وەلام) (فەرمان و، وەلامدەر) یەکانیان کردەی لێک گەیشتنەکە بە ئەنجام دەگەیەنن.                    (ئاڤێستاکمال٢٠٠٦: ١٠٠)

<<سامانێکی زۆر لەوناوچەیە هەیە، ئەمەریکا لەوناوچەیە بالادەستە.
<<ئیسرائیل لەناوچەکەدا دەستی هەیە.
<<CNN پروپاگەندەی ناڕاست بلاو دەکاتەوە.
<<ئەمەریکا لەگەڵ بەرپرسان لەسەر سامانەکە پێکدێت.
<<خۆپیشاندان هەیە.

پ٢/

<+بەپێی دەستور ١٧%ی بودجەی عێراق بە بەر کوردستان دەکەوێت، بەڵام دەسەڵاتدارانی عێراق ئەم بڕەی بەتەواوی نادەنێ.

<+بەرپرسەکانی ئەوهەرێمە هەر خەریکی خۆش گوزەرانی خۆیانن، خانوو و باڵەخانەی گرانبەها بۆخۆیان دروستدەکەن.

<+هەرکاتێک خەڵک داوای باشترکردنی ژیان و زیادکردنی موچەدەکات، وەزیری دارایی دێتە سەر تەلەفزیۆن و بەڵگەی نابەجێ بۆخەڵکی دەهێنێتەوە بۆئەوەی موچەیان بۆزیاد نەکات.

<+ئەم داهاتە زۆرە،ئەوبڕەی کە بۆهاوڵاتیان خەرج دەکرێت شتی لاوەکی پێدەکەن،نەوەک ستراتیجی.

<+نەوتی ڕەش لەرێگای باشماخەوە بەقاچاخ ئاودیوی ئەودیو دەکرێت.

<<هەرێمی کوردستان ١٧%ی بودجەی عێراق وەردەگرێت.

<<باری گوزەرانی خەڵک لەم هەرێمەدا خراپەو وەک پێویست نییە.

<<خانوو باڵەخانەی باش وگەورەو پێشکەوتوو لەهەرێمەکەدا هەیە.

<<وەزیری دارایی لەهەرێمەکە هەیە و داهاتەکە لەخەڵکی دەشارێتەوە.

<<لەهەرێمەکە کارگەی خراپ وناپێویست هەیە.

<<دەسەڵاتداران ئیشی نایاسایی دەکەن.

پ٣/

<+تاکوئێستا ئەم هەرێمە سەرۆکێکی بەدەسەڵاتی بۆ دانەنراوە.

<+دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە هەر لەخەمی خۆیان وماڵ ومنداڵەکانیاندان.

<+خزمەکانی خۆیان لەشوێنە باش و هەستیارەکان دادەنێن،لەبەرئەوەی متمانەیان بەخەڵکی ترنییە.

<+دەسەڵاتدارانی ناوچەکە زۆر بڕوایان بەمالکی هەیە، هەمووشتێکی دەدەنێ.

<+بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ لەپێش بەرژەوەندی هەرێمەکەی خۆیان دادەنێن.

<+بۆهەر پێشهاتێک چاوەڕوانی هەڵوێستی ئێران دەکەن.

<<هەرێمەکە سەرۆکی ڕاستەقینەی نییە.

<<ئیش بۆخێزان و بنەماڵەی خۆیان دەکەن.

<<خزم خزمێنە هەیە، وەرگرتنی پۆست بەخزمایەتیە، نەوەک لەسەر بنچینەی لێهاتوبی.

<<مالکی دەسەڵاتی لەهەرێمەکەدا هەیە.

<<ئەردۆغان کاریگەری تەواوی لەسەریان هەیە.
<<ئیران حسابی تایبەتی بۆدەکرێت و لەهەموو هەنگاوێکیاندا ئێران ئاگادارە.

پ٤/
<+ولاتی خۆمانە، بەڵام بەهۆی نەزانین و نەشارەزایمان نازانیین چیتیادایە و چیمان هەیە.
<+هەر ئەوان زاناو بەدەسەلاتن وهەمووشتە گرینگەکانی ناوچەکە لەژێر دەسەڵاتی خۆیانە.
<+حیزبی ئایندە زۆر بچوکەو داوای شتی گەورە دەکات،یەکگرتوو جەماوەری زۆرە.
<+تەلەفزیۆنە کوردیەکان بەرنامەی باشیان نییە، تەنها خەڵکی مەشغول دەکەن،بێسودن.
<+سیاسەت مەدارەکان پێشبرکێ بۆ وەرگرتنی پۆست دەکەن، بۆئەوەی زۆرترین بەشیان لەم سامانە بەربکەوێت.

<<زانیاریمان لەسەر خاک و ولاتەکەی خۆمان نییە.
<<ئەوان لەناوچەکەدا بالادەستن.
<<لەناوچەکە حیزبی یەکگرتوو وئاییندەش هەن.
<<لەهەریمەکە کەناڵی تەلەفزیۆنی زۆرە.
<<هەرێمەکە سیاسەت مەداری هەیە.

توانستی پراگماتیکی نوسەر، هەڵبژاردن و باسکردنی بابەتێکە، کە خوێنەر دەتوانێت، شیکردنەوەی بۆبکات و بیگونجێنی لەگەڵ بارودۆخەکەدا. هەڵویستی رۆژنامەکە و کاتەکە و دەوروبەرەکە رۆڵی سەرەکیان هەیە لە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکاندا. لەم جۆرە وتارانەدا نوسەر هیچ جۆرە کۆت و بەندێکی لەسەر نییە و پابەندی هیچ کۆتێکیش نابێت، ئەم جۆرە وتارە رەخنە ئامێزانە، لەو رۆژنامەو گۆڤارانە بلاو دەکرێنەوە کە سەربەخۆبن و سەربە هیچ پارت و دەسەلاتێک نەبن.

## بەشی سێیەم

## پڕاگماتیک و پەروەرد - فێرکردن

### ٣ /١ )پەروەردە و فێرکردن:

بێگومان پەروەردەوفێرکردن لەکۆمەڵگا مرۆیەکاندا بەیەکێک لەبنەڕەتترین چالاکییەکان دەژمێردرێت، بەردەوامبوونی کۆمەڵگایی مرۆیی بە گواستنەوەی میراتی ئەو کۆمەڵگایە بۆنەوەکانی دواتر بەستراوەتەوە. ئەمرۆ فێرکردن بەیەکێک لەنیشانە بنەڕەتییەکانی ئاستی پێشکەوتویی کۆمەڵگاکان دەژمێردرێت. ئەندامانی هەرکۆمەڵگەیەک بەپێی دابونەریتی ئەوکۆمەڵگایە پەروەردە دەکرێن، تابتوانن بەپێی ئەو دابونەریتە ڕەفتار بکەن. فێرکردن بریتیە لەچۆنیەتی پرۆسەی گواستنەوەی زانست، یاساکان، نەریت و ڕەفتار و لێهاتووییەکانی کۆمەڵگایەک بۆتاکەکان وئەندامە نوێیەکان. پەروەردەش، پرۆسەی گواستنەوەی میراتی کۆمەڵایەتی وکەلتوری نەوەیەکە بۆنەوەیەکی تر، یاچۆنیەتی بە کۆمەڵایەتی کردنی منالآن و چۆنیەتی فێرکردنی شێوازەکانی کرداری کۆمەڵگای ئەو ناوچەیەیە کەتیای دەژین. (ئەکبەر وەلەدبەگی ٢٠٠٩: ١٠٠).

واتاکانی پەروەردە بەقەد فراوانی کۆمەڵگاکان فراوان بوون، بەقەد ژمارەی گەلان زۆربوون، هێندەی جیاوازی بیریاران و قسەکە رانیشی جیاوازن، فرە ڕەنگە بەقەد ڕەنگی ئەو دامەزراوە و سیستەمانەی کە بەرجەستەیی کاری پەروەردەیی دەکەن. ریشەی پەروەردە بەقەد بیری مرۆڤایەتی دێرینە، پرۆسەی پەروەردەیی لەگەڵ بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا بوونی هەیە. چیرۆکی ئادەم وحەوا چیرۆکێکی پەروەردەیی فێرکارییە، چیرۆکی هابیل وقابیل چیرۆکێکی پەروەردەییە و پشت بەچاولێکردن ولاساییکردنەوە دەبەستێ. دەبینیین پەروەردە دەبێتە پرۆسەی خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر، پرۆسەیەکە کۆنە بە قەد کۆنی مرۆڤ، بە درێژایی ژیانیش بەردەوام دەبێت. لەسالآنی٥٥١- ٤٧٨پ.ز ((کۆنفۆشییۆس))دێت، بیرۆکەو فەلسەفەکانی خۆی پێشکەش دەکات، دەڵێ: ئەو سروشتەی دەوری مرۆڤی داوە خەلات و بەخششێکی پەروەردگارە و ڕێکردن لەگەڵ ڕێساکانیدا پێویستە و دەبێت بەوشێوەیەی خۆی دوایکەوین، بەرێوەبردنی ئەم ڕێچکەیە پێویستی بە پرۆسەی ڕاهێنان وئامادەکاری و سازکردن دەبێت. هاوشان لەگەڵ ڕاهێناندا فێرکردن وگەشەکردن، ئەوجا دەگەینە پرۆسەی خۆگونجاندن و بەم پرۆسەیەش تەواو دەبێت. (ئیبراهیم ناصر٢٠١٣: ٣٦).

لەهزری یۆنانی کۆندا، لەسەرزاری(ئەرستۆتالیس ٣٨٤- ٣٢٢پ.ز)دەردەکەوێت کە پرۆسەی فێرکردن پرۆسەی ئامادەکردنی بیروهزرە، کە پرۆسەیەکی پەرەپێدان وخو پێگرتنە. لەهزری ئیسلامی غەزالی دەبینیین١٠٩٥-١١١١ز وتوویەتی: پیشەی فێرکردن شکۆمەندترین پیشەیە، کە بریتیە لەسەرچاوەکە و نزیکی لەپەروەردگار، بۆیە ئەم نزیک بونەوەیەش هەر پرۆسە پەروەردەییەکەیە، کە هزری ئیسلامی

خـۆی بۆمانـدودەکات وەهولـّـی بـۆدەدات. لەسـەدەی هەژدەدا(کانـت)دەڵێ: پەروەردە پێشخسـتن و بەرزکـردنەوەی سـەرجەم شـێوەکانی کەمـالە، دەکرێـت بەمـرۆڤ بەرزیکەیـنەوە. هەروها(جـان جـاک رۆسۆ)کەلەهەمان چەرخی کانتە دەڵێ: پەروەردە ئامادەکردن و ڕەخساندنی هەڵە مرۆییەکانە، بۆئەوەی منـداڵ گەشـەبکات لە ڕوانـگەی ئـارەزوو و مەبەستەکانیەوە.لەسـەدەی نـۆزدەدا پەروەردە بەشـێوەیەکی زانسـتی تـوێژینەوەی لەبارەوەدەکرێـت، لەوبـارەیەوە نوسـراو و دانـراو دروسـتدەبن لەزانکۆکانـدا دەوتـرێنەوەو دەخوێنـدرێن. (روفـاعە الطـهطاوی)دەڵێـت: پەروەردە بونیاتنـانی ڕەوشـتی منـداڵە بەشێوەیەک، کۆمەڵگایەکی چاک و سەربەرزی لێدروست بێت، کەتیایدا گەشە بدەین بەخو ڕەوشتە چاکەکانی تاک و لەگشت خوڕەوشتە نەنگەکان پاک بێت وتەواو ببێتە هاوکار لەگەڵ دەوروبەریدا بۆکاری چاکە وخێر.

(دۆرکهایم)پەروەردە بەوشێوەیە دەبینێت، کەپەروەردە پێکهاتووە لەپێکهاتنی کۆمەڵایەتی تاکەکان، ئەم کارەش لەڕێگەی ئەو هەولانەوە بەرجەستە دەبێت، کەچینە ڕێنمونی کارەکانی پێشـو بەئەنجامیـان گەیانـدوە بـۆئەو چینـانەی لەئاسـتێکی باشـی پێگەیشـتویی دانەبـوون. دۆرکهـایم وایـدادەنێ کە ئەو مـرۆڤەی پەروەردە کـاری لەسـەردەکات جیـاوازە لەومـرۆڤەی سروشـت بۆمـانی دروسـتکردوە، بەڵکـو مرۆڤی پەروەردەکراو مرۆڤێکە کۆمەڵگە چۆنی ویستوە دروستیکردوە.

لەسەدەی بیستدا (جۆن دیـوی)بەم شێوەیە پێناسـەی پەروەردە دەکـات، کۆمەڵێک پرۆسـەیە کـۆمەڵگە یـان هەر گروپێـک بچـوک بێـت یـان گەورە دەتوانێـت لەڕێـگەیەوە ئامـانج و دەسـەڵاتی وەرگیراویـان بگـوازنەوە، سـەرەرای پاراسـتنی بەشێوەیەکی تـایبەت وگەشـەدان بەکـۆمەڵگە بەبەردەوامـی، هەروهـا چەخت لەوە دەکاتەوە کە پەروەردە گشت ژیان دەگرێتەوە بەهەموو ئەوشتانەشی کەلەخۆی گرتووە، نەک ئامادەکاری بێت بـۆ ژیـان، چـونکە ئامـادەکردن لەقالـب دانە، بەڵام خـودی ژیـان بـریتیە لە پەروەردە ڕاستەقینەکە.(سەرچاوەی پێشو). بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین، پەروەردە کۆی ئەوکرداروو کاریگەریانەیە مرۆڤێـک لەمرۆڤێکـی دیـکەدا دروسـتی دەکـات و بەرجەسـتەی دەکـات، زۆربەی جـاریش کەسـانی پێگەیشـتوو لەسەرکەسـە بچوکەکـان دروسـتی دەکەن، بەمەبەسـتی ئامـادەکردنی ئەم کەسـە بچـوکە بەلێهاتویی و توانایی و فرە ڕەنگ و هاوشان لەگەڵ ئەو ئامانجـانەی کە لە گەورەیـی وپێگەیشـتنیدا بۆی ئامادە دەکرێت.(رونیە اوبیر١٩٧٩:٢٧). پەروەردە پرۆسەیەکی گرینگە بۆ روبەروبونەوەی ژیان و پێداویسـتیەکانی، ڕێکخسـتنی ڕەفتـارە گشـتیەکانە لەکـۆمەڵگەدا لەپێنـاو دروسـتکردنی ژیـانێکی گونجاو لەناو کۆمەڵدا، بۆگشت تاکەکانی کۆمەڵگە بوونی زۆر گرینگە، بەڵام گرنـگ بـونی بـۆ مـرۆڤ پارێزگـاریکردنە لەڕەگەزی مرۆیـی و ئاڕاسـتەکانی و مەبەسـتەکانی و ڕێکخسـتنی هەسـتەکان و گەشەپێدانی ئارەزوەکان، گوێزانەوەی کەلەپوری کەلتوری بۆی لەگەڵ ئەو شێوازە ڕەفتاریانەی کۆمەڵگە لەلای پەسندە. (جورج شهر١٩٧٢:١٨).

ئەركی پەروەردە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەخەینەڕو:
١- گواستنەوەی شێوازە ڕەفتاریەكان بۆتاكەكانی ناو كۆمەڵگە.
٢- گواستنەوەی كەلەپوری كەلتوری لەنەوەكانی پێشوەوە بۆ نەوەكانی دواتر.
٣- گۆڕانكاریكردن لەكەلەپوری كەلتوریدا، گۆڕینی پێكهاتەكانی سەرەرای لابردنی ئەوشتانەی بۆی سودمەندن .
٤- پێدانی ئەزمونی كۆمەڵایەتی بەتاكەكەس، ئەمەش بریتیە لەبەهاو بیروباوەر و سیستەم وداب و نەریت و ڕەفتاری ئەوكۆمەڵگەیەی كە تاكەكان تیایدا دەژین.
٥- ڕۆشنبیركردنی تاك بەزانیارییە هاوچەرخەكان، كە بونەتە شەپۆل و شۆڕشێك بەرووی ژیان و ئەزمونی كۆمەڵگەكاندا. (ابراهیم ناصر١٩٨٩:٢٢)
٦- بەهێزكردنی توانای گونجانی تاكەكان لەگەڵ بەها كۆمەڵایەتییەكان و ئاسانكردنی پەیوەندییەكان و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان.
٧- ئامادەیی تاكەكان بۆهەندێ ڕۆڵی كۆمەڵایەتی چاوەڕوانكراو. (ئەكبەر وەلەدبەگی ٢٠٠٩:١٠٤)

## ٣ /٢)زمانی ڕاڤەكردن:

**١- زمانی بەرز**(ستاندار،نەتەوایەتی) : ئەوزمانەیە كە لە سنوری وڵاتێكدا لەهەموو بوارەكانی ژیاندا بەكاردێت. مەبەست لەبوارەكان قوتابخانەو دادگاو شەقام وماڵ ومزگەوت وفەرمانگەكانە، هەروها سێ ئەركی سەرەكیش دەبینێ كەبریتین لە: (محمدمعروف٢٠١٠:٣٥٧)
ا- بەڕێوەبردنی كاروباری بەڕێوەبردن و پەروەردەیی و تەندروستی وكۆمەڵایەتی .
ب- گەشەپێكردنی كەلتوری هاوبەش كەخەڵكی كۆدەكاتەوە.
ت- پتەوكردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوایەتی هەستی هاوڵاتیەتی بۆگرێدانی خەڵك بەیەكتریەوە.
ئەو زمانە حكومەت فێری هەموو هاونیشتمانیانی دەكات، كە ئەمەش كارێكی زۆرگرنگە. بێگومان زمان ناسنامەی كۆمەڵایەتییە، یەكێكە لەگرینگترین توخمەكان، كەكاری یەكخستنی ئەو كۆمەڵگایە دەكات. (نایف خرما ١٩٧٨:٢٢٩)
حكومەت ئەم زمانە بڵاودەكاتەوە، هەتا ئەگەر هاونیشتمانیان لە قسەكردنی ڕۆژانەشدا بەكاریی نەهێنن، بەڵام لەلایەن دەوڵەتەوە گرنگی زۆری پێدەدرێت، تاكەكانی سەربەو كۆمەڵگەو زمانەش وا فێردەكرێن كەرێز لەو زمانە بگرن بەجوانترین شێوە فێری ببن، چونكە هەر ئەو زمانەیە بۆنوسین و گفتوگۆ فەرمیەكان بەكاردەهێنرێت، لەسەر هەموو تاكێكی سەربەو زمانە پێویستە بەپاراوی قسەی پێبكات وپێی بنوسێت، لەبەرئەوەی هەموو بڵاوكراوەكان و زانست و زانیارییەكان بەوزمانە دەبن. ئەوزمانە قسەپێكەرانی هەموو دیالێكتەكان لەژێر سێبەری خۆی كۆدەكاتەوە. بۆنموونە زمانی عەرەبی

که دانیشتوانەکەی بەسەر چەندین وڵاتدا دابەش بوون و شێوازی قسەکردنی ڕۆژانەیان لەیەکتری جیایە، بەڵام بڵاوکراوەکانیان و کارە ئەدەبیەکانیان و لە کۆنگرە نێونەتەوەیەکاندا هەموویان بەیەک زمانی هاوبەش قسەدەکەن وهەموویان تێیدەگەن، بەوجۆرەزمانە دەوترێت زمانی بەرز(ستاندارد).

**٢- زمانی ئاسایی(ڕۆژانە،بەرژەوەندی بەخش،نزم):** ئەم جۆرەی زمان لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە قسەی پێدەکرێت، کە بریتیە لەبەکارهێنانی زمان بۆ پەیوەندیکردن و جێبەجێکردنی کاروباری ڕۆژانە لەرێگەی دەربڕاوە زمانیەکانەوە لەشێوەی نوسین وئاخاوتن لە هەڵوێستە جیاجیاکاندا. ئەو شێوازە زمانیەیی کە بۆمامەڵەکردن وکڕین وفرۆشتن و قسەکردنی نێوان هاوڕێیان و ئەندامانی یەک خێزان و کرێکارو خاوەن کارو پزیشک و...هتد. هەریەک لەو بەکارهێنانەی زمان بەپێی مەبەستی دیاریکراو، هەڵوێستی ئاخێوەران و ئەو سیاقەی ئاخاوتنەکانی تیادا بەکاردێت و پلەوپایەی بەشداربوانی ئاخاوتن وئەو بابەتەی لەبارەیەوە دەدوێن جیاواز دەبێ. ( بێری یاسین ٢٠١٢:١٦)

کاتێک مامۆستا وانە دەڵێتەوە بەزمانی ئاسایی دەدوێت و قسەدەکات بابەتەکە ڕاڤەدەکات، زۆربەی کات هەر بەزمانە ئاساییەکە قسەدەکات، ئەگەر بەبەردەوامی بەزمانە بەرزەکە بابەتەکە بڵێتەوە ئەوا خوێندکارەکان بەباشی لەوانەکە تێناگەن، بۆیە مامۆستا بەزمانە ئاساییەکە بابەتەکەیان پێدەڵێت.

زمانەکەش بەپێی ئەوسیاقەی کەتیایدا بەکاردێت چەند شێوازێک وەردەگرێت، وەک ئەو ئاخاوتنەی کەلەنێوان ئەوکەسانەی لەپلەو پایەو ئاستی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتیدا وەکیەکبن، ئەوا ئاخاوتنەکە شێوازی نافەرمی دەبێت وبەزمانە ئاساییەکە دەبێت. هەروها شێوازی گشتی وتایبەتی، شێوازی تایبەتی لەنێوان هاوڕێیان وئەندامانی خێزاندا دەبێت، بەڵام لەشێوازە گشتیەکە باسی هەموو شتێک ناکرێت و زیاتریش زمانە بەرزەکە بەکاردەهێنرێت، هەروها بەگوێرەی پەیوەندی بەشداربوان ئاخاوتنی ڕۆژانە بۆ ئاخاوتنی بەندو ئازاد جیادەکرێتەوە، ئاخاوتنی بەند لەنێوان ئەو کەسانە ئەنجام دەدرێت، کەپەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بەبابەتی گفتوگۆوە هەیە، لەدەوروبەرێک کەتەنها ئاخێوەرانی پەیوەندیدار بەئاخاوتنەوە ئامادە دەبن، بەڵام لەئاخاوتنی ئازاددا جگەلە ئاخێوەران کەسانی تریش گوێ بیستی ئاخاوتنەکە دەبن. مامۆستا لەکاتی وانە وتنەوەدا بەزمانی ئاسایی قسەدەکات و بابەتەکە ڕاڤەدەکات، ئەگەر بەزمانی بەرز وانەکە بڵێتەوە دەبێت پابەندی هەموو دەستورو یاسا ڕێزمانیەکان ببێت و ڕەچاوی بنەماکانی هاریکاری بکات و نەیان بەزێنێ، ئەمەش هەندێکجار دەبێتە هۆی درێژدادڕی و بێزارکردنی خوێندکاران و تێنەگەیشتنیان لە وانەکە. بەڵام لەزمانە ئاساییەکە بنەماکانی هاریکاری دەبەزێنریت و خوێندکارەکانیش هەست بەو بەزاندنە دەکەن، ئەو بەزاندنە دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خوێندکاران و تێگەیشتنیان لەبابەتەکە. بۆنموونە مامۆستا لەقسەکانیدا زۆر کەرەسەی ڕستە دەکرتێنێت، گوێنادات بەڕیزبوونی کەرەسەکانی ڕستە بەپێی زمانە ستاندارەکە. مامۆستاکاتێک داوا لەخوێندکارێک دەکات هەستێت بۆسەر تەختەکە، ئەگەر بەزمانی بەرز قسەبکات دەڵێت:

- فلان تۆ هەستە بۆسەر تەختەکە.
بەڵام ئەگەر بەزمانە ئاساییەکە قسەبکات دەڵێت:
- ها هەستە.
هەروها لەکاتی پرسیارکردن بەزمانی بەرز قسەبکات دەڵێت:
- کێ وەڵامی ئەم پرسیارە دەزانێت؟ با دەست بەرز بکاتەوەو وەڵامم بداتەوە.
بەڵام کاتێک بەزمانی ئاسایی قسەبکات دەڵێت:
- کێ دەزانێت....

**<u>٣/٣)پەیوەندی و بەستنەوەی زمانی پەروەردە و فێرکردن بە دەوروبەرەوە:</u>**

رۆڵی پەروەردە و فێرکردن ئەوەیە، کە هەوڵبدرێت لەرێگەی شێواز و رێگاکانی وانەگوتنەوە و پرۆگرام و ئامرازەکانی ترەوە گۆڕانکاری لە رەفتاری خوێندکاردا بکات. فێربوون تەنها گۆڕانکاری لەرەفتاری مرۆڤ نییە فێری شتی نوێ ببێت، بەڵکو بریتیشە لە چاکسازی و دەستکاریکردنی خو و رەفتارو بیرکردنەوە و هەڵچونە کۆنەکانیان و گۆڕانکاریکردن تیایاندا، ئەم گۆڕانکاری و چاکسازییە لەرێگەی (دەرخ)لەبەرکردن و پرکردنی مێشکی فێرخوازەوە نابێت، بەڵکو دەبێت فێرخواز تێبگات و بتوانێت لەژیانی لۆجیکیدا پراکتیزەیان بکات و دووبارە شیتەڵ و پێکەوە گرێیانبدات.

زاناو پەروەردەکاران لەناو خۆیاندا کۆک نیین و چەندەها پێناسەیان بۆفێربون کردوە، ئەمەش چەند پێناسەیەکی فێربونە:

١- فێربون بریتیە لە گۆڕانکاریکردن لەرەفتارەکان ئەویش لەرێگەی شارەزایی و راهێنانەوە دەبێت و بەردەوامیش لەخۆدەگرێت، واتە تاک لەهەوڵ وکۆششدا دەبێت تادەگاتە هێنانەدی حەزو ئارەزو و ئامانجەکانی.

٢- فێربون بریتیە لە چاکسازی و باشبونی بەردەوامی رەفتار، کە دەتوانرێت لەرێگەی سەرنج دانەوە ئەوچاکسازی و باشبونە هەست پێبکرێت، ئەویش بەهەستپێکردنی ئەوگۆڕانکاریانەی کە لەئەنجامی فیربونەوە روودەدەن.

٣- فێربون بریتیە لەهەموو ئەو گۆڕانکارییەی کە لەئەنجامی وروژێنەرو چالاکییە جۆراو جۆرەکانەوە روودەدەن. (کریم شریف ٢٠٠٨:١٧)

پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوان فێربون وشێوازی رێگاکانی وانەگوتنەوەدا هەیە. هەندێک رێگاو شێواز باشتر و خێراتر دەبنەهۆی فێربون وخوێندکار زیاتر سودیان لێ وەردەگرێت. هەندێکجار واباشترە خوێندکار لەبەشەوە بۆگشت فێربکەین، بەڵام هەندێکجار واباشترە لە گشتەوە بۆ بەش خوێندکار فێربکەین. هەندێکجاریش واباشترە مامۆستا وانەکە راڤەبکات وبیخاتە روو،یان لەرێگای گفتوگۆ و

گرووپەوە یان لەرێگای تاقیگەوە فێردەبێت...مامۆستا پێویستە شارەزایی پێویستی لەشێواز و رێگاکانی وانەگوتنەوە داهەبێت،بۆئەوەی خوێندکار بەباشترین شێوە فێربکات. بەکارهێنانی کەرەستە و ئامرازەکانی رونکردنەوە سودی زۆریان هەیە و خوێندکار باشتر فێردەبێت، کاتێک مامۆستا تەنها قسەدەکات، ئەوا خوێندکار تەنها هەستەوەری بیستنی بەکاردەهێنێ، بەلاّم ئەگەر قسەیکردو وێنەیەکیشی پیشانی خوێندکاردا، ئەوکاتە فێرخواز گوێ و چاویشی بەکاردەهێنێ و زیاتر لەبابەتەکە تێدەگات. هەروها ئەگەر بۆنی شتەکەشیکرد یان دەستی لێدا یان تامیکرد، ئەوا هەستەوەرەکانی تریشی بەشداری لە فێربون و تێگەیشتنی بابەتەکەدا دەکەن و باشتر فێردەبن.

ئەوبنەما دەرونیانەی گرنگی بەپەروەردە دەدەن : (ابراهیم ناصر ٢٠١٣: ٤٢)

١- زانین وئاشنایی دەربارەی سروشتی فێرکراو: واتە ئاشنایی لەگەڵ تاکەکەس و پێویستیەکانیدا، زانینی پێکهاتەو تواناکانی و ئارەزوەکانی و رەفتاری و بیرتیژی و ئەوپرۆسانەی بەکاری دەهێنێ بۆ فێرکردن وەک، ئاگاهی، درککردن، بیرهاتنەوە، واتە ئاشنابوون بەکەسی فێرخواز لەو روانگەیەوە کە دروستکراوێکی مرۆییە.

٢- زانینی سروشتی فێرکردن: واتە شارەزابوون لەژینگەی دەوری فێرکراو، بەهەموو لایەنە کۆمەلاّیەتیەوەکانەوە.

٣- بنەمافێرکارییەکانی پەروەردە: فێرکردن ئەو هەوڵەیە کە مامۆستا دەیدات بۆهاوکاری و دەستگیرۆیی کەسێکی دیکە، کە فێرکراوە بۆ پێدانی ئەزمونێکی دیاریکراو بەو خوێندکارە، پرۆسەی فێرکردن بریتیە، لەپرۆسەی جولاّندن و وروژاندنی هێزی مامۆستا لەلایەنی هزری وچالاکی یەوە، ئامادەکردنی بارودۆخێکی گونجاوە بۆئەوەی خوێندکار بتوانێ فێربێت.

پرۆسەی فێرکردنیش بەم سێ تەوەرە بەرێوە دەچێت:

ا- مامۆستا: یان رێنوێنیکەر، پرۆسەی فێرکردن وئامادەکردن و رێنوێنیکردن بەرێوە دەبات.

ب- فێرخواز- خوێندکار- قوتابی: بریتیە لەکەسیەتی خوێندکار، کە دەیەوێت فێرببێت.

ت- بابەت: بابەتێکی فێرکاری ویستراو و بڕیار لەسەر دراوە، بەئەلقەی پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی دادەنرێت. (ابراهیم ناصر ١٩٨٩: ٢٢)

فێرکردن پرۆسەیەکی گرنگ و بەبایەخە بۆ پەروەردەکردن، ئەگەر پەروەردە واتای بەئەگاهێنانەوەی هێزە نوستوەکانی دەرونی تاک بێت، بێگومان ئەم بەئاگاهێنانەوەیە لەرێگەی پەروەردەوە دەکرێت. قوتابخانە وەک دامەزراوەیەکی فێرکاری رۆڵی سەرەکی هەبێ لەپرۆسەی پەرەوردە و فێرکردن و


هاوکاریکردنی تاکەکان بۆ گونجانیان لەگەڵ ژینگەکەیاندا لەگەڵ ئەوژیانەی دەوری گرتوون، هەروها ئامادەیان بۆ بەدەسهێنانی بژێویان.

بۆمەبەستی لێکدانەوەی پرۆسەی فێربوون سود لەیاساکانی درکپێکردنی جەشتاڵتیەکان وەردەگرین کە بریتین لە:                                        (فاضل محسن ١٩٩١:٢٨٦)


١- یاسای ڕێکخستن: بەپێی ئەم یاسایە گشتەکان(الکل)گەورەترن لەبەشەکان (الاجزاء)و یەکەمجاریش مرۆڤ درک بەگشتەکان دەکات، واتە دیاردەکە بەگشتی و دواتر گرینگی بەبەشەکان دەدات، بەپێی ئەم یاسایە، ئەوکاتە فێربوون ڕوودەدات، کە ئەوبارودۆخەی گرفت و کێشەکەی تێدایە بەباشی ڕێکخرابێت و سەرجەم بەش و ڕەگەزو هۆ و ئامانجەکانی تێدا ڕوون و ئاشکرابێت، بۆئەوەی مرۆڤەکان لەڕێگەی تێڕبینیەوە هەموو بەشەکان و ڕەگەزو هۆ وئامانجەکان بەیەکەوە گرێبدات و چارەسەری گرفتەکە بکات.

٢- یاسای شێوە لەسەر زەمینە: ئەم یاسایە بڕبڕەی پشتی پرۆسەی درکپێکردنە، لەبەرئەوەی بواری درکپێکردنی هەر دیاردەیەک لە دوو بەش پێکدێت، بەشی یەکەم، بریتیە لەشێوە کە گرینگترین بەشی دیاردەکەیە و دەبێت بەسەنتەری وریایی و بەئاگایی، بەشی دوەمیش، بریتیە لەزەمینە، کەسەرجەم پاش زەمینە دواوەی شێوەکەیە وبەبێ ئەم زەمینەیە شێوەکە بەهای نابێت. بۆنموونە ئەگەر سەیری ئاسمان بکەین ئەستێرەکان دەبن بەشێوە و ئاسمانیش زەمینە، تابلۆی سەر دیوارێک شێوە و دیوارەکەش زەمینە یان وشەو ڕستەکان شێوە و کاغەزیش زەمینە.

٣- یاسای نزیکی: مرۆڤ کاتێک سەیری چەند دیاردەو شێوەیەک دەکات،ئەوا ئەو شت و دیاردانەی کە لەیەکەوە نزیکن پێش دورەکان خۆیان بەسەر درکپێکردنی مرۆڤدا دەسەپێنن، واتە یەکەم جار درک بەنزیکەکان دەکەین. بۆنموونە کاتێک سەیری ئەم هێڵانەی خوارەوە دەکەین، ئەوا یەکەم جار هاوتەریبە نزیکەکان درک پێدەکەین (ا ، ب)نەک(ب ، ج).




٤- یاسای لێکچون: بەپێی ئەم یاسایە هەرکەسێ ئەگەر سەیری دیاردەو شێوەو کۆمەڵێک ڕەگەزو بەش بکات، ئەوا یەکەم جار ئەو دیاردەو شتانە دەبینێت، کە وەکیەکن. بۆنموونە ئەگەر سەیری ئەم شێوانەی خوارەوە بکەین ئەوا بازنەکان بەیەکەوە وچوارگۆشەکانیش بەیەکەوە دەبینین.



واتە ئەو شتانەی لەیەک دەچن خۆیان دەسەپێنن بەسەر هەستەوەرەکانمان پێش ئەوشتانەی کەلەیەک ناچن. کەواتە بۆئەوەی خوێندکار بەباشی فێربێت دەبێت بابەتەکە ڕێکبخرێت و دیاردەو شتە وەک یەک و لێکچووەکان بەخوێندکار بدرێت، نەوەک بەشێوەی پچڕپچڕ.

٥- یاسای بەردەوامی: حەزو ئارەزو ئیرادەیەک لەلای تاک هەیە، کە هێڵی ڕاست بەبەردەوامی وەک هێڵی ڕاست ببینێ نەک وەک خاڵی یەک لەدوای یەک، هەروەها بازنەش وەک بازنە نەک هێڵی چەماوە وخاڵی یەک لەدوای یەک، هەروەها یادگاری و ڕوداوە دڵتەزێنە ناخۆشەکان ویادگاری و ڕوداوە خۆشەکان هەمان بەردەوامی وەردەگرن و مرۆڤ دوای بەسەر چونی ماوەیەکی زۆریش هەر یادیان دەکاتەوەو لەبیرناچنەوە.

بەبڕوای(لیڤین)ژینگە بریتیە لەسەرجەم ئەوشتانەی کە لە چوار دەورمانن و کاریگەرییان لەسەرمان هەیە، واتە مەرج نییە شتەکە یان ڕوداوەکە لەنزێک و چواردەوری ئێمە بێت، بەڵکو دەبێت کاریگەری لەسەرمان هەبێت. بەبۆچوونی لیڤین دووجۆر ژینگە هەیەکە بریتین لە:

١- ژینگەی فیزیکی: بریتیە لەسەرجەم ئەو کەل وپەل و وروژێنەر و دەنگ و وێنەو بۆن و ئەوشتانەی کە لەژیاندا هەن (خانو، قوتابخانە، ناوپۆل، مرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک، دەرگاکان...هتد) . لەوانەیە لەکاتێکی دیاریکراودا کاریگەریان لەسەرمان هەبێت.

٢- ژینگەی دەرونی: بریتیە لە ڕوداو و شتەکانی چواردەورمان و کاریگەریان لەسەر کەسایەتی و باری دەرونیمان هەیە ، واتە دەوروبەری دەرونی گرنگە بۆمرۆڤ ، لەبەرئەوەی لەسەرجەم گۆڕانکاری و ڕوداو و وروژێنەرەکانی ئەو ژینگەیە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر باری دەرونی و چارەنوسی مرۆڤ هەیە. (کریم شریف ٢٠٠٨:١٢٤)

**٤/٣)نزیککردنەوەی زمانی پەروەردە – فێرکردن لەدەوروبەری خوێندکارەوە:**

سەرەتا بەپێویستی دەزانین باس لەتیۆرەکەی برۆنەر بکەین بۆفێربوون، کە دەڵێت(ئامانجی سەرەکی فێربوون بریتیە لە باشکردن و زیادکردنی تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ بنیادو پێکهاتەی دیاردەو شتەکان، کاتێک خوێندکار سەرقاڵی دیاردەو شتێک دەبێت، ئامانجی سەرەکی بریتی دەبێ لە تێگەیشتنی گشتی و سەرتاسەری بۆئەو دیاردەو شتە و بینینی، کە بونیادێکی پێکەوە گرێدراو ولێک نەپچراوە، سەرەرای دروستکردنی بونیادێکی مەعریفی لەمێشکدا بۆ ئەو شت و دیاردەیە و بەستنەوەی بەزانیاری و شارەزایەکانی تری کە لەکۆئەندامی یادکردنەوەیدا هەڵگیراوە).

برۆنەر لەتیۆرەیەکەیدا گرینگی زۆر بەمامۆستا دەدات و داوای لێدەکات، کە لە ناوپۆلدا هەوڵی دابینکردنی کەش وهەوای گونجاو بدات بۆئەوەی خوێندکار سودیان لێوەرگرێت ولەلایەنی مەعریفی و عەقڵیەوە گەشەبکات. (کریم شریف ٢٠٠٨:١٦٧) . هەربۆیە تیۆرەکەی خۆی ناوناوە تیۆری وانە گوتنەوەو فێرکردن. برۆنەر گرینگی زۆری بەژینگە و رۆڵی لەپرۆسەی فێربووندادا‌وە،بەبروای ئەو ژینگەو شارەزایی و وروژێنەرەکانی جیهانی دەرەوە بەرپرسیارن لەگەشەکردنی مەعریفی تاک و دروستکردنی بونیادی عقلی لە مێشک دەربارەی دیاردەو رووداوەکانی جیهانی دەرەوە. واتە کاتێک ژینگە وجیهانی دەرەوە دەوڵەمەند بێت و لەسەر بنەمای زانستی و سایکۆلۆژی دروست بەمنداڵ دەدرێت، ئەوا بونیادی عەقڵی و پێکهاتەی مەعریفی تاک زیاترو باشتر دەبێت.

بەبۆچونی برۆنەر خوێندکار سێ رێگای لەبەردەمدایەو دەتوانێت لەرێگەیانەوە فێری بابەتەکە ببێت و لێی تێبگات، مامۆستاش رەچاوی هەرسێکیان بکات. رێگاکانیش بریتین لە:

١- رێگای نواندن وکارکردن: واتە گواستنەوە و پێشکەش کردنی زانیاری و بابەتەکە لەرێگەی کردارو کارکردن و چالاکیەوە نەک قسەکردن و هێما.

٢-رێگای هێماو وێنە: لەم قۆناغەدا خوێندکار لەرێگەی وێنەو نیگارو هێماکانەوە فێردەبێت و پێویستە مامۆستا ئاگاداری بێت.

٣- رێگای هێماو قسەکردن: لەم قۆناغەدا لەتوانای فێرخوازدا هەیە کەلە رێگای هێماو قسەکردن و زمانەوە تێبگات و زانیاری و بابەتەکان بۆ وشەو هێما بگۆڕێ.

دەوروبەر یەکێکە لەستراتیژیەتەکانی فێرکردنی مەعریفی یارمەتی وەبیرهاتنەوە دەدات هەندێ لایەنی دیاریکراو لە دەوروبەری مادديدا هەن، کەتیایدا فێربونی لێ بەدیدێت، جگە لەو زانیاریانەی دەبنە بەشێکی تۆڕەکان و ئەو نەخشە معریفیانەی کەلەلای تاکدا پێکهاتون. کاتێ دواتر هەوڵی بەیادهێنانەوەی زانیاریەکان دەدرێ بەیاد هاتنەوەکە کردەیەکی زۆر ئاسان دەبێت، ئەگەر دەوروبەرەکی هاوشێوەی ئەودەوروبەرە رەسەنە بێت،کەفێربونەکەی تیادا بەدیهاتوە(عبدالرحمن ویوسف٢٠١٣:٢٧٦) بۆ بەبیرهاتنەوەی ئەو زانیاریانەی کە فێری بووبین دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانە بکەین:

١- دەکرێ زانیاری بەپێی چەند وێنەیەکی هەستی و جوڵەیی و بۆنکردن و بیستن و چاوییەوە یان چەند وێنەیەک بەیەکەوە هەڵبگرین.
٢- کاتێ خوێندکار بەپێی یەکێک لە وێنەکانەوە هەوڵ و کۆششێکی ئەندێشەیی لەپێناو ڕێکخستنی شارەزاییەک دەدات، ئەمە یارمەتی دەدات لەماوەیەکی کورتدا بەشێوەیەکی گونجاو بەبیری بێتەوە.
٣- زیاتر کردنی کاری ئەندێشەیی بە ئامانجی ڕێکخستنی شارەزایی بەپێی هەستپێکراوەکانی هەستی، جا ئەگەر هەستپێکراوی چیرۆکی بن یان پۆلێنکاری یارمەتیدەری وەبیر هاتنەوە دەبێت لەکاتێکی گونجاودا.
٤- دانانی شارەزاییەکە لەسەرشێوەی نەغمەدارکردن یارمەتی هێنانەوەو بە بیرهاتنەوە دەدات.
٥- دانان و ڕێکخستنی شارەزاییەکان لەسەر شێوەی چەند تۆڕێکی چەمکی یان نەخشەکاری مەعریفیەوە، دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان چەمکە نوێنەرەکان شارەزایی ئاساندەکات.
٦- کردەی بەهێماکردنی دوانەیی، کەبریتیە لە عەمبارکردنی شارەزایەکان بەشێوەیەکی بینراو واچەیی لەلایەن فێرخوازەوە. واتە بەوێنەو فۆتۆ ڕستە و وشەکە تیایدا فێرخواز ئەو شارەزاییانە بەیاد دەهێنێتەوە، کاتێ شێوە و قەبارە و وێنەیەکی بیر دێتەوە دواتر بەشێوەی واچەیی وەسفی دەکات.
٧- کەڵەکەکردنی شت و بابەتە دوورودرێژەکان بەسەر ئەو شارەزاییەی پێشکەش بەفێرخوازان دەکرێت تیایدا زانیارییە عەمبارکراوەکان بە زانیارییە نوێیەکان دەبەسترێنەوە و دەبێتە هۆی بەبیرهاتنەوەیان و وایان لێدەکات زیاتر بەرپەرچی لەبیرچونەوە بدەنەوە.
٨- دانانی شارەزاییەکان لەمیانی دەوروبەرە باوەکانی خوێندکار یارمەتیدەریەتی بۆ بەبیرهاتنەوەیان و بەکارهێنانیان وگواستنەوەیان بۆ هەڵویستی نوێ. (سەرچاوەی پێشو)

مەبەست لەنزیککردنەوەی زمانی پەروەردە و فێرکردن لەدەوروبەری خوێندکار ئەوەیە ،کە مامۆستا هەوڵبدات ئەو زانست و زانیاریەی کە مەبەستیەتی فێری خوێندکارانی بکات، دەبێت، بێت شتێک یان دیاردەیەک لە دەوروبەری خوێندکار بدۆزێتەوە کە خوێندکارەکە حەزبە و شتەبکات و بەجوانی بیناسێ، هەروەها ئەوشتە یان دیاردەیە لەگەڵ ئەو زانیاریەی مامۆستا لەیەکتری بچن و پەیوەندیەک هەبێت لەنێوانیاندا. بەم نموونانە ئەمە ڕووندەکەینەوە. بۆنموونە: کاتێک مامۆستا دەیەوێت پیتی (ن،ت،ث،ی،یێ)فێری خوێندکارەکانی بکات، مامۆستا دێت شتێک لەدەوروبەری خوێندکارەکە دەبینێتەوە، کەهەموو خوێندکارەکان پێی ئاشنان و لەمێشکیاندا هەڵگیراوەو هەرکاتێک بیانەوێت دەیهێننەوە بەرچاویان، مامۆستاکە دێت باسی خواردنی کفتەیان بۆدەکات، کەهەموو خوێندکارەکان بەم خواردنە ئاشنان و خواردویانە، لەسەرەتا پێیان دەڵێت ئەم پیتی(ن)وەک ئەوە وایە کەدایکت کفتەیەکت لەناو قاپێک بۆدابنێت، پیتەکە بە قاپێک کفتەیەکی تێدابێت دەچوێنێت. پیتی(ت)بە

قاپێک دوو کفتەی تێدابێت وپیتی(ث) قاپێک سێ کفتەی تێدابێت. بەمجۆرە نزیککردنەوەکە و لێکچواندنەکە بۆخوێندکارەکان دەکات. مامۆستا کاتێک کە خوێندکارەکانی بەم جۆرە فێردەکات، واتە نزیککرنەوەی زمانە پەروەردەییەکە لەدەوروبەری خوێندکارەکان، هەرکاتێک داوا لە خوێندکارەکان کرا پیتی(ن،ت،ث) چۆنە و چۆن دەیناسنەوە، ئەوا یەکسەر خوێندکارەکان قاپ وکفتەیان بەبیردێتەوە پیتەکانی پێدەناسنەوە. یان لەفێرکردنی پیتی(ی،ی)وچۆنیەتی لێک جیاکردنەوەیان، مامۆستا (ی)کۆتایی بەمراوی دەچوێنێ،کەئەم پیتە وەک مراوی وایە،چونکە خوێندکارەکان مراوییان دیووە دەزانن چۆنە، هەرکاتێک باس لەیای کۆتایی کرا ئەوا بەمراوی بەبیریان دێتەوە، هەروها پیتی یای سەرتاو ناوەڕاست بەوەدەناسن کە دوکفتەکە لەناو قاپەکە نیین،بەڵکو لەبن قاپەکەن. بەمجۆرە بۆپیتەکان دیاردەیەکی نزیک لەخۆیان وئاشنا بەخوێندکاران دەدۆزینەوە، هەرکە خوێندکارەکان دیاردەکەیان بەبیر هاتەوە پیتەکان دەناسنەوە. هەروها لەفێرکردنی وانەی بیرکاریدا مامۆستا کاتێک بیەوێت خوێندکارەکان فێری کەرت وکۆکردنەوەو کەمکردنەوەو دابەشکردن بکات،ئەوا دەبێت یەکەم جار هەڵدەستێت بەنزیککردنەوەی زمانی بیرکاری لە دەوروبەری خوێندکار، بۆنموونە کاتێک خوێندکاران فێری کەرت دەکات، کێکێکی گەورە دەهێنێت و دەیکات بەچەند پارچەیەکەوە داوا لەخوێندکارێک دەکات پارچەیەکی لێبخوات، ئینجا ئەڵێت کێکەکە چەندی لێخوراوە، پێی ئەڵێن لەپێنج پارچە پارچەیەکی لێخوراوە، مامۆستاکەش دەڵێت واتە یەک لەسەر پێنجی خوراوە، یەکێکی ترهەڵدەستێنێ ئەویش بەهەمان شێوە پارچەیەکی لێدەخوات، مامۆستاکە ئەم جارەشیان دەپرسێت،ئێستا چەندی خوراوە، لەوەڵامدا دەڵێن دوو پارچە، واتە دوو لەسەر پێنجی لێخوراوە، بەم شێوەیە فێری کەرت و کۆکردنەوە و کەمکردنەوە و دابەشکردنیان دەکات، بۆ کۆکردنەوەش هەریەکەو سێوێکیان دەداتێ پێیان دەڵێت  هەمووتان وەرن لەناو ئەم سەبەتەیەی دانێن، ئینجا دەڵێت هەمووی بووبە چەند سێو، بەم شێوەیە مامۆستا دەبێت خوێندکارەکانی فێربکات، بۆئەوەی ئەم بابەتەی کەفێری دەبن لەبیریان نەچێتەوەو لە کاری لەبەرکردن ودەرخکردن دور بکەونەوە.

## **٥/٣)تێکەڵکردنی زمانی پەروەردە – فێرکردن بەکەلتوری نەتەوە:**

پەروەردەی کۆمەڵایەتی، پرۆسەیەکە لەمیانەیەوە تاک فێری ئەوە دەبێت چۆن بۆ لەخۆدا بەرچەستەکردن پێوەرو بەهاکانی کۆمەڵگا لەلایەک وفێربونی چۆنیەتی گێرانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکانی وەک(باوک، دایک، کوڕ، برا،ڕاستگۆ، هاولاتی، خوشک، خزم،...هتد)ببێتە ئەندامی کۆمەڵگە، چونکە بەهۆیەوە کەلتور لەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە ڕێگەیەکیشە بۆدروستکردنی تاک لەمنداڵیەوە تادەگەنە ئەو ئاستەی دەتوانن لەکۆمەڵگەیەکی خاوەن کەلتوردا بژین و فێرکردنی زمان و ئاین و

هونەر و داب و نەریت و زانیاری و بەهرەکانیش لەلایەن دایک وباوک وخوێندنگەیشەوە بەتاکەکان، هەردەکەوێتە چوارچێوەی ئەوپەروەردەکردنەوە. (سمیر ئیبراهیم٢٠١١:١٧٣)
چەسپاندنی بەهاو پێوەرو دیدە کۆمەڵایەتیەکان وکەلەپوری کۆمەڵگە، واتە سیستەمی ئەو بەها کەلتوریانەی لەرەفتارو هەڵسوکەوتیاندا وێنای تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات، لەمیانەی کردەکانی پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی خێزانیی و شێوەکانی تری پەیوەندیی وگەیاندنیی بە دامودەزگاکانی فێرکردنەوە بەرێوەدەچن. کەواتە پەروەردەکردن، ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتیەیە کە بەهۆیەوە جۆرو شێوەکانی کەسێتی ونەریتە کەلتوریەکان لەباب وباپیرانەوە بۆنەوەکان دەگوێزینەوە.
(غی رۆشێ)ی کۆمەڵناسی کەنەدی، پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی بەوەپێناسەدەکات کەبریتە: (لەو ڕەوتەی بەهۆیەوە تاک فێری شت دەبێت و بەدرێژایی ژیانیشی لەناخیدا ڕەگەزە کۆمەڵایەتی/کەلتورییە باوەکانی دەوربەری لەبونیادی کەسیەتیدا بەکاریگەری ئەزمون وفاکتەرە کۆمەڵایەتییە ماناو مەبەستدارەکان ئاوێتە بەیەک دەکات، لەوێشەوە ئەوتاکە دەتوانێت لەوژینگە کۆمەڵایەتیەدا خۆی بگونجێنێت کەتیایدادەژیت). (غی روشیه ٢٠٠٢:٢٣٧)
ئەم پێناسەیە سێ کردەی کۆمەڵایەتی بنچینەیی لەخۆدەگرێت کەلەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبنە هۆکاری پێکهاتنی کەسیەتیەکی تەباو گونجاو.
١- کردەی وەرگرتنی کەلتور: کەتاک زانیاری ومەعریفەو نموونە،و مۆدیل و بەهاو هێما کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگەو ژینگە کۆمەڵایەتیە وەردەگرێت کەتیایدا دەژی، ئەوەی کەزمانی پێکەوەبوون وبەردەوامی تاک لەگەڵ کۆمەڵگەکەی و ئامرازەکانی ئاوێتەبوونی بە کۆمەڵگە پێکدەهێنێت.
٢- کردەی تەواوکردنی کەلتور لە کەسێتیدا: کەڕەگەزەکانی کۆمەڵگە و کەلتور لەهەر کەسێکدا تەواودەبێت ودەبێتە کەسێتی تاک، بەهۆی ئەوتەواو کاریەشەوە دواجار تاک زۆربەکەمی هەست بەقورسایی میکانیزمەکانی بەرزەفتکردنی کۆمەڵایەتی ناکات.
٣- دەرەنجامی هەردوو کردەکەی پێشوتر: دەبێتەهۆی گونجانی کەسەکە لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا،واتە کە خۆکردانە بەسۆزی خۆی بەشداری کەسانی تری کۆمەڵگە دەکات و لەهیواو پێداویستی و چالاکی وسەلیقەکانیاندا هاوبەشی دەبێت وهەستکردن بەشوناسی خۆیمان لێوەردەگرێت.
کەلتور، بریتیە لە کەلەپورێکی کەڵەکەبو لە داب ونەریت وسیستەمە هونەرییەکان، پیشە جۆراوجۆرەکان، وهەموو ئەو ماددی ونامادیانەی کە مرۆڤ دروستی کردوە، لەگەڵ سەرجەم شێوازەکانی پاراستنی مانەوەدا، کە مرۆڤ دۆزیویەتیەوە یان خواستویەتی و وەریگرتوە یان خۆی دۆزیویەتیەوە. بەومانایەیی کەئەندامێکە لەو کۆمەڵگەدا دەژی ولەناویانداو باوەڕیان پێیەتی و پاڵپشت وپارێزگاری ئەوکەلەپورە دەکەن. (ئیبراهیم ناصر٢٠١٣:٢٩)

وشـــەی کەلتـــور ئامـــاژەدانە بەو شـــتانەی کە کـــۆمەڵگە و تاکەکـــان خۆیـــان بەدەســـتی خۆیـــان دروســـتیانکردووە، کە خـــۆی لە/بیرۆکەو،پەنـــدو،بەهاکان و،بیروباوەرو،لێهـــاتویی و،ڕێگـــای بیرکردنەوە،نەریت،ئامرازەکـــانی بەرهەمهێنـــان وپێشکەوتن،ئەومۆســـیقایەی دەیژەنن،ئەوسیســـتەمە خێزانییەیی کەلەسەری دەرۆن،واتای هەق و پێویست لەناویاندا،ئامرازەکانی گواستنەوە،پەیوەندیکردن، ئەو پاڵەوانـانەی کە ڕێـزی لێدەگرن،بەشـێکی تـریش لە شـتەکان ئەوانەی کەمـرۆڤ دروسـتیکردوون بـۆئەوەی ببـنە بنەمـایەک بۆگردبـونەوەی تاکەکـانی کـۆمەڵگەیەک لەدەوری بەرژەوەنـدیەکانیان پـێکەوە ببەستێتەوە. لێرەدا پەیوەندیەکی گەورە لە نێوان پەروەردە و کەلتوردا بەدەردەکەوێت، بەوەی لەبابەتی پەروەردەدا کەلتور بریتیە لە کەلەپوری کەلتوری کەڵەکەبوی نەوەکـان، و بەردەوام پرۆسـەی پەروەردەش بریتی بووە لەپرۆسەی خۆگونجان لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا، بەرێگەیەکی گونجـاو سـەرچاوەگرتوو لەو کەلەپـورەی کە خۆشـی ویســتووە، بـۆی هێنـاوەو دەیەوێ بیگـوازێتەوەو بەردەوام جێبەجێـی بکـات ولەسەری بڕوات. واتە ناواخنی کەلتور لەکۆمەڵێک پێکهاتەو بەش پێکهاتووە کەبریتین لە:

١- لایەنی ماددی کەلتور: هەموو ئەو شتانەن کەمرۆڤ لەژیـانی ڕۆژانەیدا بەکاریدەهێنی لەئامرازو ئـامێرو جـێگەی حەوانەوەو ئـامرازی گەشـت وگواسـتنەوەو جـل وبەرگ و ئەو نەریتـانەی تـایبەتن بەشێوازی خواردن وخۆراک پێدان.

٢- لایەنـی کـۆمەڵایەتی کەلتـور: ئەمە ئەو شـتەیە کەنـاو نـراوە بەبونیـادی کـۆمەڵایەتی ئەم بونیـادە کـۆمەڵایەتییە پێکهـاتەی کۆمەڵێـک خەڵـکە لەڕووی کـۆمەڵایەتییەوە بۆمـاوەیەکی کـاتی بەردەوام دەبێت، لەنێوان تاک وئەندامانیـدا، کارێـک گەشەپێدەکات لێیەوە کۆمەڵێ سیسـتەمی کـۆمەڵایەتی دروست دەبێت، هەریەک لەئەنـدامان دەبـنە خاوەنی ڕۆڵێـک و ئەو ڕۆڵە بەرجەسـتە دەکەن. مەبەست لەبەنیادی کۆمەڵایەتی ئەوسیسـتەمانەن، کە لەڕێگەیەوە کۆمەڵێـک کەس وخەڵـک دەکەن بەهاوبەنـدو بەیەکەوە بەستراو، ئەم حاڵەتەش بۆدروست بوون و پێکهاتنی کۆمەڵگە زۆرگرینگە.

٣- لایەنی هزری کەلتور: ئەو ڕەگەزو ڕێ و شوێنانەیە کەسەر بە کەلتورە و شێوازی هزرو بیرکردنەوە دەخـاتە ژێـر ڕکێفـی خۆی(زانایـانی زانسـتی مرۆڤناسـی)هاوڕان لەسـەر ئەوەی ئەم بەشـە سـەرجەم لایەنەکانی (زمان – هونەر – جادو – ئاین – زانست)لەخۆ دەگرێت. (سەرچاوەی پێشو)

لەگەڵ ئەوەی هەر کۆمەڵگەیەک کەلتورێکی تـایبەتی بەخۆی هەیە، بەڵام هەندێک تایبەتمەنـدی هەیە گشتییەو لە هەموو کەلتورەکاندا بوونی هەیە. (عاطف وصفی ١٩٧٥:٧٦)

١- کەلتـــور پرۆســـەیەکی مـــرۆییە: تـــایبەتە بەخـــودی مـــرۆڤەوە بەخـــوی مـــرۆڤەوە نەک شـــتەکانی دیکە،سەرجەم بونەوەرانی دیکە بۆیان نییە هاوبەشی ئەم تایبەتمەندیەیی مرۆڤ بکەن.

٢- کەلتور پڕۆسەیەکی وەرگیراوە: مرۆڤ کەلتور لەدەوروبەرەوە وەردەگرێت (دایک وباوک،یان سەرکردە ئاراستەکەران یان ئامرازەکانی ڕاگەیاندن).

٣- کەلتور پڕۆسەیەکی گۆڕاوە: دەگۆڕێت و لەجوڵەدایە زۆربەی جار ڕووەو باشتر بوون دەجوڵێ، واتە پەرە دەسێنێ.

٤- کەلتور پرۆسەیەکی تەواوکارییە: پێویستیەکانی مرۆڤ پردەکاتەوە دەروونی مرۆڤەکان ئاسودە دەکات، چونکە بابەتە هزریەکان دەبەستێتەوە بەڕۆح ودەرونەوە.

٥- کەلتور پرۆسەیەکی بەردەوامە: کەلتور موڵکی تەنیا کەس ونەوەیەک نییە، بەڵکو نەوە دوای نەوە دەگوازرێتەوە، ناتوانرێت دەست بەسەر هیچ کەلتورێکیشدا بگیرێت.

٦- کەلتور پرۆسەیە توانای گواستنەوەی هەیە: لەنەوەیەکەوە بۆنەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە لەناو کۆمەڵگەیەکدا، هەروەک چۆن دەتوانرێت. لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆکۆمەڵگەیەکی تر بگوازرێتەوە، بۆیە توانای ئەوەشی هەیە لەسەر ئاستی گەلان بڵاوبکرێتەوە.

٧- کەلتور پرۆسەیەکە، شێوازی ژیان دیاری دەکات: بەومانایەی کە مرۆڤ لەکەلتورەوە شارەزای ڕەفتاری کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو دەبێت و دەتوانێ پێشبینی ئەو شتەبکات کەتاکەکان لەچوارچێوەی ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتیدا ئەنجامی دەدەن، چونکە کەلتور شێوازێکی دیاریکراو لەژیان و کاروبارەکانی ژیان دەسەپێنێ بەسەر نەوەکانی خۆیدا.

بۆنموونە، ئەگەر ئەم پەندانەی خوارەوە وەرگرین تێکەڵیان بکەین بەزمانی پەروەردە وفێرکردن، دەبینین هەریەکێکیان کۆمەڵێک بابەت لەخۆ دەگرێت ومامۆستاش فێری خوێندکارەکانی دەکات، خوێندکارەکانیش، ئەگەربابەتە پەروەردەیەکانیان بۆ ڕاڤە بکرێت باشتر فێری دەبن و لەبیری ناکەن، هەروها لەکاتی گفتوگۆ کردنیشدا دیسانەوە بۆپاڵپشتی قسەکانیان بەکاری دەهێنن.

**١- هێز لە یەکێتی دایە.**
**٢- بەرد لەماڵی خەڵکی مەگرە کەماڵی خۆت لەشوشەیە.**
**٣- خزم گۆشتیشت بخوات ئێسکت ناشکێنێ.**
**٤- ژێری بەگەورەو بچوکی نییە.**

ئەم پەندانەی سەرەوە دەچنە خانەی کەلتوری نەتەوەکەمان، ئەوەی کە ئێمە مەبەستمانە تێکەڵکردنی زمانی پەروەردە و فێرکردنە بەکەلتوری نەتەوەکەمان، بۆئەوەی لەڕێگەی پەروەردە و فێرکردنەوە کەلتورە کەشمان بەنەوەکانمان ئاشنابکەین وفێریان بکەین، مامۆستا ئەم کەلتورە دەهێنێت و دەیکاتە بابەت و بەزمانێکی پەروەردەیی فێری خوێندکارانی دەکات.

- هێز لە یەکێتی دایە .

ئەگەر تەماشای ئەو پەندە بکەین و بیکەنە بابەتێک لەبابەتەکانی وانەیەک، خوێندکار لەسەرەتا لەم پەندە بەباشی تێناگات، بەڵام کاتێک مامۆستا دێت بەزمانی پەروەردە فێریان دەکات، چیرۆکێکیان بۆدروست دەکات و دواتر چیرۆکەکەیان بۆشیدەکاتەوە، ئینجا واتای پەندەکەیان فێردەکات، بەم شێوەیە دەڵێت: پیاوێک هەبوو نۆ کوڕی هەبوو ئەم کوڕانە زۆر لەگەڵ یەک ناتەباو نارێک بوون قسەیان لەگەڵ یەک نەدەکردو یەکتریان خۆش نەدەویست، بەم کارانەیان باوکیان زۆر بیزار کردبوو، باوکیان چەندی دەیکردو هەوڵیدەدا بۆی چاک نەدەبوون، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر ڕۆژێک هات هەموویانی کۆکردەوەو ئامۆژگاری کردن، هات هەریەکەو دارێکی دایە دەستیان و وتی بزانم کێ دەتوانێ ئەم دارەی دەستی بشکێنێ، هەموویان زۆر بەئاسانی شکاندیان، ئەم جارەیان نۆ داری هێناو بەیەکەوە بەستنی وتی بزانم کێ دەتوانێ ئەو دەستەدارە بشکێنێ، هەر نۆیان خۆیان تاقیکردەوەو نەیان توانی لاریشی بکەنەوە، ئینجا باوکەکە پێی وتن، ئەگەر ئێوەش لەسەر ئەم بارەی ئێستاتان بەردەوامبن، وەکو دارەکەی کە هەمووتان زۆر بەئاسانی شکاندتان، هەمووکەس بەئاسانی دەتان شکێنن، بەڵام ئەگەر تەباو یەکگرتووبن کەس ناتوانێ بتانشکێنێ.

مامۆستا دەبێت بەم جۆرە زمانی پەروەردەو فێرکردن تێکەڵ بە کەلتور بکات و بۆخوێندکاری ڕاڤە بکات، بۆئەوەی خوێندکاریش لەکەلتورەکەی خۆی بگات و شانازی پێوەبکات و وانەی لێوەرگرێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریبهێنێ.

- بەرد لە ماڵی خەڵکی مەگرە،کەماڵی خۆت لەشوشەیە.

مامۆستا دێت چیرۆکێک بۆ ئەم وتەیەی سەرەوە دروست دەکات، بۆئەوەی بەباشترین شێوە لەخوێندکارەکانی بگەیەنێت و شیبکاتەوە. دەڵێت نابێت خەڵکی تانەو تەشەر لە کەسانیتر بدات و بەخراپ باسیان بکات ونابێت چاڵ بۆ خەڵکی تر هەڵکەنین ونابێت کەموکوری(عیب)خەڵکی بەدەربخەین، بەڵکو هەتا بۆت دەکرێت عیبی خەڵکی داپۆشی،چونکە کەس نییە کەموکوری نەبێت...

- خزم گۆشتیشت بخوات،ئێسکت ناشکێنێت.

واتە ئەگەر لەخزم وکەسە نزیکەکانت توڕەش ببیت و ساردیەکیش بکەوێتە نێوانتانەوە، دەبێت شتێکی تێدا بهێڵیتەوە، چونکە ئێوە هەر کەسی یەکترین ڕۆژگارێک دێت پێکەوە ئاشتببنەوە،

بەرگری لەیەکتری دەکەن وپشتی یەکتری دەگرن، لەم وتەیەوە فێری ئارام گرتن و لەسەرخۆیی و یەکتر قبوڵکردن دەبین، هەرچەندە ئەگەر جارجار ناخۆشیش بکەوێتە نێوانەوە دەبێت بەدڵێکی کراوەو سینگێکی فراوان وەریبگرین وگرفتەکان بەگفتوگۆ چارەسەر بکەین، بۆنموونە ئەگەر لەناو میلەتێکدا شەری ناوخۆش ڕوبدات، بەڵام ڕۆژێک دێت هەر ئاشتببنەوە دەست بخەنەناو دەستی یەکتریەوە، نابێت هیچ لایەنێک پشت بەدوژمن ببەستێ لەدژی ئەویتر، چونکە دوژمن هەردوژمنەو بەنەمانی هەرلایەکیان ئەو دڵخۆش دەبێت...
بەمشێوەیە دەبینین کەچۆن کەلتوری نەتەوە تێکەڵ بەزمانی پەروەردەوفێرکردن دەکین و بەوزمانە لەنەوەکانی خۆمانی دەگەیەنین، چونکە بەو زمانە خوێندکاران باشتر تێدەگەن و لەبیری ناکەن.

## ٦/٣)زمانی ئەزمون وتاقیکردنەوەکان:

بەبێ ئەزمون وتاقیکردنەوەو تێست پرۆسەی هەڵسەنگاندن وپێوانەکردن بەئەنجام ناگات، لەبەرئەوەی تاقیکردنەوەکان کەرەسە و ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکانەو بەبێ تاقیکردنەوە ناتوانین هیچ زانیاریەک کۆبکەینەوە، پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پێویستیەکی زۆری بەتاقیکردنەوە هەیە، تا لەوڕێگەیەوە تواناو لێهاتویی و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی خوێندکار دیاری بکرێن.
ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم بابەتەدا (پڕاگماتیک و پەروەردە و فێرکردن) بیخەینە ڕوو، بۆئەوەیە سەرکەوتوبین لەتاقیکردنەوەکان و وەڵامەکانمان جێگای ڕەزامەندی مامۆستابێت ونمرەی باش وەرگرین، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت ڕەچاوی ئەم دو خاڵەی خوارەوە بکەین.

## ٦/٣-١)یەکەم: بنەماکانی هاریکاری لای مامۆستا:

بۆزانیاری لەسەر بنەمای هاریکاری و بەزاندنی بڕوانە بەشی دووەمی ئەم نامەیە.مامۆستا لەکاتی ڕاڤەکردنی وانەکاندا هاریکاری خوێندکار دەبێت بەوەی کە ئەوەندەی زانیاری پێویست بێت و پەیوەندیداربێت بەبابەتەکەوە دەیگەیەنێتە خوێندکارو ئەو زانیاریانەی کە بەخوێندکاری دەڵێت هەموویان ڕاست و دروستن وپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەوبابەتەوە هەیە کە دەیڵێتەوە،باشترین شێوەو شێوازیش هەڵدەبژێرێت بۆ وتنەوەی وانەکەی. بەم جۆرە دەبینین مامۆستا پەیرەوی تەواوی بنەماکانی هاریکاری دەکات لەکاتی وتنەوەی وانەکەیدا، هەروەها مامۆستا لەکاتی وانە وتنەوەدا زۆرجار جەخت لەسەر هەندێک شتی گرینگی ناوبابەتەکە دەکاتەوەو زیاتر لەجارێک دووبارەی دەکاتەوەو پێشیان دەڵێت کە ئەمەگرینگە بیزانن، یاخود لەدوای ئەوەی وانەکەی بەتەواوی ڕاڤەکرد، پرسیاریان لەم شتانە لێدەکات و دووبارە و سێ بارەیان دەکاتەوە، یان پێیان دەڵێت پێویستە لەسەرتان ئەمە وەکو ناوی

خۆتان فێربن و بیزانن،بەچەندین ڕێگا مامۆستا هاریکاری خوێندکار دەبێت، بەم جۆرە خوێندکارەکان هەستدەکەن کەمامۆستاکە هاریکاریان دەکات وئەم شتانە لە تاقیکردنەوە کاندا دەهێنێتەوە.
زۆرجاریش هەیە، مامۆستا بنەماکانی هاریکاری دەبەزێنێت، لەکاتی وانە وتنەوەدا زانیاری زۆر باسدەکات لەسەر بابەتەکە و شتەکان دووبارە ناکاتەوە بەخێرایی بەسەر بابەتەکەدا دەڕوات، گرینگی نادات بەهیچ شتێکی ناو بابەتەکەو هەموویان وەکو یەک باس دەکات و بەشێوازێکی لێڵ و هاوواتایی زۆر بەکاردەهێنێت و تەمومژی لەقسەکانیدا هەیە، گرینگی بە بابەتێکی دیاریکراو نادات وهیچ بابەتێکیان زەق ناکاتەوە لە هەموویان وەکو یەک دەدوێ. ئەم جۆرە وانە وتنەوەیە لەکاتی تاقیکردنەوەدا خوێندکار زۆر ماندودەکات،چونکە خوێندکار دەبێت بابەتەکە زۆر بەباشی بخوێنێتەوەو ئەوەی کە مامۆستا باسی کردوە چەندین جار بەسەریدا بچێتەوە.
زمانی تاقیکردنەوە، لەوکاتەی کەمامۆستا هاریکارەو بنەماکانی هاریکاری نەبەزاندوە زمانێکی زۆر ئاسانەو پرسیارەکانیش لای خوێندکار بەئاسان ئەژماردەکرێت و بەباشی وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە، بەڵام کاتێک مامۆستا بنەماکانی هاریکاری دەبەزێنێت زمانی تاقیکردنەوەکانیش گران دەبن و پرسیارەکانیش بەگران ئەژمار دەکرێن، خوێندکار نازانێت داواکاری پرسیارەکان چییەو چەخت لەسەر چ بکات ومامۆستا چی دەوێت، بۆیە لەکاتی تاقیکردنەوەشدا هەر پرسیاردەکات و دەڵێت مامۆستا مەبەستت کامەیە.

**٦/٣- ٢ )دووەم:بنەماکانی هاریکاری لەلای خوێندکار**:
خوێندکار لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا دەبێت هاریکاربێت وبنەماکانی هاریکاری نەبەزێنێت لە وەڵامدانەوەدا، پرسیارەکە چ داواکارییەکی تێدایە خوێندکار بەپێی ئەو داواکاریە وەڵام بداتەوە نەکەم و نەزۆر نەنوسێ، هەروەها وەڵامەکەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە داواکاری پرسیارەکانەوە هەبێت و شێوازی وەڵامدانەوەکەشی ڕوون و ئاشکرابێت و تەمومژیی و لێڵی و فرەواتایی و هاوبێژی لەوەڵامەکاندا بەدی نەکرێت. بەم جۆرە خوێندکار هاریکار دەبێت و لەوەڵامدانەوەکانی سەرکەوت و دەبێت ونمرەی باش لەتاقیکردنەوەکان بەدەست دەهێنێت. بەڵام ئەگەر بێت وخوێندکار هاریکار نەبێت، واتە بنەماکانی هاریکاری ببەزێنێت بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، هەندێکجار خوێندکار وەڵامی پرسیارەکان بەچوار یان پێنج وشەیەک دەداتەوە، کەئەمەش وەڵامی پرسیارەکە نییە بەتەواوی، یان هەرچی زانیاری هەیەتی لەسەر ئەوبابەتە هەمووی دەنوسێت جا ئەوەی پەیوەندی بەپرسیارەکەوە هەبێت یان نەبێت، یاخود هەندێک جار شێوازی وەڵامدانەوەکەی ڕوون نییە لێڵ وتەمومژاویە وشەی فرەواتاو هاوبێژ بەکاردەهێنێت، بە مامۆستا دەڵێت من مەبەستم ئەو وەڵامەیانبووە، ئەم جۆرە وەڵامانە مامۆستا زۆرماندو دەکات لەکاتی تەماشاکردن و دانانی

نمرەدا،چونکە لەو بارەی کە زانیارییەکی زۆر کەمی نوسیوەو وەڵامی پرسیارەکەشی بەپێی پێویست نەداوەتەوەو داوای نمرەی زۆریش دەکات و دەڵێت وەڵامەکەم ڕاستە، هەندێک جاریش خوێندکار هەرچی دەیزانێت لەبارەی پرسیارەکەوە دەینوسێت جا ئەوەی پەیوەندی بەپرسیارەکەوە هەبێت و ئەوەی پەیوەندی پێوەی نەبێت، لەم بارانە پێت دەڵێت خۆت زانیاری ڕاست هەڵبژێرە، کەئەمەش لەڕووی زانستیەوە هەڵەیە. هەروها شێوازی وەڵامدانەوە زۆر گرینگە خوێندکار چەندەی شێوازێکی ڕوون و ئاشکراو دیار بەکاربهێنێت و وەڵامەکانی بەپێی داوکاریەکان بێت و وشەی فرەواتاو هاوبێژی تێدانە بێت و شێوەی نوسینەکەشی جوانبێت و بەخەتێکی جوان وەڵامەکان بنوسێت و دوور بکەوێتەوە لەتەمومژی نمرەی باشتر بەدەست دەهێنێت.

## ٧/٣)هەڵسەنگاندی خوێندکار بەپێی گریمانەی پێشەکی:

پێوانەکردنی لێهاتویی وفێربونی خوێندکاران لەلایەن مامۆستاوە لەڕێگەی تاقیکردنەوەکانەوە پێوانە دەکرێت. هەڵسەنگاندن، هەردوو چەمکی پێوانەکارو پێوانەکردنیش لەخۆدەگرێت، واتە یەکەمجار دەبێت تێست و پێوانەکار ئامادەبکرێت، دواتر لەڕێگەی ئەوتێست وپێوانەکارەوە زانیاریی و داتا کۆدەکەینەوە پرۆسەی پێوانەکردن بەئەنجام دەگەیەنرێت. دواتر بڕیار لەسەر ئەو زانیاری و داتایانە دەدرێت و لەژێر ڕۆشنایی پێوەری تایبەتی هەڵدەسەنگێنرێت. بەبۆچونی(سۆرندایک)هەڵسەنگاندن بریتیە لە: دەرکردن و وەرگرتنی کۆمەڵێک بڕیار دەربارەی سەرکەوتنی خوێندکار و پێشکەوتنی لەخوێندن. (کریم شریف ٢٠٠٨:٢٢٦)

هەڵسەنگاندن یارمەتی مامۆستادەدات کە توانـاو حەزو ئارەزو و ئامادەباشیەکانی خوێندکار بدۆزێتەوە. هەروها یارمەتیدەری مامۆستایە تا لەڕێگەیەوە خۆی بناسێت وهەست بەخاڵە لاوازو بەهێزەکانی و ڕێگاو شێوازەکانی وانە گوتنەوەی و پەیوەندیەکانی لەگەڵ خوێندکاراندا بکات. بۆئەوەی پێداچونەوە بۆ ڕێگاو شێوازەکانی وانەگوتنەوەو پەیوەندیەکانی بکات، لەبەر ڕۆشنایی هەڵسەنگاندنەکەوە پێیایاندا بچێتەوە. پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن وەک سەرجەم پرۆسەکانی تر پێش ناکەوێت و گەشە ناکات، ئەگەر بەردەوام بەدواداچون وهەڵسەنگاندن بۆ دەرەنجامەکانی نەکرێت، کاتێک مامۆستا وانە دەڵێتەوە، ئەگەر هەڵنەسەنگێنرێت، بەچی بزانین سەرکەوتووەو خوێندکارەکان سودیان لێوەرگرتوە، بێگومان بەبێ پێوان و هەڵسەنگاندن ناتوانرێت بڕیار لەسەر سەرکەوتویی یان سەرنەکەوتویی خوێندکارو مامۆستاش بدرێت.

زۆرجار خوێندکاران لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەدا بنەماکانی هاریکاری دەبەزێنن. دەبینین لەهەندێک وەڵامدا خوێندکارەکە زۆری نوسیوە ئەوەی کە نوسیویەتی زۆر لەوە زیاترە

کەپرسیارەکە داوایکردوە، لەناو ئەو زۆر نوسینە وەڵامەڕاستەکەشی تێدایە، ئەمە بەزاندنی بنەمای چەندایەتیە، هەندێک جار بنەمای چۆنیەتی دەبەزێنێت، بەوەی کە زۆر دەنوسێت، بەڵام وەڵامەکەی ڕاست نییە هەرچەندە زۆری نوسیوە، یاخود وەڵامەکەی هیچ پەیوەندی بەداوکاری پرسیارەکەوە نییە، لێرەدا بنەمای پەیوەندی بەزاندوە، یاخود شێوازی وەڵامدانەوەکەی لێڵی پێوەدیارەو وشەی فرەواتاو هاوبێژی زۆربەکار هێناوەو تەمومژی ولێڵی خستۆتە وەڵامەکانەوە. ئەم جۆرە وەڵامانە هەموویان لادانن لەبنەماکانی هاریکاری وگریمانەی تری لێدەکەوێتەوە...

## <u>٨/٣)هێزی وشەو جیاوازی وشەکان</u>:

یەکێک لەبابەتە پڕاگماتیکیەکان ئاماژەیە، قسەکەر لەبارەی شتێکەوە قسەدەکات و بیرۆکەیەک دەردەبڕێت، بەبەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕێساو نەریتی ڕەمزیی زمانەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوروبەری زانیاریە هاوبەشەکان بمانسازێنێ، بەڵام لەم بارەدا قسەکەر تەنها قسە ناکات، بەڵکو ئەو قسەکردنەی لە پێناو جۆرێک لەمەبەستە(illocution) یان کردەیەکی گەیاندنە(communicative act) ئەو گوتەیەی قسەکەر بەکاری دەهێنێ، نەک هەرئاماژە، بەڵکو هێزێکی ڕەوانبێژیی و مەبەستداریشی هەیە.(هە.د. ویدوسن ٢٠٠٨:٩٨). واتایەکی پڕاگماتیکیمان هەیە، کە ئاماژەیە یان ئاماژەیەکی بیرۆکەییە، یەکێکی تر هێزی ڕەوانبێژیی ومەبەستە(illocutionary force) لێرەشەوە دەتوانین جۆری سێیەم دەستنیشان بکەین. کاتێک گوتەیەک ئەنجام دەدرێت، کەسی یەکەم گوزارشت لە واتایەکی مەبەستدار دەکات کە ئامانج لێی نەک هەرتێگەیشتنە، بەڵکو جۆرێک کاریگەریشی لەسەر کەسی دووەم هەیە، یان بۆ ترساندنیەتی، یان بۆ قەناعەت پێهێنانیەتی، یان بۆکارتێکردنە، یان بۆ هەستکردنە بەبونی ئامانجێکی هاوبەش یا بەرژەوەندیەکی هاوبەشە، ئەم جۆرە واتا پڕاگماتیکیەش بە کاریگەری یان پاشکار ناودەبرێت.

ئۆستن گەیشتە ئەوەی هەریەک لەکردەکانی ڕاپەڕاندن وناڕاپەڕاندن ناتوانن مەبەستەکانی تری ئاخاوتن لێکبدەنەوە،پەنای بردە بەر هێزەکان و بۆ دەرخستنی چۆنیەتی گەیاندن لەکردەی ڕاپەڕاندندا سێ جۆرە هێزی دیاریکرد کەبریتین لە:

١- واتای فۆڕمی locution act : مەبەست لەم زاراوەیە کردەی درکاندنی ڕستەی تەواوە، کە لەگەڵ یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکەدا گونجاوبێت.

٢- واتای نافۆڕمی illocution act :مەبەست لەم زاراوەیە ئەو کردانەیە کەقسەکەر بەهۆی دەربڕینێکەوە دەیکات، فۆڕمی ڕستەکە پرسیاریە بەڵام مەبەستی داخوازیە.

٣- واتای کاریگەری یان پاشکارperlocutionery act : ئەو کاریگەریەیە کەقسەکەر لەسەر گوێگر دروستی دەکات، وەکو ملکەچ بون بۆفەرمانەکان، یان قەناعەت پێهێنان بە ئامۆژگاری،یان باوەڕکردن یان باوەڕنەکردن بەقسەکانی. (محمدمحمد ٢٠٠٤: ٣٤)
کاتێک باس لەئاماژەو هێزی ڕەوانبێژی ومەبەست و پاشکار دەکەین. مامەڵە لەگەڵ واتای سیمانتیکی ناکەین، کە زمان بەرجەستەی دەکات، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ ئەو واتا پراگماتیکیانە دەکەین کەخەڵک لە ڕێگەی کردە قسەییەکانەوە دەیانگەیەنن. قسە لەسەر پەیوەندی نێوان زمان لەلایەک و دەوروبەری ڕودانەکە لەلایەکی ترەوە دەکەین. بۆنموونە:

**- هێواش برۆ بۆئەوەی زووبگەیتەجێ.**

ئەم گوتەیە وەک هۆشداری و ئاگادار کردنەوە بەکاردەهێنین، واتە هێزە ڕەوانبێژیەکەی لەوەدایە کەدوو دژیەک بەیەکەوە کۆدەکاتەوە، چونکە لە لۆجیک هێواش ڕۆیشتن زووگەیشتنی لێناکەوێتەوە، هۆشداریدان و ئاگادار کردنەوەیە. لەهەر کۆمەڵگایەک خەڵکی هەندێ گریمانەی هاوبەشیان لەنێوان خۆیاندا سەبارەت بەرێکخستنی ئەو جیهانەی تێیدادەژین و، هەروها لەبارەی ئەو ڕێگاو شێوازانەش کەکرداره کۆمەڵایەتیەکان وەکو کردە قسەییەکانی پێ ئەنجام دەدرێت هەیە.
بۆئەوەی گوتەیەک بتوانێت کردەی مەبەست ئەنجام بدات، دەبێت چەند مەرجێکی تێداهەبێت، دەبێت بەشێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە بەڕوداوێکی مومکین بکات لەداهاتودا، ئەم ڕوداوەش بەجۆرێک لەجۆرەکان دژی بەرژەوەندیەکانی بیسەرەکەیە. لەم گوتەیەی سەرەوەدا دەبینین کە هێزی ڕەوانبێژیەکەی هۆشداری دان و ئامۆژگاریکردنە ولایەنە پەروەردەیی وفێرکردنەکەش ئەوەیە کە تاکەکان فێردەکەین چۆن پابەندی ئەم ئامۆژگاریە ببن، بۆئەوەی ڕوداوی ناخۆش و دڵتەزێنی لێنەکەوێتەوە جگە لەزەرەری ماددی، چونکە واتای ئەم گوتەیە لەدەوروبەرەوە هەڵدەهێنجرێت. لەناوکۆمەڵگای ئێمەدا ڕوداوی هاتوو چۆ زۆرەو ساڵانە بەپێی ئامارەکانی هاتوچۆ زۆرترین کەس بەڕوداوی هاتوچۆوە دەمرن،ئەم ڕوداوانەش هەموویان لەئەنجامی خێرا لێخوڕین و پابەند نەبوون بەڕێنماییەکانی هاتووچۆوەیە.
جیاوازی وشەکان(هێواش)و(زوگەیشتن).ئێمە دەزانیین کە هێواش ڕۆیشتن لەگەڵ زووگەیشتن دژییەکن، چونکە چەندی هێواش بڕۆی ئەوەندە درەنگتر دەگەیت، بەڵام لەم وتەیەدا ئەم دژیەکیەو پێکەوەهاتنە مانایەکی پراگماتیکیان دروستکردوە. لەم وتەی سەرەوەدا واتا فۆرمیەکەی بریتیە لەدەستەواژەکە و وشە پێکهێنەرەکان، کە بەهۆی یاسای ڕێزمانی زمانەکە ڕیزکراون و دەستەواژەیەکی دروستیان دروستکردوە. واتا نافۆرمیەکەی یاخود واتامەبەستەکەی ئەوەیە کەهۆشداری دان و ئاگادارکردنەوەی شوفێرەکانە لەکاتی لێخوڕین، بە هێواشی ئۆتۆمبیلەکان لێبخوڕن و ڕوداوی هاتوچۆی

دڵتەزێن دروست نەکەن، واتای کاریگەریەکەی ڕاستەوخۆ دەرنابڕدرێت لەبەر ڕەچاوکردنی هەندێ بارو ڕەوشتی کۆمەڵایەتی، گوێگر چەند زانیاریکی دەرنەبڕدراو تێدەگات، پشت بەستوو بەدەوروبەری ئاخاوتن و زانیاری کەسی و هاوبەش، هەموو ڕستەیەک دەتوانێ کاریگەری پیشان بدات، چونکە گوتن گرینگ نییە گرنگ مەبەستەکەیە. واتای کاریگەری ئەم وتەیەش ئەوەیە کە زۆر خێرا ڕۆیشتن ئەوە دەگەیەنێ لەوانەیە دووچاری ڕووداوێک بیت کە هەرنەگەیت. پێویستە پابەندی یاساکانی هاتووچۆبن و پەلەپەل نەکەن لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل، بۆئەوەی سەروماڵیان پارێزراو بێت.

**- زۆر ببیستەو کەم بڵێ.**

هێزی وشە و واتای نافۆرمی ومەبەست لەم وتەیەی سەرەوە جێبەجێ دەبێت وکردەقسەییەکە لەڕێگەی گەیاندنی پڕاگماتیکییەوە گەیشتووە بەگوێگر، لەم وتەیەی سەرەو دوو وشەی (زۆر و کەم)بەکارهاتون دوو وشەن لەفەرهەنگدا واتاکانیان پێچەوانەی یەکترن، بەڵام لەم وتەیەدا بە واتای پڕاگماتیکی بەکارهاتون هێزەکانیشیان دەگۆڕێت و هەردووکیان واتای پۆزەتیڤی دەگەیەنن. هێزەکان و پەیوەندی نێوانیان بەم شێوەیە دیاری دەکەین.

ا- باری قسەکەر،(زانینی تاکە، بۆئەوەی زۆرقسەنەکات، چونکە زۆر قسەکردن دەبێتە هۆی زۆر هەڵەکردن، هەروها زۆر گوێگرتن کارێکی باشەو زۆرترین زانیاریت دەست دەکەوێت).

ب- باری کۆتایی،(کەم قسەکردن و زۆر گوێگرتن).

ج- ئامانج،(کەم وتن).

د- کردە،(قسەکردن وگوێگرتن).

**<u>٩/٣)ڕەگەزو ژینگەی زمانی لەبواری پەروەردەدا</u>:**

لە زۆربەی زمانەکاندا جیاوازی لەنێوان قسەکردنی ژن و پیاودا بەدی دەکرێت، هەندێک لەو جیاوازیانە بایلۆجین، وەک ناسکی دەنگ و بەرزی تۆنی دەنگی ژن. هەروها گۆکردنی ژنان لەهی پیاوان ڕونترە و گۆکردنی وشە و ڕستەکان لەلای ژنان زیاتر گرینگی پێ دەدرێت و ڕونتر دەریدەبڕن. ژنان لەبەکارهێنانی زماندا وردترو پارێزگارترن لەپیاوان.

دەربارەی دروستبونی جیاوازی نێوان زمانی ژن وپیاو زۆر بۆچون هەیە لەوانە:

(جێسپرسن)پێی وایە هۆیەکەی تابو(Taboo) بێت. (فیندرسن) پێی وایە، ئەوەی کە دەبێتە هۆی دروستکردنی جیاوازی و جیابونەوەی ژن و پیاو بریتیە لە هۆی ئاینی.

(چیمەدانۆڤ) دەڵێت: (لەئەنجامی قەدەغەکردنی وشەی پیاوانەو جیاکردنەوەی وشەکانی زمان بەپێی رەگەز، هەندێک جار زمانێکی تایبەت بەژن هاتۆتە ئاراوە وەک لەیەکێک لەنەتەوەکانی سیبیریا (لوئوراڤیکدن/چوکچەکی)کەتائەمرۆ دوو زمانیان هەیەزمانی ژنان وپیاوان). (شیلان رەحیم ٢٠٠٤:٢٣) هۆکارێکی تری ئەو جیاوازییە لەنێوان زمانی نێرومێدا،چوست و چالاکی هەریەکێکیانە لەکۆمەڵدا. بەپێی ئەو شێوازەی بەکاریدەهێنن، ئەرک و رۆڵیان دەستنیشان دەکرێت.
ژن وپیاو دوو رەگەزی جیاوازن و شێوازی قسەکردنیشیان رەنگدانەوەی ئەو جیاوازییانەیە، کە لە نێوانیاندا هەیە، ژنانیش وەکو پیاوان بەکارهێنەرێکی سەرکەوتوی زمانن، چونکە رێگەی تایبەتی خۆیان هەیە، کە پەیوەندی نییە بەدەسەڵات و زاڵی پیاو و بێهێزی ژنەوە، جیاوازیەکانی نێوانیان بۆ رەنگدانەوەی ژیان ولۆجیک و نەریت و کەلتور و هەڵسوکەوتە جیاوازەکانیان دەگەڕێتەوە، ئەرک و لێپرسراویەتیەکانیان جیاوازن. لەزۆربەی کۆمەڵگاکاندا پیاو لەدەربڕینی بیروڕا و بۆچونەکانیاندا ئازادن، هەست و سۆزو ناخی خۆی ئازادانە دەردەبڕێت بێئەوەی رەخنەی لێبگیرێت.
کۆمەڵ سنور بۆ پیاو دانانێت، کە چۆن بدوێت وگفتوگۆ بکات، بەڵام ژن هەموو کاتێک لەژێر چاودێریدایەو هەموو هەڵسوکەوتێکی جێگەی سەرنج وتێبینیە. هەمیشە هەوڵدەدات تادەتوانێت خۆی لەسەرنج و رەخنەی کۆمەڵ و دەوروبەر بەدور بگرێت بەشێوەیەک گفتوگۆ نەکات بیێتەهۆی سەرنج راکێشانی خەڵکی. چۆنیەتی ژیان و بەسەربردنی کات و ئەوبابەتانەی پێیانەوە خەریکدەبن و ئەو دەوروبەرەی تیایدادەژین کاریگەریەکی زۆری لەسەر زمانی نێرو مێدا هەیە. رەگەزی مێ لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەر لەمنداڵیەوە ئەو ژینگەیەی بۆئامادە دەکرێت، کەبریتیە لەئامادەکردنی بۆ دایکایەتی و منداڵ بەخێوکردن و چێشت لێنان وماڵ بەڕێوەبردن. دەبینین هەرلە منداڵیەوە دایکان و باوکان بوکەڵەو لانک و جلوبەرگ بۆ منداڵی کچ دەکرن. تۆپ وسەیارەو پاسکیل و...هتد.بۆمنداڵی کوڕ دەکرن، هەر بۆیەشە کوڕ فێری ناوی ئەو کەرەسانە دەبێت وگوێ بەشتی کچەکان نادەن، ئەگەر دەستیش بدەنە بوکەڵە و شتەکانی کچان پێیان دەڵێن دەستی مەدەرێ ئەمە کچانەیە ئەگینادەبی بەکچ، کورەکانیش لەترسی بون بەکچ زوو لێی دوور دەکەونەوە، دروستکردنی ئەو ژینگە جیاوازانە، وایان لێدەکات کوڕو کچ لەهەموو شتەکان لێک جیاوازبن، بەهۆی ژینگەکەیانەوە دەبینین کوڕان جوڵەیان زۆرە و بەهێزدەبن لەڕوی جستەییەوە متمانە یان زیاتر بەخۆیانە هەر لە منداڵیەوە باوەڕیان زۆر بەخۆیانەو پشت بە هێزی خۆیان دەبەستن، ئەمە لەزمانەکەشیان رەنگدەداتەوە، دەبینین کاتێک گوێ بیستی قسەی کوڕان دەبین بەزۆری جێناوی(من)ی کەسی یەکەمی تاک بەکاردەهێنێ، بەڵام کچان وانین، چونکە هەر لە ماڵەوە لەگەڵ دایکیان دادەنیشن و لەکاتی یاریکردنیش یاریەکانیان جوڵەی تێدانیە لە ڕووی جەستەوە بێهێزن، چونکە ئەوان ئامادەدەکرێن بۆناوماڵ و

ماڵداری،زمانەکاشیان بەهەمان شێوە لەقسەکردنیش دەبینین کچان بە جێناوی(کۆ)قسەدەکەن. بۆنموونە:

١- دێم یاری دەکەین. کوڕ

٢- دەچین یاری دەکین. کچ

(دیبۆرا تەنیین)دەڵێت: (کاتێک بیر دەکەینەوە، زمان بەکاردەهێنیین، بەڵام لەهەمان کاتدا زمانیش ئێمە بەکاردێنێت). هەروەها دەڵێت: (هێزی وشەکان لەشێوەی پەی پێبردن و زانینمان مەسەلەیەکی سەلمێنراوە، زمان قالب بۆ بیرکردنەوەمان دەربارەی خەڵک و کارەکانمان و جیهانی دەوروبەرمان دادەنێت). (Tannen 1998:14)

بەپێی بۆچونی تەنیین، پیاوان لەجیهانێکدا دەژین کە بەشێوەیەکی قوچەکی ڕێکخراوە، تیایدا تاک یان براوەیە یان دۆڕاوە، لەجیهانێکی لەم جۆرەدا، ئاخاوتن جۆرێکە لەدانوسان، کە تاکەکان هەوڵی بردنەوە دەدەن وخۆیان لەوکەسانەی کە هەوڵی ژێرخستنیان دەدەن دەپارێزن. بەم پێیە ژیان بریتی دەبێت لەپێشبرکێ و هەوڵدان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و دورکەوتنەوە لەشکست. بەڵام ئامانج لەئاخاوتن لەلای ئافرەتان لەیەکتر نزیک بونەوەیە، هەوڵدەدەن یارمەتی وپاڵپشتی لەیەکتر وەربگرن، بۆئەوەی لەگەڵ یەکتردا ڕێکبکەون. (Tannen 1990:24)

ژیانیش لەلای ئافرەتان هەوڵدانە بۆپاراستنی پەیوەندیە پتەوەکان و دوور کەوتنەوەیە لە گۆشە گیری و دابڕان، لێرەدا پەیوەندیەکان زۆرتر هاوڕێیەتیە نەک هێزو دەست کەوت.

(مۆلتزو بڕۆکەر)ئاماژە بەوەدەکەن، کە کچان زمان بۆنزیک بونەوە لە کەسانی تر بەکاردێنن، لەکاتێکدا کوڕان زمان بەمەبەستی چەختکردن لەسەر پلەوپایەی خۆیان لەبەرانبەر کەسانیتر بەکاردێنن.

ئەگەر سەیری ژیانی ڕۆژانەمان بکەین، دەبینین کچ زیاتر پرسیار دەکەن نەک کوڕ، تەنیین وای بۆدەچێت کە کاتێک کوڕ پرسیار دەکات هەست بەپایە نزمی دەکات، لەبەرئەوەی پرسیارکردن مانای نەزانیینە، داوای زانیاری دەکەیت، ئەوەی زانیاریت پێشکەش دەکات لەتۆ زاناترە وپایەی لەهی تۆ بەرزترە، لەم بارەدا پیاو خۆی بە پلەو پایەو بەرزی ونزمیەوە دەبەستێتەوە، بۆیە تاپێی بکرێت خۆی لەپرسیارکردن بەدور دەگرێت، بەڵام پرسیار کردن بۆکچ کێشە نییە، چونکە خۆی بە پلەوپایەوە نابەستێتەوە، زیاتر جەخت لەسەر پەیوەندی دەکەنەوە، پەیوەندی بەستنیش لەلای ئەوان گرینگە، هەر ئەوەشە وایان لێدەکات زۆر پرسیار بکەن.

بۆ مەسەلەی قسەکردنیش، کەکامیان زیاتر قسەدەکەن کوڕ یان کچ، تەنیین ،دوزاراوە بۆئەم بارە بەکاردەهێنیت،Rapport talk و Report talk یەکەمیان بەواتای پەیوەندی پتەو و نزیک دێت، دووەمیان بە واتای ڕاپۆرت دێت. ئاخاوتنی ئافرەت لەجۆری یەکەمەو هی پیاو لەجۆری

دووەمە. کاتێک کەقسەکە تایبەتی بێت، بۆنموونە قسەی نێوان دوو برادەر یان کۆمەڵێک ئافرەت یان ژن وپیاو ئەوا ئافرەتان زیاتر قسە دەکەن، بەڵام کاتێک قسەکە لە سیاقێکی فەرمی بێت پیاوان زیاتر قسە دەکەن. چۆنیەتی ژیانی ڕۆژانەو کارو پیشەو باری کۆمەڵایەتی وئەو کەل وپەل و پێداویستیانەی بەردەوام بەکاریانده هێنن کاریگەریان لەسەر زمانەکەیان هەیە.

لەبواری پەروەردەش ئەمە زۆر بەزەقی دەردەکەوێت، بۆنموونە کاتێک مامۆستا بیەوێت باسی شەپۆڵەکان بکات، بۆکورەکان نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە و دەڵێت کاتێک کە(ماستاو دەخۆیتەوە) ئەمەیاریەکە لەلای کوراندا باوە، کاتێک بەردێک لەگۆمە ئاوێک دەگریت بەردەکە بەسەر ئاوەکەدا دەروات و لەهەر شوێنێک بەئاوەکە دەکەوێت و هەڵدەبەزێتەوە شەپۆڵ دروستدەکات. بەڵام کچان لەم یاریە شارەزانین وتێی ناگەن، بۆکچەکان نمونەی ئەوەیان بۆدەهێنێتەوە، دەڵێت کاتێک جل دەشۆن و لەتەشتە ئاوەکە دەری دەهێنن و دەیگوشن ئەو دڵۆپە ئاوانەی دەکەونە ناوتەشتە ئاوەکەوە شەپۆڵ دروست دەکەن. یاخود بۆفێرکردنی ژمارە نموونە بۆکوران بەتۆپ دەهێنێتەوە، دەڵێت ئەوەندە تۆپەمان هەبێت و ئەوەندەی لێدەرکین یان ئەوەندەی بخەینەسەر دەکاتە چەند، بەڵام بۆکچان نموونە بە بوکەشوشە دەهێنێتەوە. هەروها لەبوارەکانی بازرگانی ویاریکردن وفیتەری وسەربازی...هتد. جیاوازیان هەیەو زمانی پیاوان دەوڵەمەندترە لەهی ئافرەتان، بەڵام لەبواری ماڵداری و ڕەنگەکان وچێشت لێنان و منداڵ بەخێوکرد زمانی ئافرەتان دەوڵەمەندترە.

## **١٠/٣)ئەو کۆتبەندانەی دەخرێنەسەر مێتازمان لەراڤەکردندا:**

کاتێک کەباس لەکۆتبەند دەکەین لەسەر زمان، سەرەتا دەبێت باس لەتابوو(Taboo)بکەین. هەرکۆمەڵگەیەکی مرۆڤایەتی بگرین دەبینین خاوەنی کۆمەڵێک داب و نەریت و بەهای کۆمەڵایەتی و کلتوری دیاریکراوی خۆیەتی، کەلە کۆمەڵگایەکەوە بۆکۆمەڵگایەکی تر جیاوازە، لەرێی ئەم داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتیانە تاکەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی گونجاو بۆبەکارهێنانی زمان ئاراستە دەکرێن. ئەگەر تاک بەپێی ڕێنمایەکانی کۆمەڵگا(ئاین و داب و کەلتور و بەهاکۆمەڵایەتیەکان)نەجولایەوە، کۆمەڵ ئەو تاکە سەرزەنشت دەکات. لەژێر ڕۆشنایی ئەم وتانەی سەرەوە باسی تابو دەکەین. تابوو کۆمەڵێک پێناسەی جیاجیای بۆکراوە(*).

تابوو بریتیە: لەو ڕەفتارو هەڵسوکەوتە قەدەغەکراوانەی،کە هەمیشە کاردەکەنە سەر ژیانی ڕۆژانە .

---

(*) بۆزانیاری زیاتر لەسەر تابوو بڕوانە نامەی دکتۆرای ،شاخەوان جەلال فەرەج.

(تابوو وەک نمونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان وکلتور).

ئەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەش لەبابەتەکانی تابۆوە سەرچاوە دەگرن کەبریتین لە:(لەشولار) ئەوشتانەی لێوەی دەردەچن،وەک: ئارەق، پیسایی، خوێنی سوری مانگانەی ئافرەت ...هتد.ئۆرگانەکان و کردەی سێکسی و میزو باو نەخۆشی ومردن وکوشتن وناو وناتۆرە و دەستبازی و چۆنیەتی تێڕوانین لەخەڵک و شتە پیرۆزەکان...هتد. (شاخەوان جەلال ٢٠١١:٥٩)

ئەگەر لە وشە هەست دەربڕ و زبرەکانی زمانەکەمان ورد ببینەوە پەیوەست بەبارودۆخە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەتوانرێت(٥)پێنج جۆری سەرەکی لەتابۆی زمانی دیاری بکرێت،کەبریتین لە:

١- تابوی ئاینی.
٢- تابووی نەخۆشیی و مردن.
٣- تابووی سێکسی.
٤- تابووی بێڕێزی.
٥- تابووی (شوێن – کات – ژمارە).

زمان توانایەکی تایبەتی بەقسە پێکەرانی بەخشیووە، بەچەندین ڕێگا دەتوانێ مەبەستەکانی بگەیەنێت. کاتێک کۆتبەندی کۆمەڵایەتی دەبنە هۆی دەرنەبڕینی بابەتەکان، لەهەموو کۆمەڵیکدا چەند بابەت و کارێک هەن کە ناوهێنان و باسکردنیان لەهەندێک شوێندا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان هەر دەربڕینێک

کەپەیوەندی پێیانەوە هەبێت لەلایەن کۆمەڵەکەوە قەدەغەدەکرێت، کۆمەڵگە چەند زاراوەو دەربڕینێکی تر بۆهەمان مەبەست بەکاردەهێنێت، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەمان مانادەدەن.

(محمودسعران ١٩٥٨:٧٧ ).

بۆ دەربڕینیان جوانی دەربڕین بەکاردەهێنین.وەک(کەم ئەندام :خاوەن پێداویستی تایبەت / شێت : تەواو نییە / شێرپەنجە : دەردە پیسەکە...هتد.). واتە جوانی دەربڕین دەبێتە جێگرەوەی بابەتە تابوویەکان .

(ناسکی ونەرم ونیانی لەگەڵ نیشاندانی ڕێزدا دوو هۆکاری کۆمەڵایەتین بۆ بەکارهێنانی جوانی دەربڕین). (Naoum 18:1995)

ئەمەش ڕێگایەکە بۆ خۆ بەدور گرتن لە وتنی ڕاستەوخۆی تابۆکان. بۆنموونە کاتێک مامۆستا کۆئەندامی زاوزێ بۆخوێندکارەکان باسدەکات، ئەو کۆتبەندانە دەخرێنە سەر زمان و مامۆستا ناتوانێت هەموو شتێک بەڕاشکاوی باس بکات، ئەمەش بەپێی ڕەگەزی مامۆستاو خوێندکارەکان دەگۆڕیت، ئەگەر مامۆستا و خوێندکار هەمان ڕەگەز بن هەندێک لەتابۆ کان باسدەکرێن، چونکە لەوکاتەدا کە هەمان ڕەگەزبن ئاساییە ئەگەر هەندێک شت باسیش بکرێت، بۆنموونە ئەگەر هەردووکیان لەڕەگەزی

مێ بن باس لەسوڕی مانگانەو مەمک بکرێت ئاساییە، بەڵام ئەگەر ڕەگەزی مامۆستاو خوێندکار جیاواز بوون، ئەوا بابەتەکان زۆربەیان دەبن بەتابۆ مامۆمۆستا ناتوانێت باسیان بکات، یاخود ئەگەر خوێندکارەکان تێکەڵاوبوون ئەوا مامۆستا هەرشتێک بزانێت تابۆوە بەلایدا ناڕوات وباسی ناکات.
هەندێکجار بۆهەندێک لەتابۆکان، جوانی دەربڕین بەکاردەهێنێت، وەک ئەوەی لەجیاتی ((گون : وەتە/ مەمک :سینگ)).ئەم جوانی دەربڕینانە زۆرجار واتای تابۆکە لەزمانێکی ترەوە دەهێنێ، چونکە کە لەزمانێکی ترەوە هێنای بەتابۆ دانانریت.

# بەشی چوارەم
# پراگماتیک و ڕەخنەسازی

## ١/٤)ڕەخنە :

ڕەخنە، یەکێکە لەهۆکار و بنەمادیارەکانی داهێنانی ئەدەبی، فۆڕمەکانی هونەری و نیاز و مەبەستە هزری و ڕۆشنبیریەکان پێشدەخات. ڕەخنە لە هەموو کات و ساتەکاندا هۆی پێشکەوتنی ژانرە ئەدەبیەکان بووە.لەپێناو ژیانەوەو پەرەسەندنی،ڕەخنەی ئەدەبی پێویستی بەبیری ڕەخنەیی وکەشی ئازاد لەبیرکردنەوەو وتن هەیە، هەروەها دەبێت لەبەرانبەردا هەمیشە بیری ڕەخنەیی بەرهەم بهێنێت، کە هەموو شتێک دەداتە بەرلێپرسینەوەو ڕۆڵی عەقڵ دەخاتە سەر هەموو ڕۆڵێکەوە، کەواتە هزر یەکێکە لەخاڵەکانی کارکردن لەدەقدا، ڕەخنەی هزری کارێکە پێویستی بە توانایەکی تایبەت و خوێندنەوەیەکی بلیمەتی هەیە. زاراوەی ڕەخنە، چەندین زانیاری و ڕوخساری مرۆیی و ئاستی هزری لەخۆدەگرێت، هەرچەندی زانیاری یان ئاستی هزری تێبئاخنرێت چەمکی دەلالەتەکەی دەگۆڕێت، بەگوێرەی پێشکەوتنی زانستەکان ئاکامەکەی دیاری دەکرێت،دەق و وتاربێژیی و ژینگەکەی کایە هزری و ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی و هونەری وسیاسی لەگەڵ زەمەندا دەستنیشان دەکرێن. (ئازاد ئەحمەد ٤:٢٠١١)

ڕەخنە داهێنانە بۆ داهێنانێکی دیکە، هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر گەشەناکات و پێش ناکەون، بەرهەمی پڕ لەداهێنان پێویستی بە ساغکردنەوە دەبێت.

میخائیل نعیمە دەڵێت((کاری ڕەخنەگر تەنیا بژارکردن و هەڵسەنگاندن و ڕێکخستن نییە،بەڵکو لەگەڵ بژارکردن و هەڵسەنگاندن و ڕێکخستن ،داهێنەرو فێرکارو پێشەواشە)).(میخائیل نعیمە ١٨:١٩٧٨)

ڕەخنە لەگەڵ ئەوەی ئامانجی ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندن و ئەو ئاشکراکردنەی کە هەیەتی، لەئامانجی ڕونکردنەوەو بەقوڵایی ئاگایی و چێژ وەرگرتن ڕۆدەچێت و کەموکورتییەکان بەتێپەڕاندنێکی داهێنەرانە تێدەپەڕێنێت. کەواتە ڕەخنە جیهانبینیەکە بەناوەڕۆکی شاراوەو مەبەستەکانی دەقمان دەگەیەنێت، هۆکارو بەرنامەکانی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەسنوری بەئامانج گەیشتنمان نزیک دەخاتەوە.

## ٢/٤)میتۆدەکانی ڕەخنە:

هیچ دەقێک خوێندنەوەو شرۆڤەی داهێنانی بۆ ناکرێت ئەگەر پشت بە میتۆدێک نەبەستێت. میتۆد زۆر پێناسەی بۆکراوە،چەند پێناسەیەکی میتۆد دەخەینە ڕوو، میتۆد جگەلە جیهانبینی هزر، ڕێگایەکی بابەتیانەیە بۆ بەدواداچونی دیاردەکان یان دەستنیشانکردن و کەمکردنەوەی کەموکورتیەکان بۆ لادانی پەردە لەسەر ڕاستی و ڕاستەقینەیی ڕەهەندەکانی لێکۆڵەر دەیگرێتەبەر، تا هۆکارەکان بەسانایی پەنجەیان لەسەر دابنرێت پەیوەندی نێوان بەشەکان و قۆناغەکان و پەیوەندی بەکێشەکانی تر

دیاری بکرێن،ئاکام و نیازیش بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامە دیاریکراوانەیە بەشێوەی ڕێنمایی و بنەماو قانون پۆلێن بکرێن و بگشتێنرێن. (ئازاد ئەحمەد ٢٠١١ :٧)

سیدتقی الدین دەڵێت((زاراوەی میتۆد بریتیەلە: پلانێکی باش(معقول)بۆ چارەسەرکردنی گرفت و حەلکردنی لەڕێگای بەکارهێنانی بنەمای زانستی دامەزراو لەسەر بابەتی وهەستکردنی دروست، نەوەک وتنەوەو تەخمین و تاقیکردنەوەی ڕۆیشتو یان لۆجیکیی ڕوت)).

(سیدتقی الدین١٩٨٤ :١٤٦)

میتۆد بریتیە لە((ڕێگایەک بۆ گەیشتنی مرۆڤ بەڕاستیەکان، کە ڕێگای دۆزینەوەی ڕاستیە لە زانستدا، بەهۆی کۆمەڵێک یاسای گشتی کەهەیمەنەتیان لەسەر بیر هەیە و کارەکانیان دیاری دەکەن، تاکو دەگاتە ئەنجامێکی ڕۆشن و دیار)). ( عمر محمد١٩٩٣ :٩٠)

کەواتە میتۆد ڕێگایەکە بۆلێکۆڵینەوە لەکورتترین کات و کەمترین هەوڵدا بە ئەنجامی باوەر پێکراو و مسۆگەرمان دەگەیەنێت، هەروها ڕێگایەکی پتەویشە بۆ ئەوەی لێکۆڵەر تالەدەریای هزری تیۆری نقوم نەبێت، ناتوانێت لەماوەیەکی ئەندازەییدا ئەنجامی زانستی بەدەست بهێنێت.

دۆزینەوەی واتا لەدەقدا پێویستی بە کلیل وکۆدو میکانیزمی هەمەجۆر هەیە. جورجانی دەڵێت: ((واتاو هاو شێوەکەی کاتێک ڕوون دەبێتەوە، کە بۆداواکەی بگەڕێنیتەوەو پێویستیت پێی بێت، بەهزر هانی ئەندێشە و ئامانجی داواکە بدەیت، بەدەستهێنانی هەموو شتێک بەداواکردن و تامەزرۆیی بێت، بەدەستهێنانەکەی شیرینتر دەبێت،نموونەی ئەم جۆرە واتایە بەمەرجانێک لەناو سەدەف دەچوێندرێت، تاسەدەفەکە شەق نەکەیت نابیتە خاوەنی، هەموو هزرێک ڕوماڵی ئاشکرا کردن ناکات، هەموو ئەندێشەیەک بەئامانجت ناگەیەنێ، گشت کەسێکیش لە لەتکردنی سەدەف دەستکەوتی نابێت، جگە لەوانەی شارەزایی تەواویان هەیە)). (عبدالقاهر الجرجانی١٩٥٩ :١١٠)

## ٣/٤)کورتەیەک لەهەریەک لەمیتۆدەکانی ڕەخنە:

١- میتۆدی مێژوویی:

میتۆدی مێژوویی کۆڵینەوە لە باری ڕامیاری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری دەکات لەو سەردەمەی کە ئەدەبەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، ئەو ڕێگایە یان ئەو هۆکارە وەردەگرێ بۆ تێگەیشتن لە ئەدەبەکەو شیکردنەوەی تایبەتیەکانی و پێکهاتەکەی و لێڵیەکەی، لەبەرئەوەی پەیرەوکەرانی ئەو میتۆدە باوەریان وایە کەئەدیب کوڕی ژینگەکە و کاتەکەیەتی، هەروها ئەدەبەکەشی بەرهەمی بارە سیاسی و کۆمەلایەتییە کاریگەرو کارتێکراوەکەیەتی. (فائق مصطفی وعبدالرضا علی٢٠٠٠ :١٦٥)،مێژوویی دوو واتای هەیە، گشتی وتایبەتی، واتا گشتیەکەی بەوشێوەیە لەتاک دەروانێت، کە پەیوەندی بە پەرەسەندنی مرۆییەوە هەیە، بەم شێوەیەی کە لێکۆڵینەوە لە ئەدەب یان جولانەوەی ئەدەبییە گشتیەکە

پاشکۆی پەرەسەندنی هونەریی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری وئاینیەکەیە، بەڵام واتا تایبەتییەکەی، پەیوەست بوونی ڕوداوەکانە بەکاتەکەوە، کە زنجیرەیەکی ڕێکخراوە بە گوێرەی کاتەکە، یان لێکۆڵینەوەی کارە ئەدەبییە دیاریکراوەکان بەگوێرەی ڕیزبەندی مێژوویی.
(تین)باوەڕی وابوو ئەدیب لەچوار چێوەی سیستەمی کۆمەڵە یاسایەکی سروشتیدا دەژی وملکەچی ئەو سیستەمە دەبێت و بەرهەم و داهێنانەکانی لەسیاقی معریفی و مێژوویی ئەو سیستەمەدایەو مۆرکی ئەوسیستەمە وەردەگرێت. بۆیە پێی وابوو سێ هۆکار کاردەکەنە سەر بەرهەمی ئەدیب و ملکەچی ویستی خۆیانی دەکەن ئەوانیش بریتین لە: ڕەگەز، ژینگە، سەردەم. مەبەست لەڕەگەز توخم، یان نەوەیە و لەوسیفەتانەدا بەرجەستە دەبێت، کە کەسەکە یاخود ئەدیب لەنەتەوەیەکەوە وەری دەگرێت و ئەم نەتەوەیە تایبەتمەندیەکانی خۆی بەو ئەدیبە دەبەخشێت وەک ئەوەی عەرەبە یان کوردە یان جەرمەنە. مەبەستیش لە ژینگە، شوێنە، کە کۆمەڵە خەسڵەتێک دەدات بەتاک، یاخود تاکەکە ئەو تایبەتمەندییە جوگرافییانە وەردەگرێت، کەلەژێر سێبەریاندا دەژی و جێ پەنجەی خۆیانی بەسەرەوە جێدەهێڵن. مەبەستیش لەسەردەم، زەمەن و ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و باروودۆخە ڕامیاری و جەنگانەیە تیایدا ڕوودەدەن، لەگەڵ هۆکاری ڕۆشنبیری وئاینی وئاراستە ڕامیاریەکان، هەموو ئەم ڕوداوانە کاریگەریان هەیە لەسەر پێکهاتن و عەقڵ و ویژدانی ئەدیب.(بەسام قطوس ٢٠١١:٥٦)

٢- میتۆدی کۆمەڵایەتی:

ئەم میتۆدە جەخت لەواتای کۆمەڵایەتی ئەدەب و هونەر دەکاتەوە، دیاری کردنی پەیوەندی نێوان کاریگەری ئەدەبیی و ئەو کۆمەڵەی کە بەرهەمی هێناوە. لە واتا کۆمەڵایەتییەکەوە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن بۆکاریگەریە ئەدەبییەکە دەکرێت. (فائق مصطفى ٢٠٠٠:١٧٥)
لەڕەخنەی کۆمەڵایەتی کاریگەری ئەدەبیات لەسەر کۆمەڵ وکاریگەری کۆمەڵ بەسەر ئەدەبیاتەوە دەخرێتە بەرباس، واتە لایەنگرانی سەر بەو ڕێبازە ڕەخنەییە قسەیان لەسەر ئەوەیە، هەموو ئەو تەوژم و شێوە بۆچونانەی کە لەبەرهەمی ئەدەبیاتدا ڕەنگدەدەنەوە هەتاوەکو لەدایک بوون و ئەفراندنی بەرهەمی ئەدەبی بۆ کۆمەڵ دەگەڕێننەوە. (هیمداد حسین ٢٠١٠:٢٢)
(پیەر باربێس)بەم جۆرە باس لەڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەکات: لەو تیۆرەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەدەب وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینێت و ئەدیب بۆخودی خۆی ئەدەب بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو لەوساتەوە تیایدا بیر لەنوسین دەکاتەوەو پاشان دەستدەکات بەنوسینەکەو تەواوی دەکات، بۆکۆمەڵگەکەی بەرهەمی دەهێنێت. لەفەلسەفەی ماتریالیزمی مارکسیدا هەموو کۆمەڵگایەک دوو بونیادی هەیە: بونیادی خوارەوە(ژێرخان)،کە لەو بەرهەمە ماددیانەدا خۆی دەنوێنێت کە لەبونیادی ئابوری کۆمەڵگا ڕەنگدەدەنەوە، لەگەڵ بونیادی سەرەوە(سەرخان)کەلەسیستەمی ڕۆشنبیری و هزری و

رامیاریـدا خـۆی دەنوێنێـت، ئەمـانەش زادەی بونیـادە سـەرەکیەکەی یەکەمـن، هەر گـۆڕانێکیش لەتواناکـانی بەهەمهێنـانی مـاددی و پەیوەندیەکانیـدا ڕوبـدات، دەبێـتە هـۆی گـۆڕانی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتیەکـان و سیسـتەمە هزریەکان.(بەسـام قطـوس۲۰۱۱:۸۱). ئەرکـی ئەدیـب تەنهـا وێـنە کێشانی لۆجیک نییە بەشێوەیەکی پەتی، بەڵکو کێشـانی وێنەی واقیـع تێدەپەڕێنێت و دەچێـتە نـاو ژێرخـانەکەی و ئەو ململانێیـانە ئاشـکرادەکات، کەتـان و پـۆی ژێرخانەکەیـان تەنیـوەو لەڕێـگەی ئەو تێڕوانینەوە، لۆجیکی ئێستا دەخوێنێتەوە بۆئەوەی پاشەڕۆژی لێـوە هەڵبهێنجێت. پێکهـاتەیەکی بێ وێنەی یاساکانی جوڵەی کۆمەڵ وململانێکانی پێشکەش دەکات.
میتۆدی کۆمەڵایەتی لەڕەخنەدا کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی گرینگی داهێنا وەک:(هونەر بۆکـۆمەڵـە) (پەیـــامی ئەدەب)(پەیـــامی هـــونەر)(ئەدەبی پابەنـــد)(ئەدەبی شۆڕشـــگێڕی )(ڕیـــالیزمی ڕەخنەیی)(ڕیـالیزمی شۆشیالیسـتی)، هەمووشـیان ئامـاژە بەپەیـامی ئەدەب و ئەدیـب دەکەن و ئامانجیـان بـانگەوازکردنە بـۆئەوەی ئەدەب کـورت نەکـرێتەوە بۆچـالاکیەکی تـایبەت بەمەسـەلە تاکەکەسـیەکان، بەڵکـو دەبێـت ڕۆڵ و بەشـداری هەبێـت لەپێشـکەوتن و پەرەسـەندنی کـۆمەڵ و هۆشیارکردنەوەی تاکەکاندا.

٣- میتۆدی دەروونی:

ئەو میتۆدەیە، کەکار لەسەر دەقی ئەدەبی دەکـات و چەنـد بنەمـاو ڕێـو شـوێنێکی هەیە بۆدۆزینەوەی نهێنیەکانی ناوەوەی دەق، لەڕێی ڕۆچوونی بۆنـاو ژیـانی ئەدیـب و چۆنیەتی ژیـانی هەر لەمنـداڵیەوە تاهەموو قۆناغەکانی ژیانی بەسەردەبات.
بەرهەمی ئەدەبی پێش هەموو شتێک بەرهەمێکی دەروونی مرۆییە،کە نەزعەو ئارەزوو و هۆشیاری و ڕێگەی بیرکردنەوەو شێوازی چارەسەرکردنی تایبەت بەخۆی هەیە.بیرۆکەی شیکردنەوەی دەرونی لەسەر بنەمـای مـل کەچ بـوون بەو تیـۆرەی عەقڵی نـاوەکی دامەزراوە،کەژیـان عـەقڵ دەکـات بەدوو بەشـەوە: عەقڵی دیار،یان هەست Th conscious وعقڵی ناوەکی یان نەست The unconscious
ئەم تیۆرەش لەو بنەمایەوە سەرچاوەی گرتووە، کە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتە هەستییەکانمان ئەنجامی چەند پرۆسەیەکی دەروونیـانەی نەستین و لەعەقڵی ناوەکیداو بەدەر لەویست و ئیرادەمـان ڕودەدەن. بەڵـگەی بـوونی عەقڵـی نـاوەکیش پیادەکاریەکـانی شـیکردنەوەی دەروونـی و دیـاردەی نوانـدنی موگناتیسی و خەون و دیاردە دەروونییە ناوازەکان و نەخۆشیە دەروونیەکانن. (سەرچاوەی پێشو)
ڕەخنەی دەروونی پشت بەو بنەمایانە دەبەستێت کە هاوکارن و بەهۆیەوە توانای شیکارکردنی دەدات:

١- دیـاریكردنی ڕەوشـت: فیكـرو هەسـتەكانی هەركەسـێک و كردارەكـانی لەكـاتێكی دیـاریكراودا پەیوەنـدییەكی پـتەوی بەمیـژووی پاڵنەرەكەسـیەكانی وپەیوەنـدی بەوریـگەیەوە هەیە، كەتیایـدا هەڵوێستەكە دەدوێنێ و سەیری دەكات.
٢- ماوەی منداڵی: گرینگی لەدروستكردنی كەسایەتیدا هەیە،لەژێر كاریگەری كێشەكانی غەریزیی و دروستكردنی باری دەرونی وكۆمەڵایەتی.بەم شێوەیە چالاكی دەرونی بەسەر سێ هێزدا دابەش دەبێت:
ا)من(الانـا): ڕۆڵـی نێـوان گیـر دەبینـێ لەنێـوان هەسـت و منـی بـاڵادا لـەسـەر بنچینـەی پاراسـتنی هاوسەنگی كەسایەتی.
ب)ئەو(الهو): جەمسەری كەسایەتی تەواوە لەنەستی (اللاشعور) كە پێكهاتەو حەزە ناهۆشەكییەكان لەخۆدەگرێت، كە لەكۆگای بیرەوەریەكان لەململانێیەكی بەردەوامدان لەگەڵ من و منی باڵادا.
ت)منی باڵا(الانا العلیا): دەوری چاودێر دەبینـێ بەئاڕاستەی من،لەلایەنـی كەسـایەتیەوە كـاریگەرە بەژینـگەو ڕۆشـنبیری وپەروەردە و ڕۆڵێكـی كـاریگەر دەگێـڕێ لەهاوسـەنگی و ژیـان، بەپێـی یاسـا كۆمەڵایەتیەگشتیەكان. چەقی بەرپەرچدانەوەی كاری هەستكردن بەتاوان و نەكردنیەتی.
٣- ڕۆڵـی سـەرەكی كەململانـێ دەروونیـیە ناوەكیەكـان دەیگێـڕێ، هەروهـا ئەو دەورەی كە تـابوو دەیگێڕێ، ڕەوشـت هەوڵـدەدات، كە چارەسـەرەک بـۆ ئەو ململانێیـانە بـدۆزێتەوە، كە لەبـار و شێوەی جیاجیادا دەردەكەون، وەک بازدان لەبابەتێكەوە بۆ بابەتێكی تر، ڕازیبوونی هێمایی و تێكچرژاویی و ئاڵۆزی و بەستنەوەو پێچەوانەكردنەوە.
٤- تاک لەنەسـتیدا(اللاوعی): دەبینـێ كە چواردەورە دراوە بەكۆمەڵێـک ململانێـی زاڵ و داواكـاری كاریگەر لەیەک كاتدا.                (عمر محمد١٩٩٣:١٣٢)
ئەگەر تەماشـایەكی نمـوونەیەكی پەیوەنـدی بكەیـن، بەمەبەسـتی تێگەیشـتن لەكـاری ئەدەبی، بەوەی كۆمەڵێک پەیوەندی تێكچرژاوە لەنێوان سێ لایەنی، نێرەر و وەرگر و پەیـام. شیكردنەوەی دەروونـی بۆ ئەدەب لەوەوە دەست پێدەكات، كە چاودێری كردنی نێـرەرە لەگرێـدانی نێـوان بەرهەمەكەی لەلایەک و مێژووی كەسێتی لەلایەكی ترەوە، مێژووی كەسێتی بـریتییە لەكۆمـەڵێک شـارەزایی كەڵەكەبـوی سـاڵانی سـەرەتای منـداڵی ئەمەشـتێكی دیـارە لەمیتـۆدی دەروونـی، كە هەسـتیارترین مـاوەی یەكـلاكەرەوەی ئاڕاسـتەكردنی ڕەوشـتی مـرۆڤە بەدرێژایـی تەمەنـی داهـاتووی، لەسـاڵەكانی سـەرەتای منداڵیدا وەڵامدانەوەكان و هەست و دڵەڕاوكێی دروستدەبن.(صلاح فضل٢٠١٣:٥٧). دروسـتبوونی ڕێگای جیهانبینیەتی و ستراتیجیەتی هەڵوێستەكانیەتی لەژیاندا، ئەمانە لەناخیدا لەو شوێنانە ڕەگ دادەكـوتن كەشـوێنی ڕێكخسـتنی ڕەمزەكـان و وەڵامـدانەوەی ویژدانـی و سـۆزداریەكانیەتی. ئەگەر لەمـاوەی منداڵیـدا لەشـتێک بێبەشـكرابێت، یـاخود ڕووبەڕووی تـاقیكردنەوەیەكی تـاڵ وپـڕ گوشـار هاتبێتەوە، دەبێتە گرفت لەسەر ڕێگای دیاریكردنی ڕەوشتی و دنیابینیی، ئەگەر دواتر ئەوكەسە بووبە

داهێنەرێک یان شاعیرێک، ژیانی منداڵییەکەی کاریگەری لەسەر دەبێت و دەبنە هەوێنی داهێنانەکانی وپیادەیان دەکات. دەبینیین پەیوەندیەک هەیە لەنێوان جیهانی ناوەکی و داهێنانی ئەدەبی. سەرکەوتنی داهێنانێک جۆرێکە لە عەبقەریەت، ئەم عەبقەریەتە نزیک دەکەنەوە لەجۆرێک لەجۆرەکانی شێتی. تۆوی داهێنان هاوتەریبە لەگەڵ تۆوی لادان(الشذوذ)کە لەگەڵ ژیانی دەروونی ڕێکدەکەوێت. داهێنانی ئەدەبی لەجەوهەردا دیاردەیەکە لەدیاردەکانی گەیشتن بە ڕاڕایی لە داهێنەردا لەدوای ئەوەی داهێنانەکەی بڵاوبۆوە ناتوانێ لەگەڵ کۆمەڵدا بژی.

٤- میتۆدی بونیادگەری:

بونیادگەری بە میتۆدێکی وەسفی دادەنرێت و پێی وایە کاری ئەدەبی، دەقێکی داخراوە بەسەرخۆیدا، خاوەنی یاسای ناوەکییە و ئەم یاسا ناوەکییەی یەکگرتوویی پێدەبەخشێت. ئەو یاسایە لەڕیزکردنی ڕەگەزەکانی دەقدا نییە، بەڵکو لەتۆڕی پەیوەندیەکاندایە، کە لە نێوان وشەکانیدا دروست دەبێت و بونیادەکەی ڕێکدەخات. لێرەدا بونیادگەری گرنگی تەواو بەو بونیادەی کاری ئەدەبی دەدات، کە لەڕێگەی لێکدانەوەیەکی ناوەکییەوە سیستەمەکەی خۆی ئاشکرادەکات، بەمەش جەخت لەگرنگی پەیوەندیە ناوەکیەکان ونەسەقی نادیاری هەموو مەعریفەیەکی زانستی دەکاتەوە.(بەسام قطوس٢٠١١:١٦٠) ڕەخنەی بونیادگەری لەچوارچێوەی دەق دەسوڕێتەوەو دابڕاوە لەهەموو شتێک، وەک دانەرو کۆمەڵ و ئەوبارەی کەتیایدا گەشەی کردوە. تاکە لۆجیکێک کە ئەدیب پێی هەڵدەستێ ئەوەیە کەلە گوتارەکەو زمانەکە دەرناچێت، لێرەدا چاودێریکردنی سروشتی گوتارەکەو کەرەسەکانی و ئەوپەیوەندییەی لەنێوان کەرەسەکاندا هەیە دەچەسپێندرێت وکارە ئەدەبیەکە هەمووی (دال)هێماکەیە. ماهیەتی ڕەخنەی ئەدەبی شیکردنەوەیە نەوەک هەڵسەنگاندن، ئامانجی ئەم جۆرە ڕەخنەیە وەسفکردنی کارێک نییە بەباشە و یەکێک بەخراپە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی بەدیارخستنی چۆنیەتی پێکهاتەیی کاری ئەدەبی و وەرگرتنی واتای پێکهاتەکانیەتی. (صلاح فضل١٩٨٧:٣٣٥).

زۆرێک لە بونیادگەرەکان پێکهاتەیی کاری ئەدەبی بەشێوەی ئەم ئاستانەی خوارەوە ڕیزدەکەن:

١- ئاستی دەنگسازی: لێکۆڵینەوە لە دەنگ و هێماکان دەکات و لەپێکهاتەیی مۆسیقی وهێز و ئاوازە دەکۆڵێتەوە.

٢- ئاستی وشەسازی: لێکۆڵینەوە لە یەکە وشەییەکان و ئەرکی زمانی دەکات بەتایبەتی لەکاری ئەدەبیدا.

٣- ئاستی فەرهەنگی: لەو وشانە دەکۆڵێتەوە کەتایبەتێتی هەستی وئەبستراکتی و گیان بەبەرداکردنیان و شێوازەکەیان.

٤- ئاستی ڕستەسازی: لێکۆڵینەوە لەدروستکردن و پێکەوە بەستنی ئەو ڕستانەدەکات، کە تایبەتێتی واتایی جوانیان هەیە.
٥- ئاستی وتن : شیکردنەوەی ئەو کەڵە ڕستانەی کەتایبەتیەتی سەرەکی وئاساییان هەیە.
٦- ئاستی واتایی: کاردەکات بۆشیکردنەوەی واتای ڕاستەوخۆ و وێنەی پەیوەست بەپەیڕەوی دەرەکی سنوری زمانی، کە دەبیەستێتەوە بە دەروونناسی و کۆمەڵناسی.
٧- ئاستی هێمایی: ڕۆڵی (دال) هێما بەئاستەکانی پێشوتر، کە هێمابۆکراو (مدلول) ی ئەدەبی بەرهەم دینێ، کە پێشەوایەتی ڕۆڵی مانای دووەم دەکات یان پێی دەگوترێت زمان لەناو زماندا.
(فائق مصطفی و عبدالرضا علی ٢٠٠٠:١٨٠)

٥- میتۆدەکانی دوای بونیادگەری:

زاراوەی دوای بونیادگەری، دەلالەتێکە بۆئەو میتۆد و ڕێبازانەی کە هەوڵدەدەن لە بونیادگەری بالاتربن، لەسەرەتای سەرهەڵدانیاندا پێش ئەوەی بۆچەند میتۆدێک دابەش و سنوردار ببن، پشتیان بەبنەماکانی بونیادگەری بەست. تێکرای میتۆدەکان لەبنەڕەتدا، لەهزرەکانی بونیادگەری هەڵهێنجراون، تەنیا لەپراکتیکردندا لەیەکتر جیاوازن، هەریەکێک لە میتۆدەکان پشت بەڕەگەزێک لەڕەگەزە هونەریەکانی دەق دەبەستێت. (ئازاد ئەحمەد٢٠١١:٢٨).
بۆنموونە، بونیادگەری فۆرمالیستی تەنیا دەق هەژمار دەکات، تیۆری وەرگرتن، بۆ هەموو شیکارێک ڕەچاوی ئایندەدەکات، بەتایبەتی چەخت لەسەر بابەت دەکاتەوە، دەقناسی، دەق لەبریتی ڕستە بەیەکەی شیکاری دادەنێت، هێماگەری ڕایەڵەکانی گرفتی دەقی، کە لەڕەمزو هێماکان و جووتە هاودژەکان پێکدێت و پابەندن بەسەرچاوەکانەوە دەیانکاتە ناوەندی خوێندنەوەو ڕاڤەکردن، تیۆری هەڵوەشاندنەوە، سەرتاپای ڕەگەزە هونەریەکانی دەق و دەقنوسی بەدەق وەرگریشەوە ڕەتدەکاتەوە. بۆئەوەی باسەکە زۆر درێژ نەبێتەوە، ناتوانین لێرەدا باسی هەریەک لەم میتۆدانە بکەین، تەنها باسی میتۆدی پراگماتیکی دەکەین، کە مەبەستی باسەکەی ئێمەیە.

- میتۆدی پراگماتیکی:


ئەم میتۆدە بەزمان ناسی دەقەوە بەستراوەتەوە، بریتیە لەچۆنیەتی بەکارهێنان و کارکردنی زمان، چەخت لەسەر دەستنیشانکردنی شوێن و بەهای میانەیی دەکاتەوە،کە دەق لەکاتی ئەنجام دانی کرداری وتو وێژ لەنێوان نوسەر(دەق نوس)و وەرگر (خوێنەر)، کە لەئاستی زارەکی، یان نوسین دەهێنێتە دی، ئەم تیۆرە هەوڵدەدات لەڕێگای بەکارهێنانی زمانەوە دەق و کردارە میانەیەکان (سیاق)بەیەکتریەوە ببەستێیەوە، هەڵوەستە لەسەر پاراستنی دەلالەتەکانی دەق لەنادیاری و لێڵی و لادان ...هتد. بگرێت و بە بابەتە زمانیەکانییەوە گرێبدات. (ئازاد ئەحمەد ٢٠١١:٢٦)

هەروها ڕەمزو نیشانە جەستەیەکان، کە هاوشان و هاوده‌می کرداری ئاخاوتنن، لە وتو ویژکردن و نوسیندا ڕەنگدانەوەی سروشت و شێوازی خەڵکن. پراگماتیک نوێنەرایەتی دوو ڕەهەندی شرۆڤەکاری دەق دەکات، کە بریتین لەنێرەر و وەرگر،ئەم دوو بابەتە بۆیە لەم ئاستەدا پشتیان پێدەبەستریت،چونکە هەریەکێکیان چەندین شون و پاشماوەی ڕۆشنبیری لە نوسین یان ڕەخنە دا بەمەبەستی دەق لەخۆ کۆدەکەنەوە،کاتێک گفتوگۆکان ئاشکرایان نەکردبن.(ئازاد ئەحمەد ٢٠١١:٢٧)

## ٤/٤)ئاستەکانی ڕاڤەکردن:


دەربارەی فرەواتایی دەق لەناو میتۆدی دوای بونیادگەری دوو ئاراستە دەبینین، یەکەمیان باڵی(تیار)ی هەڵوەشانەوەگەرایی، لەڕوانگەی ئەمانەوە دەق تەونێکە لەنیشانە ناردراوە بێکۆتاییەکان، کەئەمە ئامرازێکە بۆلێکترازان نەوەک بۆ وتنی زانستی یان دەربڕینی واتا. ئاراستەی دووەمیان سیمیۆتیکیای وەرگرو بیردۆزەکانی خوێندنەوە، ئەمەیان خۆبەدەستەوەدان بە ئاراستەی پراگماتیکی و فرەواتایی دەق و بەرهەمی کاری خوێنەربوو. ئینکاری بوونی واتای دەقیان نەدەکرد، ئەمەش بەمانای ئەوەنا کە پشتگیری لەیەک واتایی دەق بکەن، بەڵکو تەنها شیمانەیەکە لەنێوان هەموو شیمانەکانیتر، هەروها ڕاڤەکردن دروستکردنی بابەتی دەقەکەیە، بەم جۆرە کۆتکردنی پێوەرەکانی دەق و دەوروبەری وەرگر دیاری دەکەن. بەم شێوەیە دەبینین فرەواتایی دەق مەرجدارە بەپێوەرە زمانیەکان و ڕەگەزەکانی دەق و بەنهێنیەکانی ڕەگەزی خوێنەر، یان بەکۆی ڕۆشنبیرییە گونجاوەکانی خوێنەر.

((دەق دەلالەت لەڕاستی و شیمانەو بوون و...هتد.دەکات. ئەمە واتای ئەوەیە کەدەق تەنها ڕاستی دەرنابڕێت، بەڵکو شیمانەش دەردەبڕێت، هەروها بوون و نەبوونیش، ئەگەر ویستمان بڕۆین بۆ دورترین ماوە)). (محمد بوعزە٢٠١١:٨٤). کەباس لەواتای ڕاستی دەکەین، بەو شێوەیەنا کەلەفەلسەفەی نمونەیی(میثال)دا هاتووە وەک بنەمایەکی ڕەها، کە پێشتر لەدەقدا بوونی هەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی پلەیی لێی دەڕوانیین، کە پەیوەندی واتایی جۆراوجۆرو گۆڕاو بەگوێرەی شوێن لەدەق دا نیشاندەدات.




شـوێنی یەقـین، لەزۆربەی کاتەکانـدا یەقـین ڕێـژەییە، جێگاکـان زۆرتـر ئاشـکران، بەزۆری لەدەقـدا دەردەکەون، لەبەرانبەردا بابەتەکانی گومان دەتوانن لەتەمومژیەکی کەم بۆ بڕگەی داخراوی زۆر دەست پێبکەن، کە خوێنەر دەخەنە بارێکی ناخۆش(موقف حرج)،بەگوێرەی تیۆری کلاسیکی، بەڵام بەگوێرەی تیۆری نوێ ئەمە پێدانی سەربەستییەکی تەواوە بەخوێنەر. بەمشـێوەیە هەتاوەکو دەقەکە لەجەمسـەری ڕاسـتی نزیـک ببێـتەوە ئەوە ئاشـکراترە، بەڵام هەرچەنـدە لەجەمسـەری ناڕاسـتی نزیـک ببێـتەوە ئەوا تەمـومژاویتر دەبێـت. ئاشـکرایی و تەمـومژی دەقەکـان جیـاوازن، ئەمەش بەگـوێرەی قەبـارەی شـوێنی یەقین و گومان دەبێت، چەقـی واتـایی لەم هێڵکـاریە ئەوەمـان بۆدەردەخـات کەشـوێنی گومـان خـوێنەر سەربەست دەکات بۆ ڕاڤەکردن، بەڵام ئەم سەربەستکردنەش مەرجدارە بەبابەتی یەقینـەوە. شـوێنەکانی یەقیین و گومان بەم شێوە ئاشکراییە لەدەقدا دەرناکەوێت، بەڵکو تێکچرژاو چوەنـاویەکن بەدرێژایـی بڕگەکانی دەقەکە، دابەشبونەکە بەگوێرەی جوانی و ڕۆشنبیری و مەبەستی نوسەرەکەیە.

ئەم پەیوەنـدیە پـێچەوانە دەبێـتەوە، لەشـێوەی پێکهـاتنی دەقـدا، بەم شـێوەیە تێگەیشـتنی پلەییمـان بۆڕاستی دەبێتە هۆی ئەم پەیوەندییە واتاییە نوێیانە. (سەرچاوەی پێشو).



ڕوون(الواضح):ئەمە بەهیچ شێوەیەک ڕاڤەکردن(تاویل)قبوڵ ناکات، وەک فەرمانکردن و نەهیکردن.
ئاشکرا(البیین): ئەم قسانە (وتانە)واتای تر وەرناگرن،بەڵام لەکاتی پێویستی ڕاڤەکردن قبوڵ دەکەن.
دیار (الظاهر): کۆمەڵێک ڕاڤەکردن دەگرێتە خۆ، بەڵام دیارترین وگونجاو ترینیان کەلەگەڵ دەقەکەدا بگونجێت هەڵدەبژێرێت.
لەوانەیە(المحتمل): ئەم وتانە،ئەو جۆرە ڕاڤانە وەردەگرن کە ماناکانیان ڕاست بێت و لەگەڵ داب و نەریت و زانیاریەکانی وەرگرو کۆمەڵەکە بگونجێت.
دەبێت(الممکن): وتەیەکی کورتە، بەڵام کۆمەڵێک ڕاڤە دەگرێتە خۆی، بەڵام ڕاڤەکار ئەونیشانانە وەردەگرێت، کەبابەتەکەی پێدروست و توندوتۆڵ بکات.
ناڕوون(العمی): نە ماناو نە واتاکەی دیار نییە، لەلایەنی پڕاگماتیکیەوە پەسەندنییە، بەڵام ڕاڤەکار سورە لەسەر ئەوەی کەماناو واتاکەی لەناوەوەیە.
بەگوێرەی ئەم هێڵکاریە واتاییە ئاڵۆزە، دەقەکان واتای جیاوازیان نەوەک هەر لەشوێنی گومان، بەڵکو لەشوێنی یەقینیشدا هەیە. هەموو خوێندنەوەیەکی گشتگیر لەڕێرەوی خۆیدا لایەنەکانی بونیادگەری و پڕاگماتیکی تێکەڵدەکات کەبریتین لە:

١- دەق خۆی، واوەسفدەکرێت، کە کۆمەڵە دالێکە پێویستە ڕاڤە بکرێت.

٢- دەقەکە خوێنەرە، یان خوێنەر واوەسف دەکرێت کە دەقەکەیە.

٣- دەق وخوێنەر بەیەکدەگەن، یان کاری واتاییە.

بەمشێوەیە دەق بەبێ ڕاڤەکردن بوونی نابێت.

## **٥/٤)چەمک و واتای لێکدانەوەو ڕاڤەکردن*:**

لەنێوان لێکدانەوەو ڕاڤەکردندا لێکچوون و جیاوازی هەیە. لێکچونەکەیان لەوەدایە هەردووکیان هەوڵی ئاشکراکردنی واتای دەق ومەبەستی دانەر دەدەن. ئەگەر لێکدەرەوە(المفسر)لەمیانەی گەڕان بەدوای ئەوەی ڕواڵەتیی وشەکان دەیگەیەنن، ئەرکی تێگەیشتنی دەق بخاتە ئەستۆی خۆی، ئەوا ڕاڤەکەر(المئول)بەمەندە ناوەستێت، بەڵکو هەوڵدەدات مەبەستی دانەر تێپەڕێنێت و بەدوای ئەوەدا بگەڕێت،کەلەپشت وشەکانەوەیە،واتا بەدوای ڕەمزە شاراوەکانی دەقدا دەگەڕێت.(بسام قطوس٢٠١١:٢٦٧)

---

(*)زاراوەی لێکدانەوەمان بەرانبەر بە(التفسیر)ی عەرەبی و(Interpretution)ی ئنگلیزی و زاراوەی ڕاڤەکردنمان بەرانبەر (التاویل)ی عەربی و (hermenutics)ی ئینگلیزی بەکارهێناوە.

علی بن محمد الجرجانی بەمجۆرە جیاوازی لەنێوان شیکردنەوەو ڕاڤەکردندا کردوە ودەڵێت:
(( ڕاڤەکردن تێپەڕاندنی واتای دیاری ئایەتەکەیە بۆ واتایەکی شیمانەکراوی گونجاو لەگەڵ قورئان و فەرمودە،بۆنموونە ئایەتی(یخرج الحی من المیت)،((قران الکریم:سورە روم))دەتوانێ باڵندە کە زیندوە لەهێلکەوە کە مردوە دەربهێنێ،ئەمەشیکردنەوەیە، بەلاّم ئەگەر مەبەست لەدەرهێنانی بڕوادار بێت لەبێ بڕوایان، یان زانا لە نەزان ئەوە ڕاڤەکردنە)). (ابراهیم محمود ٢٠٠٣:١٢٧) .
لەسەر ڕاڤەکار پێویستە، جەخت لەسەر سروشتی جوانی دەق بکات، دوور لەسروشتی لاهوتی یان یاسایی یان کۆمەلاّیەتی، بەم شێوەیە هەموو دەقێک سێ مەبەستی هەیە.
یەکەم: مەبەستی دانەر، دووەم: مەبەستی دەق، سێیەم: مەبەستی خوێنەر یان ڕاڤەکار. یەکێک لە واتاکانی ڕاڤەکردن ئاشکراکردنی شاراوەو نادیارەکانە، ئەمەش چەمکی نزیککردنەوەی ڕاڤەکردنە بەخەونەوە، چونکە خەون ڕەمزە، شیکردنەوەیە بۆڕواڵەت، بەلاّم ڕاڤەکردن شیکردنەوەیە بۆناوەو ناواخنە. لێرەدا سنورداری شیکردنەوە لەچاو فراوانی ڕاڤەکردندا دەردەکەوێت، ڕاڤەکردن دەسەلاّتی دەق تێدەپەڕێنێت، تائازادی وردبونەوەی زیاتر بدات بەو دەقانەی دیاریکردنیان ئەستەمە. ڕاڤەکار لای مەبەستەکانی دانەر ناوەستێت، بەڵکو تێیان دەپەڕێنێت بۆئەوەی بەدوای نەگوتراوەکاندا بگەڕێت بەمەش چەمکی مەبەست یان گەیشتن بەمەبەست دەبێتە بنەمایەکی سەرەکی.

## ٦/٤)پەیوەندی نێوان پراگماتیک و ڕەخنەسازی:

تیۆرەکانی پڕاگماتیک جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان خوێنەرو کارە ئەدەبییەکە دەکەنەوە. دەق وەکو ڕۆنانێک سەیردەکرێت کە چ کاریگەرییەک لەسەرجەماوەر دروستدەکات، بەواتای ئەوەی کارە ئەدەبییەکە لەڕێگەی ئەوەوە بونیاد دەنرێت، ئایا چ کاریگەرییەکی هەیە لەڕووی چێژ و جوانی وفێرکردن و...هتد. یان هەر جۆرە سۆزێکی تری بەسەر جەماوەرەوە.
ئەگەر سەیری میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی بکەین، دەتوانین بیان کەین بەدوو بەشەوە:
١- ئەو میتۆدانە(مێژوییی، کۆمەلاّیەتی، دەروونی) دەگەڕێتەوە، کە تێروانینیان بۆ دەق زیاتر لۆجیکییە،بەشێوەیەک لەدەق دەڕوانن پلەو پایەو باری کۆمەلاّیەتی و سەردەم و ڕۆشنبیری و ناوناوبانگی نوسەر زۆر لەبەر چاو دەگرن لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا، زۆر بەزەقی ڕەچاوی ئەم خالاّنەی سەرەوە دەکەن و دەکەونە ژێر کاریگەریانەوەو بەگوێرەی ئەم سیفاتانە خوێندنەوە بۆدەقەکە دەکەن و خوێندنەوە کەشیان زیاتر شیکردنەوە(تفسیر)ییە.

٢- میتۆدەکانی بونیادگەری ودوای بونیادگەری،بەشێوەکی گشتی بیری سەرەکی لەم میتۆدانەدا، دەق دادەماڵێت لەهەموو شتێک، واتا ئەوسیفاتانەی لەخاڵی یەکەم باسمانکردن، ومردنی نوسەر

ڕادەگەیەنیت. بەوشێوەیە سەیری دەق دەکەن وەک هەندێ نیشانەی ڕەش لەسەر لاپەڕەیەک، بەمەش دەق وەکو کەڕو لاڵ وبێ دەم و زار سەیردەکرێت، بەڵام خوێنەر بەپێی شارەزایی و لێهاتویی و زانیاریەکانی خۆی واتای دەقەکە لێکدەداتەوەو ڕاڤەی دەکات، لێرەدا خوێنەر بەبەرهەم هێنەر دادەنرێت، چونکە چەند کەس بیخوێنێتەوە ئەوەندە خوێندنەوەیەی بۆدەکرێت، هەر خوێنەرێکیش بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی تر ڕاڤەی دەکات وخوێنەر بریتی دەبێت لە کۆمەڵە چالاکیەک بۆداڕشتنەوەی دەقەکە و ئەم جۆرە خوێندنەوەیەش ڕاڤەکردن(تاویل)دەبێت.

لەم بەشەدا ئێمە چەخت لەسەر میتۆدەکانی خالّی دووەم دەکەین، لەبەرئەوەی ئەم میتۆدانە لەگەڵ بابەتەکانی پراگماتیک دا پەیوەندی ڕاستەوخۆیان دەبێت و دەتوانرێت خوێندنەوەی پراگماتیکی بەپێی ئەم میتۆدانە بۆ دەقەکان بکرێت.

## ٧/٤)پراکتیزەکردنی ڕەخنەی پراگماتیکی بۆدەق:

بەشێوەیەکی سەرەکی کەرەسەی پێکهاتەی دەقی ئەدەبی، دەربڕینی زمانییە، بەڵام چۆنیەتی و چەندایەتی ئامادەبونی زمان لەناو هەموو دەقێکدا چوونیەک نییە. هەڵوێستی خوێنەر لەئاستی چێژبینیین و نەبینیین و پەیبردن و نەبردن بە بەهای هەردەقێکی ئەدەبی ڕێژەییەو بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێت.جۆرو سروشتی پێکهاتەی دەق لەڕووی زمان و کەرەسەو بونیادە ئەدەبییەکەیەوە، وادەکات کەچێژ و بەهای هونەری دەقەکە زیاترو زۆرتر لەچوار چێوەی پرۆسەکەیدا بۆ خوێنەر دەرکەوێت.
هەموو بەکارهێنانەکانی زمانی مرۆڤ ڕەسەنایەتی تێدایە، لەوەدا هەرزمانێک وەرگرین خاوەنی سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتوی کەرەسەیە(ڕستە).فەرهەنگی زمانێک چەند گەورەش بێت و چەندین وشەشی تێدابێت،هێشتا هەموو وشەکانی زمانەکە ناگرێتە خۆی.ڕەسەنایەتیەک لەوەوە دێت، کەزمانی دایکی بەکاربهێنێت و یاساکانی زمانەکە بەڕێکوپێکی بەجێبهێنێ. (محمد معروف.٢٠١٠:٤٠٣)
ڕەسەنایەتیەکیش لەڕێگەی بەزاندن و شکاندنی یاساکانی زمانەوە دروست دەبێت، ئەم جۆرەیان داهێنانە، کە بەتایبەتی لەزمانی شیعردا دەبینرێت. کەواتە ئەگەر مرۆڤی ئاسایی تەنیا توانای ڕەسنایەتی تێدابێت، ئەوا شاعیر دوو توانای دراوەتێ توانای ڕەسەنایەتی و توانای داهێنان، دەبێت داهێنان لەهەڵەی ڕێزمانی و واتایی فۆنۆلۆجی،(لەلادان و بەزاندنی)ی یاسا زمانیەکان جیابکەینەوە، چونکە بەزۆری لادان وبەزاندن بۆمەبەستێکی ئەدەبی دەبێت.
زمانی شیعری جیاوازە لەگەڵ زمانی نوسین یان قسەکردنی ئاسایی، لەبەرئەوەی لەزمانی نوسینی ئاسایی ئەو زانیاریەی کە دەدرێت زۆرە، ئەمەش بەهۆی هەڵبژاردنی ئەو کەرەسانەوەیە کە

لەنوسینەکەدا بەکاردەهێنرێت، کەکەمترین پێشبینی دەکرێن و زۆرترین زانیاری دەدەن، بەپێچەوانەی زمانی شیعری. لادان و بەزاندن لەهەموو ئاستەکانی زماندا بەدیدەکرێت. گەیشتن بە واتای هاوبەش، یاخود تێگەیشتن لەنێوان قسەکەرو گوێگر لەرێگەی بنەماکانی هاریکاری گرایسەوە دەبێت، کە دەڵێت(باگوتنەکەت هێندە بێت و لەو کات و شوێنەدا بێت و بەوجۆرە بێت کە پێویستی تێگەیشتن دەیەوێت). ئەم بنەمایانە رێنماییین و بەرێوەچونی ئاخاوتن دیاری دەکەن. بۆنموونە:

هۆکاکەی شوان ! گوێم لێیە لەودارە
ئەوەی ئەیلێیت،نایلێیتەوە دووبارە
بەو ئاوازە مێگەلەکەت سەرخۆشن
سەرمەست ئەرۆن،ئەلەوەرێن،بەجۆشن
خۆزگەم بەخۆت کە لەشارستان دوری
سەربەست و دڵ پاک وشاد و مەسروری
(بەختیار زێوەر ۱۹۸۰:۹۳)

لێرەدا خوێنەر بەئاسانی لە واتای شیعرەکە دەگات، چونکە بنەماکانی هاریکاری بەزۆری جێبەجێکراون، مەبەستەکەش ئەوەیەکە شاعیر، دیمەنی لەوەڕاندنی مێگەلێک دەبینێت، کەشوانەکەیان بلوێریان بۆ لێدەدات، کە ئەمەش نەریتێکی شوانەکانە شمشاڵ بۆ مێگەلەکەیان لێدەدەن، چونکە کە گوێیان لە دەنگی شمشاڵەکەدەبێت نارۆن بەملاوبەولادا بەجوانی دێن و دەچن باش دەلەوەڕێن. کاکەی شوان تەنها خەمی باش لەوەڕاندن وتێر کردنی مێگەلەکەیەتی، هیچی تری لەبیرنیەو دوورە لە جەنجاڵی شارو گرفتەکانی شارستانیەت.

- لادان لەبنەماکانی هاریکاری

ئاژانسەکانی دەنگ وباس رایانگەیاند:
یاریەکی فوتبۆڵ دەکرێ
دوو تیپەکە- کرێمل و کۆشکی سپی
تۆپ - سەری کورد
گۆڵ - کوردستان
تەماشاکەر — دنیای کری وەک گۆڕستان
(عبدالله پەشێو ۲۰۰۸: ۳۲۰)

لەخوێندنەوەی ئەم هۆنراوەی سەرەوەدا خوینەر ئەگەر زانیاریەکی باشی لەسەر نەتەوەی کورد نەبێت زۆر بەئاسانی لە واتای هۆنراوەکە تێناگات، چونکە بنەماکای هاریکاری بەزێنراون، بەوەی بڕی گوتنەکە زیاترە لەپێویست، دەیتوانی بەسێ چوار وشە مەبەستەکەی بگەیاندبایە، هەروها بنەمای دروستی بەزێنراوە بەوەی کەگوتنەکە ڕاست نییە، چونکە کریمل و کۆشکی سپی تیپی یاری کردن نین، بەڵکو شوێنی دانیشتنی سەرۆکی ڕوسیاو ئەمەریکان، هەروها یاری فوتبۆڵ بەسەری مرۆڤەکان ناکرێت، کوردستانیش گۆڵ نییەو هەموو دنیاش بەیەک جار تەماشاکەر نیین. بنەمای چۆنیەتیش بەزێنراوە بەوەی کە هۆنراوەکە پڕە لە تەمومژی و وشەکان بەواتای تر بەکارهاتوون.

خوێنەر دەبێت لەخوێندنەوەی ئەم دەقەدا زانیاری تەواوی لەسەر کوردستان وئەمریکاو ڕوسیا هەبێت و تەکنیک بەکاربهێنێت، بۆئەوەی بزانێت نوسەر بۆچی بنەماکانی بەم شێوەیە بەزاندوە و مەبەستی لەم بەزاندنانەدا چییە. بەمە خوێنەر تێدەگات کە نوسەر کریمل و کۆشکی سپی وەک دوو ناوەندی بڕیاردەری سیاسین لەجیهاندا دەست دەخەنەناو کاروباری هەموو میلەتانی تر، ئەم دوو زلهێزەی دنیایاری بەچارەنوسی نەتەوە ژێردەست و بێهێزەکان دەکەن، هەروها سەریشی بەتۆپ داناوە، سەر یەکێکە لەئەندامە سەرەکییەکانی لەش و وەک تۆپیش خڕە، کوردستانیشی بەگۆڵەکە داناوە، چونکە گۆڵ شوێنێکی دیاری کراوە لەیاریدا هەرتیپێک بتوانێ زۆرترین جار تۆپەکە بخاتە گۆڵی بەرانبەرەوە یاریەکە دەباتەوە، ولاتانی دنیاشی بەتەماشاکەر داناوە، تەماشاکەر تەنها ڕۆڵی هاندان دەبینێت و کاریگەرییان نییە لەسەر یارییەکە. بەتەنها پەیڕەو کردنی بنەماکانی هاریکاری نابێتە هۆی تێگەیشتن لەدەقەکان، بەڵکو زۆرجار بەزاندنی بنەماکانیش دەبنە هۆی تێگەیشتنی واتای دەقەکان ، بنەماکان وا لەخوێنەر دەکەن کە دەوروبەر بۆدەقەکە بدۆزێتەوە، ئەویش بەسەرنجدان لەو وشە سەرەکییانەی دەبنە کلیل بۆکردنەوەی واتای دەقەکە.

- لادانی واتایی

سبەی گەڵاکان هەر هەموو
ئەچنە سەر تەلانی دەنگدان
تادەنگ بدەن بەو دارانەی
ئەبنە نوێنەری دارستان
من گوێم لێبو:
لقێک بەلقێکی ئەوت:
باشە ئێوە دەنگی خۆتان
ئەدەن بەکێ؟!

ئەویش وتی:
بەودارانەی
کەپەرێزیان ئاوی پاکەو
دەستیان لەدەستی بەفر ئەچێ و
ڕەگیان لەناو((سەر))ماندایە و
ئاینده وا لەچاو یانداو
باڵندەکانیش بەدەنوک
یەکەیەکە وێنەی دڵێکی گەورەیان
لەسەر قەدیان هەڵکەندوە!

(شێرکۆ بێکەس ۲۰۱۰:۳۰)

لەخوێندنەوەی ئەم دەقەدا، خوێنەر دەبێت بەسەر واتای وشەکاندا بچێتەوە، لەبەرئەوەی بەجۆرێک بەکارهاتوون، کەلە بەکارهێنانی ڕۆژانەیاندا جیاوازن، یەکێک لە ڕێگا بڵاوەکانی لێکدانەوەی واتای وشە لەزماندا، شیکردنەوەی پێکهاتە واتاییەکانی وشەیە، بەپێی ئەم بۆچونە واتای وشە کەرت دەکرێت بۆپارچەی ورد، کە واتای وشەکە لەچەند سیمایەک پێکدێت، ئەم سیمایانە بەزۆری جیهانین، بەندن بەتەن و ڕوداو باری دەرەوەی زمانەوە، هەریەکێک لەم سیمایانە چەمکێک یان بیرێکی ڕووتە، وشە لەڕووی واتاوە لەلێکدان وکۆکردنەوەی زۆرێک لەم سیمایانە دروست دەبێت. وشە لەئەنجامی بەکارهێنانیدا هەندێ سیمای تر وەردەگرێت، کە بەسیما لاوەکییەکان ناسراون، ئەم سیمالاوەکیانە لەکۆمەڵێکەوە بۆکۆمەڵێکی تر جیاوازن. ئەگەر خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی پراگماتیکی(لەڕووی واتاوە) بۆئەم دەقەی سەرەوە بکەین دەبینیین لادانی واتایی زۆری تێدایە بەم شێوەیە: لە دێری یەکەمدا،سەبەی گەڵاکان هەر هەموو دەچنە سەر تەلاری دەنگدان، دەبینیین وشەی(گەڵا) خاوەنی ئەم سیما واتاییانەیە.

(گەڵا) : < - گیان ، + درەخت ، - توانای دەنگدان، - قسەکردن ، - ڕۆیشتن، ...>
(نوێنەر) : < + مرۆڤ ، - درەخت ، + هێزو توانا ، + توانای بیرکردنەوە، ... >
(هەڵبژاردن): < + کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، - ژینگەی دارستان ،+ گۆڕینی دەسەڵات ...>
(لق) : < - گیان ، - قسەکردن ، - ڕۆیشتن، ... >

نوسەر هاتووە گیانی بە بەر دار داکردوە و هێزی داوەتێ بۆ ڕۆیشتن، بۆئەوەی بچێت دەنگ بدات، لەدێری دواتردا دەڵێت(تادەنگ بدەن بەو دارانەی ئەبنە نوێنەری دارستان) لەدارستاندا نوێنەر نییە، هەڵبژاردنیش ناکرێت،بەڵکو هەڵبژاردن پەیوەستە بەکۆمەڵگای مرۆڤایەتییەوە. لێرەدا نوسەر ئامۆژگاری خەڵکی دەکات، کە بچن بۆدەنگدان و ڕۆشنبیربن و بزانن دەنگ بۆکێ دەدەن و کێ

هەڵـدەبژێرن بەنـوینەر و دەمڕاسـتی خۆیـان. دواتـر باسـی گفتوگـۆکردنی نێـوان دوو لـق دەکـات، کەیەکێکیان بەوی تر دەڵێت دەنگدەدەن بەکێ، ئێمە دەزانیین کە لقی دار توانـای قسـەکردنیان نییـەو قسەناکەن، بەڵام ئەمە ئامۆژگارییە بۆخەڵکی بۆئەوەی ئەوکسانەی دەنگیان پێدەدەن کەسی نیشـتیمان پەروەرو لەخۆبوردو ئیشکەرو خەمخۆری خەڵـک و نیشـتمانیان بـن و ڕۆژێـک لـە ڕۆژان ناپاکیـان لـە خاک و نیشتمان نەکردبێت و دەستیان بەخوێنی ڕۆڵەکانیان سورنەبووبێت.

- لادانی مۆرفۆلۆجی

لەماڵی پزیشکێک نانم خوارد
بۆنی خوێنی هەزاران نەخۆشی لێ دەهات
لەماڵی ڕەخنە چیەک شێوم کرد
بۆنی خوێنی هەزاران شاعیری لێ دەهات

(لەتیف هەڵمەت ٢٠٠٩:٨٠)

هەنـدێ جـار نوسـەر بۆپاراسـتنی وزە یـان بـۆ مۆسـیقای شـیعری یـان لـەبەر نەبـونی هەنـدێ کەرەسـەی نائامادە، یان هەر هۆیەکی تر بێت، خۆی وشە دروست دەکات، ئەمەش کاتێک دەبێـت بەلادان کەلـەو یاسایانە لابدات، کە لەزمانەکەدا هەیە بۆدروستکردنی وشەی نوێ.

بۆنمونە لەم هۆنراوەی سەرەوەدا وشـەی(ڕەخنەچی) کەبەشـێوەی (نـاو + پاشـگری (چی)دروسـت بـوە، بەڵام لەزمانی کوردیدا ئەم پاشگرە، وشەی داڕێژراو دروست دەکات بەواتای کارو پیشەی دەستی.

قوبادی جەلی زادە لەهۆنراوەیەکدا دەڵێت:

...............تەرمی
سەربازە ژن بازەکان
دەسگیران بازەکان
دۆست بازەکان
هەتیو بازەکان
ئاژەڵ بازەکان

قوبادی جەلی زادە

لێرەدا شاعیر پاشگری(باز)ی بەهەندێ وشەوە لکاندوە کەلە زمانی کوردیدا ناچێتە سەر ئەو وشانە.

- لادانی ڕستەسازی

بەزانـدنی یاسـاکانی سـینتاکس ئاسـتی دەرەوەی زمـان دەگـرێتەوە و بەزۆری پەیوەنـدی بەڕوخسـارەوە هەیە،کار لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکە ناکات.

چەند تەنیایە بەبێ میوان ماڵ
چەند تاریکە بەبێ خۆشەویستی دڵ
چەند بێکەسە بەبێ چۆلەکە درەخت
چەند بێ نازە بەبێ مەمک ستیان
چەند چۆلە بەبێ من
نیشتمان
چەند دڕدۆنگە بەبێ شیعر
دەفتەر..........

(لەتیف هەڵمەت ٢٠٠٩:٦٠)

یاسای ستانداردی دروستکردنی ڕستەی کوردی بریتیە لە( بکەر ، بەرکار ، کردار ). بەڵام شاعیر پەیرەوی ئەم یاسایەی نەکردوەو لایداوە لێی، کرداری هێناوەتە پێش بەرکارو بکەرەوە، جێگۆرکێی بەکەرەسەکانی ڕستە کردوە. ئەم هۆنراوەی سەرەوە بەپێ یاسای ڕستەسازی کوردی بەم شێوەیەی لێدێت.

ماڵ بەبێ میوان چەند تەنیایە
دڵ بەبێ خۆشەویستی چەند تاریکە
درەخت بەبێ چۆلەکە چەند بێکەسە
ستیان بەبێ مەمک چەند بێ نازە
نیشتمان بەبێ من چەند چۆڵە
دەفتەر بەبێ شعر چەند دڕدۆنگە

- لادان لەزارو زمان

شاعیر بەپێچەوانەی ڕۆمان نوس و نوسەر بەگشتی، کەدەبێت بەزۆری لەسنوری زمانی ئەدەبیدا بنوسێ، دەتوانێ خۆی بەزارێکەوە یان زمانێکەوە نەبەستێتەوەو لەزارێک یان زمانێکەوە بازبدات بۆیەکێکی تر، جائەمە لەبەر هەر هۆیەک بێت، بۆدەرخستنی توانای شاعیر یان جوانکردن و ڕازاندنەوە یان بەدەست نەکەوتنی وشە. (محمد معروف ٢٠١٠:٤١٣).ئەم دیاردەیە لەشیعری کۆنی کوردیدا لەوەدا ناوەستێ ڕێزمان یان کەرەسەی دوو زاری کوردی یان زیاتر تێکەڵ بکات،بەڵکو دەگاتە ئەوەی کە دێرێک لەشیعری کوردی تێهەڵکێش دەکرێت لەگەڵ دێرێکی زمانێکی تر.

بەدویا وێڵم ئەشکم دەپرسێ
لەهەر دار و دیارێ(این سلماک)
*******
قسەی خۆشی د گەڵ خەڵکی جوێن بوو
هەمیشە تیخی جەللادی بەخوێن بوو

- گریمانەی پێشەکی
بریتیە لە هەڵهێنجانی واتایەک لەدەقێکی دیاریکراو لەلایەن خوێنەری دەقەکەوە، خوێنەر گریمانەی پێشەکی دەکات نەوەک دەقەکە. گریمانە پێشەکییەکان کۆمەڵە زانیارییەکن، کە نوسەر پێشەکی گریمانەی ئەوە دەکات، کە خوێنەر دەیانزانێت و پێویست بەوەناکات لەدەقەکەدا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دوبارە بنوسرێنەوە.

خوادەزانێ
بالآی تفەنگم خۆش ناوێ!
بەلآم،ئاخ!کۆترەکەی ئاشتی
کڕە وەکو شێرە بەفرینەی بەیانی
لەسەر لوولەی تۆپی ماتی وەستا ڕەجەب#
دەنوکی خۆی
خستۆتە ژێر باڵەکانی
وەک بیستومە
ئەو کۆترە مانگرتووە
لەئاسمانی ولآتێکی بێ ئالآدا
بەشریخەی تفەنگ نەبێ
قەت لەشەقەی باڵی نادا!
(عبدالله پەشێو ٢٠٠٨:٢٥٢)

<< ئێمە میللەتێکین چەک و تفەنگمان خۆش ناوێت وئاشتی خوازین.
<< داگیرکەرانی خاکەکەمان بەئاشتی لەگەڵمان پێکنایەن و نایەنە ژێر باری گفتوگۆ لەگەڵماندا.
<< تۆپی وەستاڕەجەب نیشانەی بەرگری کوردانە.
<< کوردستان ولآتێکی سەربەخۆنییە.
<< ئاشتی لەو ولآتەدا بەزەبری چەک نەبێت نایەتە دی.

- لێکەوتەی ئاخاوتەیی:

لـێکەوتەی ئاخـاوتەیی ئەو واتایـانە دەگـرێتەوە، کە لەلایەن قسـەکەرەوە گـوتراوەو ئەیگەیەنێـت بە نائاشـکرای. واتە شـیکردنەوەو لێکـدانەوەی ئاخـاوتنە بەتـایبەتی ئەو زانیاریـانەی کە بە شـێوەیەکی ئاشکرا دەرنەبڕدراون.

بۆدنیای هەندێ شیعری خۆم
من بە ڕۆژ شەو دروست دەکەم
بەشەویش ڕۆژ.
نیوەڕۆژبێ
کەچومە ناو هەڵەبجەوە
نیوەشەوەو
نیوەشەوێش بێ کەچومە
((ڕانیە))وە
بەیانییەو
تازە خۆریش هەڵهاتوە!

(شێرکۆ بێکەس ٢٠١٠:١٣٥)

<+ کاتێـک شـاعیر شـیعر دەنوسـێ کەشـێکی شـاعیری بۆخۆی دروسـتدەکات،هەرچۆنێکی بیەوێت، واتە چ کەشێکی بوێت دروستیدەکات شەو دەکات بەڕۆژ ڕۆژ دەکات بەشەو.

<+ بەڵام کاتێـک لەشـاری هەڵەبـجە بێـت، کەش دروسـتکردن بەدەسـتی خـۆی نییە،چونکە کەشـی ئەوشارە لەلای شـاعیر هەریەک کەشـە، ئەویـش شـەهید کردنـی هەڵەبجەیە بەچەکـی کیمیـایی لەلایەن دوژمنەکەیەوە کە هەزاران ژن ومنداڵ وپیاوی لەچەند چرکەیەک تێدا شەهیدکرا،کە کەشێکی تاریک و ناخۆشە لەنیوەشەو دەچێت، کە ئەم زامە لەبیری هیچ کوردێک ناچێتەوە.

<+ هەمـوو تـاکێکی کـورد لەگەڵ نـاوی(ڕانیە)، ڕاپەڕیـن و ئـازادی و ڕزگـاربونی دێـتەوە یـاد، واتە هەرکاتێـک ناخۆشـی و خەمیشـمان هەبێت کەبچینـە ڕانـیە، یەکسـەر خۆشـی و ڕزگـار بوونمـان لەژێـر دەسەڵاتی داگیرکەری دڵ ڕەقی بەعس بەبیر دێـتەوە و دڵـخۆش دەبـین، چـونکە یەکەم زەنگـی ڕاپەڕیـن لەبەرەبەیانییەک لەو شارە لێدراو کوردستان ڕزگارکرا.

## ٨/٤) ڕەهەندی پراگماتیکی لەڕەوانبێژیدا:

ئاڕاستەی ڕەوانبێژی لەشوێن پێی پراگماتیکدا، هەرلەکۆنەوە لەم سێ مەبەستە بنچینەیەدا بەدەرکەوتووە، یەکەم: مەبەستی بیری، دووەم: سۆزداری، کە دەبێتە دووبەش یەکێکیان میانڕەو ئەویتریشیان توندو تیژ، سێیەم: هەڵچونی،یان ناخۆشی. (هنریش بلیث١٩٩٩:٢٥)

یەکەم: مەبەستی بیری: پێکهاتەیەکی فێرکاریی وبەڵگەییە و ڕەوشتیە،ئەم پێکهاتانە لێکدابڕاونیین، بەڵکو بەبەردەوامی تێکەڵ و چووە ناویەکن.

ا- مەبەستی فێرکاری: گرینگی هەواڵگەیاندن بەگوێگردەدات بەشێوەیەکی لۆجیکی بەبێ گوێدانە سۆزەکان، کە ئەمە لایەنی هەواڵی وتار دەگرێتەوە، هەروها بە پێشکەشکردنی بابەتیش هەڵدەستێ، هەروەکو لەدەقە زانستی وهەواڵیەکاندا.

ب- مەبەستی بەڵگەیی: ئەمە نوێنەری بابەتی وتارەو دەتوانێت بۆ بیر بگەڕێتەوە، ئەم مەبەستە بەبەڵگەی ماددی(دروست نەکراو)بینراو جێبەجێ دەبێت. پشت بەراستیە بابەتیەکان دەبەستێت، وەک گرێبەست و بڕوانامەکان وهەروها پاشخانە گشتییەکان کە لەبۆچونی کۆمەڵایەتی پێکهاتون، بۆنموونە ئەوەی پەیوەندی بەڕەوشتەوە هەیە. ئەم مەبەستە لەلایەکی ترەوە بەوە جێبەجێ دەبێت، کە بەڵگەی لۆجیکی و نیمچە لۆجیکی(دروستکراو)هەبێت لەتایبەتەوە بچێت بۆگشت، یان لە گشتەوە بچێت بۆ تایبەت. چالاکی ئەم بوارە درێژ دەبێتەوە بۆلایەنی سەلماندنی وتارەکە. هەروها درێژ دەبێتەوە بۆهەر وێنەیەکی دەقە بەڵگەییەکان، وەک نمایشی سیاسی.

ت- مەبەستی ڕەوشتی: ئەمە پەیوەستە بەفێرکردنی کۆمەڵگا لەبواری رەوشتی لەتوخمەکانی فێرکاری بەڵگەیی پێکدێت. هەروها لەبانگێشتکردن بۆ بیر پێکدێت، لێرەدا توخمی ئامۆژگاریکردن تۆماردەکرێت کە گواستنەوەیە لەمەبەستی بیری بۆمەبەستی سۆزی، ئەم مەبەستە ڕەوشتیە لەهەموو دەقە فێرکاریەکاندا بەدەردەکەوێت.

دووەم: مەبەستی سۆزی میانڕەوەو لەو پێکهاتەیە پێکدێت: پێکهاتەی ئامانجی و پێکهاتەی نائامانجی، کە هەردووکیان بەیەکەوە هەڵچونەکی کەم بەرهەمدەهێنن لەژێرناوی (ئیتۆس)*

(*)ئیتۆس: سۆزی گوێگران، کە بەکاریگەریی قسەکەرەکە یان مەسەلەکە دروستی دەکات.

ا- مەبەستی پێکهاتەی ئامانجی: باوەرپێهێنانی جەماوەرە بەهۆی ئیتۆسەوە، کە ئەمە ئامانجی باوەرپێهێنانە لەدەرەوەی دەقدا، وەکو کڕینی شتێک. ئەم مەبەستە لەدەروازەی وتاردا بەدەردەکەوێت، لەهەموو دەقە ڕەوشتیەکاندا هەیە، وەک کۆمیدیاو دەقی (الاشهاری).
ب- مەبەستی پێکهاتەی نائامانجی: ئەمە چێژی جوانی جەماوەرە، نائامادەیی عزم و نیەت، پێکدێت لەناردنی دەق بۆخودی خۆی(هونەر بۆ هونەر)، کەمەبەستی هەڵچونی بوونی هەیە. ئەم پێکهاتەیە ئەدەبی ستایش و هۆنراوەی ڕەمزی دەگرێتەوە.
سێیەم: مەبەستی هەڵچون: ئەمە لەباسکردنی ناخۆشیەکانی تونددوتیژەکانی وەک (ڕق وکینە،ئازارو،ترس) پێکدێت، کەزاڵە بەسەر جەماوەردا، وەک ئیتۆس نییە، بەڵکو هەڵچوونەکی کاتییە، تەقینەوەی یەکێک لەسۆزەکان، ئەمەش لەکۆتایی هەندێک جار لەسەرەتای وتاردا دەردەکەوێت، لەئەدەبیشدا بەزۆری بەشێوەیەکی تایبەتی لەتراجیدیادا دەردەکەوێت.

## ٩/٤)هێزی ڕەوانبێژی وشە:

ڕەوانبێژی: یەکێکە لەزانستە گرینگەکانی ئەدەب، نەبوونی کەلێنێکی گەورە دەخاتە نێو واتاو دەربڕین، هەڵدەستێ بەڕازاندنەوەو ئاڕایشتکردنی بەپێی دەستورو یاسایەکی ئامادەکراو تایبەت بەشیعر. (عزیز گەردی١٩٧٢:٥). بۆیەمامەڵەکردن لەگەڵ شیعروهونەرەکانیەتی، یەکێک لەو مەرجانەی کە هێزو تواناوگوڕی مانەوە یان نەمری بەشیعر ببەخشێ ڕەوانبێژیە، سۆزو ئەندێشەکانی لەوێنەی جوان و ڕازاوە دەجوڵێنێ وشەو کەرەسەو چوارچێوە کۆنەکان تازە دەکاتەوە.
ڕەوانبێژی، بەهای شیعر دەردەخات وجوانی و ناشیرنی پێشاندەدات و توانای شاعیران لەچۆنیەتی بەکارهێنان و یاریکردن بەزمان دەخاتە ڕوو، بیری وردی ڕۆشنبیریی شاعیران پیشاندەدات.
(عبدالله خدر٢٠٠٤:١٤٧)
زمان لەڕووی ماناوە دوولایەنەیە: لە ناوەڕۆکدا واتای گوتەو ڕستەکان لەپاڵ مانای دیارو ئاشکرایاندا مانای نادیارو نائاشکرا لەخۆدەگرن، ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆمەسەلەی تر دەکەن، ئەمەش بەوردی لە پەندو قسەی نەستەق دەردەکەوێت. (ڕێبین ڕەسوڵ و دیار عزیز ٢٠٠٤: ١٧٨)
زمان هۆکارێکی سەرەکییە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بەهۆیەوە مامەڵە لەگەڵ یەکتری دەکەن، بەهۆکارێکی سەرەکی دادەنرێت لەپرۆسەی وەرگرتنی شێواز و تایبەتمەندی کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیە. هێزی ڕەوانبێژی، شێوەیەکە لەقسەکردن(لەبریتیەک)بەکاردێنێ وەکو بەشێک لەگشت، هەندێک لەتیۆرناسەکان لەمیتافۆرو میتۆنیم و ئایرۆنی جیای ناکەنەوە، بەڵام میتافۆڕ و میتۆنیم و ئایرۆنی دەچنە ناوقلبی خوازەی بەرەڵاوە.

کریستەڵ دەڵێ : (لەڕێبازی کلاسیک لە دیراسەکردنی ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەزماندا یان هونەری ڕازیکردن لەقسەکردن و نوسیندا، بەشێوەیەکی گشتی لە گوتاردا، ڕێکخستنی وشەکان دەبێتە مایەی بە دەستهێنانی کاریگەریەکی شێوازی تایبەتی هەندێ لەمانە لەشیکردنەوەی شێوازدا بە دی دەکرێت، وەکو میتافۆر و لێکچواندن، پێدانی سیفەتی مرۆڤ بەنامرۆڤ، زێدەڕۆیی. (بێری یاسین٩٩:٢٠١٢)

مەبەست لەهێزی رەوانبێژی وشە ،ئەوەیە لەهەندێک دەقدا وشەیەک چەند جارێک دووبارە دەبێتەوەو چەختی لێدەکرێتەوە، کۆمەڵێک واتا وەردەگرێت و واتای دەقەکەش بەگشتی لەم وشەیەدا کۆدەکرێتەوە، ئەم وشەیە دەبێتە چەق بۆ هەموو واتای دەقەکە. بۆنموونە.

..........................

من لەپێش موساوە ئاوارەم

پێش مەسیح من خاچم

پێش قورەیش من زیندە بەچاڵ و

پێش حسین من سەربڕاوم!

ئەنفالە

ئەنفالە

ئەنفال

شیرکۆ بێکەس

لەم دەقەی سەرەوەدا دەبینیین وشەی (ئەنفال) چەند جارێک دووبارە بۆتەوەو جەختی لەسەر کراوەو دێرەکانی پێشتریش هەر لەخزمەت ئەم وشەیەدان و بۆئەوە هاتون تاهێزی دەقەکە هەمووی لەوشەی ئەنفالدا کۆبکەنەوە، لەلایەکی ترەوە دەبینیینن هەر وشەیەکی ئەنفال دێرێکی بۆ تەرخانکراوە، خوێنەر لەسەر خۆ و بە وردی دەیان خوێنێتەوە و هەڵوەستەیان لەسەر دەکات، بەمەش هێزیکی گەورە دەکەوێتە سەر وشەکە. بەهۆی هێزی ڕەوانبێژی وشەکە خوێنەر لەوشەکە دەکۆڵێتەوەو بەدوای واتاکەیدا دەگەڕێت تادەیدۆزیتەوە.

.........................

لەسەدەی داهاتوودا
ڕق وخۆشەویستی نامێنن
کوڕو کچ بەحەب عاشقی یەکدی دەبن
بەحەب لێکدی توڕەدەبن
تۆمبێل بەحەب دەڕوات
گڵۆپ بەحەب دادەگیرسێت ودەکوژێتەوە
هاوین بەحەب خۆمان فێنک دەکەینەوە
زستان بەحەب سەرماو سۆڵە ڕاو دەنێین
هەوریش بەحەب ئاوس دەکەین

(لەتیف هەڵمەت ٢٠٠٩:٤٩)

لەم دەقەی سەرەوەدا دەبینیین وشەی(حەب)چەند جارێک دووبارە بویتەوەو هەرجارەی دەورێک دەبینێت و واتایەک وەردەگرێت، جارێک خۆشەویستی دروست دەکات وجارێک توڕەبون وجارێک لەجیاتی بەنزین سەیارەی پێدەڕوات و جارێک دەبێتە وزەی کارەباو جارێک نەوت و جارێک ساردکەرەوە، ئەم هەموو واتایانە کە دراون بە وشەی (حەب) هێزە ڕەوانبێژیەکەی دروستکردوە، خوێنەر لەخوێندنەوەی ئەم دەقە یەکسەر جەخت (ترکیز)لەسەر وشەکە دەکاتەوەو لێی ڕادەمێنێ و یەکەیەکە واتاکان شیدەکاتەوەو هێزی وشەکەی بۆ بەدیار دەکەوێت.

# ئەنجام

١- چەمکی بۆچوونەکانی بونیادگەری لەودووڕیانەدا بەلێکدانەوە پڕاگماتیکیەکان دەگات لەوەی لەشیکردنەوەی دەقەکانداکە بەرانبەر لێکدانەوەی خوێنەری دەقەکان یان وەرگری پەیامەکە دەوەستین و دووچاری دەقی ونبوو، ودەقی ئامادە، ودەقی داخراو، وکراوە دەبین، دەکرێ ئەم دیاردانە بەلێکدانەوەی لێکەوتەی پڕاگماتیکی لەقەڵەم بدرێت، ئەوەی کەپڕاگماتیک لەبونیادگەری نزیک دەکاتەوە لایەنی شێوازگەرییە، کە بەبنەماکانی بونیادگەری شیدەکرێتەوە.

٢- نزیک کردنەوەی لایەنی کۆمەڵایەتی پڕاگماتیک بەبۆچونەکانی چۆمسکی لەوەدایە لەهەردوو پرۆسەی لێکدانەوەو بیرکردنەوەکاندا دەچنە هەرێمی مەعریفەو مێشکی مرۆڤەوە، لەوەش ڕوونتر ئەوەیە کەیەکێک لەجۆرەکانی توانست بریتییە لە توانستی کۆمەڵایەتی پڕاگماتیک.

٣- دەکرێ هێزی ڕەانبێژی بکرێتە پێوانەیەکی دەستەبەرکراو کەتیایدا گفتوگۆی زانستی و بیرکردنەوەی زانستی لای منداڵ نەش و نمای پێبکرێت.

٤- شێوازەکانی پرسیار دانان و پرسیارکردنی مامۆستا و خوێندکار، دەکرێ لایەنی گریمانەی پێشەکی و لێکەوتەی مەعریفی پەیڕەو بکرێت بۆ بەدەستهێنانی وەڵامی ڕاست، ئەمەش دەبێ مامۆستا لە پرسیارەکاندا هەندێ گریمانەی پێشەکی بخاتە ناوەڕۆکی پرسیارەکانەوە. جۆرەکانی تاقیکردنەوەکان لەهەڵبژاردن، و ڕاست و چەوت یەکێکە لەوجۆرەپرسیارانە.

٥- پڕاگماتیک دەسەڵات بەڕۆژنامەوان دەدات لەڕێگەی گریمانەی پێشەکی و لێکەوتەکانەوە (بواری گەمەکردن بە وشە) یان بۆبڕەخسێ ولە دەقە هاوبێژەکاندا خۆیان بەپێی بەرژەوەندی خۆیان بدزنەوە.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

### ا- کتێب

ئازاد ڕەمەزان،

٢٠٠٩ ،بنەمازمانیەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردیەکاندا،بڵاوکراوەی ئاراس،چاپی یەکەم،هەولێر.

ئیبراهیم ناصر،

٢٠١٣ ،زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی،و.دانا نادر محمد،چاپخانەی چوارچرا،چاپی یەکەم.

ئەکبەر وەلەدبەگی.

٢٠٠٩ ،کۆمەڵناسی بۆژیان،و.خالید حسین پێنجوینی،لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وپەخشی ڕێنما،چاپی یەکەم،سلێمانی.

بەسام قطوس،

٢٠١١ ،دەروازەیەک بۆمیتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و.محمد تاتانی،چاپی یەکەم،چاپخانەی شڤان،بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران.

ڕێبوار سیوەیلی،

٢٠٠٩ ،سۆفیستەکانی یۆنان لەستایشی فەلسەفەی کەمایەتیدا،چاپخانەی هاوسەر،هەولێر.

ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل و دیار عزیز شریف،

٢٠٠٤ ،ئەنثرۆپۆڵۆژیا لێکۆڵینەیەکی تیۆری،چاپی یەکەم،دەزگای چاپ وپەخشی ڕێبین،هەولێر.

سمیر ابراهیم حسن،

٢٠١١ ،کەلتورو کۆمەڵگا،و.عبدالله محمود زنگەنە،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی،کەرکوک

عەزیزگەردی،

١٩٧٢ ،ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا،چاپخانەی دار الجاحظ،چاپی یەکەم،بەرگی یەکەم.

عبدالله خدر مولود،

٢٠٠٤ ،لێکۆڵینەوەیەک لە شیعری حەمدی،چاپخانەی ڕۆشنبیری،چاپی یەکەم،هەولێر.

عبدالواحێد مشیر دزەیی ،

٢٠١١ ،زانستی پراگماتیک،چاپخانەی پاک،هەولێر.

عبدالرحمن عەدەس و یوسف ئەلقەمی،

٢٠١٣ ،سایکۆلۆژیای پەروەردەیی (تیۆروپیادەکردنی سەرەکی) ،و.سەلاح سعدی،چاپخانەی نارین،چاپی یەکەم.

کریم شریف قەرەچەتانی،
٢٠٠٨ ،سایکۆلۆژیای پەروەردەیی،چاپخانەی پەیوەند،چاپی یەکەم،سلێمانی.
محمد معروف فتاح .
٢٠١٠ ،لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان،کۆکردنەوەو ئامادەکردنی شیروان حسین خۆشناو وشێروان میرزا قادر،چاپخانەی ڕۆژهەلات،هەولێر.
٢٠١١ ،زمانەوانی،بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،چاپی سێیەم،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.
هیمداد حسین،
٢٠١٠ ،دەروازەیەک بۆڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی،چاپی دوەم،چاپخانەی باز،هەولێر.

**ب- نامەی زانکۆیی**

ئاڤێستاکمال محمود،
٢٠٠٦ ،پڕاگماتیکی ڕستەی پرسیارو فەرمان لەدیالێکتی کرمانجی خوارودا،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی.
بەکر عومەر عەلی،
٢٠٠٠ ،میتافۆر لەڕوانگەی زمانەوانیەوە،نامەی دکتۆرا،کۆلیژی زمان،زانکۆی، سلێمانی
بەهار زاهیر محمد،
٢٠٠٩ ،زمان ویاساکۆمەلایەتیەکان،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەددین.
بێری یاسین حسین،
٢٠١٢ ،هەندێ لایەنی پڕاگماتیکی فراوان(ماکرۆپڕاگماتیک)لەزمانی کوردیدا،نامەی.
پەیمان حسن محمد،
٢٠١٠ ،پەیوەندی نێوان زمان وکەلتور لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی شیکارییە، نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەددین.
تریفە عومەر ئەحمەد،
٢٠٠٨ ،مەبەستی ۆڕاگماتیکی لەوتاردا،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
دیار عەلی کمال،
٢٠٠٩ ،گوتاری سیاسی کورد لەڕوانگەی پێشگریمانەکانەوە،نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەددین.
٢٠٠٢ ،ڕێزمانی کوردی ڕونگەیەکی بەرهەم هێنان و گوێزانەوە،نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەددین.

ڕەحیم قادر سورخێ،

٢٠٠٥ ،ڕۆڵی واتا لەپرۆسێسی پەیوەندیە گشتیەکاندا،نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی سەلاحەددین.

سازان رضا معین ،

٢٠٠٥ ، واتاو دەوروبەر لێکۆڵینەوەیەکی پراگماتیکییە، نامەی ماستەر، کۆلیژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەددین.

شاخەوان جەلال فەرەج،

٢٠١١ ،تابوو وەک نمونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان وکلتور،نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی.

شیلان ڕحیم ئیبراهیم،

٢٠٠٤ ،شێوازی قسەکردنی ژن لەزمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی.

عبدالواحێد مشیر دزەیی،

٢٠٠٤ ،واتای کاریگەری لەبواری ڕاگەیاندندا،نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەددین.

عومەر مەحمود کەریم،

٢٠٠٩ ، سیما پراگماتیکی سیمانتیکی گریمانە پێشەکیەکان،نامەی دکتۆرا،کۆلێژی زمان،زانکۆی کۆیە.

هێمن عبدالحمید شمس،

٢٠٠٦ ،شێوازی دەربڕین لەبۆنەکۆمەڵایەتیەکاندا،نامەی ماستەر،کۆلێژی پەروەردە،زانکۆی کۆیە.

## ت- گۆڤارو ڕۆژنامەکان

ئازاد ئەحمەد محمود،

٢٠١١ ،میتۆدو ڕێبازەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ لەنێوان بونیادگەری و ڕێکخستندا،گۆڤاری ئەکادیمیای کورد،ژمارە ٢٠ ، چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

ئاریان ئیبراهیم محمد،

٢٠١٢ ،زمانی ڕاگەیاندن لەدوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق،گۆڤاری ئەکادیمیای کورد،ژمارە ٢٣ ،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

صباح ڕەشید قادر و ڕەحیم سورخی،

٢٠١٣ ،لاگیری لەسروشتی گوتاری هەواڵدا شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی گوتاری ڕۆژنامەنووسیی کوردییە،گۆڤاری ئەکادیمیای کورد،ژمارە ٢٥ ،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.

## سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی

ابراهيم ناصر،
١٩٨٩ ،اسس التربيه،دار عمان للتوزيع ولنشر،طبعه الثانيه،عمان.
ابراهيم محمود خليل،
٢٠٠٣ ،النقد الادبی الحديث من المحاكات الى التفكيک،دار المسيره للنشر والتوزيع والطباعه،ط١،عمان.
السيد تقى الدين،
١٩٨٤ ،اصول البحث العلمى ومناهنجه،دار النهضه- مصر،مصر،
احمد متوكل،
١٩٩٥ ،قضايا اللغه العربيه فی اللسانيات الوظيفيه(البنيه التحتيه او التمثيل الدلالی التداولی)،دار الامان،الرباط.
اسكندر الديک و محمد مصطفی اسعد،
١٩٩٣ ،دور الاتصال والاعلام فی التنميه الشامله،بيروت.
اوليفی روبول،
٢٠٠١ ،طبيعه البلاغه و وظيفتها،ت.الغروس مبارک،مجله- نوافذ النادی الادبی بجده،عددالسادس عشر.
اليف روبول،
٢٠٠٢ ،لغه التربيه،تحليل البيداغوجی،ت.عمر اوكان،مغرب.
بيار اشار،
١٩٩٦ ،سوسيولوجيا اللغه،ت.عبدالوهاب ترو،منشورات عويرات،طبعه الاولی، بيروت- لبنان.
جورج شهر،
١٩٧٢ ،الوعی التربوی ومستقبل البلاد العربی،مكتبه راس بيروت،طبعه الثانيه،بيروت.
حاتم صالح الضامن،
١٩٨٩ ،علم اللغه،بغداد.
حافظ اسماعيل علوی،
٢٠١١ ،التداوليات علم استعمال اللغه،عالم الكتب الحديث،اربد، الاردن.
حازم القرطاجنی،
١٩٦٦ ،منهاج البلغاء وسراج الادباء،تحقيق محمد بن الخوج،دار الكتب الشرقيه،تونس.

عاطف وصفى،
١٩٧٥ ،الانثروبولوجيا الثقافيه،مصرف دار المعارف.
عبدالواحد الوافى،
١٩٧١ ،اللغه والمجتمع،مطبعه النهضه،قاهيره،مصر.
عبدالقاهر الجرجانى،
١٩٥٩ ،اسرار البلاغه،قاهره.
عمر محمد طالب،
١٩٩٣ ،المذاهب النقديه دراسه والتحليل،دارالكتب للطباعه والنشر، جامعه الموصل.
على ناصر كنانه،
٢٠٠٩ ،اللغه وعلائقياتها،الطبعه الاولى،بيرت – لبنان.
عبدالسلام المسدى ،
١٩٨٦ ،اللسانيات واسسها المعرفيه،دار التونسيه للنشر.
عبدالهادى بن ظافر الشهرى،
٢٠٠٤ ،استراتيجيات الخطاب مقاربه لغويه تداوليه،دار الكتب الوطنيه،بنغازى،ليبيا.
عبدالغفار احمد،
٢٠٠٢ ،ظاهره التاويل وصلتها باللغه، طبعه دار المعارف الجامعيه، الاسكندريه.
فاضل محسن الازيرجاوى،
١٩٩١ ،اسس علم النفس التربوى،جامعه الموصل.
فائق مصطفى وعبد الرضا على،
٢٠٠٠ ،فى النقدالادبى الحديث منطلقات وتطبيقات،طبعهدارالكتب للطباعه والنشرالموصل.
كمال محمد بشر،
١٩٩٥ ، علم اللغه الاجتماعى،دار غريب للطباعه والنشر،قاهره.
كامل علوان الزبيدى،
١٩٨٨ ،علم النفس فى الميدان العسكرى،الدار العربيه للموسوعات، طبعه الاولى،بيروت.
صلاح فضل،
١٩٨٧ ،نظريه البنائيه فى النقد الادبى،دارشوءن الثقافيه العامه،بغداد.
٢٠١٣ ،مناهج النقد المعاصر،الطبعه الثانيه،مطبعه افريقيا الشرق،مغرب.
سلوى شرفى ،
٢٠١٠ ،تحليل الخطاب و الرسائل السياسيه فى وسائل الاعلام،مركز نشر الجامعى،تونس.

سمير شريف الستيتيه،
٢٠٠٨ ،اللسانيات:المجال والوظيفه والمنهج،شارع الجامعه،اربد.
ثريا عبدالله ،
٢٠٠٠ ،اللغه والمجتمع،دار المعارف.
غی روشیه،
٢٠٠٢ ،مقدمه فی علم الاجتماع العام،ت. مصطفی دندشلی،جزء الاول، مکتبه الفقیه،بیروت.
غازی مختار طلیمان،
١٩٩٧ ،فی علم اللغه،دار صلاس،دمشق.
رمضان عبدالتواب،
١٩٨٥ ،المدخل الی علم اللغه و مناهج البحث،مکتبه النایخی قاهیره.
رالف بیلز و هاری هویجر،
١٩٧٦ ،مقدمه فی الانثروبولوجیا العامه،ت.محمد الجوهری و
محمد الحسینی،دار النهضه،مصر.
روبرت.ه.ثالوس،
١٩٧٩ ،التفکیر المستقیم والاعوج،سلسله عالم المعرفه،الکویت.
رونیه اوبیر،
١٩٧٩ ،التربیه العامه،ت.عبدالله عبدالدایم،دار المعالم المرایین،طبعه الاولی،بیروت.
طه عبدالرحمن،
١٩٩٨ ،اللسانیات والمیزان او التکوثر العقلی،طبعه الاولی،المرکز الثقافی العربی،الدار البیظاء
٢٠٠٠ ،اصول الحواروتجدیدعلم الکلام،طبعه الثانیه،المرکزالثقافی العربی
محمد بوعزه،
٢٠١١ ،استراتیجیه التاویل من النصیه الی التفکیکیه،الطبعه الاولی،مطابع الدار العربیه للعلوم،بیروت.
میخائیل نعیمه،
١٩٧٨ ،الغربا ء،موءسسه نوفل،بیروت.
محمد محمد یونس،
٢٠٠٤ ،مقدمه فی علمی الدلاله و التخاطب،دار الکتب الوطنیه،طبعه الاولی، لیبیا.
٢٠٠٧ ،المعنی وظلال المعنی،دار المدار السلامی، بیروت.

محمود سعران،
١٩٥٨ ،اللغه والمجتمع،مطبعه الاهليه،بنغازى.
محمد عبدالقادر حاتم،
١٩٧٨ ،الاعلام والدعايه،قاهيره.
محمود فهمى حجازى،
١٩٨٩ ،مدخل الى علم اللغه،دار الثقافه والنشر،قاهره.
محى الدين عبدالرحمن وتوق،
١٩٩٨ ،المدخل الى علم النفس،دار الفكر،عمان.
نايف خرما،
١٩٧٨ ،اضواء على الدراسات اللغويه المعاصره،عالم المعرفه،الكويت.
هنرى بليث،
١٩٩٩ ،البلاغه والاسلوب،ت.محمد العمرى،افريقيا الشرق،مغرب.
وليام اورى،
١٩٩٤ ،فن التفاوض،ت.نيفن غراب،الدار الدوليه للنشروالتوزيع،الطبعه الاولى،مصر.

## سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی


Akmajian,R.Demers,Afarmor,R.Harnish,
1997 ,linguistics an introdction to language and communication,4th edition, massachusetts in stitute of technology.

Austin,J.L,
1961 ,philosical papers oxford,oxford university press.

B.J.Haslett,
1987 ,communication,strategic action in context LEA,new jersey.

B.N.Ahuja and s.s.chhabra,
1989 , communication,serject publication,new dalhy.

David crystal,
2003 ,Adictionary of linguistics and phonetics, fifth edition,Black man pablishing Ltd.

Herbert paul Grice,
1975 ,logic and conversation,In cole, p.and margon,J.Ed. syntax and semantics,vol3,new york, cambridge press

Leech,G,
1983 ,Principle of pragmatics,London:longman.

Leveinson stephen,
1983 ,pragmatics,cambridge, cambridge University press.

Lauria baure and peter tradgill,
1998 ,language myths, pingun book,london.

Naoum,B.,A.,
1995 ,euphemismin in arabic with reference to english, master, college of arts,unaversity of mosul.

Ray harlow,
2002 ,same languages are not good enough, collateral language,Ausers guide to america new war, edited by,John colins and Roos Glover, newyork university press, newyork and london.

Roger fowler,
1996 ,language in the news,discourse and in the press, Routtedge,london and newyork,4th edition.

Teun A.van Dijuk,
1995 ,discourse semantics and ideology discourse,vol6,no2.

Tannen,D.,
1990 ,you just don't understand:women and men in conversation,newyork:ballanine books.

1998 ,the argument culture:moving from debate to dialogue,newyork:Random house.

## سەرچاوەی نموونەکان

قورئانی پیرۆز.

حمه حەمەئەمین قادر،

١٩٨٠ ،کاروانی شیعری نوێی کوردی،چاپخانەی حسام،بەغدا.

عبدالله پەشێو،

٢٠٠٨ ،پشت لەنەوا و ڕولەکرێوە،چاپی سێیەم،چاپخانەی هێڤی،هەولێر.

شێرکۆ بێکەس،

٢٠١٠ ،هەست و نەست،چاپی یەکەم،چاپخانەی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.

لەتیف هەڵمەت،

٢٠٠٩ ،دیوانی لەتیف هەڵمەت،بەرگی سێیەم،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،

١٩٩٩ ،ژمارە،١٩٦٠

٢٠١١ ، ٥٣٨١.

ڕۆژنامەی ئاوێنە،

٢٠١٢ ،ژمارە،٣٤٧.

## ملخص البحث

البحث الموسوم،ب(بعض الجوانب الاجتماعيه – للتداوليه فى اللغه الكورديه)،تم فيها الحديث عن اهميه التداوليه فى النواحى الاجتماعيه،وتأثير التداوليه فى جميع جوانب الحياة،كى يؤدى هذا التأثير نحو فهم الكلام والخطاب،والدراية بالنصوص التي تحتاج الى الدقة في فهمها والوصول الى مقاصدها. و قام الباحث بتناول بعض الجوانب التي رأى فيها ان للتداوليه تأثير أساس في فهمها وشرحها ودفع الغموض عنها،وكذالک التحليل بحسب مبتغى المتكلم والسامع والمعارف المشتركة بينهما.في فقرات البحث تم التطرق الى باب التنظير ثم اتبع بالتطبيق ،اي يشترک في كل فصل من فصول البحث التنظير مع التطبيق.ارتأى الباحث التحليل بحسب مواد التداولية للغات الاعلام والتربية والتعليم والنقد ،وبيان تاثير التداولية في تطوير المواد وفهمها.

راى الباحث في الفصل الأول، التطرق الى العلاقة التي تربط اللغة بالمجتمع وتأثير كل منها على الأخر وعلى بيئتهما،و تأثيرالواضح للبيئة في المعنى.وتم في هذا الفصل الاشارة الى الكفاءة اللغوية والكفاءة التداولية،والى المحادثة واستراتيجيتها،واقناع السامع وارضاءه وتسلسلية الحجج وعملية التواصل وسماته،واليقين في التواصل،والمسافه التي تربط المتكلم بالسامع،وعملية التطويع وانواعه.

اما الفصل الثاني،فيحتضن في طياته لغة الاعلأم وانواعه وخصائصه والأسباب التي تسير على الاعلام،وكذالک والتأثير المعنى المشحون في مجال الاعلام،والتحيز في لغة الاعلام، ثم اخذ نماذج من مقالات الجرائد وتحليلها بحسب الموضوعات التداولية.

امافي فصل الثالث تناول الباحث علاقة التداولية وتأثيره على مشروع التربية والتعليم،مثل كيفية التواصل،وربط لغة التربية والتعليم بالبيئة،وتقريب لغة التربية والتعليم من الطالب وادخال لغة التربية ومزجها بمجال التراث القومي،وتعريف الطالب بالتراث والمحافظه عليه واستعماله في مشروع التعليم،والاشارة الى الجنس والبيئة وتأثيرهما على مشروع التعليم.

وخصصنا الفصل الرابع،لمجال النقد التداولي،تم فيه الحديث عن المناهج النقدية،والاختلاف بين التأويل والتفسير،من ثم قراءة تداوليه لنصوص شعرية مختارة.

وختامايعرض الباحث ماتوصل اليه من نتائج في عدد من النقاط ،تصفف المصادر هو الخاتم للبحث.

# Abstract

This dissertation which entitled (some aspects of socio-pragmatics in kurdish language) focuses on analysis of pragmatics as acriterion to evaluation some social area such as communication inner the rancs of education, media, critism, and other scopes which directly concern with pragmatics.

The dissertation falls Into fuor chapters accept.

The researcher in first chapter focuses on details of the relation between the languege and sociaty, and the effects which produce aspects of pragmatcs , beside these topics this chapter talked about pragmatic comptence,the stratigic of utterence and politness.

The second chapter cares of analysis of media language, those factors which makes effective an presses language, then the researcher get some media texts from jornnals to analyse them under the Grices maimes.

Th third chapter was about education and how apply pragmatics in this scope.

In the fourth chapter we talk about variation entries of critism and their methods , and how we can use pragmatic as criterion in this area.After the canclusion and abstract in differece language we ordered the references this is the end of the dissertation.